حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سلێمانی

کولێجی زانستەمرۆڤایەتییەکان

بەشی جوگرافیا

# دابەشبوونی خزمەتگوزارییە گەشتیاری وخۆشگوزەرانییەکان لە شاری سلێمانی بەبەکارهێنانی (GIS)

نامەیەکە خوێندکار

**گەشاو فاضل فاتح**

پێشکەشی ئەنجومەنی کولێجی زانستەمرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی کردووە، وەک بەشێک لەپێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر/ لەزانستی جوگرافیادا.

بە سەرپەرشتی

پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر

**شیروان عمر رشید**

**2721 ک** **2021ز**

# ڕەزامەندی سەرپەرشت

ئەم تێزەی خوێندکار (گەشاو فازڵ فاتح) بەناونیشانی (دابەشبوونی خزمەتگوزارییە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکان لەشاری سلێمانی بەبەکارهێنانی (GIS)) بەرسەرپەرشتی ئێمە لەکۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان / زانکۆی سلێمانی ئامادە کراوە، بەشێکە لەپێویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لەزانستی جوگرافیا، پێشنیاز دەکەین پێشکەش بەلیژنەی هەڵسەنگاندن بکرێت.

واژۆ:

سەرپەرشتیار: دکتۆر شیروان عمر رشید

پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر

ڕێکەوت: / 5 /2021

بەپێی ئەم پێشنیارە ئەم تێزە پێشکەش بەلیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

واژۆ:

سەرۆکی بەشی جوگرافیا: دکتۆر سۆران حمە ئەمین

پلەی زانستی:پرۆفیسۆری یاریدەدەر

ڕێکەوت: / 5 /2021

# ڕەزامەندی لیژنەی گفتوگۆ

ئێمە وەک ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ، ئەم تێزەی خوێندکار ( گەشاو فازڵ فاتح ) بەناونیشانی (دابەشبوونی خزمەتگوزارییە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکان لەشاری سلێمانی بەبەکارهێنانی (GIS))، خوێندنەوە و گفتوگۆمان دەربارەی ناوەرۆک و لایەنەکانی تری کردووە، بڕیارماندا بەپلەی ( ) بڕوانامەی ماستەرلە زانستی ( جوگرافیا ) پێبدرێت.

واژۆ:

ناو: د. ئامانج احمد محمد امین

پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر

ئەندامێتی لیژنە: ئەندام

ڕێکەوت: / 5 /2021

واژۆ:

ناو: د. بحري سالم فتاح

پلەی زانستی: مامۆستا

ئەندامێتی لیژنە: ئەندام

ڕێکەوت: / 5 /2021

واژۆ:

ناو:دکتۆر جەزا تۆفیق طالب

پلەی زانستی: پرۆفیسۆر

ئەندامێتی لیژنە: سەرۆکی لیژنە

ڕێکەوت: / 5 /2021

واژۆ:

سەرپەرشتیار:دکتۆر شیروان عمر رشید

پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر

ئەندامێتی لیژنە: ئەندام و سەرپەرشتیار

ڕێکەوت: / 5 /2021

لەلایەن ئەنجومەنی کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتییەکان / زانکۆی سلێمانی پەسەندکرا.

واژۆ:

ناو: پ . ی . د. ابتسام اسماعیل قادر

ڕاگری کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتییەکان

ڕێکەوت: / 5 /2021

پێشکەش

- دایک وباوکی خۆشەویستم
- ڕێبوارڕەیس سەرچاوەی هێزم و مانای ژیانم
- جینا و پۆشۆ سەرچاوەی خۆشبەختیم
- شادمان باشترین هاوڕێم

توێژەر

سوپاس و پێزانین

- سوپاس بۆ خوای گەورە بۆ بەخشش و نیعمەتەکانی.
- سوپاسی سەرپەرشتیاری خۆشەویست (پ.ی.د. شیروان عمر رشید) کەبەبێ هاوکاری و پاڵپشتی ئەو ئامادەکردن و نوسینی ئەم نامەیە مەحاڵ بوو.
- سوپاس بۆ راگرایەتی کۆلێژ و بەشی جوگرافیای زانکۆی سلێمانی لە پاڵپشتیکردنی ئەم توێژینەوەیە.
- سوپاس بۆ سەرجەم مامۆستایانی بەشی جوگرافیا، بەتایبەت ئەو دکتۆرە بەڕێزانە لە قۆناغی ماستەر مامۆستام بوون.
- سوپاس بۆ بەڕێزان دکتۆر(سەمیر ئاکرێی) و مامۆستا (محمد وتمان) کەهاوکارم بوون سەرەڕای سەرقاڵی خۆیان.
- سوپاس بۆ هەموو ئەو کەسانەی تەنانەت بە رێنمایی و وشەیەکیش بێت هاوکارییان کردووم لەم نامەیەدا.

توێژەر

# پوختە

## دابەشبوونی خزمەتگوزارییە گەشتیاری وخۆشگوزەرانییەکان لە شاری سلێمانی بەبەکارهێنانی (GIS)


لەئیستادا خزمەتگوزاری گەشتیاری و خۆشگوزەرانی وەکو دوانەیەکی لەیەک جیانەبۆوە، بە یەکێک لە خزمەتگوزارییە سەرەکییەکانی دانیشتوان هەژماردەکرێن، وەیەکێکن لەپێداویستییە سەرەکییەکانی دانیشتوانی هەرناوچەیەک. بەپێی ڕاپۆرتی ساڵانەی دامەزراوەی گەشتیاری جیهانی (UNWTO)بۆ ساڵی (2019)، ڕێژەی (56%) ی گەشتیارانی هەموو جیهان کە دەکاتە (784,000,000) ملیۆن گەشتیار، بەمەبەستی خۆشگوزەرانی و کات بەسەربردن گەشتیان کردووە، لە کاتێکدا ئەم ڕێژەیە تەنها لە (50%) ی گەشتیاران بووە لە ساڵی (2000) دا[1]. بەئاشکرا دەبینین ساڵانە ئەم ڕێژەیە لە زیادبووندایە. بۆیە لەئێستادا هەموو ئاڕاستەکان بۆ ئەوەدەچن لەڕێگای پێشخستن و گەشەپێدانی خۆشگوزەرانییەوە پەرەبدەن بە خزمەتگوزاری، گەشتیاری چونکە یەکەمیان دەبێتە ژێرخانێکی کاریگەر بۆ ئەمەی دووایان. هەروەها هاوتەریب لەگەڵ گەشەسەندن و پێشکەوتنی کەرتەکانی گەشتیاری و خۆشگوزەرانی، کەرتەکانی دیکەی ئابوری ، ئاوەدانی، کۆمەڵایەتی، شارستانی، کلتوری و ڕۆشنبیری دەبوژێنەوە و گەشەدەکەن، لەئەنجامدا دەبێتەپێشکەوتنی شارەکە، کەئەویش ئامانجە سەرەکییەکەیە.

شاری سلێمانی بەهۆی هەڵکەوتەی جوگرافی شوێنەکەیەوە، گرنگییەکی زۆری هەیە چونکە شێوەی تاڕادەیەک ناوەندی هەیە لەنێوان هەرسێ پارێزگای کەرکوک، هەولێر، هەڵەبجەو ئیدارەکانی گەرمیان و ڕاپەڕین، (هاوکات سنوری هاوبەشی هەیە لەگەڵ وڵاتی ئێران)، هەموو ئەم هۆکارانە وایانکردووە ئەم شارە ببێتە ناوچەیەکی گرێ بەواتای ئەوەی سەرەڕای سەردانیکەران و گەشتیارانی خودی شارەکە، سەردانیکەران و گەشتیارانی تری ناوچەکانی دیکە پیایدا تێپەرببن. ئەم شارە لە دوو دەیەی ڕابردوودا لەگەڵ فراوانبونی ڕووبەر و زیادبونی دانیشتوانەکەیدا گەشەیەکی تارادەیەک خێرای بەخۆیەوە بینیوە لەگشت بوارەکاندا بەتایبەتی کەرتەکانی گەشتیاری وخۆشگوزەرانی.

ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵدەدات بۆ شیکردنەوەی جوگرافی بۆ دابەشبونی خزمەتگوزارییە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکان لە شاری سلێمانی، بۆ ئەم مەبەستە بەشی یەکەمی توێژینەوەکە تەرخانکراوە بۆناساندنی چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە و چەمک و پێوەری خزمەتگوزارییە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکان و پەیوەندی نێوان خزمەتگوزارییە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکان و جوگرافیا.


[1]INTERNATIONAL TOURISM HIGHLITS-2019 EDITION, P7.

پاشان باسکردنی داواکاری و پاڵنەرەکان لەسەر خزمەتگوزارییە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکان لەشارەکە،بەشی دووەم بریتییە لە دابەشبوونی جوگرافی و جۆری خزمەتگوزارییەکان لە شاری سلێمانیدا، کۆتا بەش بەشی سێیەم، هەڵسەنگاندن و داهاتووی خزمەتگوزارییە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکان لە شاری سلێمانیدا دەخاتەڕوو. بەگوێرەی ئەنجامی توێژینەوەکە سەرەڕای ئەوەی ناوەندە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکان لە رابردوودا گەشەیەکی بەرچاویان کردووە لەشارەکەدا، بەڵام بەشێوەیەکی تاڕادەیەک هەڕەمەکی و ناهاوسەنگ دابەشبوون بەبەراورد بەپێوەرە ناوخۆیی و جیهانییەکان، هەروەها پێداویستییەهەنووکەییەکانی شارەکە بۆ خزمەتگوزارییە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکان خراوەتەڕوو، پشتبەست بەپێورە جیهانی و ناوخۆییەکانی پلانسازی گەشتیاری و خۆشگوزەرانی پێداویستیەکانی دوودەیەی داهاتووی شارەکە بەشێوەی خەمڵاندن خراوەتەڕوو. شایانی باسە بۆدەرخستنی ڕاستیەکان، داتاکان و شیکردنەوەکان بەشێوەیەکی باشتر وڕوونتر، (46) خشتە و(26) شێوە و (16) نەخشە و(46) وێنە بەکارهاتووە.

## پێرستی ناوەڕۆک


| ناوەڕۆک | |
|---|---|
| ناونیشانی بابەتەکان | لاپەڕە |
| پێشکەشە | I |
| سوپاس وپێزانین | II |
| پوختە | III |
| پێرستی ناوەڕۆک | V |
| پێرستی خشتەکان | VII |
| پێرستی شێوەکان | X |
| پێرستی نەخشەکان | XI |
| پێرستی وێنەکان | XII |
| پێشەکی | 6-1 |
| **بەشی یەکەم/ناساندنی ناوچەی لێکۆڵینەوە و بابەتەکانی توێژینەوەکە** | **65-7** |
| باسی یەکەم/چەمک وپیناسە وپێوەری خزمەتگوزارییە گەشتیاری وخۆشگوزەرانییەکان | 27-8 |
| یەکەم: چەمکی خزمەتگوزاری | 13-8 |
| دووەم: چەمکی گەشتوگوزاری | 16-13 |
| سێیەم: چەمکی گەشتیار | 19-17 |
| چوارەم: چەمکی خۆشگوزەرانی | 21-19 |
| پێنجەم:چەمکی کاتەکانی بەتاڵی | 22-21 |
| شەشەم: پەیوەندی نێوان خزمەتگوزارییە گەستیاری وخۆشگوزەرانییەکان وجوگرافیا | 23 |
| حەوتەم: کاریگەرییەکانی خزمەتگوزارییە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکان | 25-23 |
| هەشتەم: پێوەرە بەکارهاتووەکانی خزمەتگوزارییە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکان | 27-25 |
| باسی دووەم/ توانستە سروشتی و مرۆییەکانی  ناوچەی لێکۆڵینەوە | 65-28 |
| یەکەم: شاری سلێمانی و پوختەیەکی مێژوویی | 28 |
| دووەم: توانستە جوگرافییەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە | 58-29 |
| 1. توانستە سروستییەکان | 52-29 |
| 2. توانستە مرۆییەکان | 58-53 |
| سێیەم:کاتی بەتاڵ و کاریگەری لەسەر چالاکییە گەشتیاری وخۆشگوزەرانییەکان | 59-58 |

| | |
|---|---|
| چوارەم: بوونی خزمەتگوزارییە گەشتیاری خۆشگوزەرانییەکان | 61-59 |
| پێنجەم: ڕێگاوبان و گواستنەوە | 65-61 |
| **بەشی دووەم/ دابەشبوونی جوگرافی وجۆری خزمەتگوزارییە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکان لە شاری سلێمانیدا** | **149-66** |
| باسی یەکەم/ پارک وسەیرانگاو شاری یاری | 136-67 |
| یەکەم: پارکە گشتییەکان | 78-68 |
| دووەم: سەیرانگاکان | 82-79 |
| سێیەم: شاری یارییەکان | 88-83 |
| باسی دووەم/ خزمەتگوزارییە ڕۆشنبیری ومێژوویی وئاینی و وەرزشییەکان | 136-89 |
| یەکەم: ڕۆشنبیریی(سینەما،شانۆ،گەلەری، کتێبخانە) | 105-89 |
| دووەم: مێژوویی(مۆزەخانە،شوێنی کەلتوری و کەلەپوری) | 115-106 |
| سێیەم: خزمەتگوزارییە وەرزشیەکان | 121-116 |
| چوارەم: خزمەتگوزارییە ئایینیەکان | 136-121 |
| باسی سێیەم/ شوینەکانی پشوودان وکات بەسەربردن | 147-137 |
| 1- ئوتێلەکان ومۆتێلەکان وکۆمەڵگا گەشتیارییەکان | 140-137 |
| 2- ڕیستورانتەکان وکافتریاکان ویانەکانی خواردن وخواردنەوە | 143-141 |
| 3- هۆڵەکانی ئاهەنگگێران وبۆنەکان | 145-144 |
| 4- مۆڵە سەرەکییەکانی شارەکە | 149-146 |
| **بەشی سێیەم/ هەلسەنگاندنی ئاستی خزمەتگوزارییە گەشتیاری وخۆشگوزەرانییەکان لە شاری سلێمانی** | 207-150 |
| باسی یەکەم/ شیکارکردنی داواکاری لەسەر خزمەتگوزارییە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکان | 195-151 |
| باسی دووەم/ مەزەندەکردنی پێداویستییە چاوەڕوانکراوەکان بۆ خزمەتگوزارییە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکان | 207-195 |
| ئەنجام | 215-208 |
| پێشنیار | 218-216 |
| لیستی سەرچاوەکان | 233-219 |
| پاشکۆکان | 240-234 |
| فۆرمی ڕاپرسی | 240-235 |

| | |
|---|---|
| پوختە بە زمانی عەرەبی | 242-241 |
| پوختە بە زمانی ئینگلیزی | 244-243 |
| ناونیشان بە زمانی عەرەبی | 245 |
| ناونیشان بە زمانی ئینگلیزی | 246 |


## پێڕستی خشتەکان


| ژمارە | ناوی خشتەکان | لاپەڕە |
|---|---|---|
| 1 | ژمارە و ڕێژەی گەشەی گەشتیارانی هاتوو بۆ پارێزگای سلێمانی لە نێوان ساڵانی (2019 - 2007) | 18 |
| 2 | تێکڕایی کاتژمێرەکانی خۆرەتاوی ڕاستەقینە (مانگانە، وەرزانە و ساڵانە) لەناوچەی لێکۆڵینەوە(2005 - 2019) | 35 |
| 3 | تێکڕایی مانگانە و وەرزی پلەکانی گەرما (بەرزترین، نزمترین، تێکڕا) لەناوچەی لێکۆڵینەوە (2005 - 2019) | 37 |
| 4 | تێکڕایی مانگانەی شێی ڕێژەیی (بەرزترین، نزمترین، تێکڕا) لەناوچەی لێکۆڵینەوە (2019-2005) | 40 |
| 5 | سنوری پۆلێنسازی پێنوێنی (قرينة) ثۆم بۆ پشوودانی مرۆڤ | 42 |
| 6 | ئەنجامی جێبەجێکردنی پێنوێنی (قرينة) ثۆم لەسەر ناوچەی لێکۆڵینەوە | 43 |
| 7 | تێکڕای مانگانەی خێرایی با(مەتر/چرکە)، (بەرزترین، تێکڕا) لە ناوچەی لێکۆڵینەوە (2019-2005) | 45 |
| 8 | پۆڵێنکردنی جۆری هەستکردن بە بەراورد بە ئاماژەی ساردکردنەوەی با | 47 |
| 9 | بەهای ئاماژەی پۆلێنکردنی جۆری هەستکردن بەبەراورد بە ئاماژەی ساردکردنەوەی با بە جێبەجێکردنی یاسای (سپل وبازڵ) لەسەر ناوچەی لێکۆڵینەوە | 48 |
| 10 | تێکڕای مانگانە و وەرزانە و ساڵانەی بڕی بارانبارین بە (ملم) لە ناوچەی لێکۆڵینەوە لە نێوان ساڵانی (2019-2005) | 49 |
| 11 | بڕی بەفری باریو بە (سم) لەگەڵ تێکڕای ساڵانە لە ناوچەی لێکۆڵینەوە بۆ ساڵەکانی (2019-2008) | 50 |

| | | |
|---|---|---|
| 51 | تێکڕای مانگانە و وەرزانەی پلەی گەرمی ناوچەی لێکۆڵینەوە بە پلەی سەدی و پلەی فەهرەنهایت لە نێوان ساڵانی (2005-2019) | 12 |
| 52 | ئاستەکانی کاریگەری گەرمی بە پێی پۆلێنی بێلی | 13 |
| 57 | ژمارەی ئوتومبێل بە پێی جۆر لە پارێزگای سلێمانی بۆ ساڵەکانی (2009) و (2019) | 14 |
| 59 | پشوو و بۆنەکان لەهەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2020 | 15 |
| 69 | شوێن و ڕووبەری باخە گشتییەکانی شاری سلێمانی | 16 |
| 87 | ناوو پلە و شوێنی هۆڵی يارييە ئەلکترۆنييەکان لە شاری سلێمانی | 17 |
| 119 | ناوو شوێنی یاریگاکانی شاری سلێمانی | 18 |
| 139 | ژمارەی ئوتێل ومۆتێل وکۆمەڵگە گەشتیارییەکان بە پێی پلە و ژمارەی ئەستیرە لە شاری سلێمانی بۆ ساڵی 2019 | 19 |
| 144 | ژمارە و پلە وئەستێرەی ڕێستۆرانت و کافتریا و خواردنگەکان و یانەکان و هۆڵەکانی ئاهەنگگێڕان و بۆنەکان لە شاری سلێمانیدا بۆ ساڵی 2019 | 20 |
| 153 | ژمارە و شوێنی نیشتەجێبوونی گەشتیاران | 21 |
| 154 | شوێنی نیشتەجێبوونی گەشتیاران وشوێنی دڵخوازیان بۆ بەسەربردنی کاتەکانی پشووەکان | 22 |
| 156 | ڕێژە و ژمارەی گەشتیاران بە پێی ڕەگەز | 23 |
| 157 | ژمارە و ڕەگەزی گەشتیاران بە پێی شوێنی پشوودانیان | 24 |
| 158 | ژمارە و ڕێژەی گەشتیاران بەپێی ڕەگەز و بەسەربردنی کاتە بەتاڵەکانیان | 25 |
| 160 | ژمارەی گەشتیاران بە پێی ڕەگەز و ئارەزوو بۆ چالاکی گەشتیاری و خۆشگوزەرانی | 26 |
| 162 | ژمارەی گەشتیاران بە پێی ڕەگەز و چۆنیەتی ئەنجامدانی گەشت | 27 |
| 163 | ژمارەی دووبارەبوونەوەی سەردانیکردن و باری خێزانی گەشتیاران | 28 |
| 165 | ژمارەی گەشتیاران بە پێی جۆری پیشە و بڕی داهاتی مانگانەیان بە (هەزار دیناری عێراقی) | 29 |
| 167 | ژمارەی گەشتیاران بە پێی ماوەی مانەوە و بڕی داهاتی مانگانەیان بە (هەزار دیناری عێراقی) | 30 |
| 169 | ژمارەی گەشتیاران بە پێی بڕی خەرجی چاوەڕوانکراو و بڕی داهاتی مانگانەیان بە (هەزار دیناری عێراقی) | 31 |

| | | |
|---|---|---|
| 171 | ژمارەی گەشتیاران بە پێی جۆری هۆکاری گواستنەوە و بڕی داهاتی مانگانەیان بە (هەزار دیناری عێراقی) | 32 |
| 172 | خاڵی سەرنجڕاکێشی ناوچەی لێکۆڵینەوە لە لایەن گەشتیاران | 33 |
| 174 | سەرچاوەی زانیاریی گەشتیاران وسەردانیکەران | 34 |
| 175 | پەیوەندی نێوان ئاستی خوێندەواری وئاستی خزمەتگوزاری | 35 |
| 177 | پەیوەندی نێوان ئاستی خوێندەواری و ژمارەی دووبارەبوونەوەی سەردانیکردنی ناوچە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکان | 36 |
| 180 | پەیوەندی نێوان گروپی تەمەن و ئارەزوو بۆ جۆری چالاکی گەشتیاری و خۆشگوزەرانی | 37 |
| 183 | پەیوەندی نێوان گروپی تەمەن و چۆنیەتی بەسەربردنی کاتی بەتاڵ | 38 |
| 185 | پەیوەندی نێوان شوێنی دڵخوازی ناو شاری سلێمانی بۆ بەسەربردنی پشوو لەگەڵ شوێنی نیشتەجێبوون | 39 |
| 189 | پەیوەندی نێوان ئاستی خوێندەواری وئارەزوو بۆ جۆری چالاکی | 40 |
| 192 | بەربەستی بەردەم گەشتیار و سەردانیکەرانی ناوەندە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکان | 41 |
| 194 | پێشنیاری گەشتیار و سەردانیکەرانی ناوەندە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکان | 42 |
| 196 | ژمارە و ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوە لە نێوان ساڵانی (2019-1977) | 43 |
| 198 | پێشبینییەکانی گەشەی دانیشتوان لەشاری سلێمانی لە ماوەی (2019-2039) | 44 |
| 201 | خەمڵاندنی پێداویستی داهاتووی لە خزمەتگوزاری پارکی گشتی بۆ ساڵانی (2039,2029) بەپێی گریمانەکانی گەشەی دانیشتوان و ڕووبەری پارکەکان بۆ ساڵی 2019 | 45 |
| 202 | خەملاندنی پێداویستی داهاتووی لە خزمەتگوزاری ناوەندە خۆشگوزەرانی و گەشتیاریەکان بۆ ساڵانی (2029-2039) بەپێی گریمانەکانی گەشەی دانیشتوان | 46 |

## پێڕستی شێوەکان


| ژمارە | ناونیشانی شێوە | لاپەڕە |
|---|---|---|
| 1 | کاتی بەتاڵ و خۆشگوزەرانی | 22 |
| 2 | تێکڕایی مانگانە و وەرزی پلەکانی گەرما (بەرزترین، نزمترین، تێکڕا) لەناوچەی لێکۆڵینەوە (2005 – 2019) | 37 |
| 3 | تێکڕایی مانگانەی شێی ڕێژەیی (بەرزترین، نزمترین، تێکڕا) لەناوچەی لێکۆڵینەوە(2005-2019) | 40 |
| 4 | تێکڕایی مانگانەی خێرایی با(مەتر/چرکە)، (بەرزترین، تێکڕا) لەناوچەی لێکۆڵینەوە (2005-2019) | 46 |
| 5 | ڕێژەی شوێنی نیشتەجێبوونی گەشتیاران | 153 |
| 6 | ژمارە و شوێنی نیشتەجێبوونی گەشتیاران و شوێنی بەسەربردنی ڕۆژەپشووەکانیان | 155 |
| 7 | ڕێژەو ژمارەی گەشتیاران بەپێی ڕەگەز | 156 |
| 8 | ژمارە و ڕەگەزی گەشتیاران بەپێی شوێنی پشوودانیان | 157 |
| 9 | ژمارە و ڕێژەی گەشتیاران بەپێی ڕەگەز و بەسەربردنی کاتە بەتاڵەکانیان | 159 |
| 10 | ژمارەی گەشتیاران بەپێی ڕەگەز و ئارەزوو بۆ چالاکی گەشتیاری و خۆشگوزەرانی | 161 |
| 11 | ژمارەی گەشتیاران بەپێی ڕەگەز و چۆنێتی ئەنجامدانی گەشت | 162 |
| 12 | ژمارەی دووبارەبوونەوەی سەردانیکردن و باری خێزانی گەشتیاران | 164 |
| 13 | ژمارەی گەشتیاران بەپێی جۆری پیشە و بڕی داهاتی مانگانەیان بە (هەزار دیناری عێراقی) | 166 |
| 14 | ژمارەی گەشتیاران بەپێی ماوەی مانەوە و بڕی داهاتی مانگانەیان بە (هەزار دیناری عێراقی) | 168 |
| 15 | ژمارەی گەشتیاران بەپێی بڕی خەرجی چاوەڕوانکراو و بڕی داهاتی مانگانەیان بە (هەزار دیناری عێراقی) | 170 |
| 16 | ژمارەی گەشتیاران بەپێی بەکارهێنانی جۆری هۆکاری گواستنەوە و بڕی داهاتی مانگانەیان بە (هەزار دیناری عێراقی) | 171 |

| | | |
|---|---|---|
| 17 | خاڵی سەرنجڕاکێشی ناوچەی لێکۆڵینەوە لەلایەن گەشتیاران | 173 |
| 18 | سەرچاوەی زانیاری گەشتیاران و سەردانیکەران | 174 |
| 19 | پەیوەندی نێوان ئاستی خوێندەواری و ئاستی خزمەتگوزاری | 176 |
| 20 | پەیوەندی نێوان ئاستی خوێندەواری و ژمارەی دووبارەبوونەوەی سەردانیکردنی ناوچەگەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکان | 178 |
| 21 | پەیوەندی نێوان گروپی تەمەن و ئارەزوو بۆ جۆری چالاکی گەشتیاری و خۆشگوزەرانی | 181 |
| 22 | پەیوەندی نێوان گروپی تەمەن و چۆنێتی بەسەربردنی کاتی بەتاڵ | 184 |
| 23 | پەیوەندی نێوان شوێنی دڵخوازی شاری سلێمانی بۆ بەسەربردنی پشوو لەگەڵ شوێنی نیشتەجێبوون | 187 |
| 24 | پەیوەندی نێوان ئاستی خوێندەواری و ئارەزوو بۆ جۆری چالاکی | 190 |
| 25 | بەربەستی بەردەم گەشتیارو سەردانیکەرانی ناوەندە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکان | 193 |
| 26 | پێشنیاری گەشتیارو سەردانیکەرانی ناوەندەگەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکان | 195 |


## پێڕستی نەخشەکان


| ژمارە | ناونیشانی نەخشە | لاپەڕە |
|---|---|---|
| 1 | شوێنی ئەسترۆنۆمی شاری سلێمانی | 30 |
| 2 | شوێنی شاری سلێمانی بەگوێرەی پارێزگای سلێمانی و هەرێمی کوردستان و عیراق | 32 |
| 3 | دابەشبوونی پارکە گشتییەکان لە شاری سلێمانیدا | 78 |
| 4 | دابەشبوونی سەیرانگاکان لە شاری سلێمانیدا | 82 |
| 5 | دابەشبوونی شاری یارییەکان لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا | 88 |
| 6 | دابەشبوونی سینەما و گەلەری و کتێبخانە و شوێنە ڕۆشنبیرییەکان لە شاری سلێمانیدا | 105 |
| 7 | دابەشبوونی شوێنە مێژوویی و کلتوریەکانی شاری سلێمانیدا | 115 |

| | | |
|---|---|---|
| 8 | دابەشبوونی پاریگاکان لە شاری سلێمانیدا | 118 |
| 9 | دابەشبوونی مەلەوانگەکانی شاری سلێمانی | 120 |
| 10 | دابەشبوونی هۆڵەکانی لەشجوانی و کێش دابەزاندن | 122 |
| 11 | دابەشبوونی مزگەوت و شوێنە ئاینییەکانی لە شاری سلێمانیدا | 136 |
| 12 | دابەشبوونی ئوتێل و مۆتێل و کۆمەڵگە گەشتیارییەکان لە شاری سلێمانیدا | 140 |
| 13 | دابەشبوونی ڕێستۆرانت و کافتریا لە شاری سلێمانیدا | 143 |
| 14 | دابەشبوونی هۆڵەکان لە شاری سلێمانیدا | 145 |
| 15 | دابەشبوونی مۆڵە سەرەکیەکان لە شاری سلێمانیدا | 147 |
| 16 | دابەشبوون و چڕیی خزمەتگوزارییە گەشتیاریی و خۆشگوزەرانییەکان لە شاری سلێمانی | 149 |


## پێڕستی وێنەکان


| ژمارە | ناونیشانی وێنە | لاپەڕە |
|---|---|---|
| 1 | فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی | 65 |
| 2 | چەند دیمەنێک لە باخی گشتی سلێمانی | 70 |
| 3 | چەند دیمەنێکی پارکی ئازادی لە چەند کاتێکی جیاوازدا | 71 |
| 4 | چەند دیمەنێک لە پارکی دایک | 72 |
| 5 | پارکی مەلیک مەحمود | 73 |
| 6 | چەند دیمەنێک لە پارکی چاڤی لاند | 74 |
| 7 | چەند دیمەنێک لە پارکی هەواری شار | 76 |
| 8 | پارکی مەولانا | 77 |
| 9 | سەیرانگای باخی بەختیاری | 79 |

| | | |
|---|---|---|
| 80 | بەشێک لە سەیرانگای سەرچناری سلێمانی | 10 |
| 81 | چەند دیمەنێک لە سەیرانگای نەورۆز | 11 |
| 84 | چەند دیمەنێک لە شاری یاری سلێمانی | 12 |
| 85 | چەند دیمەنێک لە شاری یاری نەورۆز لە سلێمانی | 13 |
| 86 | شاری یاری چاڤی لاند | 14 |
| 91 | چەند دیمەنێک لە شوێنە جیاوازەکانی سیتی سینەما لە سلێمانی | 15 |
| 92 | چەند دیمەنێک لە سینەما سالم | 16 |
| 94 | تەلاری هونەر | 17 |
| 95 | شانۆی ڕۆمانی لە ناو پارکی هەواری شار | 18 |
| 96 | هۆڵی ڕۆشنبیری سلێمانی | 19 |
| 97 | هۆڵی چالاکی سەنتەری گەنجان | 20 |
| 98 | گەلەری زاموا لە شاری سلێمانی | 21 |
| 99 | گەلەری گرۆڤ | 22 |
| 101 | کتێبخانەی گشتی لە شاری سلێمانی | 23 |
| 102 | کتێبخانەی ئەوقاف لە شاری سلێمانی | 24 |
| 104 | بنکەی ژین | 25 |
| 107 | مۆزەخانەی نیشتیمانی مێژووی سروشتی لە ئەمەریکا | 26 |
| 108 | مۆزەخانەی سلێمانی | 27 |
| 109 | مۆزەخانەی ئەنتۆگرافی سلێمانی | 28 |
| 110 | مۆزەخانەی نیشتیمانی ئەمنە سورەکە | 29 |
| 111 | بەردەرکی سەرای شاری سلێمانی | 30 |
| 112 | چاپخانەی شەعب | 31 |

| | | |
|---|---|---|
| 113 | ماڵی سۆفی کریم | 32 |
| 114 | قەیسەری نەقیب | 33 |
| 117 | یاریگای سلێمانی (مەلعەبەکە) | 34 |
| 123 | مزگەوتی گەورە و مەزاری کاک ئەحمەدی شێخ | 35 |
| 125 | مەزاری شێخ مارفی نۆدێ | 36 |
| 126 | مزگەوتی خانەقای مەولاناخالدی نەقشبەندی | 37 |
| 127 | حسێنیەی حەکیم لە سلێمانی | 38 |
| 128 | مەزاری پیر مەنسوور | 39 |
| 130 | مەزاری شێخ جافر | 40 |
| 131 | تەکیە و مەزاری شێخ محمدی کەسنەزان و چەند دیمەنێک لە مەراسیمی ناشتنی تەرمەکەی | 41 |
| 133 | کەنیسەی مەریەمی عەزرا | 42 |
| 134 | کڵێسای مار یوسفی کلدانی لە شاری سلێمانی | 43 |
| 135 | کڵێسای (ئەقباط الارثوذکس) | 44 |
| 137 | دیمەنی چەند ئوتێلێکی شاری سلێمانی | 45 |
| 146 | مۆڵە سەرەکیەکانی شاری سلێمانی | 46 |

# پێشەکی

# پێشەکی

گەشتیاری و خۆشگوزەرانیی ئەگەر لە پێشودا تەنها وەکو فاکتەرێکی گرنگ هەژمارکرابێت. ئەوا لە ئێستادا گەشتیاری و خۆشگوزەرانیی بووە بە یەکێک لە پیشەسازیە پرداهاتەکان کە دەتوانرێت وەک کۆڵەکەیەکی ئابووری ڕۆڵێکی گرنگی هەبێت لە پێشخستنی وڵات و بوژانەوە و گەشەسەندنی ژێرخانی ئابووری هەر کۆمەڵگە و وڵاتێکدا، لە ڕێگەی ڕەخساندنی هەلی کار بۆ دانیشتوان و زیادکردنی داهاتی تاک و داهاتی گشتی، هەتا بەرزکردنەوەی ئاستی گوزەرانی دانیشتوان بە شێوەیەکی گشتی، بە پێی ڕاپۆرتی ساڵانەی دامەزراوەی گەشتیاری جیهانی (UNWTO) کە دامەزراوەیەکی سەر بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەتەنها لە ساڵی (2019) دا ژمارەی گەشتیاران لە سەرانسەری جیهاندا کە تۆمارکراوە گەیشتۆتە (1,400,000,000) یەک ملیار و چوارسەد ملیۆن گەشتیار، وە بڕی خەرجی گشتی گەشتیاران بریتی بووە لە (1,700 ملیار دۆلار) بەنزیکەیی دەکاتە بڕی (5) ملیار دۆلاری ئەمریکی لە ڕۆژێکدا.

گەشتیاری و خۆشگوزەرانیی دوانەیەکی لەیەک جیانەبووەوەن، یان دەتوانین بڵێین ئەوەی دووەمیان ئامانجی یەکەمیانە هەر وەک چۆن لە ڕاپۆرتی ساڵانەی دامەزراوەی گەشتیاری جیهانی (UNWTO)بۆ ساڵی (2019) ئاماژەی پێدراوە کە (56%) ی گەشتیارانی هەموو جیهان کە دەکاتە (784,000,000) ملیۆن گەشتیار ئامانجیان لە گەشتەکانیان خۆشگوزەرانیی و بەسەربردنی کاتە بەتاڵەکانیان بووە، لە کاتێکدا ئەم ڕێژەیە تەنها لە (50%) ی گەشتیاران بووە لە ساڵی (2000) دا . بۆیە ئەگەر لە پێشودا مەبەستی گەشتیاران بۆ بازرگانی، تەندروستی، سەردانی هاوڕێ و خزم و کەس و کاریان یان ئایینی بوبێت، بەڵام لە ئێستادا چەماوەی مەبەستی گەشتیاران بۆ کات بەسەربردن و خۆشگوزەرانیی زیاتر بەرزدەبێتەوە و دەبێتە ئامانجێکی سەرەکی گەشتیاران، بە گەشەکردنی کەرتی خزمەتگوزاری گەشتیاری و خۆشگوزەرانیی، کەرتەکانی دیکەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و شارستانی و ڕۆشنبیری گەشە دەکەن کە لە دواجاردا کۆمەڵگە و وڵات پێش دەخات کە ئەویش ئامانجە سەرەکیەکەیە.

ئەم لێکۆڵینەوە هەوڵدەدات بۆ شیکردنەوەی خزمەتگوزاریە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکان لە شاری سلێمانی لەڕێگەی دەرخستنی توانستە مرۆیی و سروشتیەکانی ناوچەکە، وە دەستنیشانکردنی گرفت و ئاڵەنگاریەکانی بەردەم پێشکەوتنی کەرتی گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکان وە وەرگرتنی ڕاوبۆچونی گەشتیاران به مەبەستی دروستکردنی چەندین پێشنیاری پشتبەست بە زانیاری و ڕای گەشتیاران بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکان و پێشخستنی کەرتی گەشتیاری و خۆشگوزەرانیی لە ڕێگەی بەرزکردنەوەی ئاستی خزمەتگوزاریەکان و ڕازیکردنی خواستەکانی گەشتیاران، وە پیشکەشکردنی پێشنیارە ستراتیجیەکان لە پێناو گەشەی کەرتی گەشتیاری و خۆشگوزەرانیی بە ئامانجی زیادکردنی داهاتی تاک

و داهاتی گشتی وه بوژانەوەی سەرجەم کەرتەکانی دیکە و بەکارخستنی گشت سەرچاوە سروشتی و مرۆیی و ماددیەکانی دیکە لە ناوچەی لێکۆڵینەوە.

## یەکەم: گرنگی توێژینەوەکە

- یەکەم لێکۆڵینەوەی زانستیە کە بەشێوەیەکی ئەکادیمی باس لە بابەتی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان و گەشتوگوزاردەکات لە شاری سلێمانی لە ڕووانگەی جوگرافیەوە.
- پەرەپێدان و پێشخستنی ئەم خزمەتگوزاریانە هۆکارێکن بۆ ڕاکێشانی گەشتیار و سەرمایە.
- چالاکییە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکان هۆکاری سەرەکین بۆ پاراستنی ژینگە وشوێنەوارە مێژووی و کەلەپوری و ئاینییەکان لە شارەکاندا.

## دووەم: ئامانجی توێژینەوەکە

ئەنجامدانی هەر توێژینەوەیەکی زانستی بەمەبەستی بەدیهێنانی ئامانج یاخود چەند ئامانجێکی دیاریکراوی زانستی و بابەتییە، لێرەدا توێژەر بە ڕێکار و هەنگاوە زانستییەکانی لە ڕێگەی توێژینەوەکەیەوە هەوڵی بەدیهێنانی ئەو ئامانجە دەدات. ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە وەک لە ناونیشانەکەیەوە دیارە بریتیە لە، خستنەرووی خزمەتگوزارییە گەشتیاری وخۆشگوزەرانییە جیاوازەکان لەشاری سلێمانیدا، دەرخستنی چۆنیەتی دابەشبونی خزمەتگوزارییە گەشتیاری وخۆشگوزەرانییەکان، پاشان هەلسەنگاندنی ئاستی خزمەتگوزارییەکان لە ئێستادا و پێداویستییەکانی لە داهاتوودا، لەهەمان کاتدا فەراهەمکردنی خزمەتگوزارییەکان ژێرخان و سەرخان.

## سێیەم : کێشەی توێژینەوەکە

1 - تاچ ڕادەیەک شاری سلێمانی خاوەنی توانستە گەشتیاری وخۆشگوزەرانییەکانە؟

2 - تاچ ڕادەیەک هاوسەنگی هەیە لە دابەشبونی خزمەتگوزارییە گەشتیاری وخۆشگوزەرانییەکان لەشاری سلێمانیدا؟

3 - تا چ ڕادەیەک خزمەتگوزاریەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە گونجاوە لە ئێستا و داهاتودا؟

### چوارەم: پاساوی توێژینەوەکە

هۆکاری سەرەکی بۆ هەڵبژاردنی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە ئارەزووی توێژەر بۆ بواری خزمەتگوزاری گەشتیاری و خۆشگوزەرانیی لە پێناو پێشکەشکردنی خزمەتێک بە شاری سلێمانی، هەتا لەم ڕێگەیەوە بتوانرێت ئەم توێژینەوەیە ببێتە سەرچاوەیەکی ئەکادیمی زانستی بۆ زیاتر پێشخستنی بواری گەشتیاری وخۆشگوزەرانیی لەشارەکەدا، هەروەها ڕۆڵ و گرنگی بوارەکانی گەشتیاری و خۆشگوزەرانیی لەبەرەوپێشچوونی ناوچەکەدا، نەبوونی هیچ لێکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمی لەسەر خزمەتگوزاری گەشتیاری و خۆشگوزەرانیی لە شاری سلێمانی کە لەئێستادا بۆتە پیشەی بەشێک لە دانیشتوان و ڕاکێشانی گەشتیاران لە هەمان کاتدا.

### پێنجەم: گریمانەکانی توێژینەوەکە

1. بوونی چەندین توانستی مرۆیی و سروشتی سەرنجڕاکێش بۆ کەرتی گەشتیاری و خۆشگوزەرانیی لەشاری سلێمانی.
2. پەرش و بڵاوی هەیە لە دابەشبونی خزمەتگوزارییەکاندا بەتایبەتی خزمەتگوزارییە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکان، بەشێوەیەک چۆنێتی دابەشبونیان هاوتا نیە لەگەڵ پێوەرەکانی پلاندانان.
3. ئاست و دابەشبوونی خزمەتگوزاریەکان تا ڕادەیەک لەگەڵ داخوازی دانیشتوان و گەشتیاراندا ناگونجێت.

### شەشەم: میتۆدی توێژینەوە

هەموو لێکۆڵینەوەیەکی زانستی بۆگەیشتن بە ئامانجەکەی میتۆدێک یان زیاتر بەکاردەهێنێت، لەم لێکۆڵینەوەیەدا پشتمان بەهەردوو میتۆدی ئسوڵی کە بۆ دەرخستنی ڕۆڵ وکاریگەری فاکتەرە جوگرافییەکان لەسەر چالاکی و لایەنە جیاوازەکانی گەشتیاری وخۆشگوزەرانیی. وە میتۆدی دووەم میتۆدی تاقیکاری(تجریبی)ە، کە بەچەند قۆناغێک جێبەجێ دەکرێت، سەرەتا کۆکردنەوەی داتا (سەرچاوەی فەرمی و ڕێکخراوەکان وڕاپرسی) بە پشت بەستن بە پێوەر و ڕێگای ئاماری، پاشان شیکردنەوەی ئەوداتا وئامارانە لە ڕێگەی بەرنامە تایبەتمەندەکانی کۆمپیوتەر (SPSS) دەرخستیان بە شێوەی خشتە و شێوەی جۆراوجۆر، وەرگرتنی داتای شوێنی ناوەندەکان لە ڕێگای بەکارهێنانی بەرنامەکانی (GPS Coordinates, Google

(earth pro و دووەبارە ڕێکخستن و  نیشاندانیان بەشێوەی نەخشە لە ڕێگەی بەکارهێنانی سیستەمی زانیارییە جوگرافییەکان (GIS) .

**حەوتەم: توێژینەوەکانی پێشوو**

سەرەڕای بوونی چەند توێژینەوەیەک لەسەر خزمەتگوزاریەکان بەشێوەیەکی گشتی لەناوچە جیاوازەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان و عێراق بەڵام هیچ جۆرە توێژینەوەیەکی هاوشێوە نەکراوە تایبەت لە سەر ناوچەی لێکۆڵینەوە، لێرەدا ئاماژە بەهەندێک توێژینەوەدەکەین  لە سەر شار و شارۆچکەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان و کۆماری عیراقی فیدراڵ ئەنجامدراون:

توێژینەوەی (سروە دەشتی 2004) باس لە ناوەندە خۆشگوزەرانییەکانی شاری هەولێر دەکات وە دەگاتە ئەو دەرئەنجامەی کە ناوەندە خۆشگوزەرانییەکان بە یەکێک لە پێداویستیە سەرەکیەکانی دانیشتوان هەژماردەکرێت وە تێیایدا جەختدەکاتەوە لەسەر گرنگی گەشەپێدانی ئەو ناوەندانە و کاریگەریەکانی لەسەر شارەکە بەگشتی[1].

توێژینەوەی (شیراون عمر2006) لەسەر پارێزگای سلێمانی کە تێیایدا بنەماکانی جوگرافیای سروشتی  دروستبوون و گەشەپێدانی گەشتوگوزار لە سلێمانی دەخاتە ڕوو وە ئاماژە بەوە دەکات کە پارێزگای سلێمانی لە ڕووی جوگرافیەوە شوێنێکی گرنگە و خاوەنی توانستی بەرفراوانی سروشتی گەشتیارییە [2].

توێژینەوەی (بختیار احمد 2010) باس لە ناوچە سەوزایەکانی ناو شاری سلێمانی دەکات کە تێیایدا دەگاتە ئەو دەرئەنجامەی کە ناوچە سەوزایەکان سەرەڕای گرنگی و پێویستیان  لەڕووی ژینگەی و بواری ئیکۆلۆجیەوە دەکرێت ناوەندێکی سەرەکی و خۆشگوزەرانییبن بۆ دانیشتوانی شارەکە[3].

پاشان لە ساڵی 2011 توێژەر (شیروان عمر 2011) باس لە بنەما جوگرافیاکانی پەرەپێدانی گەشتوگوزار دەکات لە پارێزگای سلێمانی کە تێیادا دەگاتە ئەو دەرئەنجامەی جۆراوجۆریەتی

---

[1] سروە دشتی وهاب، التحليل الجغرافی للمواقع الترفيهية في مدينة اربيل(دراسة ميدانية)، رسالة ماجستير(غيرمنشورة)،جامعة صلاح الدين، كلية الآداب، قسم الجغرافية، اربيل، 2004.

[2] شيروان عمر رشيد، بنەماجوگرافیای سروشتی دروستبوون گەشەپێدانی گەشتوگوزار لە پارێزگای سلێمانی، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتیەکان، بەشی جوگرافیا، 2006.

[3] بختيار احمد حسين، ناوچە سەوزاییەکانی ناو شاری سلێمانی ( لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای شار)، تێزی ماجستێر (بڵاو نەکراوە)، زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتیەکان،  بەشی جوگرافیا،  2010.

بنەماکانی خستنەڕووی گەشتیاری و خزمەتگوزاری و ئاسانکاری دەبێتە هۆی زۆربوونی داواکاری لەسەر ناوچە گەشتیاریەکان [1].

توێژەر (محمد وتمان 2015) باس لە بنەما جوگرافیەکانی پلاندانانی گەشتیاری لە قەزای شارباژێڕ دەکات کە تێیایدا دەگاتە ئەو دەرئەنجامەی کە پلاندانان یەکێکە لە فاکتەرە گرنگەکان بۆ پێشخستن و گەشەپێدانی گەشتیاری لە ناوچەکەدا[2].

توێژەر (ئەژین ئەنوەر 2017) باس لە توانستە سروشتیەکان و گەشەپێدانی گەشتوگوزار لە ناوچە شاخاویەکانی ئیدارەی ڕاپەڕین دەکات کە تێیایدا دەگاتە ئەو دەرئەنجامەی توانستە سروشتیەکان یەکێکن لە بنەما گرنگەکانی پەرەپێدانی گەشتوگوزار[3].

**هەشتەم: گرفتەکانی بەردەم توێژینەوەکە**

لەماوەی نوسین و ئامادەکردنی توێژینەوەکە و گەڕان بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیاریەکان توێژەر توشی چەندین گرفت و ئاستەنگ بووە لەوانە:

1 -نەبوون یان کەمی داتا و زانیاری بڵاوکراوەی پشتڕاستکراوە.

2 -بارودۆخی نەخوازراو بەهۆی بڵاو بوونەوەی فایرۆسی کۆرۆنا کەبووە هۆی سست کردن و وەستاندنی گشت چالاکیەکان لەتەواوی جیهان و شارەکەدا، یەکێک بوو لە گرفت و لەمپەرە گەورەکانی بەردەم توێژەر، کە بەهۆیەوە دەستکەوتنی داتا و زانیاری پێویست بۆ توێژینەوەکە ئەستەم و نزیک بوو لە مەحاڵ، ئەمەش بە هۆی وەستاندنی یان کەمی دەوام لە فەرمانگە و دامەزراوە حکومیەکاندا.

**نۆیەم:پلانی توێژینەوەکە**

بەمەبستی پیشاندانی توێژینەوەکە بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا، بە پشبەست بە بنەما زانستیەکانی نوسینی توێژینەوە لەبەشی زانستەمرۆڤایەتیەکاندا، توێژینەوەکە دابەشکراوە بۆ سێ بەش، ئەنجام، ڕاسپاردە، لیستی سەرچاوە، پاشکۆ، پوختەی توێژینەوە (کوردی، عەرەبی و

[1] شیروان عمر رشید، بنەما جوگرافیەکانی پەرەپێدانی گەشتوگوزار لە پارێزگای سلێمانی، تێزی دکتۆرا (بڵاونەکراوە)، زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان، بەشی جوگرافیا، 2011.
[2] محمد وتمان محمد، بنەماجوگرافیەکانی پلاندانانی گەشتیاری لەقەزای شارباژێڕ،نامەی ماستەر(بڵاونەکراوە)، زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتیەکان، بەشی جوگرافیا، 2015.
[3] ئەژین ئەنوەر یوسف،توانستە سروشتیەکانی پلاندانان و گەشەپێدانی گەشتوگوزار لەناوچەشاخاوییەکانی ئیدارەی ڕاپەڕیندا،نامەی ماستەر(بڵاونەکراوە)، زانکۆی ڕاپەڕین، کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتیەکان، 2017.

ئینگلیزی). بەکۆی گشتی لەتوێژینەوەکەدا توێژەر بۆ دەرخستنی داتا و زانیاریەکان و دیاردە جوگرافیەکانی ناوچەی لیکۆڵینەوە هەستاوە بەدروستکردنی (46) خشتە، (16)نەخشە، (26)شێوە، (45) وێنەی ناوچەکانی لێکۆڵینەوە.

بەشی یەکەمی توێژینەوەکە تەرخانکراوە بۆ چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە کە لە دووباسی سەرەکی پێکهاتووە، باسی یەکەم تایبەتە بە ناساندنی چەمک و پێناسە و پێوەری خزمەتگوزارییە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکان، باسی دووەم تەرخانکراوە بۆخستنەڕووی داواکاری و پاڵنەرەکان لەسەر خزمەتگوزارییە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکان لەناوچەی لێکۆڵینەوە.

لە بەشی دووەمدا باس لە دابەشبوونی جوگرافی و جۆری خزمەتگوزاریەکان لە شاری سلێمانیدا کراوە، ئەمەش دابەش بووە بەسەر سێ باسی سەرەکیدا، لە باسی یەکەمدا پارک و سەیرانگا و شاری یاریەکان خراونەتە ڕوو، باسی دووەم خزمەتگوزاریە ڕۆشنبیری و مێژووی و ئاینی و وەرزشیەکان خراونەتە ڕوو، باسی سێیەمیش بۆ دابەشبوونی شوێنەکانی پشودان و ڕێستۆرانت و کافێ و ئوتێل و کابینە تەرخانکراوە. بەشی سێیەم هەڵسەنگاندنی ئاستی خزمەتگوزاریە گەشتیاری و خۆشگوزرانیەکان لەشاری سلێمانی. کەئەمیش پێکدێت لە دوو باس، باسی یەکەم بریتیە لە شیکارکردنی داواکاری لەسەر خزمەتگوزارییەگەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکان. باسی دووەم بریتیەلە مەزەندەکردنی پێداویستیە چاوەڕوانکراوەکان بۆ خزمەتگوزارییە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکان، لە هەندێک شوێن لە توێژینەوەکەدا زاراوەی (خزمەتگوزارییەکان ) بەکار هاتووە لە بری (خزمەتگوزارییە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکان).

## بەشی یەکەم

## ناساندنی ناوچەی لێکۆڵینەوە و بابەتەکانی توێژینەوەکە

### باسی یەکەم

### چەمک و پێناسە و پێوەری خزمەتگوزارییە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکان

یەکەم: چەمکی خزمەتگوزاری

دووەم: چەمکی گەشتوگوزاری

سێیەم: چەمکی گەشتیار

چوارەم: چەمکی خۆشگوزەرانیی

پێنجەم: چەمکی کاتەکانی بەتاڵی

شەشەم: پەیوەندی نێوان خزمەتگوزاریە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکان و جوگرافیا

حەوتەم: کاریگەری خزمەتگوزارییە گەشتیاری خۆشگوزەرانییەکان

هەشتەم: پێوەرەکانی بەکار هاتووەکانی خزمەتگوزارییە گەشتیاریی و خۆشگوزەرانییەکان

### باسی دووەم

### توانستە سروشتی و مرۆییەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە

یەکەم: شاری سلێمانی و پوختەیەکی مێژوویی

دووەم: توانستە جوگرافییەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە

سێیەم : کاتی بەتاڵ و کاریگەری لەسەر چالاکییە گەشتیاری وخۆشگوزەرانییەکان

چوارەم : بوونی خزمەتگوزارییە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکان

پێنجەم : ڕێگاوبان و گواستنەوە

# بەشی یەکەم ناساندنی ناوچەی لێکۆڵینەوە و بابەتەکانی توێژینەوەکە

## باسی یەکەم: چەمک و پێناسە و پێوەری خزمەتگوزارییە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکان

### یەکەم: چەمکی خزمەتگوزاری (Service):

چەمکی خزمەتگوزاری بایەخێکی گەورەی هەیە، بەهۆی زیادبوونی داواکاری لەسەر خزمەتگوزارییە جۆربەجۆرەکان لە لایەن هاوڵاتیان لەسەردەمی ئێستادا، بەتایبەتی لەدوای بەرەوپێشچوونی هۆکارەکان و شێوازە بەکارهاتووەکان بۆ بەردەستەبوونیان، بۆیە گرنگیدان بەتوێژینەوەکان لەسەر خزمەتگوزارییە جۆربەجۆرەکان بووە بە پێویستیەکی هەنوکەیی، بەهۆی پەیوەستبوونیان بەژیانی رۆژانەی تاکەوە. خزمەتگوزاریەکان یەکێکە لە پێوەرە سەرەکیەکان بۆ دیاریکردنی ڕادەی ئاستی پێشکەوتویی کۆمەڵگاکان بەشێوەیەک جۆر و چەندێتی و چالاکی خزمەتگوزاریەکان بۆ هەر کۆمەڵگەیەک نیشاندەری رادەی گەشەسەندنی شارستانیەتی کۆمەڵگاکەیە.

سەرەتا پێویستە وشەی خزمەتگوزاری لەڕووی زمانەوانیەوە شیبکەینەوە، بۆ ئەم مەبەستەش وشەی (Service) لە وشەی لاتینی (Servitium) کە بەمانای خزمەتکار دێت، (Servitude) بەمانای (خزمەتکاری) دێت لە زمانی لاتینی[1].

زۆرێک لە لێکۆڵەرەوان و توێژەران هەوڵیان داوە پێناسەی خزمەتگوزاری بکەن، بۆ ئەوەی بتوانن ئەو چالاکیانە دیاری بکەن کە پۆلێن بکرێن وەک خزمەتگوزاریەکان. لێرەدا هەوڵ دەدەین هەندێک لە هەوڵەکانی توێژەران بخەینەڕوو بۆ پێناسەکردنی چەمکی خزمەتگوزاری.

(Regan) لەپێناسەی خزمەتگوزاریدا دەڵێت "خزمەتگوزاریەکان دەشێت بەرجەستە نەبن وە ڕاستەوخۆ بگەیەنرێتە بەکارهێنەر وەکو (گواستنەوە و ئاوەدانکردنەوە ) یان بەشیوەیەکی دیکە ئەمیش دووبارە بەرجەستە نین بەشیوەیەکی هاوبەش لەگەڵ کڕینی شتومەک و کەلوپەلی دیکە یان لەگەڵ خزمەتگوزاری دیکە وەک ( گەیاندن Delivery، کریدیت واتا پێدانی باڵانس بەشیوەی ئەلەکترۆنی)، بۆ یەکەم جار ئەم جۆرە خزمەتگوزاریە دەتوانرێت هەژمار بکرێت وەکو خزمەتگوزاریەکی تەواو نا بەرجەستە، کە لەتوانایدایە بەکارهێنەر بەتەواوی ڕازی بکات وەک هەر کاڵایەکی دیکەی بەرجەستە کە لە بازاڕ دا ئاڵ وگۆڕی پێدەکرێت[2].

[1] Bryson JR, Sundbo J, Fuglsang L, Daniels P. Reading and Managing Service Businesses. InService Management ,Palgrave Macmillan, Cham.,2020, p.3

[2] Regan, William J. "The service revolution." Joumal of marketing27.3, 1963,pp.57-62

بەڵام (کوتلر) لەپێناسەی خزمەتگوزاریدا دەڵێت "خزمەتگوزاری چالاکییە و دەستکەوتە کە لایەنێک دەتوانێت پێشکەشی لایەنێکی تری بکات، کە ئەم خزمەتگوزاریە نامادديە واتا نابەرجەستە"[1]، بەڵام پێناسەی کۆرنروس (Cornrows) بۆ خزمەتگوزاری بریتیە "خزمەتگوزاری مەبەست لێی کۆمەڵێک چالاکیە کە هەست بە بونیان دەکرێت، دەتوانرێت جێی بگۆڕدرێت، کە دامەزراوەی دیاری کراو تایبەتمەند ئەو خزمەتگوزاریانە پێشکەش دەکەن کە دامەزراوەی خزمەتگوزارین"[2].

گرۆنرۆس (Gronroos) پێیوایە "خزمەتگوزاریەکان ئەو چالاکیە ئابووریانە دەگرێتەوە کە بەرئەنجامەکەیان بەرهەمێکی بەرجەستە نیە، وە شتانێک نین کە دروستبکرێن، بەشیوەیەکی گشتی لەگەڵ دروستکردنیان بە کاردەهێنرێن، وە بەردەستخراون بە کۆمەڵێک بەهای باڵا لە کۆمەڵێک فۆڕمی جیاوازدا، وەکو گونجاوی، چێژبەخش، بەردەست لەکاتی خۆیدا، ئاسودەیی و تەندروست، واتا بەشێوەیەکی سەرەکی بەرجەستە نین و بەدەست ناگیرێن، وە بەتەنگ یەکەم کڕیارەوەن. خزمەتگوزاری و چالاکی و چێژ خراونەتەڕوو یان بۆ فرۆشتن یان ئەوەتا پێشکەشکراون وەکو دەستەوارەیەک (ئۆفەرێک) گرێدراون بە فرۆشتنی شتومەکەکانەوە"[3].

زیثمال وبیتنەر(Zeithmal and Bitner) خزمەتگوزاری دەناسێنن بەوەی (خزمەتگوزاری نواندنێکە یان هەوڵدان و کۆششێکە یا خود کارکردنێکە دەشێ هەستپێکراوبێت یان بەرهەمێکی بەرجەستە بێت کە شتومەک یاخود تەن لە پێکهاتەکایدا هەبێت زۆربەی کات بە شێکی گرێدراوە وەکو دەستەوارەیەک (ئۆفەر) بۆ شتوموک و کەل و پەلەکان)[4] . وە ئیگلەر ولانگیرد(Eiglier and Langeard) خزمەتگوزاری دەناسێنن ( وەک تەنێک بۆ ئاڵوگۆڕ نرخێکی بازاڕی هەیە نەک تەنها بۆ ئەو کەسەی کە ئامادەی دەکات بەڵکو بۆ بەکاربەریش)[5].

لە گەڵ بوونی چەندەها پێناسەی دیکە کە لە لایەن توێژەرەکانی ئەم بوارەوە خراوەتە ڕوو ئەوە ئاشکرایە کە لە زۆر لە پێناسەکاندا بە سانایی خزمەتگوزاری دەناسێنن بەوەی کە بەلایەنی کەمەوە لە کاتی پێویستی یەکێک بۆ پێویستیەکی دیاریکراو، وەک هەرکاڵایەکی دیکە کە پێویستە بۆ ژیانی ڕۆژانە لایەنی دووەم هەڵدەستێت بە دابینکردنی ئەو پێداویستیە کە زۆربەی کات دەشێت ئەو پێداویستیە بەرجەستە نەبێت، بەشێوەیەک پێشکەش دەکرێت ناوی لێدەنرێت خزمەتگوزاری، لە ئاستێکی باڵا تردا کە مرۆڤ لە دوای

---

[1] Kotler, Philip, Kevin Lane Keller, Abraham Koshy and Mithileshwar Jha. Marketing Management, 13th ed. Dorling Kindersley, New Delhi. 2009.p.28

[2] فؤاد بن غضبان، الخدمات الحضرية برؤية جغرافية معاصرة ، الطبعة الاولى، دار المنهجية، عمان، 2015، ص29.

[3] Grönroos, Christian. Service Management and Marketing, 3rd ed. John Wiley, Delhi,2007,p35.

[4] Zeithaml VA, Bitner MJ, Gremler DD. Technology’s impact on the gaps model of service quality. InHandbook of service science. Springer, Boston, MA. 2010 p2.

[5] Lagrosen, S., & Lagrosen, Y. Management of service quality–differences in values, practices and outcomes. Managing Service Quality: An International Journal. 2007,p.39.

پڕبوونەوەی پێداویستیەکانی هەوڵدەدات بۆ باشتر ژیانکردن لە هەموو ڕوەکانیەوە، لێرەدا خزمەتگوزاری پایەیەکی گرنگتری دەبێت لە ژیانی مرۆڤدا، یان بە مانایەکی تر بەرەوپێشچونی و فرەجۆری خزمەتگوزاریەکان دەبێتە بنەمایەکی سەرەکی خۆشگوزەرانیی مرۆڤ.

بۆ زیاترتێگەیشتن لەخزمەتگوزاریی، خەسڵەتەکانی دەخەینەڕوو:

## 1. سروشتی خزمەتگوزاریی (Nature Of Service):

زۆر گرنگە تا ڕادەی ئەوپەڕی سیفاتە دیارەکانی خزمەتگوزاری دەستنیشان بکەین، لە بەر ئەوەی ناسینەوەی ئەم تایبەتمەندیانە تێگەیشتنێکی تەواوە وەکو ئامادەکاریەکی پێشوەخت بۆ بەڕێوەبردنیان بەشێوازێکی نوێگەریانە، یەکێک لە هۆکارەکانی لاوازی کوالێتی خزمەتگوزاریەکان لە سێکتەرە جیاوازەکاندا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کێشە و گرفت لە خزمەتگوزاریەکاندا بە هەمان میکانیزمی چارەسەری کێشە و گرفتی بەرهەمەکان چارەسەر دەکرێت، ئەمەش بۆیە ڕوودەدات چونکە تێگەیشتنێکی ناتەواو هەیە دەربارەی سروشتی خزمەتگوزاریەکان، وەک ئاشکرایە خزمەتگوزاریەکان بەردەوام لە گەشەسەندن و پێشکەوتندایە، کۆمەڵێک تەیبەتمەندی تایبەت بە خۆیان هەیە کە وادەکات جیاوازبن لە بەرهەم[1]. گرنگترین جیاکەرەوەکانی سروشتی خزمەتگوزاریی لەخوارەوە دەخەینەڕوو:

### أ. نا بەرجەستەیی (Intangibility):

یەکێک لە هەرە تایبەتمەندیە دیارەکانی خزمەتگوزاری بریتیە لە نابەرجەستەیی، لەبەر ئەوەی خزمەتگوزاریەکان زیاتر کردە و کردارن هەتا تەن و مادە، کە ناتوانرێت ببینرێن و هەستیان پێبکرێت و تامیان بکرێت و دەستیان لێبدرێت وەکو شتومەک و کاڵاکان، بۆ نموونە کاتێک برە پارەیەک دەدەین بۆ خوێندن لە زانکۆیەک، لە وکاتەدا پارە دەدرێت بۆ وەرگرتنی زانست و زانیاری کە لە لایەن مامۆستاوە دەستت دەکەوێت، لەبەرئەوەی فێرکردن خزمەتگوزاریەکی نامادییە، بە هەمان شێوە بۆ گەشتکردن بە فرۆکەیەک.

---

[1] Moeller, S. Characteristics of services–a new approach uncovers their value. *Journal of services Marketing* , *24*(5), 2010,pp. 359-368.

**ب. جیانەبوەوە (Inseparability):**

لە زۆربەی کاتندا خزمەتگوزاری ناتوانرێت جیابکرێتەوە لەو کەسە یان لەو کۆمپانیایەی کە دابینی دەکات، وەکو (دکتور، گۆرانیبێژ، هۆتێل، کۆمپانیای پەیوەندیکردن).

**ج. فرە چەشنی (Heterogeneity):**

لەبەر ئەوەی خزمەتگوزاری کردارێکە کە بەشیوەیەکی گشتی ئەنجام دەدرێت لە لایەن مرۆڤەکانەوە بۆیە دوو خزمەتگوزاری بە تەواوەتی لە یەک ناچن، چونکە بوونی مرۆڤ لە ئامادەکردن و بەرهەمهێنانی ئەم خزمەتگوزاریەدا وای کردووە بە ستاندارکردنی تارادەیەکی زۆر قورس بەدەست بهێنرێت، نموونە ئەو دکتورەی کە سەردانی دەکەین ناتوانێت گرنتی ئەوە بکرێت کە لەهەر دوو جارەکەدا بە هەمان ئاستی گرنگی دان وەک یەک رەفتار بکات.

**د. لە ناوچون (Perishability):**

خزمەتگوزاریەکان ناتوانرێت هەڵبگیرێن یاخود عەمبار بکرێن یان دوبارە بفرۆشێنەوە یاخوود بیان گێڕینەوە، چونکە وەک دیارە خزمەتگوزاریەکان کردە و کردارن، کە بەرهەمهێنان و بەکارهێنانیان لە هەمان کاتدایە، بۆ نموونە وەکو کورسیەک لە ناو فڕۆکەیەکدا یان کورسیەک لە ناو چێشتخانەیەکدا یان کاتژمێرێک لە کاتی پرۆفیسۆرێک.

**ە. نەگواستنەوەی خاوەنداریەتی (No Transfer Of Owner Ship):**

کاتێک کە بەرهەمێک دەکڕین دەبین بە خاوەنی وەک پەرتوکێک یان ئوتومبێلێک بەڵام بۆ خزمەتگوزاریەکان لەگەڵ ئەوەی پارە دەدرێت بۆ وەرگرتنی خزمەتگوزاریەکە ناتوانین ببیتە خاوەنی بەڵکو تەنها بۆ مافی بەکارهێنانە نەک خاوەنداری کردنی[1].

**2. پۆلێنکردنی خزمەتگوزاریی(Service Classification) :**

جۆرەها پۆلێنکردن بۆ خزمەتگوزارییەکان هەیە، بەڵام هەندێکیان زیاتر لەگەڵ واقعی زانستی و پیشەیدا دەگونجێن وەک ئەمانەی لای خوارەوە :

دابەشکردنی خزمەتگوزارییەکان بە پێی شوێن:

بەپێی ئەم پۆلێنکردنە خزمەتگوزارییەکان دابەش دەبن بۆ دوو جۆری سەرەکی :

أ. خزمەتگوزاری ڕووبەری (کۆمەڵایەتی) :

ئەوانیش خزمەتگوزاری تەندروستی و فێرکاری و خۆشگوزەرانییەکان دەگرێتەوە، ئەم خزمەتگوزاریانە جیادەکرێتەوە بەوەی کە ڕووبەرێک زەوی دیاریکراو داگیردەکەن لە

[1] Christian Gronross. Service management and Marketing Massachusetts: Lexington Books, 1990,p.28

زەوی  شار، گەیشتن بەم خزمەتگوزاریانە پێویستی بە چوونی دانیشتوانە بۆ لای خزمەتگوزارییەکان[1].

ب. خزمەتگوزاری هێڵی (ژێرخانی ئابووری):

ئەمانە خزمەتگوزارییەکانی ئاو و کارەبا و ئاوەڕۆ و خزمەتگوزاری پەیوەندی (تەلەفونی) و ڕێگاوبان، کە ئەم خزمەتگوزارییانە جیادەکرێتەوە بەوەی شێوەی هێڵێک وەردەگرن، کە بەرەو دانیشتوانن بە پێچەوانەی جۆری پێشوو[2].

پۆلێن کردنی بەپێی جۆر:

1. خزمەتگوزاری کارگێڕی.
2. خزمەتگوزاری بازرگانی.
3. خزمەتگوزاری تەندروستی.
4. خزمەتگوزاری فێرکاری.
5. خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانیی.
6. خزمەتگوزاری مەعنەوی و ڕوحی.
7. خزمەتگوزاری ژێرخانی ئابووری[3].

### 3. جوگرافیای خزمەتگوزاری (Geography of Service):

جوگرافیای خزمەتگوزاری کۆنابێتەوە تەنها لە بابەتێک یان بوارێکی دیاریکراودا، بەگەڕانەوە بۆ ڕای جوگرافیناسەکان، زۆرینە لەسەر ئەوە کۆکن کە بریتیە لە لقێکی نوێ لە جوگرافیای مرۆیی[4]، بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین بریتیە لە (مامەڵەکردن بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ پێداویستیەکانی کۆمەڵگا، کەئەمەش وادەکات ببێتە جوگرافیای پراکتیکی و تیۆری، بەمانایەکی دی خاڵی بەیەکگەیشتنی هەرسێ لقەکانی جوگرافیای ئابوری، دانیشتوان و ئاوەدانکردنەوە(العمران)[5]، جوگرافیای مرۆیی گرنگی گەورە دەدات بە لێکۆڵینەوە لەسەرخزمەتگوزارییەکان لەچوارچێوەی نەخشە و گشت چالاکیە کۆمەڵایەتیەکان لەگەڵ گرنگیدان بە لێکۆڵینەوە لە خزمەتگوزارییە جۆر بە

---

[1] دیارمحمد احمد، تحلیل وتخطیط الخدمات المجتمعیة في مدینة شقلاوة(دراسة في جغرافیة الخدمات)، رسالة ماجستیر (غیرمنشورة) ، جامعة صلاح الدین، قسم الجغرافیة،2014، ص8.

[2] هەردی عبدالرحمان حمه علي، دابەشبوونی خزمەتگوزاریی فێرکاری لەشاری هەڵەبجە، نامەی ماستەر( بڵاونەکراوە) ، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتیەکان، بەشی جوگرافیا، 2016، ل22.

[3] فؤاد بن غضبان، الخدمات الحضریة برؤیة جغرافیة معاصرة ، مصدر االسابق، ص31-34.

[4] Emnider, F. A., & Elobidi, S. F. Basic Health Centers in the Zliten Region" Study in the Geography of services" (Doctoral dissertation, University of Benghazi). 2018, p.2.

[5] فؤاد بن غضبان، جغرافیة الخدمات،دارالیازوري العلمیة،الاردن،2013،ص13.

جۆرەکان لەڕێگەی شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی زانستیانە، ئەم شیکردنەوە و بەدواداچونانە لە ناوچەی خزمەتگوزاریەکە و ناوەند و شوێنی بڵاوبونەوەی لە ڕووی پلە بەندیەوە بە ئەنجام دەگەیەنێت[1]. ئەمەش بەئامانجی بەدیهێنانی هاوسەنگبونی خزمەتگوزارییەکان لە نێوان شوێنە جیاوازەکاندا کە بگونجێت لەگەڵ پێداویستیەکانی دانیشتوان و دابەشبوونی شوێنیان وە پێکهاتەی تەمەنیان و ڕەگەزییان کە هەموو ئەمانەش لەسەر ئەو دیسپلینە ڕێکدەخرێت کەتەوەری سەرەکی گرنگیدانە بە تەوەری شوێنی ناوچە جیاوازەکان وە پێشخستنی خزمەتگوزاری و باشکردنی دابەشبوونیان[2]. جوگرافیای خزمەتگوزاری بەشێوەیەکی گشتی دابەش دەبێت بۆ دوو بەشی سەرەکی، ئەوانیش خزمەتگوزاری گشتی (تۆڕی ئاو و کارەبا، تۆڕی ڕێگا و بان و گواستنەوە... هتد)، خزمەتگوزاری تایبەتی (خزمەتگوزاری تەندروستی و فێرکاری و بازرگانی و خۆشگوزەرانیی... هتد)[3].

### 4. گرنگی جوگرافیای خزمەتگوزاری(The importance of geography of services):

خودی خزمەتگوزاری ڕۆڵێکی گرنگ و گەورەی هەیە لە سەردانیشتوان لە ڕێگای پێشکەشکردنی ئاسانکاری زۆر و زەوەند بۆ ژیانی دانیشتوان، کە هەر ئەمەش فاکتەرێکی سەرەکیە هەتا جوگرافیناسەکان بەگرنگیەوە لێی بڕوانن لەڕێگەی پێشکەشکردنی لێکۆڵینەوە لەگشت بوارەکانی خزمەتگوزاری لەڕێگای جوگرافیای خزمەتگوزاریەوە، بەمانایەکی دی جوگرافیای خزمەتگوزاری دەروازەیەکە بۆ لێکۆڵینەوە لەخزمەتگوزاریەکی دیاریکراو لەشوێنێک یان ناوچەیەک وە دەستنیشانکردنی ڕووبەر و دانیشتوانی کارتێکراو بەو بەخزمەتگوزاریە و جێبەجێکردنی بەراوردکاری، کەئەمەش ناسراوە بە ئاماژەی دابەشبونی شوێنی بۆشێوازی خزمەتگوزاریەکان[4].

### دووەم : چەمکی گەشتوگوزار(Tourism) :

چەندین پێناسەی جیاواز بۆ زاراوەی گەشتوگوزار بەدی دەکرێت چونکە لەچەندین گۆشەنیگا و پسپۆڕی جیاوازەوە هاتۆتە ناساندن. بەگشتی زۆرینەیان لە سەر ئەوە کۆکن کە گەشتوگوزار بریتیە لە جوڵەیەکی کاتی، کە گەشتیار پێی هەڵدەستێت، وە وڵاتی خۆی بەجێ دەهێڵێت یاخود شوێنی نیشتەجێبوونی هەمیشەیی خۆی جێ دەهێڵێت بۆ جێگەیەکی دیکە بۆ هەر ئامانجێک بێت بە مەرجێک بۆ مەبەستی نیشتەجێبوونی هەمیشەیی نەبێت، کە زۆربەی کات بۆ دروست کردنی پەیوەندی یان سەردانکردن

---

1 مازن عبدالرحمان الهيتي،جغرافيا الخدمات اسس ومفاهيم،مكتبة المجتمع العربي للنشروالتوزيع،ط1،الاردن،2013،ص34.
2 فؤاد بن غضبان، الخدمات الحضرية برؤية جغرافية معاصرة ، مصدر السابق، ص 54.
3 هەردی عبدالرحمان حمه علي، دابەشبوونی خزمەتگوزاریی فێرکاری لەشاری هەڵەبجە، سەرچاوەی پێشوو، ل24.
4 فؤاد بن غضبان، جغرافية الخدمات، مصدر السابق، ص14-1 5..

بەمەبەستی بینین یان چێژبینین لە دیمەنە سروشتیە ناوازەکان. یان بۆ هەر مەبەستێکی دیکە بە مەرجێک بۆ مەبەستی نیشتەجێبوونی هەمیشەیی نەبێت یان بۆ مەبەستی هیچ جۆرە کارکردنێک نەبێت[1].

دامەزراوەی گەشتوگوزاری جیهانی سەربە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان (UNWTO) بەم شێوەیەی خوارەوە پێناسەی گەشتوگوزار دەکات: "گەشتوگوزار دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و کلتوری و ئابووری یە کە جوڵەی تاک یان خەڵک بۆ وڵاتان یاخود ناوچەکانی دەرەوەی شوێنی نیشتەجێبوونی خۆیان دەگرێتەوە، بۆ هۆکاری کەسی یاخود کاروبار و هۆکاری دیکە ئەم کەسانە بە گەشتیار ناو دەبرێن، گەشتوگوزار پەیوەندی بە چالاکی گەشتیارانەوە هەیە".بە پێی ئەم پێناسەیە دەتوانیین بڵێین گەشتوگوزار جوڵەی گەشتیارانە بۆ چەند مەبەستێکی جیاواز کە لەوانەیە (کاروبار یان چێژ وەرگرتن) بێت[2].

لەپێناسەیەکی دیکەی ڕێکخراوی ناوبراو بەم شێوەیە گەشتوگوزار دەناسێنێت:

" گەشتوگوزار هەموو ئەو چالاکیانە دەگرێتەوە کە کەسەکان کۆچ ئەکەن و دەمێننەوە لە شوێنەکان لەدەرەوەی ماڵ و شوێنی حەوانەوەی هەمیشەیی و ژینگەی خۆیان بەشێوەیەک زیاترنەبێت لە ساڵێک یان چەندساڵێکی یەک بەدوای یەک، بۆ مەبەستی چێژ و خۆشگوزەرانیی یان بۆ مەبەستی بازرگانی"[3].

هەندێک لە توێژەران گەشتوگوزار لەوەدا کۆدەکەنەوە کە سەردانکەران و گەشتیاران سەردانی شوێن و جێگاکانی دوور لەشوێنی خۆیان دەکەن. وە ئە چالاکیە ناودەنێن گەشتوگوزار، یان بەشێوەیەکی گشتی بریتیە لە هەموو ئەو جوڵانەی کە خەڵک و تاکەکان دەیکەن لە ماوەی گەشتە کورتخایەن و سەردانەکانیاندا[4].

لە ڕووی کارگێڕییەوە پێناسەی گەشتوگوزار" بریتیە لە گواستنەوەی سەردانکەران لەگەڵ دابینکردنی شوێنی پشودان و پێداویستیە خۆراکیەکان بۆیان. وەهەروەها پیشاندانی ئەو دیاردە و وێنانە کە تایبەتن بە ڕاکێشانی گەشتیار و هاندانیان، پاشان لە خۆگرتنیان و دابینکردنی پیداویستیەکانیان و تێرکردنی ئارەزووەکانیان"[5].

[1] Camilleri, M. A.The Tourism Industry: An Overview. In *Travel Marketing, Tourism Economics and the Airline Product* . Cham, Switzerland: Springer Nature. 2018, p.1
[2] Westcott, M. (Ed.). *Introduction to Tourism and Hospitality in BC*. Victoria, BC: BCcampus. Retrieved from https://opentextbc.ca/introtourism/,Ch.1. 2015, p1.
[3] Gibson, H. J., Kaplanidou, K., & Kang, S. J. Small-scale event sport tourism: A case study in sustainable tourism. Sport management review, 15(2), 2012. pp. 160-170.
[4] Camilleri, M. A. The Tourism Industry: An Overview. In *Travel Marketing, Tourism Economics and the Airline Product.* Cham, Switzerland: Springer Nature. 2018. p2
[5] Grzywacz, R., & Żegleń, P. *Principles of Tourism and Recreation*. Wydawnictwo Uniwersytetu Rzeszowskiego, 2018. p.6

هەندێک لە توێژەران وای دادەنێن گەشتوگوزار بریتییە لە کۆکراوەی هەموو ئەو دیاردە و پەیوەندیە بەرهەم هاتوانە کە لە ئەنجامی تێکەڵاو بوون و کارلێکی نێوان گەشتیاران و دابینکەرانی بازرگانی حکومەت و کۆمەڵگە میوانەکان لەگەڵ حکومەت و کۆمەڵگە خانەخوێکان وە ڕێکخراوە ناحکومیەکان لە پڕۆسەیەکی گشتگیر لە سەرنجڕاکێشان و گواستنەوە و میوانداری کردن و بەڕێوەبردنی گەشتیاران و سەردانکەران[1].

وەهاب (Wahab)، گەشتوگوزاری دابەشکردووە بۆ سێ پێکهاتەی سەرەکی: هەڵسوڕێنەر یان ڕێکخەری گەشت، بۆشایی (Space)، هەموو شوێن و ئەو شتانە دەگرێتەوە، کە بەرجەستەن و گەشتیار بەکاریدەهێنێت، دوا پێکهاتە بریتییە لە کات، مەبەست لەو کاتەیە کە گەشتیار بەسەری دەبات لەکاتی گەشت و مانەوەیدا[2].

یوری (Urry) لە پێناسەی گەشتوگوزاردا پرسیار دەکات و دەڵێت چۆن ؟ وە بۆچی؟ خەڵک شوێنی ئاسایی خۆیان (ئیش و نیشتەجێبوون) بەجێدەهێڵن وە هەر خۆشی لە وەڵامدا دەڵێت : مەبەست لەوە بریتیە لە بە بەکارهێنانی کۆمەڵە شتێک و خزمەتگوزاریەکانە بە شێوەیەکی جیاوازتر و ڕەهایی، بۆیە بەو شێوەیە بەکار دەهێندرێت تا بتوانرێت چێژی لێوەربگیرێت وە ئەزمونێکی خوازراو بدات بەدەستەوە کە جیاوازبێت لە ژیانی ڕۆتینی ڕۆژانە. لێرەدا دەبینین کە ئەم توێژەرە جەخت دەکاتەوە لەسەر بەکارهێنان (شتەکان و خزمەتگوزاریەکانە)وەکو بەشێک لە ئەزموونی پۆست مۆدێرن[3].

ریان (Ryan) لەپێناسەی گەشتوگوزار دەڵێت، بە شێوەیەکی بنچینەیی (سەرەکی) بریتیە لە ئەزموون کردنی شوێنێک، کە گەشتوگوزارەکە (وەکو بەرهەمێک) بریتی نیە لە شوێنی دڵخوازی گەشتیارێک بەڵکو بریتیە لە ئەزمون کردنی خودی شوێنەکە لەگەڵ ئەوەی چی ڕودەدات لەوێدا کە ئەو ڕوداوانەش بریتین لە زنجیرەیەک کارلێککردنی دەرەکی و ناوەکی[4].

بەڵام لای پیرس ( Pearce)، گەشتوگوزار بریتییە لەسیستەمێکی گرێدراوی نێوان شوێنی سەرەتا و شوێنی مەبەست، کە تیایدا جوڵەیەکی کاتی هەیە لەلایەن تاکەکانەوە لە شوێنی سەرەتاوە (ماڵ) بۆ شوێنی مەبەست وە دووبارە گەڕانەوە بۆ شوێنی سەرەتا(ماڵ) پاش مانەوەی بۆ ماوەی یەک شەو بەلایەنی کەمەوە.

---

[1] Kurtzman, J., & Zauhar, J. A wave in time-The sports tourism phenomena. *Journal of Sport Tourism*, *8*(1), 2003.pp. 35-47.

[2] de Lira, Á. M., Espuny, H. G., Neto, P. L. D. O. C., & de Araújo Lopes, R. Health Tourism as an Inducer of Economic and Social Development in Teresina City. In *IFIP International Conference on Advances in Production Management Systems*. Springer, Cham. 2016, pp. 438-444.

[3] Urry, J. The tourist gaze "revisited". American Behavioral Scientist, 36(2), 1992. pp. 172-186.

[4] Graburn, Nelson HH. "(Ryan) Recreational Tourism: A Social Science Perspective (Book Review)." *Anthropological Quarterly* 66, no. 2 , 1993,p. 105.

لێرەدا دەردەکەوێت دەبێت گەشتیار لەکاتی گەشتەکەیدا بەلایەنی کەمەوە شەوێک لە شوێنی مەبەست بمێنێتەوە ئەگەرنا بەگەشتیار هەژمار ناکرێت[1].

لیبر (Leiper)، پێی وایە هەموو ئەو بیرۆکە و تێچینانەی خەڵکی دەگرێتەوە کە دوا جار لە چوارچێوەی بڕیاردان بۆ گەشتێک خۆی دەبینێتەوە کە ئەوانیش بریتین لە بەرەوکوێ بڕۆین ؟ یان چیبکرێت و چی نەکرێت؟ وە چۆن پەیوەندی ببەسترێت لەگەڵ گەشتیارانی تردا ؟ خزمەتگوزاری ناوچەیی (لۆکاڵی) چۆن دەبێت ؟ هەموو ئەمانەش دەبنە سەرەتایەک بۆ ئەو بیرۆکە و ڕاوبۆچونانەی کە لەسەرەتا باسکرا، لێرەدا دەبینین کە توێژەر لە پێناسەکەیدا جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی کە گەشتوگوزار سنور دراوە بە هەڵسوکەوت و ڕەفتاری گەشتیار وە کارلێکی لەگەڵ ژینگە دەرونیەکەوە (سایکۆلۆجیەکە) ڕێگەنادات بە ئەوەی کە پێشەسازی دەستی هەبێت لە وەڵامدانەوەی داواکاریەکان[2].

میدڵتن (Middleton)، گەشتوگوزار وەکو پیشەسازی پێناسە دەکات، کە دواجار بە نەگۆڕی بە بازاڕێک وێنای دەکات، بە ئاشکرا ئەوە دەخاتە ڕوو، کە گەشتوگوزار ڕەنگدانەوەی ئەو داواکارییە کەڵەکەبووانەیە لەگەڵ ئەو شێوازی بەکاربردنانەی لەلایەن سەردانیکەرەکانەوە بۆ جۆرە جیاوازەکانی بەرهەمەکانی پەیوەندیدار بە گەشتەوە لە مەودایەکی فراواندا هەیەتی، لێرەدا توێژەر جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی، کە گەشتوگوزار بازرگانییە و گەشتیار کڕیارە[3].

گەشتوگوزار پەیوەندیدارە بە زۆرێک لە دیسپلین و زانستەکانەوە، وە گرێدراوە بە زۆرێک لە بوار و لایەنەکانی ژیانەوە وەکو لایەنی دەروونی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، پەروەردەی جەستەیی، جوگرافی و زۆر بواری دیکە، کە دواجار وەکو دیاردەیەک کاریگەری گرنگی هەیە بەسەر گشت بوارەکانی ژیانەوە[4].

هەموو جۆرە جیاوازەکانی گەشتوگوزاری نێودەوڵەتی، ناوخۆیی، بازرگانی، بۆنە ئاینییەکان، سەردانی خێزانی، پێویستە ئەم سێ ڕەگەزە بنچینەییانەیان تێدابێت ( کاتی بەتاڵ، داهاتی زیادە، هاندەرێکی ئەرێنی)[5].

[1] Pearce, Douglas G. “Towards a regional analysis of tourism in Southeast Asia”, in Peggy Teo, T.C. Chang and K.C. Ho Interconnected worlds: Tourism in Southeast Asia. Amsterdam: Pergamon. 2001. eds, pp.27-43.

[2] CARLSEN, P. J. A review of global wine tourism research. *Journal of wine research*, *15*(1), 2004. pp. 5-13.

[3] Middleton, V. T., & Hawkins, R. *Sustainable tourism: A marketing perspective*. Routledge, 1998. p77.

[4] سعد عبيد جودة الربيعي،الخدمات الترفيهية والسياحية في مدينة بغداد(دراسة في جغرافية المدن)،رسالة دكتوراه (غيرمنشورة)، جامعة بغداد،كلية آداب،بغداد، 1991،ص17،18.

[5] محمد حزام صالح بن صالح، الترفيه والسياحة في مدينة ومحافظة صنعاء(دراسة في حغرافية السياحة)،رسالة ماجستير (غيرمنشورة)، جامعة بغداد،كلية التربية آبن رشد،قسم الجغرافية،بغداد،1999،ص1 16،5.

**سێیەم: چەمکی گەشتیار(Tourist):**

بە پشتبەستن بە پێناسەی گەشتوگوزار دەتوانین بڵێین گەشتیار ئەو کەسەیە ،کە گەشت ئەکات بۆ ماوەیەک، کە دووریيەکەی (80کم) کەمتر نەبێت لە ماڵەکەی یان لە شوێنی نیشتەجێبوونەکەی خۆی، وە ماوەیەکی کاتی کە (24 کاتژمێر) کەمتر نەبێت، بۆ کاروبار یان چێژبینین یا هەر هۆکارێکی تربێت[1]. ڕێکخراوی جیهانی گەشتوگوزار بەم شێوەیە گەشتیار پێناسە دەکات:- (گەشتیار بەو کەسە دەوترێت، کە گەشتدەکات بۆ وڵاتێکی تر دەبێت ئەو وڵاتە نەبێت، کە تێیدا نیشتەجێیە بۆ ماوەیەک کە کەمتر نەبێت لە 24 کاتژمێر بە هۆکاری جیاواز بە مەرجێک بۆ کارێک نەبێت کە دەستکەوتی ماددی هەبێت)[2]. لە فەرهەنگی ئۆکسفۆرد هاتووە کە (گەشتیار ئەو کەسەیە، کە گەشت دەکات بە مەبەستی کات بەسەربردن و چێژوەرگرتن)[3]. بەشێوەیەکی گشتی گەشتیاران پۆلێن دەکرێن لەسەر بنەمای مەبەستی گەشتکردنیان بۆ سەر سێ جۆری سەرەکی، کە ئەوانیش:

أ. خۆشی و خۆشگوزەرانیی : کە بریتین لە پشوەکان، وەرزش و گەشتیاری کەلتوری لەگەڵ سەردانیکردنی هاوڕێ و خزمان.

ب. مەبەستەکانی دیکەی گەشتیاری : کە بریتین لە خوێندن و گەشتیاری تەندروستی.

ج. پیشەگەر و بازرگانی : کە ئەوانیش بریتین لە کۆنفرانس و چاوپێکەوتن و پێشانگا بازرگانییەکان[4].

(UNWTO) لە ساڵی 1995 پێناسەی گەشتیاری شیکردەوە و دابەشیکرد بۆ سێ گروپی جیا کە ئەمانەی لای خوارەوە دەگرێتەوە:

گەشتیاری ناوخۆیی (Domestic) :ئەمانە دانیشتوانی وڵاتێکی دیاریکراون و گەشتدەکەن تەنها لە سنووری وڵاتەکەی خۆیاندا.

گەشتیاری هاتوو (In bound) : ئەمانە دانیشتوانی وڵاتێکی دیکەن و گەشت دەکەن بۆ وڵاتێکی تر، واتا ئەم گەشتیارانە لە وڵاتێکی ترەوە هاتوون.

گەشتیاری دەرچوو(Out bound): واتا ئەمانە ئەو گەشتیارانەن کە دانیشتووی وڵاتێکن و گەشت دەکەن بۆ وڵاتێکی تر[5].

---

[1] LinkBC. *Transforming communities through tourism: A handbook for community tourism champions.* [PDF] Retrieved from http://linkbc.ca/siteFiles/85/files/TCTT.pdf, 2008. p.8.

[2] شیروان عمر ڕشید، بنەماجوگرافیەکانی پەرەپێدانی گەشتو گوزار لە پارێزگای سلێمانی، سەرچاوەی پێشوو، ل 11.

[3] جعفر محمد مصطفى ابو زيد، الخدمات السياحية والترفيهية في مدينة الخرطوم واقليمها، دراسة في الجغرافية المدن، رسالة ماجستير (غير منشورة) ، كلية التربية –ابن رشد-، جامعة بغداد، بغداد، 1999، ص10.

[4] Boniface, B., Cooper, R., & Cooper, C. *Worldwide destinations: The geography of travel and tourism*. Routledge,7th ed. 2016, pp.4-7.

[5] Westcott, M. (Ed.). *Introduction to Tourism and Hospitality in BC*. Victoria, BC: BCcampus. Retrieved from https://opentextbc.ca/introtourism/ch.1, 2015,p2.

لەبەر ڕۆشنایی پێناسەکانی پێشووتر دەتوانرێت، کە گەشتیار لە کەسانی دیکە جیابکرێتەوە بۆ هەر مەبەستێک سەردانی وڵاتان دەکەن، ئەم کەسانەی خوارەوە ناتوانرێت بە گەشتیار هەژمار بکرێن:

أ.ئەو کەسانەی کە ڕوودەکەنە وڵاتێک بە گرێبەست یا بەبێ بوونی گرێبەست بۆ کار، یان دەسکەوتێکی ماددی.

ب.ئەو کەسانەی کە لە وڵاتێکی دیکەوە هاتوون بە مەبەستی مانەوەی هەمیشەیی.

ج. دانیشتوانی نزیک سنورەکانی نێوان وڵاتەکان، هەروەها ئەوکەسانەی، کە لە شوێنێک ئیشدەکەن دوور لەشوێنی نیشتەجێبونیان، بەشێوەیەکی بەردەوام ماوەیەکی دوور دەبڕن بۆ چوونە سەرکارەکانیان.

د. سەرنشینانی گەشتە کورتخایەنەکان (کەمتر لە 24 کاتژمێر) وەکو گەشتی دەریایی و سەردانیکەری تێپەڕ (ترانزێت)[1].

سەبارەت بە ناوچەی لێکۆڵینەوە وەک لە خشتەی (1) دەبینین، کە کۆتا ئاماری گەشتیارانی هاتوو لە ساڵی (2019) بۆ پارێزگای سلێمانی (1140760) کەس بووە.

خشتەی (1)

ژمارە و ڕێژەی گەشەی گەشتیارانی هاتوو بۆ پارێزگای سلێمانی لە نێوان ساڵانی (2007-2019)

| ساڵەکان | ژمارەی هاتووی گەشتیاران | ڕێژەی گەشەی هاتووی گەشتیاران |
|---|---|---|
| 2007 | 77933 | |
| 2008 | 119416 | 53% |
| 2009 | 131932 | 10% |
| 2010 | 229663 | 74% |
| 2011 | 314974 | 37% |
| 2012 | 374276 | 19% |
| 2013 | 444807 | 19% |
| 2014 | 333478 | -25% |
| 2015 | 146498 | -56% |
| 2016 | 728823 | 397% |
| 2017 | 733358 | 1% |
| 2018 | 1007296 | 37% |
| 2019 | 1140760 | 13% |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە داتاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی پلاندانان و بەدواداچوون، بەشی ئامار 2019

[1] فؤاد بن غضبان، السياحة البيئية المستدامة بين النظرية والتطبيق، دار الصفاء للنشر والتوزيع-عمان،2015، ص46-47.

هەروەک لە خشتەی (1) دا دەردەکەوێت ژمارە و ڕێژەی گەشتیاران لە ساڵی (2007)ەوە بەردەوام لە زیاد بووندا بووە بەڕێژەی جیاواز تا ساڵی(2013)، ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە چالاکی گەشتیاری بایەخێکی گەورەی هەیە بۆ ناوچەکە، هۆکاری ئەم گەشەیەش سەقامگیری سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی بووە، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت لە ساڵی (2014) دا ڕێژەی گەشتیارانی هاتوو بۆ ناوچەکە بۆ(25%) دابەزیوە، وە لە ساڵی (2015) ژمارە و ڕێژەی گەشتیاران بە شێوەیەکی بەرچاو دابەزی بۆ (56%)، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پشێوی و شەڕە سیاسییەی کە بەرۆکی ناوچەکەی گرت بە شێوەیەکی گشتی و بەتایبەتی هەرێمی کوردستان، کە ئەویش هاتنی گروپی تیرۆرستی داعش بوو بۆ ناوچەکە، وە ئەم گروپە تیرۆرستییە دەستیگرت بەسەر هەندێک لە شارەکانی عێراق و بە شێوەیەکی بەردەوام هێرشی دەکردە سەر شارەکانی هەرێمی کوردستان، بەمەش کوردستان بەگشتی و شاری سلێمانی بە تایبەتی کەوتنە بەردەم شەڕێکی نەخوازراو، کە ئەمەش هۆکاری سەرەکی کەمی گەشتیاران بوو بۆ ناوچەی لێکۆڵینەوە، پاشان لە ساڵی (2016) جارێکی تر ژمارەی گەشتیاران هەڵکشانێکی زۆری بەخۆیەوە بینی بەتایبەتی لە ناوچەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق، هەروەها بەشێک لە گەشتیارانی وڵاتی ئێران سەردانی ناوچەکەیان کرد، کە بەمەش ڕێژەی هاتنی گەشتیاران بە شێوەیەکی بەرچاو زیادیکرد بە ڕێژەی (397%)، وەک دەبینین گەشەیەکی ئەوتۆ بەدی ناکرێت لە نێوان ساڵانی (2017,2018,2019) یاخود دەتوانین بڵێین، کە زیادبوونی ڕێژەی هاتنی گەشتیاران زۆر کەم بووە بە هۆکاری تێکچوونی باری ئابووری وڵاتی عێراق بە گشتی و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی، کە ئەمەش خۆی دەبینییەوە لە کورتهێنانی بودجەی گشتی وڵات و هەروەها پێنەدانی موچەی فەرمانبەران و کەمبوونەوە و جێبەجێنەکردنی پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان لە لایەن حکومەتەوە، کە بەمەش باری ئابووری تاکەکان تێکچوو داهاتی مانگانەیان کەمیکرد، کە هەموو ئەم هۆکارانە بوونە هۆی ئەوەی کە ڕێژەی هاتنی گەشتیاران ساڵ لە دوای ساڵ بە ڕێژەیەکی کەم زیاد بکات، بەتایبەتی کاریگەری ئەم دۆخە لە گەشتیارانی ناوخۆیدا ڕەنگیدایەوە.

**چوارەم: چەمکی خۆشگوزەرانیی (Recreation)**

خۆشگوزەرانیی(Recreation)، پێویستە وەکو دەستپێک چەمکی خۆشگوزەرانیی (Recreation) ڕاڤە بکەین لەڕووی وشەزانییەوە، وشەی (Recreation) بەزمانی کوردی بە واتای خۆشگوزەرانیی دێت، بە زمانی عەرەبی واتای (الترفيه)، لە وشەی (Recreo) لە زمانی لاتینی، کە واتاکانی "پشوودان"، "زیندوو مانەوە "، "بەهێزبوون " وەرگیراوە، خۆشگوزەرانیی بەشێوەیەکی گشتی واتا هەموو ئەو چالاکیانەی، کە مرۆڤ پێی هەڵدەستێت لە کاتە بەتاڵەکانی دا، مەبەست لە کاتی بەتاڵ ئەو

کاتەیە کە دەمێنێتەوە لە پاش هەموو کارە گرنگ و پێویستەکانی کە پەیوەست و پەیوەندیدار بە کار و پیشە، خێزان و ژیانی کۆمەڵایەتی[1].

پێناسەی دومازەیدیر (J. Dumazedir)، کە خۆشگوزەرانیی دیاریدەکات بە شێوەیەک لە شێوەکانی چالاکی، کە خواستی کەسەکانە لە پشودان و چێژوەرگرتن، یاخود گەشەپێدانی زانیاری و خۆپێشخستنی تاکەکانە، خۆویستانە بە بەشداریکردن لە ژیانی کۆمەڵایەتی، پاش دەربازبوون لە ئەرکە فەرمی و بەرپرسیاریەتییەکانی لە بواری پیشەیی و کۆمەڵایەتی و خێزانییەکانیدا[2].

بە پێی (M. Demel) چەمکی (خۆشگوزەرانیی) بەکارهێنراوە بۆ دیاریکردنی چالاکییە جۆراو جۆرەکان کە ئەنجامدەدرێت لە دەرەوەی ئەرکەکانی ماڵ و بەرپرسیارییەتی کۆمەڵایەتی بۆ پشودان و خۆشی بینین و بەرەوپێشبردنی خود[3]. (T.Wolanska) پێناسەی خۆشگوزەرانیی دەکات بریتیەلە جۆرێکی جیاوازی چالاکیە لە کاتە بەتاڵەکاندا، بە مەبەستی چێژبینین، وە دەربڕینە لە خود و دروستکردنی کەسایەتییەکی تایبەت، وە تازەکردنەوە و زیادکردنی هێز و توانای جەستەیی و خودییە[4].

(W.Siwinski) چالاکی خۆشگوزەرانیی پێناسە کردووە وەک یەکێک لە پێوەرە گرنگەکان لە نەخشاندنی کلتوری جەستەیی مرۆڤ، بە ئامانجی قەرەبوکردنەوە و پڕکردنەوەی ئەو کەموکوڕیانەی لە پەروەردەی جەستەیی مرۆڤەکان و باشترکردنی ئاستی چالاکییە جەستییەکان و پارێزگاری کردن لە کارایی و چوستی جەستەیی لە ساڵەکانی تەمەنی پیریدا، وە دووبارە ڕێکخستنەوە و ڕاستکردنەوەی ئە و ناڕێکیانەی لە ئەنجامی ئیشوکار و لێپرسراویەتییەکانی دیکەوە دروست دەبێت، هەروەها پاراستنە لە بەرامبەر ئەو کاریگەرییە نەرێنیانەی، کە بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆجیاوە دروست دەبێت[5].

بە هۆی بوونی جۆرەها چالاکی تا ڕادەیەک قورسە، کە بتوانین خۆشگوزەرانیی لە یەک شێواز یاخود یەک نمونەدا کورت بکەینەوە، بۆیە چالاکییەکان دەشێت کلتوری یاخود کات بەسەربردن (بەزم)، یان داهێنەرانە بێت، کە دوا جار لە ڕێگەی چالاکییە کۆمەڵایەتی و فیزیکییەکان دەبێت[6].

---

[1] Grzywacz, R., & Żegleń, P. *Principles of Tourism and Recreation*. Wydawnictwo Uniwersytetu Rzeszowskiego, 2014. p.24.

[2] J. Dumazedier, *Vers une civilisation du loisir?*, Edition de Seuil, Paris 1962, p.11.

[3] Mokras-Grabowska, J. New urban recreational spaces. Attractiveness, infrastructure arrangements, identity. The example of the city of Łódź. Miscellanea Geographica, 22(4), 2018. pp. 219-224.

[4] Grzywacz, R., & Żegleń, P. Principles of Tourism and Recreation. Wydawnictwo Uniwersytetu Rzeszowskiego. 2014. p.11.

[5] Guzowska, A., Napierała, M., Pezala, M., Cieślicka, M., & Zukow, W. Feeding A Healthy Lifestyle As The Element In The Opinion Young People Of The Team Of Building Schools Named Of Jurij Gagarin In Bydgoszcz. Current problems of advertisement and image in economy and tourism, 2012. p.59.

[6] شیروان عمر ڕشید، بنەماجوگرافیەکانی پەرەپێدانی گەشتو گوزار لە پارێزگای سلێمانی، سەرچاوەی پێشوو، ل 14.

(عبدالله يعقوب القطب) چەمكی خۆشگوزەرانیی پێناسە دەكات بەوەی تازەكردنەوەی سروشت و پێكهاتەی مرۆڤە لە لایەنی ژیری و جەستەیی و ڕوحییەوە، یان بە واتایەكی تر كاری سەرەكی خۆشگوزەرانیی بە دەستخستنی كات ومادده و هاوڕێیەتییە بۆ تاك و خێزان لە كۆمەڵگادا. جا چ لە شاردا بێت یان گوندەكان بۆ بەسەربردنی كاتە بەتاڵەكانیان لە دەرەوەی كاتی ئیش و دەوامیان، بۆ بەجێهێنانی چالاكی و بەدەستكەوتنی ئەزموونی نوێ و بەشداریكردن لەگەڵ كەسانی دیكە لە بواری گونجاو و چێژبەخش و تەندروستدا، ئەمەش لەپێناو گەشەكردنی تاك و كۆمەڵگا و باشبوونی پەیوەندی لە نێوان گەلاندا[1].

پێناسەی ئەلكسەندەر(Alexander) و جۆرج دی بیتلەر (Geor D.Butller)، خۆشگوزەرانییان پێناسە كردووە بەوەی كە چالاكییەكی هۆشمەندانەیە كە لەكاتی بەتاڵیدا ئەنجامدەدرێت، وە چێژ و خۆشی بە مرۆڤ دەبەخشێت و ئاسودەی دەكات[2].

بەشێوەیەكی گشتی خۆشگوزەرانیی بەشێكی جیا نەكراوەیە لە ژیانی مرۆڤ، وە پێویستە جێگەی بكرێتەوە لە سیستەمی ژیانی ڕۆژانەدا، تاكەكان بەشێوەیەک ڕابهێنرێن، كە خۆشگوزەرانیی بەشێكی بنچینەیی بێت لە ژیانیان بۆ ڕێگریكردن یاخود كەم كردنەوەی ئەو كاریگەرییە نەرێنییەی شارستانیەت دایدەنێت لەسەر ژیانی تاكەكان[3]. زۆرینەی توێژەرانی تیۆریی لەم بوارەدا لەسەر ئەوە كۆكن كە خۆشگوزەرانیی بە تەنها بریتی نییە لە وەرگرتنی چێژ لە كاتە بەتاڵەكاندا، بەڵكو سود وەرگرتنە لەو كاتە بەتاڵە بۆ دروستكردن و زیاتر پێشخستنی كەسایەتی تاكەكان بە چەند ڕێگەیەكی جۆراوجۆر. خۆشگوزەرانیی بە شێوەیەک لە شێوەكان كارتێكەرە لەسەر بەرزكردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری تایبەت، هەروەها لەگەڵ پەروەردەو فێركردنی خودی (كەسی) و تەندروستی جەستەیی و ژیریی و كلتوری[4].

**پێنجەم:چەمكی كاتەكانی بەتاڵیی (Leisure time)**

زاراوەی(Leisure) لەڕووی زمانەوانییەوە، لە وشەی لاتینی(Leicer) وەرگیراوە، واتە تاك ئازادە لەوكاتەدا یاخود مۆڵەت پێدراوە، بەواتای ئەوەی تاك كاتێكی زیادەی لەبەردەستدایە كە تیایدا ڕێگەپێدراوە بۆ بەئەنجامگەیاندنی هەركردەیەک كەچێژی لێوەربگرێت، یان دەتوانین بڵێین كاتەكانی بەتاڵیی سەرجەمی ئەوكاتژمێرانە دەگرێتەوە كە تاك دوای بە ئەنجامگەیاندنی كاروپیشەی بنەڕەتی و پێداویستی ژیانی ڕۆژانەی بۆی دەمێنێتەوە[5].

---

[1] جعفر محمد مصطفى ابو زيد، الخدمات السياحية والترفيهية في مدينة الخرطوم واقليمها، دراسة في الجغرافية المدن، مصدر السابق ، ص16.

[2] شیروان عمر ڕشید، بنەماجوگرافیەكانی پەرەپێدانی گەشتو گوزار لە پارێزگای سلێمانی، سەرچاوەی پێشوو، ل 13.

[3] محمد حزام صالح بن صالح،الترفيه والسياحة في مدينة ومحافظة صنعاء(دراسة في حغرافية السياحة)، مصدر السابق، ص8.

[4] Parasuraman, A., Zeithaml, V. A., & Berry, L. L. A conceptual model of service quality and its implications for future research. *Journal of marketing*, *49*(4), 1985. pp.41-50.


[5] شەماڵ علی مارف، بنەما جوگرافیەكانی پلاندانانی گەشتیاری لە قەزای هەڵەبجەی شەهید، نامەی ماستەر(بڵاونەكراوە)، بەشی جوگرافیا، كۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەكان، زانكۆی سلێمانی، 2014، ل 38.

کەواتە کاتی بەتاڵ ئەو کاتەیە کە تاک دەتوانێت بەسەر ببات لە ئەنجامدانی ئەو چالاکیانەدا کە لەگەڵ بارودۆخی بژێوی وئارەزوو و بەها کۆمەڵایەتییەکانی وقۆناغەکانی تەمەنیدا دەگونجێت[1] . گرنگی کاتەکانی بەتاڵی بۆ تاک خۆی دەبینێتەوە لە خۆئامادەکردنی تاک ئەویش بە ڕێکخستن وخۆئامادەکردن بۆ بەسەربردنی کاتی بەتاڵی، بەشێوەیەک بێت سود و قازانجی بۆ تاک هەبێت ئەویش لەڕێی تێرکردنی جەستە و دەروون ومێشک، بەهێز و پشودان و چالاکی، تا بتوانێت لە ڕێیەوە هاوسەنگی بۆ جەستە و دەروون ومێشکی بگەڕێنێتەوە لە هەر ئاستێکی تەمەندا بێت، ئەویش بە بەسەربردنی ئەم کاتە لە چالاکییە گەشتیاری وخۆشگوزەرانییەکاندا، وە بەشێوەیەک ڕێکبخرێت کە لەگەڵ وزە و توانای کەسەکەدا بگونجێت و پێداویستیەکانی لە خۆشگوزەرانیی پربکاتەوە، هەتا ماندویەتی جەستە ودەروونی لە ڕۆژانی کارکردندا نەمێنێت و هێز وچالاکی جەستە وتوانای مێشکی بۆ بگەڕێتەوە[2].

خۆشگوزەرانیی و کاتی بەتاڵیی دوو زاراوەی پێکەوە گرێدراون، دەتوانرێت پێناسەی خۆشگوزەرانیی بکرێت بەوەی ئەنجامدانی کارێکە یان هەوڵدانە بۆ ئەنجامدانی چالاکییەکانی خۆشگوزەرانیی لە کاتی بەتاڵی ئەو کەسەدا[3]. پەیوەندی نێوان خۆشگوزەرانیی وکاتی بەتاڵ لە شێوەی (1) دەردەکەوێت.

شێوەی (1)

کاتی بەتاڵ و خۆشگوزەرانیی




سەرچاوە: ئامادەکردنی توێژەر بە سودوەرگرتن لە سەرچاوەی: Yayli, A., Güçer, E., & Kizanlikli, M. M. A study on the expectations of the students from the recreation management education, 2012. p214.

---

[1] سروە دشتی وهاب، التحلیل الجغرافی للمواقع الترفیهیة في مدینة اربیل(دراسة میدانیة)، مصدرالسابق، ص12.
[2] محمد حزام صالح بن صالح، الترفیه والسیاحة في مدینة ومحافظة صنعاء(دراسة في حغرافیة السیاحة)، مصدر السابق، ص13.
[3] Yayli, A., Güçer, E., & Kizanlikli, M. M. A study on the expectations of the students from the recreation management education, 2012. p214.

**شەشەم: پەیوەندی نێوان خزمەتگوزاریی گەشتیاریی و خۆشگوزەرانیی و جوگرافیا (Relationship between geography, tourism and recreation):**

پەیوەندییەکی پتەو هەیە لە نێوان خزمەتگوزارییەکان و جوگرافیادا، کە ئەمیش بە هۆی لێکچوون لە بنەماکانیان، واتا خزمەتگوزاریەکان و بنەما جوگرافییەکان، وە تێکڕای توێژینەوە گەشتوگوزارییەکان لە ڕوانگەی جوگرافیاوە لەسەر دوو دیاردە وەستاون، یەکێکیان جێگیرە ئەویش خۆی دەبینێت لە شوێنی ناوچە گەشتوگوزارییەکان وە ڕێکخستنە ژینگەییەکانی، وە دووەمیان گۆڕاوە یا جێگۆڕە کە ئەمیش خۆی لە جوڵەی گەشتیاردا دەبینێت لە ناوەوە و دەرەوەی سنور[1].

**حەوتەم: کاریگەرییەکانی خزمەتگوزارییە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکان( The impacts of Tourism and Recreation):**

کاریگەری خزمەتگوزارییەکان ئەتوانرێت دابەشبکرێت بەسەر سێ لایەندا (ئابووری، کۆمەڵایەتی، ژینگەیی).

**1 - کاریگەرییە ئابوورییەکانی خزمەتگوزارییەکان:**

بێگومان وەکو ئاشکرایە خزمەتگوزارییەکان کاریگەریەکی ئەرێنی بەرچاویان هەیە لەسەر لایەنی ئابووری بەگوێرەی، ڕاپۆرتی (UNWTO) بۆ ساڵی 2011 داهاتی خزمەتگوزاریی نێودەوڵەتی لە ( 1000ملیار دۆلار) تێپەڕیکرد، کە بێگومان ئەم زیادبوونەی داهاتی گەشتیاری بەخششێکی گرنگە، کە پێشکەشی ئابووری جیهانیی کراوە، خزمەتگوزارییەکانی گەشتیاری و خۆشگوزەرانیی ئێستا لە سەرانسەری جیهاندا داهاتی لە سەرو (1,700 ملیار دۆلار) بەنزیکەیی دەکاتە بڕی (5) ملیار دۆلاری ئەمریکی لە ڕۆژێکدا[2]. کە بەگشتی لەهەموو شوێنێک ئەم خزمەتگوزاریانە گەشەی سەندووە، گرنگترین ئەو کیشوەر و هەرێمانەی خاوەنی بەرزترین گەشەسەندنن لە داهاتی گەشتیاریدا (ئەمریکا، ئەوروپا، ئاسیا، پاسفیک، ئەفریقا)، تەنها خۆرهەڵاتی ناوەڕاست تۆماری داهاتی گەشتیارییان نەرێنی بووە لە ماوەی ڕاپۆرتی (UNWTO) دا، لەکاتێکدا ئەمریکای باکور و باشور زۆر بە خێرایی گەشەیان کردووە، دەوڵەتانی ئەوروپا هێشتا لە ریزی پێشەوەدایە لە تێکڕای دەستکەوتدا، بەپێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی ناوبراو بۆ ساڵی 2012، لەپلەی یەکەمدا ئەوروپا بەڕێژەی 45%، ئاسیا و پاسفیک بەڕێژەی 28% لەپلەی دووەمدان، ئەمریکای باکور و باشوور بەڕێژەی 19 %، خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بەڕێژەی 4 % لەپلەی سێیەم و چوارەمدان دوابەدوای یەک.

---

[1] Page, S. J., & Hall, C. M. *The geography of tourism and recreation: Environment, place and space*. Routledge, 2014. p13-17.

[2] International Tourism Highlits- Edition 2019, p2.

بەگوێرەی ڕاپۆرتی (UNWTO) پێشبینیان بۆ ساڵی (2020) وابووکە ژمارەی گەشتیاری نێودەوڵەتی دەگاتە نزیکەی (1.6 ملیار ) گەشتیار[1].گومانی تێدا نییە خزمەتگوزارییەکان لە توانایاندا هەیە دووبارە ئابوری بنیات بنێنەوە، لەبەر ئەوەی خزمەتگوزارییەکان دەبنە کلیل بۆ دەرچوون لە قەیرانی ئابووری و هاوکات کلیلی دەستی کاری چڕە[2].

## 2 - کاریگەری کۆمەڵایەتی :

هەموو کۆمەڵگایەک دانیشتوانەکەی هاوبەشن لە کۆمەڵێک بەهاو نەریتی کلتوری، ئاینیی، نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی، هەموو ئەمانەش لە دواجاردا لە چەندین بۆنەو فیستیڤاڵ و ئاهەنگی جۆراوجۆردا خۆی دەبینێتەوە. بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ گەشتوگوزار کاریگەری هەیە لە سەر کەمکردنەوە و نەهێشتنی دەمارگیریی لەلای تاکەکان و دواجار ئاڵوگۆڕی کەلتوری لەنێوان گەلاندا بەشێوەیەکی گشتی. بەرەوپێشچوونی ئابووری دەبێتە هۆی گەشەسەندنی زیاتری کۆمەڵگا ، بەمەش ئاستی داخوازی بۆ خزمەتگوزارییەکان بەرزتردەبێتەوە وەک زیادکردنی هۆکارەکانی پشودان (پارک، دامەزراوەی خۆشگوزەرانیی...هتد)، لەگەڵ گرنگیدانی زیاتر بە بۆنە و فیستیڤاڵە جۆراوجۆرەکان[3]. بەهۆی ئەو گەشەکردنە ئابوورییەی خزمەتگوزارییەکان، هەروەها گەشەی کۆمەڵایەتیش زیادی کردووە لە هۆکارەکانی حەوانەوە وەکو (پارک، ئاهەنگگێرانی گەلانی جیهان) خزمەتگوزارییەکان دەتوانێت بەشداربێت لەدابینکردنی ژیانێکی خۆش بۆ دانیشتوان[4]. هاوکات وەک پرۆگرامی ژینگەی سەربە نەتەوە یەکگرتووەکان (UNEP) لە ساڵی (2003)دا ئاماژەی پێداوە، خزمەتگوزارییەکان کاریگەری نەرێنیشیان هەیە لەسەر لایەنی کۆمەڵایەتی کە لەم بوارانەدا خۆی دەبینێتەوە.

- گۆڕانکاری یان لەدەستدانی شوناس.
- پێکدادانی شارستانییەتەکان (Culture Clashes).
- زیادبوونی خواست لەسەر بەروبووم (هۆکارە ماددییەکان بۆ دروستبوونی پەستانی کۆمەڵایەتی).
- کەیسی ڕەوشتی وەکو (زیادبوونی گەشتیاری سێکسی یان پاوان کردنی منداڵانی ئیشکەر)[5].

## 3 - کاریگەری ژینگەیی :

خزمەتگوزارییەکان پشت بە ژینگەی سروشتی دەبەستن وە ژینگەی سروشتی بەهەر شێوەیەک بێت هۆکارێکی گەورەی کاریگەرە ، زۆربەی ڕووبەرەکانی ژینگەی سروشتی لە جیهاندا پارێزگاری

---

[1] Westcott, M. (Ed.). Introduction to Tourism and Hospitality in BC. Victoria, BC: BCcampus. Ch. 1, 2015. p5, Retrieved 20/07/2019 from https://opentextbc.ca/introtourism/.

[2] محمد حزام صالح بن صالح،الترفيه والسياحة في مدينة ومحافظة صنعاء(دراسة في حغرافية السياحة)،مصدر السابق، ص26.

[3] محمد حزام صالح بن صالح،الترفيه والسياحة في مدينة ومحافظة صنعاء، (مصدر نفسه، ص17، 18.

[4] Westcott, M. (Ed.). Introduction to Tourism and Hospitality in BC. Victoria, BC: BCcampus. Ch. 1, 2015. p6, Retrieved 20/07/2019 from https://opentextbc.ca/introtourism/

[5] Westcott, M. (Ed.). Introduction to Tourism and Hospitality in BC. Victoria, BC: BCcampus. Ch. 1, 2015. p7, Retrieved 20/07/2019 from https://opentextbc.ca/introtourism

لێکراوە لە شێوەی پارکدا یان پارێزراوی سروشتی، بۆ پاراستنیان و مانەوەیان[1] . هاوکات خزمەتگوزاریەکان زیان بە ژینگەی سروشتیی دەگەیەنن وەک لە ڕاپۆرتی ڕێکخراوی (UNEP) لە ساڵی (2003) دا لەم بوارانەدا خراونەتە ڕوو.

- لەناوچوونی دەرامەتی سروشتی (ئاو، دارستان).
- پیسبوون ( پیسبوونی هەوا، دەنگ، فڕێدانی پاشەڕۆ، بەفیڕۆدان).
- کاریگەرییە مادییەکان (چالاکی بنیادنانەوە، لەناوچوونی جۆراوجۆری بایۆلۆجی )[2].

کاریگەری خزمەتگوزارییەکان لەسەر ژینگە دەتوانێت بچێتە دەرەوەی ناوخۆیی ناوچەکە، وە کاریگەر دەبێت لە سەر سیستەمی ژینگەیی جیهانی، یەکێک لە نموونەکان زیادبوونی گەشتی هەوایی (فڕۆکە)، کە هۆکاری سەرەکییە بۆ گۆڕانی ئاو و هەوا، بەشێوەیەکی ئەرێنی بێت یان نەرێنی، خزمەتگوزارییەکان گۆڕانکاری لەسەرانسەری جیهاندا دەسەپێت[3].

## هەشتەم: پێوەرەبەکارهاتووەکانی خزمەتگوزارییە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکان ( Utilized Criteria)

خزمەتگوزارییە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکان خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتین، توێژەران گرنگیان داوە بە توێژینەوە لەسەر دابەشبوونی شوێنی ئەم خزمەتگوزاریانە بەمەبەستی هەڵسەنگاندنی لێهاتوویی کە پێشکەشی دەکەن، دامەزراوە پەیوەندیدارەکان بە پلاندانان، پێوەری تایبەتیان داناوە بۆ دیاریکردنی پێویستی ناوچەی نیشتەجێبونەکان بە خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان[4]. چەندین پێوەر هەیە جەخت دەکاتەوە لەسەر جۆری سەنتەری خۆشگوزەرانییەکان، کە لەرێگایەوە جۆری هەریەک لە خزمەتگوزارییەکان دیاریدەکات لە ڕووبەرێکی دیاریکراودا، یان توانای وەرگرتنی گەشتیاران بۆ ئەو خزمەتگوزاریانە، بۆ نموونە ژمارەی کورسی لە سینەما و شانۆگەرییەکان دەکاتە پێوەر یان یاریگاکان وەک بنچینەیەک بۆ دەستنیشانکردنی توانای لەخۆگرتنی گەشتیاران، یا دەتوانێت خزمەتی چەند بە دانیشتوانی شارەکە بکات؟ وە بەشی تاک چەندە لەو خزمەتگوزارییە ،یان چەند خێزان لێی سودمەندە؟ خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانیی بەشێکی گرنگ لە ژیانی خەڵک پێک دەهێنن، وە چالاکییەکی سەرەکین لە چالاکیەکانی شارە هاوچەرخەکان و گرنگیان هیچ کەمتر نییە لە چالاکی و خزمەتگوزارییەکانی دیکە،

[1] شیروان عمر ڕشید، بنەماجوگرافیەکانی پەرەپێدانی گەشتو گوزار لە پارێزگای سلێمانی،سەرچاوەی پێشوو، ل 32.
[2]Westcott, M. (Ed.). Introduction to Tourism and Hospitality in BC. Victoria, BC: BCcampus. Ch. 1, 2015. P7, Retrieved 20/07/2019 from https://opentextbc.ca/introtourism/
[3] شیروان عمر ڕشید، بنەماجوگرافیەکانی پەرەپێدانی گەشتو گوزار لە پارێزگای سلێمانی، سەرچاوەی پێشوو، ل 32.
[4] زين العابدين علی صفر، تخطيط المدن(اسس ومفاهيم وتطبيقات)، دار الوضاح للنشر، عمان، ط1، 201 5، ص341،342.

بەڵکو گرێدراون پێیانەوە و بە تەواوکەریان دادەنرێن، وە کاری دەروونی و کۆمەڵایەتی و تەندروستی و ئابووری بەجێ دەگەیەنن[1].

پلاندانەران ڕێژەیەکی سەدی نزیککراوەیان دەرهێنا بۆ بەکارهێنانی زەوی بۆ مەبەستی خۆشگوزەرانیی لە شارەکاندا، ئەو ڕێژە سەدیە لە شارێکەوە بۆ شارێکی دیکە جیاوازە، لەسەر بنەمای جیاوازی بارودۆخی ئابووری و دابونەریتە کۆمەڵایەتیەکان. پێشنیاریان کرد کە ئەو ڕێژەیەی بۆ بەکارهێنانی زەوی بۆ مەبەستی خۆشگوزەرانیی دادەنرێت لە شارەکاندا نابێت (10 %) کەمتر بێت لە سەر ئاستی ڕووبەری شارەکە، جا ئەگەر لەناو شارەکە بێت یان لەنزیک سنووری شار(دەوروبەری شارەکە)[2].

خزمەتگوزاری گەشتیاری و خۆشگوزەرانیی لەڕێگای کۆمەڵێک ناوەندەوە پێشکەش دەکرێت لە شێوەی چالاکی جۆراوجۆردا کە دانیشتوان بە شێوەی تاک یان کۆمەڵ پشتی پێدەبەستن بۆ بەسەربردنی کاتە بەتاڵ و ڕۆژە پشووەکانیان. ئەم ناوەندانە یا خزمەتگوزاری گەشتیاری یاخود خۆشگوزەرانیی تێدا پێشکەش دەکرێت، کە جۆرەکەی یاخود جیاوازییەکەیان بەندە لەسەر بەکارهێنەران لە ئامانج و داخوازیەکانیان وە دووری و مانەوە[3] . هەموو چالاکییە جۆراوجۆرەکانی گەشتوگوزاری و خۆشگوزەرانیی جیاواز دەبێت بەپێی هەریەکە لە (گرووپی تەمەنی دانیشتوان، ڕەگەز، دابونەریتی کۆمەڵایەتی، حەز و ئارەزوی کەسی، ئاستی ڕۆشنبیری و خوێندنی کەسەکان، ئاستی بژێوی، قەبارەی خێزان)[4].

ڕێگاکانی پێوانی شوێنیی بۆ ناوەندە خزمەتگوزارییە گەشتوگوزارییی و خۆشگوزەرانییەکان بە پێی بۆچونی (گۆڵد): لەبەر ڕۆشنایی ڕای گۆڵد دەتوانین پێوەرەکان دابەشبکەین بۆ پێوەری گشتی واتە بۆ هەر چالاکییەکی گەشتیاری و خۆشگوزەرانیی بە شێوەیەکی گشتی ڕووبەرێک لە زەوی تەرخانبکرێت لە کۆی ڕووبەری شارەکە، بە پێی پێویستی لە ڕووبەری پێشبینیکراو بۆ ئەو خزمەتگوزارییە، یاخود بە پشتبەستن بە ژمارەی دانیشتوانی شارەکە بەمەش شارەکە خاوەنی ژمارەیەکی دیاریکراوە لە دانیشتوان کە بە پێی ژمارەی دانیشتوانەکەی ڕووبەرێک لە زەوی تەرخاندەکرێت بۆ خزمەتگوزارییەکان بۆ ئەو ژمارەیە لە دانیشتوان[5].

---

1 سعد عبيد جودة الربيعي، الخدمات الترفيهية والسياحية في مدينة بغداد (دراسة في جغرافية المدن)، مصدر السابق، ص 40.

2 زين العابدين على صفر، تخطيط المدن(اسس ومفاهيم وتطبيقات)، مصدر السابق، ص342-343.

3 بشيرابراهيم لطيف وأخرون، خدمات المدن (دراسة في الجغرافية التنموية)، المؤسسة الحديثة للكتاب، طرابلس- لبنان، ط1، 2009،ص141.

4 سروه دشتى وهاب، التحليل الجغرافى للمواقع الترفيهية في مدينة اربيل(دراسة ميدانية)، مصدر السابق، ص23.

5 جعفر محمد مصطفى ابو زيد، الخدمات السياحية والترفيهية في مدينة الخرطوم واقليمها، دراسة في الجغرافية المدن، مصدر السابق، ص28.

ڕێژەی دانیشتوان : لەم ڕێگەیەدا پشکی تاک هەژمار دەکرێت لە ڕووبەری خزمەتگوزاریەکان کە ئەمەیان زیاتر بۆ ناوەندە گشتییەکان بەکار دەهێندرێت.

ڕێژەی ڕووبەر : لەم ڕێگەیەدا پشتدەبەسترێت بەکۆی ڕووبەری شار یان گەڕەک، کە تیایدا ڕێژەی بەکارهێنانی گەشتیاری و خۆشگوزەرانیی تەرخاندەکرێت بەبەراورد بە کۆی ڕووبەرەکە[1].

بەڵام پێوەرە تایبەتەکان پشتدەبەستن بە جۆری سەنتەرە گەشتیاریی یان خۆشگوزەرانیییەکە بەشێوەیەکی سەرەکی، کە بۆ هەر یەکێک لەم سەنتەرانە ڕووبەرێکی دیاریکراو لە زەوی پێشنیار دەکات یان توانای وەرگرتنی گەشتیاری دیاریکراو، بۆ نمونە ژمارەی کورسی لە سینەماکان یان لە شانۆکاندا دەکرێتە پێوەر وە هەروەها ژمارەی ئەو سەنتەرانە دیاریدەکات وە ئەو سەنتەرە توانای هەیە خزمەتی چەند کەس لە دانیشتوانی شارەکە بکات وە پشکی تاک چەندە لەو خزمەتگوزارییە یاخود چەند خێزان لێی سوودمەندە[2].

لێرەدا هەوڵدەدەین ئەو پێوەرە شوێنیانەی کە تایبەتن بە سەنتەرە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکان بخەینە ڕوو بە پێی جۆری خزمەتگوزارییەکان.

بەپێی پێوەرە جیهانی و ناوخۆییەکانی پلانسازی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان لەسەربنەمای ژمارەی دانیشتوان بۆ هەرجۆرێکیان خراوەتەڕوو بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

1) پارکەگشتییەکان: (16.2 م٢) لە ڕووبەری پارکی گشتی بۆ یەک کەس لە کۆی دانیشتوانی شار[3].
2) سینەما: بۆ(50000) کەس یەک سینەما.
3) ڕێستۆرانت: بۆ (10000) کەس لەدانیشتوان، یەک ڕێستۆرانت.
4) کافتریا: بۆ (4500) کەس لەدانیشتوان، یەک کافتریا.
5) کتێبخانەی گشتی: بۆ (40000) کەس لەدانیشتوان، یەک کتێبخانەی گشتی.
6) مەلەوانگە : بۆ (40000) کەس لەدانیشتوان، یەک مەلەوانگە.
7) شاری یاری: بۆ (40000) کەس لە دانیشتوان، یەک شاری یاری پێویستە.
8) یاریگا: بۆ (30000) کەس لە دانیشتوان، یەک یاریگا پێویستە
9) هۆڵی وەرزشی لەشجوانی: بۆ (10000) کەس لەدانیشتوان، یەک هۆڵی وەرزشی لەشجوانی[4].
10) هۆڵی شانۆ: بۆ ( 250000) کەس لەدانیشتوان، یەک هۆڵی شانۆ[5].

---

[1] بشير ابراهيم لطيف و أخرون، خدمات المدن(دراسة في الجغرافية التنموية)، مصدرالسابق،ص141-142.
[2] سعد عبيد جودة الربيعي، الخدمات الترفيهية والسياحية في مدينة بغداد (دراسة في جغرافية المدن)، مصدر السابق، ص 42-43.
[3] https://www.planning.org/pas/reports/report194.htm
[4] علا لطفي مهدي، المؤشرات التخطيطية لتنمية الخدمات المجتمعية في مدينة الخضر، رسالة ماجستير، كلية الرتبية للعلوم الانسانية، قسم الجغرافية، جامعة المثنى.2019،لا36-35.
[5] سروه دشتى وهاب، التحليل الجغرافى للمواقع الترفيهية في مدينة اربيل(دراسة ميدانية)، مصدرالسابق ، ص23.

## باسی دووەم: توانستە سروشتی و مرۆییەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە

### یەکەم: شاری سلێمانی و پوختەیەکی مێژوویی

گەر بمانەوێت گرنگی مێژوویی هەر شارێک، کە بەچەند قۆناغێکی مێژوویدا گەشەی کردووە دیاریبکەین ئەوا پێویستە بگەڕێینەوە ڕابردووی ئەو شارە. سەرەڕای ئەوەی شاری سلێمانی خاوەنی مێژوویییەکی زۆر کۆن نییە، بەڵام وەک هەر ناوچەیەکی نیشتەجێبوونی دیکە مێژوویییەکی تایبەت بە خۆی هەیە، لەڕووی گۆڕانکاری لە گەشەی دانیشتوان و گەورەبوونی شارەکە و یەکە کارگێڕییەکانی و فراوانبوونی ڕووبەرەکەی[1]. ئەم شارە بەدرێژایی مێژووی دروستبوونی بە چەند قۆناغ و ئاستێکی جیاوازدا تێپەڕیوە لە ڕووی گەشەکردنییەوە، کە پێش دروستکردنی شارەکە گوندی قەڵاچوالان سەنتەری کارگێڕیی میرنشینی بابانی کوردی بوو، کە لەدوایدا گواسترایەوە بۆ شوێنە نوێیەکەی لە نزیک گوندی مەڵکەندی، دروستکردنی شارەکە لە ساڵی (1784) تەواو بوو لە لایەن ابراهیم پاشا لە نزیک سەرا لە تەنیشت گوندی مەڵکەندی، کە سەرەتا دەستیکرد بە دروستکردنی ژمارەیەک خانووبەرە و مزگەوت و بازاڕ و گەرماو و خانی بیناکرد، پاش تەواوبوونی مەڵبەندی پایتەختی میرنشینی بابان لە قەڵاچوالانەوە گواستەوە بۆ ئەم شارە تازە دروستکراوە و ناونرا سلێمانی[2].

لە ساڵی (1925) سلێمانی لە (7 گەڕەک) ی سەرەکی پێکهاتبوو، کە بەم شێوەیە مایەوە تا ساڵی (1947)، بەڵام لە دواییدا ژمارەی گەڕەکەکانی شارەکە زیاد دەکات و ژمارەکەی دەبێتە (30 گەڕەک) لە ساڵی (1977) پاشان لەدوای (10 ساڵ) حەوت گەڕەکی تر زیاد دەکات و بەمەش ژمارەی گەڕەکەکان دەبێتە (37 گەڕەک)، وە لە ساڵی (1987) ئەم ژمارەیە دەبێتە دوو هێندە وە ژمارەکە بەرز دەبێتەوە بۆ (76 گەڕەک) لە ساڵی (2002) دا، پاشان بە پێی نەخشەی بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی سلێمانی لە ساڵی(2009) ژمارەی گەڕەکەکان بووە بە (162 گەڕەک)[3]، لە ساڵی (2019) ژمارەی گەڕەکەکان (231 گەڕەکە)[4]، ئەم شارە لەماوەی نزیکەی سەدەیەک (94 ساڵ) لە (7گەڕەکە)وە بووە بە (231 گەڕەک) کە زیادبوونێکی بەرچاوو خێرایە.

---

[1] لقمان صالح كريم،مظاهرالتلوث البيئي وانعكاساتها على مجتمع المدينة (دراسة ميدانية في مدينة سليمانية)، اطرحة دكتوراه (غير منشورة)، كلية علوم الانسانية، جامعة سليمانية، 2014، ص37.

[2] ئەکرەمی محمودی صالحی ڕەشە، شاری سلێمانی (200ساڵ)، بەرگی یەکەم، بەبێ چاپ و چاپخانە و ساڵی چاپ، سلێمانی، ل64.

[3] كامران طاهر سعيد، توسع مدينة السليمانية بتأثيرالأثر الحضري، أطروحة دكتوراه (غيرمنشورة)، جامعة سليمانية، كلية علوم الأنسانية، قسم الجغرافية، 2011، ص12.

[4] حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار، سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی، بەشی GIS، نەخشەی شارەوانییەکانی شاری سلێمانی و ماستەرپلانی سلێمانی، 2019.

## دووەم: توانستە جوگرافییەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە

بنەما جوگرافییەکان کاریگەرییەکی بەرچاویان هەیە لەسەر بوونی سەنتەرە خۆشگوزەرانییەکان، هەر بۆیە لەکاتی توێژینەوە لەسەر خزمەتگوزارییە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکان پێویستمان بە دەرخستنی بنەما جوگرافییە کاریگەرەکانە لەسەر خزمەتگوزارییەکان، وە لە بنەما کاریگەرەکان، کە بوونەتە هۆی دامەزراندن و گەشەی خزمەتگوزارییەکان لە شاری سلێمانیدا ئەمانە دەگرنەوە :( شوێنی جوگرافی، ئاو و هەوا، دانیشتوان)، کە کاریگەری بەرچاویان هەیە لەسەر سروشتی خزمەتگوزاریەکان کە لە شارەکەدا بوونیان هەیە[1]، هەر بۆیە ئەم بەشەی توێژینەوەکە تەرخانکراوە بۆ پیشاندانی بنەما جوگرافییە سروشتی و مرۆییەکان لە شاری سلێمانیدا و کاریگەریان بە شێوەی ئەرێنی و بە شێوەی نەرێنی لەسەر چالاکی و خزمەتگوزارییە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکان کە لەئێستادا بوونیان هەیە لە شارەکەدا[2].

### 1. توانستە سروشتییەکان :

#### أ. شوێنی جوگرافی :


شوێنی جوگرافی وەک یەکێک لە بنەماکانی ژینگەی سروشتی هەر وەک چۆن ڕۆڵی گەورەی هەیە لە سەر دیاریکردنی شوێنی وڵات و شار و ناوچەکان، بە هەمان شێوە کاریگەری گەورەی هەیە لەسەر سەنتەری خزمەتگوزارییەکان و شوێنی بەرهەمهێنان و بەکاربردنیان وە شێوازی دابەشبوونیان3، شوێنی جوگرافی گرنگی و کاریگەری خۆی هەیە لەسەر لایەنی ئابووری و مێژووی بە هەمان شێوە کاریگەرییەکی بەرچاوی هەیە لەسەر هەبوون و بنیاتنانی خزمەتگوزارییەکان لە شارەکاندا، کە دواجار دەبنە تۆڕێکی گرێدراوی کارپێکراو بە یەکدی، وە ئەم ڕۆڵ و کاریگەرییە کاردەکاتە سەر خزمەتگوزارییەکان لە ڕووی چەندییەتی و چۆنیەتی شێوازی دابەشبونیان لە ناوچە جیاجیاکانی شارەکەدا، کە هەندێکجار دەبیتە لایەنی یەکلاکەرەوە لە بوون یان نەبوونی یاخود دیاریکردنی جۆری خزمەتگوزارییەکە[4]. جێگای شاری سلێمانی دەکەوێتە نێوان بازنەکانی پانی (¯27 35º - ¯39 35º) باکور وە هێڵەکانی درێژی (¯24 45º - ¯30 45º) خۆرهەڵات، وەک لە نەخشەی (1) دا دیارە.

---

[1] سعد عبيد جودة الربيعي، الخدمات الترفيهية و السياحية في مدينة بغداد (دراسة في جغرافية المدن)، مصدرالسابق، ص 53.
[2] سروه دشتي وهاب، تحليل جغرافي للمواقع الترفيهية في مدينة أربيل (دراسة ميدانية)، مصدرالسابق، ص 26.
[3] شاد حميد محمد، ڕادەی گونجاندن لە نێوان پلانی شاری سلێمانی و تواناى تۆڕی شەقامەکانی، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی، 2019، ل12.
[4] محمد حزام صالح بن صالح، الترفيه و السياحة في مدينة و المحافظة صنعاء، مصدر السابق، ص23.

نەخشەی (1)

شوێنی ئەسترۆنۆمی شاری سلێمانی




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە داتاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشت وگوزار سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی، بەشی GIS، 2019.


شارەکە دەورە دراوە بە زنجیرە چیاکانی ئەزمەڕ ـگۆیژە لەباکورو باکوری ڕۆژهەڵات و چیای پیرەمەگرون لە باشور، وە زنجیرە چیای بەرانان لەباشورو باشوری ڕۆژئاوا، وە لە ڕۆژئاوای شارەکە چیای تاسلوجەیە، جێگەکەی جیادەکرێتەوە، یاخود گرنگی جێگای شارەکە خۆی دەبینێتەوە لەوەی، کە دەکەوێتە دەشتی سلێمانی کە درێژکراوەی دەشتی شارەزوورە لە بەشی ڕۆژئاوا کە یەکێکە لە گەورەترین دەشتی ناوچە شاخاوییەکان لەعێراق. وە شارەکە جلەوگیرە لەو ڕێگایەی کە دەچێتە دەشتی شارەزوور لە ڕۆژهەڵاتەوە و هەروەها ئەو ڕێگایەی دەچێتە دەشتی کەرکوک لە ڕۆژئاواوە، کە بەرێرەوی بازیاندا دەڕوات، وە شارەکە دەستی گرتووە بەسەر چەند ڕێرەوێکی شاخاوی گرنگدا، کە یارمەتیدەریەتی لە دەستگرتن بەسەر چالاکی بازرگانی، کە بە ناوچەکەدا تێدەپەڕێت، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی شارەکە تایبەتمەندیەکی شاری بازرگانی وەربگرێت[1]. وەکو شوێنیش شاری سلێمانی سەنتەری کارگێڕی پارێزگای سلێمانییە، دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی هەرێمی کوردستان لە باکورەوە هاوسنورە لەگەڵ پارێزگای هەولێر، وە لە باشور هاوسنوورە لەگەڵ ئیدارەی گەرمیان و لە خۆرهەڵاتەوە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران هاوسنوورە وە لە ڕۆژئاوا سنووری لەگەڵ پارێزگای کەرکوکە، وە لە باشوری خۆرهەڵات سنووری لەگەڵ پارێزگای هەڵەبجەیە.

هەروەک لە نەخشەی (2) دەردەکەوێت ناوچە ی لێکۆڵینەوە هەڵکەوتەیەکی جوگرافی گرنگ وشوێنێکی ناوەندیی لە نێو پارێزگای سلێمانی هەیە، پارێزگای سلێمانی سنووری هاوبەشی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێراندا هەیە، کە بەشێکی گرنگی سنوورەکەی لە ڕۆژهەڵاتەوە لەگەڵ وڵاتی ئێرانە و نزیکترین خاڵی سنووری پارێزگای سلێمانی لەگەڵ وڵاتی ئێران (45 کم)، لە ڕووی هەڵکەوتەی جوگرافییەوە شوێنێکی گواستراوەی لە نێوان ناوچەی شاخە بەرزەکان لە باکور و باکوری ڕۆژهەڵات و ناوچەی شاخاوییە پێچ سادەکان لە باشور و باشوری ڕۆژئاوا هەیە، هەموو ئەم هۆکارانە وایانکردووە ئەم شارە ببێتە ناوچەیەکی گرێ وە ژمارەیەکی زۆر لە سەردانیکەر بە مەبەستە جۆراوجۆرەکان بێنە شارەکە، جا بۆ مانەوەبێت یان ترانزێت یان تەنها بە شارەکەدا تێپەڕدەبن[2]. ڕووبەری شاری سلێمانی (120 $کم^2$)[3]، واتە ئەو سنوورەی کە توێژینەوەکەی لەسەر ئەنجامدراوە و ژمارەی گەڕەکەکانیش لە سنوری توێژینەوەکەدا (162گەڕەکە).

[1] بیان علي حسین، تحدید نطاق تأثیر المراکز الصحیة فی مدینة السلیمانیة عام 2018 بأستخدام نظم المعلومات الجغرافیة،مجلة(زانکۆی سلێمانی) القسم(B) للدراسات الانسانیة، العدد( 59)،2019،ص 519.
[2] شاد حمید محمد، ڕادەی گونجاندن لە نێوان پلانی شاری سلێمانی و توانای تۆڕی شەقامەکانی، سەرچاوەی پێشوو، ل 14.
[3] علی عثمان محمد شاربادیري، واقع تصامیم الحدائق و المتنزهات لمدن اقلیم کردستان العراق(دراسة نقدیة و تحلیلیة)، اطرحة دکتوراه مقدمة الی مجلس کلیة الزراعة ، جامعة السلیمانیة (غیر منشورة)، 2009،ص112.

نەخشەی (2)

شوێنی شاری سلێمانی بەگوێرەی پارێزگای سلێمانی و هەرێمی کوردستان و عیراق




سەرچاوە:کاری توێژەر بەپشتبەستن بە:[1] داتاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عیراق، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی GIS، 2019.

[2] خالد عەلی ، (أثر الإرهاب على القطاع السياحی (إقليم كردستان العراق أنموذجاً .(*گۆڤاری زانکۆی گەرمیان* :doi: (1)5 ;2018 , 10.24271/garmian.312، ص٣٢٧.

**ب. ئاووهەوا :** ئاووهەوا یەکێکە لە بنەما سروشتییە کاریگەرەکان لە سەر چالاکییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان، کە خزمەتگوزارییە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکان دەچنە ناو ئەم چالاکیانەوە، کە دەتوانیین بڵێین زۆر خێرا کاریگەر دەبێت بە ئاووهەوا کە گۆڕانکاری ئاووهەوا گۆڕانکاری زۆر لە ژینگەی سروشتیدا دەکات کە کار لە چالاکی و جۆری خزمەتگوزارییەکان دەکەن[1].

هەروەها کاریگەری ئاووهەوا لە دیاریکردنی سەنتەرە خزمەتگوزارییەکان و چالاکیان وە گەشەیان و دیاریکردنی جۆری خزمەتگوزارییە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکان بە پێی سیفاتی خزمەتگوزارییەکە تا چەند دەتوانێت گەشەبکات و بوونی هەبێت، وە کاریگەریەکەی لەسەر پشودانی دەروونی و جەستەیی گەشتیار ،کە ئەمەش هۆکارێکی پاڵنەرە بۆ گەشتکردن بە مەبەستی کات بەسەربردن. زۆر کات ئاووهەوا هۆکار دەبێت بۆ ئەوەی خەڵک حەز بەدەرچوون نەکەن بۆ گەشتکردن، بۆ نموونە بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی ، خێرایی با ، دابارینی باران وا دەکات، کە مرۆڤ نەتوانێت ژیانی رۆژانەی ئاسایی خۆی بە باشی بەسەر بەرێت، هەر بۆیە پلەکانی گەرما و خێرایی با و شێ و دابارین لە بنەما ئاووهەوایانەن، کە دەبێت بەهەند وەربگیرێت لە کاتی پلاندانانی دروستکردنی دامەزراوە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکان[2].

هەروەها پەیوەندی نێوان ئاووهەوا و مرۆڤ لەو بابەتانەیە کە جوگرافیناسەکان لە مێژە گرنگی پێدەدەن، کە ئاڵۆزە لە ناساندندا بە هۆی جیاوازی تاکەکان لە تەمەن و رەگەز و باری تەندروستی و پێشینەی رۆشنبیری و خۆراک و چالاکی سروشتی، هەر بۆیە ئەم پەیوەندییە سەرنجی زانستی ئاووهەوای مرۆیی (Human Climatology) راکێشاوە، کە گرنگی دەدات بە دیاریکردنی رێژەی کاریگەریی ئاووهەوا لەسەر پشوودانی تاک، کە کاریگەر دەبێت بەو هۆکارانەی پێشەوە، هۆکاری پشوودان جیاوازە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر، پێدەچێت تاکێک بە جۆرێک لە ئاووهەوا هەست بە ئارامی بکات، بەڵام بۆ تاکێکی تر وا نەبێت بە هەمان شێوەش بۆ کاتی حەوانەوە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاوازە[3].

لەکاتی دیاریکردنی گرنگی ئاووهەوا وەکو بنەمایەکی گرنگ بۆ راکێشانی تاکەکانی کۆمەڵگا بۆ بەجێهێنانی ئەو چالاکیانەی کە لەدەرەوەی ماڵ و هۆڵە داخراوەکان دەیکەن کە ئەمەش لە رێی چەند ئەنجامێکی ئاماریی دەکرێت کە تیایدا رێژەی کاریگەری هەر بنەمایەک لە بنەماکانی ئاووهەوا کە ئەوانیش (تیشکی خۆر و پلەی گەرمی و بایەکان و دابارین) کە کاریگەرن لەسەر چالاکییە خزمەتگوزارییەکان، ئەمەش دەکرێت لە رێگەی بەراوردکردنی رەگەزە ئاووهەواییەکانی ناوچەیەک بە ئاووهەوای نمونەیی،

---

[1] شیروان عمر رشید، بنەما جوگرافیەکانی پەرەپێدانی گەشتوگوزار لە پارێزگای سلێمانیداسەرچاوەی پێشوو، ل 64.

[2] رێباز لقمان مصطفى، توانستە جوگرافییەکانی پلاندانان و گەشەپێدانی گەشتوگوزار لە قەزای پێنجوێن بە بەکارهێنانیGIS، نامەی ماستەر، بەشی جوگرافیا، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی، 2016، ل 31.

[3] ئەژین ئەنوەر یوسف، توانستە سروشتیەکانی پلاندانان و گەشەپێدانی گەشتوگوزار لە ناوچە شاخاویەکانی ئیدارەی راپەڕین، سەرچاوەی پێشوو، لا 66-67.

کە مرۆڤ پێویستی پێیەتی بۆ بەجێهێنانی چالاکییە جۆراو جۆرەکان بە بێ ئەوەی هیچ ڕەگەزێکی ئاوو هەوایی کار لە توانا جەستەییەکانی تاک بکات، یاخود ئاوو هەواکە نزیک بێت لە پشوودانی تاک بە پێی کات و شوێن[1]. ئاو و هەوای نموونەیی بۆ چالاکیە خۆشگوزەرانیی و گەشتیاریەکان ئەو جۆرە ئاو وهەوایە کە ڕێگە دەدات بە ئەزموون کردنی چالاکییە خۆشگوزەرانیی و گەشتیارییەکان لە زۆربەی ڕۆژەکانی ساڵدا لەو چالاکیانەش ڕۆیشتن و وەرزشکردن و دانیشتن لە  هەوای کراوەدا لە ژێر تیشکی خۆر و پشوودان بە شێوەیەکی گشتی، کە یارمەتی کەسەکە بدات لاشەو مێشکی بحەوێتەوە بەمەش مرۆڤ دەگاتە ئەوەی کە قایل بێت بەو ژینگەیەی تێیدا دەژی.

ئەمانەی لای خوارەوە لە گرنگترین ڕەگەزە ئاوو هەواییەکانن کە بە بنەمایەکی کاریگەری بەرچاو دادەنرێن بۆ جۆرە جیاوازەکانی خزمەتگوزارییە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکان.

1) **تیشکی خۆر:** مەبەستمان لە تیشکی خۆر کاتژمێرەکانی دەرکەوتنی تیشکی خۆرە لە ناوچەیەکی دیاریکراودا، تیشکی خۆر بری ئەو تیشکەیە کە زەوی لە خۆر وەریدەگرێت[2]، ئەو بڕەی تیشکی خۆر، کە بەرزەوی دەکەوێت بەپێی کات و شوێن جیاوازە بەهۆی کاریگەری دوو هۆکاری سەرەکی کە ئەوانیش، یەکەم: درێژیی ڕۆژ، کە ڕاستەوخۆ پەیوەندیدارە بە سوڕانەوەی زەوی لەخولگەکەیدا بە دەوری خۆردا وەک چۆن جیاوازی دەبینرێت لە درێژیی ڕۆژدا بە پێی وەرزەکانی ساڵ، لەگەڵ دووری و نزیکی لە هێڵی کەمەرەیی، جیاوازی لە درێژی ڕۆژ بە پێی وەرز زیاد و کەم دەکات. دووەمیان: ڕادەی پاکی بەرگی زەپۆش ڕاستەوخۆ کاریگەریی هەیە لەسەر ماوەی بەرکەوتنی تیشکی خۆر بۆ زەوی. بەشێوەیەک هەورەکان وەک بەربەستێک دەبنە ڕێگر لەبەردەم گەیشتنی تیشکی خۆر بۆ زەوی لەناوچەیەکی دیاریکراودا، کە دواجار دەبنەهۆکاری کەمکردنەوەی ماوەی بەرکەوتنی تیشکی خۆر لەزەوی کەمی و زیادی ئەم ماوەیە کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر چالاکی و جوڵەی گەشتیاریی لە ناوچە جیاوازەکاندا[3].

بەشێوەیەکی گشتی درێژیی ماوەی تیشکی خۆر، درێژیی ماوەی خۆرهەڵاتنی ڕاستەقینە و بڕی تیشکی خۆر ئەو هۆکارە سەرەکیانەن، کە کاریگەری ڕاستەوخۆیان هەیە لەسەر خستنەڕووی گەشتیاری و ئاڕاستەکردنی  جوڵەی گەشتیار، کە هەموو ئەمانەش دەتوانرێت هەستی پێبکرێت بەئاشکرا وەک لە باکوری ئەوروپا بە کەمی تیشکی خۆر و کەمی  بڕ و ماوەی خۆرهەڵاتن دەناسرێت، بەپێچەوانەی ناوچەکانی بازنەی پانی خولگەیی و نیمچە خولگەییەکان وناوچەکانی  ئاوهەوای دەریای ناوەڕاست کە بە

---

[1] هدی صباح نجم الدین،  هەڵسەنگاندنی بنەما جوگرافیەکانی گەشەپێدانی گەشتوگوزاری لە قەزای شەقڵاوە (لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای گەشتوگوزاری)، نامەی ماستەر، کۆلێجی ئەدەبیات، زانکۆی صلاح الدین، 2012، ل 40.

[2] اوراس غنی عبدالحسین الیاسری، أستخدام المعاییر المناخیة (دراسة تطبیقیة علي محافظة نینوی)، رسالة ماجستیر، کلیة التربیة للبنات، جامعة بغداد، 2003، ص6 5.

[3] علی حسن موسی، المناخ و السیاحة، دار الانوار، الطبعة الاولی، دیمشق، 1997، ص30.

زۆری تیشکی خۆر و زۆری بڕ و ماوەی خۆرهەڵاتن دەناسرێنەوە بەتایبەتی لەوەرزەکانی هاوین و بەهاردا. ئاشکرایە هەرێمی کوردستانیش هاوشێوە یان نزیک بە کەش و ئاووهەوای دەریای ناوەڕاستە[1].

خشتەی (2)

تێکڕایی کاتژمێرەکانی خۆرەتاوی ڕاستەقینە (مانگانە، وەرزانە و ساڵانە) لەناوچەی لێکۆڵینەوە (2005 - 2019)

| وەرزەکان | مانگەکان | ژ.کاتژمێرەکانی خۆرەتاو | تێکڕایی وەرزانەی کاتژمێرەکانی خۆرەتاو | تێکڕایی ساڵانەی کاتژمێرەکانی خۆرەتاو |
|---|---|---|---|---|
| بەهار | ئازار | 5:36 | 6:48 | 7:30 |
| | نیسان | 6:54 | | |
| | مایس | 7:54 | | |
| هاوین | حوزەیران | 10:00 | 10:18 | |
| | تەمموز | 10:30 | | |
| | ئاب | 10:24 | | |
| پایز | ئەیلول | 9:00 | 7:30 | |
| | تشرینی یەکەم | 7:21 | | |
| | تشرینی دووەم | 6:18 | | |
| زستان | کانونی یەکەم | 5:06 | 5:24 | |
| | کانونی دووەم | 5:30 | | |
| | شوبات | 5:42 | | |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە : حکومەتی هەرێمی کوردستان وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن، بەڕێوەبەرایەتی کەشناسی سلێمانی، زانیاری بڵاونەکراوە

لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا، کە شارێکە لە شارەکانی هەرێمی کوردستان هەروەک لە خشتەی (2) دا بەڕوونی دیارە، کاتژمێرەکانی خۆرەتاو ڕوو لە هەڵکشان دەکات لە وەرزی بەهاردا بەتایبەت لە مانگی مایس کە کۆتا مانگی بەهارە بەرزترینە بەبەراورد بە مانگەکانی دیکەی بەهار بەتێکڕایی بڕەکەی دەگاتە (7:54) خولەک، بەڵام ماوەکە لەوەرزی بەهاردا بڕەکەی بەتێکڕایی دەگاتە (6:48)خولەک لەڕۆژێکدا، ئەم زیادبوونە دەگاتە لوتکە لە ناوەڕاستی وەرزی هاوین لەمانگی تەممووزدا، کە بڕەکەی بەتێکڕایی

[1] شیروان عمر رشید، بنەما جوگرافیەکانی پەرەپێدانی گەشتوگوزار لە پارێزگای سلێمانیدا، سەرچاوەی پێشوو، ل 66.

بریتییە لە (10:30) خولەک، بەڵام تێکڕایی ماوەکە بۆ وەرزی هاوین بریتییە لە (10:18) خولەک بۆ وەرزی هاوین بە گشتی، پاشان بەرەو کەمبوونەوە دەچێت لەوەرزی پایزدا دەگاتە (6:18) خولەک لە کۆتایی مانگی پایز لەمانگی تشرینی دووەم، بەڵام بەتێکڕایی ژمارەی کاتژمێرەکانی خۆرەتاو لە وەرزی پایزدا دەگاتە (7:30) خولەک لەماوەی شەو و ڕۆژێکدا، کەمترین ماوەی کاتژمێرەکانی خۆرەتاو لە وەرزی زستاندایە لە ناوچەی لێکۆڵینەوە، کە بەتێکڕایی بڕەکەی بریتیە لە (5:24) خولەک، بەشێوەیەک سەرەتای زستان لەمانگی کانونی یەکەم بڕەکەی (5:06) خولەکە، وە زۆرترین ماوە لە کۆتایی زستاندا لە مانگی شوبات دا دەبینرێت کە بڕەکەی بریتییە لە (5:42) خولەک. بەپشتبەستن بە زانیارییەکانی خشتەی (2) کەژی گەشتیاریی پەیوەندییەکی ڕاستەوانەی هەیە لەگەڵ ژمارەی کاتژمێرەکانی خۆرەتاو، بۆیە کەژی گەشتیاری لەناوچەی لێکۆڵینەوە دەکەوێتە نێوان مانگەکانی مایس (کۆتا مانگی بەهار) و مانگی ئەیلول (یەکەم مانگی پایز).

2) **پلەی گەرمی و شێی ڕێژەیی :** لە ڕەگەزە گرنگە کاریگەرەکان دادەنرێت لە سەر خزمەتگوزارییەکان، چونکە بەرهەمی ئاو و هەواییەکانی ترن لە ( تیشکی خۆر، خێرایی با، دابارین)، ئەمە سەرەڕای هۆکارە سروشتییەکان لە ( شوێن، بەرزی و نزمی، ڕووبەری ئاویی ) ئەگەر ئاو هەوا گەرم بوو واتا پلەی گەرمی بەرز بوو لەگەڵ ئەوەشدا ڕێژەی شێ بەرز بوو، ئەوا جۆرێک لە بێزاری و هەراسانی دروستدەکات لەبەرئەوەی لەگەڵ ئەم جۆرە ئاووهەوایەدا لەش ناتوانێت پشووبدات ئەمە ڕاستە بۆ هەموو تەمەنەکان، بۆیە هەموو کات پلەی گەرمی و ڕێژەی شێ بەهەند وەردەگیرێت لە کاتی ئەنجامدانی هەر گەشتێکی گەشتیاری و خۆشگوزەرانیی[1].

هەر بۆیە لێرەدا وردتر باسی هەر یەکە لە پلەی گەرمی و شێی ڕێژەیی دەکەین:

أ. **پلەی گەرمی :** پلەی گەرمی بە گرنگترین ڕەگەزەکانی کەش و ئاووهەوا دادەنرێت، چونکە کاریگەری ڕاستەوخۆیان هەیە لەسەر ڕەگەزە جۆربەجۆرەکانی تری ئاووهەوا وەکو پەستانی هەوا و جوڵەی با و دابارین و ڕێژەی شێ لە هەوادا [2].

جیاوازییەکی گەورە هەیە لە پلەی گەرمی لە ناوچەی لێکۆڵینەوە لە نێوان زستان و هاویندا، ئەویش بەهۆی جیاوازی کاتژمێرەکانی دەرکەوتنی خۆر و ڕێژەی لێژی گۆشەی کەوتنی تیشکی خۆر، کە بەشێوەیەکی گشتی پلەکانی گەرما لە ناوچەکە لەهاویندا بەرزە و لە زستاندا نزمە وە نزیکە لە مامناوەند لە وەرزەکانی بەهار و پایزدا.

---

[1] ئامانج جلال احمد، شیکردنەوەی جوگرافی بۆ توانستەکانی گەشەپێدانی گەشتوگوزار لە قەزای دوکان، نامەی ماستەر (بڵاونەکراوە)، زانکۆی کۆیە، فاکەڵتی پەروەردە، 2012، ل 66.
[2] ازاد جلال شریف، مناخ منطقە اربیل، اطروحة دکتورا (غیر منشورة)، کلیة الاداب، جامعة صلاح الدین، 1998، ص28.

خشتەی (3)


تێکڕایی مانگانە و وەرزی پلەکانی گەرما (بەرزترین، نزمترین، تێکڕا) لەناوچەی لێکۆڵینەوە (2005 - 2019)

| پلەی گەرمی / مانگ | ئازار | نیسان | مایس | حوزەیران | تەمموز | ئاب | ئەیلول | تشرینی یەکەم | تشرینی دووەم | کانونی یەکەم | کانونی دووەم | شوبات |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بەرزترین | 18 | 23.3 | 30 | 36.7 | 40.4 | 40.5 | 35.7 | 28.4 | 19.2 | 13.9 | 11.1 | 13.3 |
| نزمترین | 8 | 12.3 | 17.9 | 23.9 | 26.8 | 27 | 21.9 | 16.5 | 8.9 | 4.8 | 2.4 | 4.1 |
| تێکڕا | 13 | 17.8 | 24 | 30.3 | 33.6 | 33.7 | 28.8 | 22.4 | 14.1 | 9.3 | 6.8 | 8.7 |
| وەرزەکان | بەهار | | | هاوین | | | پایز | | | زستان | | |
| تێکڕای وەرزیی | 18.2 | | | 32.5 | | | 21.8 | | | 8.3 | | |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە زانیارییەکانی : حکومەتی هەرێمی کوردستان وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن، بەرێوەبەرایەتی کەشناسی سلێمانی، زانیاری بڵاونەکراوە

شێوەی (2)

تێکڕایی مانگانە و وەرزیی پلەکانی گەرما (بەرزترین، نزمترین، تێکڕا) لەناوچەی لێکۆڵینەوە (2019 – 2005)




سەرچاوە : کاری توێژەر بە پشتبەستن بە : خشتەی( 3 )

لە خەسڵەتە باشەکانی ئاووهەوای ناوچەی لێکۆڵینەوە ئەوەیە، کە دەتوانرێت بە ئاسانی هەموو وەرزەکانی ساڵی تێدا جیابکرێتەوە، ئەوانیش وەرزی زستان کە تێیدا پلەی گەرمی نزمە، کە مانگەکانی ( کانوونی یەکەم و کانوونی دووەم و شوبات) دەگرێتەوە، کە ناوەندی پلەی گەرمی دەگاتە (8.3) پلەی سەدی، وە لە وەرزی هاویندا پلەی گەرمی بەرزە، کە ئەوانیش مانگەکانی ( حوزەیران و تەمموز و ئاب)

دەگرێتەوە، کە ڕێژەی ناوەندی پلەی گەرمی دەگاتە (32.5) پلەی سەدی، بەڵام بەهار و پایز لە وەرزە گونجاو و باشەکانن لە ڕووی پلەی گەرماوە، کە لە بەهاردا ناوەندی پلەی گەرمی دەگاتە (18.2) پلەی سەدی و لە پایزدا دەگاتە (21.8) پلەی سەدی بەڵام وەرزەکانی بەهار و پایز کورتترن بە بەراورد بە وەرزەکانی زستان و هاوین.

بە وردبوونەوە لە خشتەی(3)، کە زانیارییەکان لەسەر پلەکانی گەرما لە ناوچەی لێکۆڵینەوە دەخاتە ڕوو لە تێکڕای مانگانە و وەرزی بە نیشاندانی بەرزترین و نزمترین و تێکرا لە نێوان ساڵانی (2005-2019)، دەبینین کە پلەی گەرما لە سەرەتای بەهاردا بەرەو بەرزبونەوە دەچن بەشێوەیەک تێکڕای بەرزترین پلەی گەرما لە مانگی ئازاردا (18) پلە سەدی دەبێت بەزیادبوونی بەنزیکەیی بۆ (5) پلە لە مانگی نیساندا کە (23.3) پلە سەدی دەبێت، لە کۆتا مانگی بەهار کە مانگی مایسە بەرزترین پلە دەگاتە (30) پلەی سەدی، بەڵام سەبارەت بە نزمترین پلەی گەرمی، کە لە مانگی ئازاردا تۆمارکراوە (8) پلەی سەدی یە، بەڵام ئەم پلەی گەرمایە بەرزدەبێتەوە بۆ (12.3-17.9) پلەی سەدی لە مانگەکانی نیسان و مایس بەدوای یەکدا، لە پاش وەرگرتنی تێکڕای بەرزترین و نزمترین پلە دەبینین پلەی گەرما لە مانگی ئازاردا تێکڕای (13) پلەیە بۆ مانگەکانی نیسان و مایس تێکڕای پلەی گەرمی (17.8- 24) پلەی سەدییە بەدوای یەکدا، دەبینین بەشێوەیەکی گشتی پلەی گەرمی ناوچەی لێکۆڵینەوە لە وەرزی بەهاردا بەردەوام بەرەو بەرزبوونەوە دەڕوات تا لەکۆتایی بەهاردا دەگاتە لوتکە و دەبێتەوە (30) پلەی سەدی، بەڵام تێکڕای بەرزترین و نزمترین پلەی گەرمییە بۆ وەرزی بەهار (18.2) پلەی سەدی یە، کە پلەیەکی گەرمی خوازراو و هاندەرە بۆ چالاکییە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکان. لەدوای کۆتایهاتنی بەهار و سەرەتای هاوین بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرما لە مانگەکانی وەرزی هاوین بەردەوام دەبێت تا لە کۆتایی هاویندا لە مانگی ئاب دەگاتە لوتکە، کە (40.5) پلەی سەدی یە وەکو بەرزترین پلەی گەرمی لە وەرزی هاویندا، وە (27) پلەی سەدی وەکو نزمترین پلەی گەرمی تۆمارکراوە، لەگەڵ ئەوەی تێکڕای پلەی گەرمی تۆمارکراو لەوەرزی هاویندا (32.5) پلەی سەدی یە، کە دەتوانرێت سودی لێوەربگیرێت لە بەجێگەیاندنی چالاکییە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییە هاوینەییەکان.

لەدوای تۆمارکردنی بەرزترین پلەکانی گەرما لە وەرزی هاویندا پلەی گەرما بەرەو نزمبونەوە دەچێت لە سەرەتای وەرزی پایزدا لە مانگی ئەیلول، دەتوانین بڵێین مانگی ئەیلول هاوشێوەی مانگی حوزەیرانە (سەرەتای هاوین) تەنها ئەوەندە نەبێت مانگی حوزەیران بەنزیکەیی (1 - 1.8) پلەی سەدی بەرزترە، چونکە لە مانگی ئەیلول تێکڕای بەرزترین پلەی گەرمی (35.7) پلەی سەدی یە، تێکڕای نزمترین پلەی گەرمی (21.9) پلەی سەدییە، نزمبوونەوەی پلەی گەرمی بەردەوام دەبێت تا لەکۆتایی وەرزی پایزدا کە مانگی تشرینی دووەمە تێکڕای بەرزترین پلەی گەرمی (19.2) پلەی سەدی یە، وەتێکڕای نزمترین پلە (8.9) پلەی سەدی یە، لێرەدا دەبینین لەناوچەی لێکۆڵینەوە کۆتا مانگی وەرزی

پایز پلەی گەرمیەکەی نزیکە لە یەکەم مانگی بەهار، کە مانگی ئازارە بە شیوەیەک (1 - 1.2) پلەی سەدی جیاوازیان هەیە و ئەم مانگە گەرمترە لە مانگی ئازار، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی تێکڕایی پلەی گەرمی وەرزی پایز (21.8) پلەی سەدی یە، دووبارە دەتوانین بلێین پلەی گەرمی وەرزی پایز لەگەڵ وەرزی بەهار جیاوازییەکەیان کەمترە لە (5) پلەی سەدی، هەروەک لە پێشتر ئاماژەمان پێدا تێکڕای پلەی گەرمی وەرزی بەهار (18) پلەی سەدییە.

پلەی گەرمی لە وەرزی زستان لە نزمبوونەوە بەردەوام دەبێت بە شێوەیەک مانگی کانونی دووەم نزمترین پلەکانی گەرمای ساڵی تێدا تۆمار کراوە کە تێکڕای بەرزترین پلەی گەرمی (11.1) پلە بووە و نزمترین پلەی گەرمی (2.4) پلە بووە، بەڵام لە کۆتا مانگی وەرزی زستان پلەکانی گەرما بەرزبوونەوە بە خۆیانەوە دەبینن، کە تێکڕای بەرزترین پلەی گەرمی دەگاتە (13.3) پلە سەدی و نزمترین پلەی گەرمی دەگاتە (4.1) پلەی سەدی، بەڵام سەرەڕای ئەم بەرزبوونەوەیە تێکڕای پلەی گەرمی لەسەر ئاستی وەرزی زستان هەر بە نزمی دەمێنێتەوە لە (8.3) پلەی سەدیدا، لە پاش شیکردنەوەی داتا و زانیارییەکانی تایبەت بە ناوچەی لێکۆڵینەوە هەر چوار وەرزی ساڵ زۆر بەڕوونی لە ناوچەی لێکۆڵینەوە دەردەکەوێت، کە ئەمەش دەتوانرێت سودی لێ ببینرێت یان وەکو فاکتەرێکی کاریگەر دابنرێت بۆ فرە جۆرکردنی چالاکییە گەشتیارییەکان لە ناوچەی لێکۆڵینەوە، دواجار ببێتە هاندەرێک بۆ بەجێگەیاندنی چالاکییە جۆربەجۆرەکانی گەشتیاریی بەپێی وەرزەکانی ساڵ، کە ئەم جیاوازی وەرزانەش یارمەتیدەرن بۆ ئەوەی تاک بتوانێت ئەزموونی چالاکییە خۆشگوزەرانیی و گەشتیارییە جیاوازەکان بکات بە پیی وەرزەکان کە لە کاتی دامەزراندنی دامەزراوە خزمەتگوزارییەکاندا دەبێت ئەم خاڵانە ڕەچاو بکرێت تا بتوانرێت لە هەموو وەرزەکاندا سوود لە خزمەتگوزارییەکان وەربگیرێت.

**ب. شێی ڕێژەیی :** واتا ڕێژەی سەدی بڕی هەڵمی ئاو لە هەوادا بەرامبەر ئەوپەڕی توانای هەوا بۆ هەڵگرتنی هەڵمی ئاو لە پلەیەکی گەرمی و پەستانێکی دیاریکراودا[1].

بەرزی ڕێژەی شێ و بەرزی پلەکانی گەرما کاریگەری گەورەی دەبێت لەسەر دیاردەکانی چڕبوونەوە و هەستکردنی مرۆڤ بە ئاسوودەیی ، کاریگەری تەواوی دەبێت لەسەر چالاکییە خۆشگوزەرانیی و گەشتیاریەکانی مرۆڤ[2]. خشتەی (4) شێی ڕێژەیی کە لەویستگەکانی کەشناسی تۆمارکراون پیشانئەدات لە شاری سلێمانیدا، بەرزترین ڕێژەی شێ لە مانگی (کانوونی دووەم ) دایە، کە ڕێژەکەی دەگاتە (69.1%) واتا لە وەرزی زستاندا ڕێژەی شێ بەرزە بەتێکڕایی لە بڕەکەی (66.5%) و لە وەرزەکانی بەهار و پایز ڕێژەی شێ مامناوەندە، هەروەک چۆن جیاوازیەکی کەم هەیە لەنێوانیان لە

---

[1] ئارام رضا عزالدين، کاریگەری ئاووهەوا لەسەر حەوانەوەی مرۆڤ (بەراوردێک لە نێوان قەزای چەمچەماڵ و قەزای پێنجوێن)، نامەی ماستەر، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی ڕاپەڕین، 2017، ل 87.
[2] صباح سعيد حسين، التنمية السياحية في المنطقة الجبلية بأقليم كردستان العراق، رسالة ماجستير (غير منشورة)، كلية الآداب، جامعة المنصور، 2014، ص26.

پلەی گەرمی، کە کەمترە لە (5) پلە سەدی ، بەهەمان شێوە جیاوازی نێوانیان بۆ شێی ڕێژەیی کەمە، بەشێوەیەک کەمترە (0.9%)، تێکرایی شێی ڕێژەیی بۆ وەرزەکانی بەهار و پایز ( 52.2%) و (44.4%)بەدوای یەکدا. وە لە وەرزی هاویندا ڕێژەی شێ دەگاتە کەمترین، لە مانگی (ئاب) دا کەگەرمترین مانگی ساڵە لە ناوچەی لێکۆڵینەوە تێکراییەکەی دەگاتە (25.65%) بەشێوەیەکی گشتی بەهۆی بەرزی پلەی گەرمی لەوەرزی هاویندا شێی ڕێژەیی کەمترین ئاست تۆماردەکات کە برەکەی دەکاتە (26.5%)، چونکە هەتا پلەی گەرمی بەرز بێت ڕێژەی شێ دادەبەزێت، جگە لەمەش هیچ ڕووبەرێکی ئاویی لە ناوچەکەدا نییە، کە یارمەتی بەرزبوونەوەی ڕێژەی شێ بدات لە وەرزی هاویندا.

خشتەی (4)


تێکرایی مانگانەی شێی ڕێژەیی (بەرزترین، نزمترین، تێکرا) لەناوچەی لێکۆڵینەوە (2005-2019)

| مانگ / پلەی گەرمی | ئازار | نیسان | مایس | حوزەیران | تەمموز | ئاب | ئەیلول | تشرینی یەکەم | تشرینی دووەم | کانونی یەکەم | کانونی دووەم | شوبات |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بەرزترین | 75.9 | 73.2 | 58.6 | 39.3 | 36.0 | 36.3 | 44.0 | 59.1 | 74.5 | 79.7 | 84.9 | 82.9 |
| نزمترین | 41.3 | 38.1 | 26.3 | 16.5 | 15.8 | 14.8 | 17.4 | 28.9 | 42.5 | 48.9 | 53.2 | 49.6 |
| تێکرا | 58.6 | 55.6 | 42.4 | 27.9 | 25.9 | 25.6 | 30.7 | 44.0 | 58.5 | 64.3 | 69.1 | 66.3 |
| تێکرای وەرزی | 52.2 | | | 26.5 | | | 44.4 | | | 66.5 | | |
| وەرزەکان | بەهار | | | هاوین | | | پاییز | | | زستان | | |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە : حکومەتی هەرێمی کوردستان وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن، بەڕێوەبەرایەتی کەشناسی سلێمانی، زانیاری بڵاونەکراوە

شێوەی (3)

تێکرایی مانگانەی شێی ڕێژەیی (بەرزترین، نزمترین، تێکرا) لەناوچەی لێکۆڵینەوە(2005-2019)




سەرچاوە : کاری توێژەر بە پشتبەستن بە : خشتەی (4)

وەک لە پێشدا ئاماژەی پێدراوە، کە گەرمی و شێ پێکەوە هاوبەشن لە دەستەبەرکردنی ئاووهەوایەکی گونجاو بۆ چالاکییە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکان، بۆیە پێویستە باس لە پەیوەندی نێوانیان و کاریگەرییان لەسەر پشوودانی مرۆڤ بکەین، کە بەشێوەیەکی گشتی بەرزی پلەکانی گەرما بە نەخوازراو دادەنرێت بۆ چالاکیەکان، بەڵام ئەگەر لەگەڵ بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی ڕێژەی شێ بەرزبێت ئەوا لەو کاتەدا ئاو و هەوایەکی نەویستراوە و مرۆڤ تێیدا ناتوانێت هیچ جۆرە چالاکیەکی تێدا ئەنجام بدات، چونکە شێی ڕێژەی و پلەی گەرما هاوبەشی دەکەن لە کاریگەری نێگەتیڤانە لەسەر مرۆڤ، مرۆڤ لە هەوای وشکدا ئەگەرچی پلەی گەرمی بەرزیش بێت هەست بە گەرما بوون ، یان ماندوبوون ناکات ئەگەرچی پلەی گەرمی بگاتە (40) پلەی سەدی، بەڵام لە پلەی گەرمی (30) پلە تێربوو بە شێ ئەوا مرۆڤ هەست بە ماندوبوون دەکات وە گەرمای دەبێت، چونکە گەر شێی هەوا بەرز بێت ئەوا بە هەڵمبوونی ئاو لەسەر پێستی مرۆڤ ڕوودەدات و ئەمەش کاریگەری هەیە لەسەر هاوسەنگی گەرمی لەش[1]، پەیوەندی نێوان پلەی گەرمی و شێ کاریگەرییان لەسەر ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ و چالاکی و پشوودان هەیە، هەربۆیە ئەم دوو هۆکارە بوونەتە جێگەی بایەخی زۆرینەی توێژەران بە ئامانجی گەیشتن بە گونجاوترین جۆری کەش و هەوا بۆ حەوانەوە و تەندروستی مرۆڤ[2].

لەم بارەیەوە سوم(Thom) بە پشتبەستن بەهەردوو ڕەگەزی پلەی گەرمی و ڕێژەی شێ، هاوکێشەکەی بە پێوەرێکی باش دادەنرێت بۆ دیاریکردن و دەرخستنی ئاستی ئاووهەوایەک، کە مرۆڤ تێیدا هەست بە حەوانەوە و پشوو بکات لەناوچەیەکی دیاریکراودا یان بەپێچەوانەوە[3]، هاوکێشەکەی (ثوم) بریتییە لەپەیوەندی نێوان پلەی گەرمی و شێ وەک لەخوارەوە خراوەتەڕوو[4]:

$$THI(Di) = T - 0.55\,(1 - H)\,(T - 14.5)$$

بەشێوەیەک:

T: پلەی گەرمی بەپلەی سەدی

H: ڕێژەی شێ.

(Thom) لە ڕێگای هاوکێشەکەی و لەسەربنەمای بەهای ئەنجامەکەی چەند ئاستێکی داناوە بۆ ئاووهەوای ئارام بەخش بۆ مرۆڤ وە ئەو پلەیەی کە تێیدا گەشتیار هەست بە پشوو دەکات و گونجاوە لە نێوان (15 - 16)، وە ئەوپەڕی پشوو ئارامی لە نێوان (15 - 20) داناوە، وە بەهای پارسەنگی پشووی

---

[1] شیروان عمر رشید، بنەما جوگرافیەکانی پەرەپێدانی گەشتوگوزار لە پارێزگای سلێمانیدا، سەرچاوەی پێشوو، ل 75.
[2] محمد وتمان محمد، بنەما جوگرافیەکانی پلاندانانی گەشتیاری لە قەزای شارباژێر(لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای گەشتوگوزاری)، سەرچاوەی پێشوو، ل 37.
[3] ئارام رضا عزالدین، کاریگەری ئاووهەوا لەسەر حەوانەوەی مرۆڤ (بەراوردێک لە نێوان قەزای چەمچەماڵ و قەزای پێنجوێن)، سەرچاوەی پێشوو، ل 45.
[4] د.محمد ابو الحسن القاسم مختار، تطبیق قرینة ثوم الحراریة علی راحة الانسان في مدینة الاحساء بلمملکة العربیة السعودیة، المجلة العلمیة لجامعة امام المهدي، العدد (10)، 2017، ص 255.

کەمتر لە (11.9) کە یەکەم ئاستە، بە ئاوو هەوایەکی زۆر بێزارکەر داناوە، لەکاتێکدا کۆتا ئاست بەهای پارسەنگی پشوو (25) و زیاتر بێت بە ئاوو هەوایەکی خنکێنەر کە زیانی هەیە بۆ گەشتیاران پۆلێنکردووە، تەواوی ئاست و پۆلێنەکان لە خشتەی (5) خراوتەڕوو.

خشتەی (5)

سنووری پۆلێنسازی پێنوێنی (قرینة) تۆم بۆ پشوودانی مرۆڤ

| بەهای THI(DI) | جۆری پشوو |
|---|---|
| کەمتر لە 11.9 | نەبوونی پشوو (زۆر سارد) |
| 12 بۆ 14 | نەبوونی پشوو (ساردتر) |
| 14.1 بۆ 14.9 | نەبوونی پشوو (سارد) |
| 15 بۆ 16 | پشووی نموونەیی |
| 16.1 بۆ 18 | پشوو |
| 18.1 بۆ 20 | تا ڕادەیەک پشوو |
| 20.1 بۆ 23 | نەبوونی پشوو (تا ڕادەیەک گەرم ) |
| 23.1 بۆ 25 | نەبوونی پشوو (گەرم ) |
| 25 و زیاتر | نەبوونی پشوو (زۆر گەرم ) |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە :انعام عبدالصاحب محسن الياسري. "اثر المناخ على راحة الانسان في محافظة القادسية." مجلة اوروك للعلوم الانسانية المجلد الثالث، العدد الثاني، 2010، ص150.

بۆدیاریکردن و دەرخستنی ئاووهەوای ناوچەی لێکۆڵینەوە بەپێی مانگ و وەرز لە ڕووی ڕەگەزەکانی گەرمی و شێ، کە ئایا دەکەوێتەژێر کام پۆلێن و ئاست بەبەراورد بەخشتەی ئاست و پۆلێنەکانی (ثوم) دەبێت هاوکێشەکەی بەسەردا جێبەجێ بکەین. لەپاش جێبەجێکردنی هاوکێشەکەی ثوم بەپشتبەستن بە داتاکانی وێستگەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە بۆ هەردوو ڕەگەزی ئاووهەوای ناوچەکە (پلەی گەرمی و شێی ڕێژەیی)، ئەنجامی پارسەنگی پشوو بەپێی هاوکێشەکەی (ثوم) بۆ گشت مانگەکانی ساڵ لە خشتەی (6) خراوەتە ڕوو، وەک دیارە مانگەکانی وەرزی زستان (کانونی یەکەم، کانونی دووەم و شوبات ) دەکەونە ژێر پۆلێنی " نەبوونی پشوو (زۆر سارد)" بەبەهای پارسەنگی پشوو (10.4)، (8.1)، (9.8) بەدوای یەکدا بۆ هەرمانگێکیان، مانگەکانی وەرزی هاوینیش بە هەمان شێوە هەرێمێکی ئاووهەوایی گەرمیان هەیە و مرۆڤ تیایدا هەست بەحەوانەوە و پشوو ناکات بەهۆی بەرزی پلەی گەرمیەوە، جۆری پشوو لەمانگی حوزەیران بریتیە لە" نەبونی پشوو(گەرم )" چونکە بەهای پارسەنگی پشوو تیایدا بەرزە کە بریتییە لە (24) وە مانگەکانی دیکەی وەرزی هاوین زیاتر گەرمن بۆیە بەهاکە زیاتر دەبێت بەشێوەیەک مانگی تەمموز (25.8) مانگی ئاب (25.9) وە پۆلێنی هەردوو مانگەکە دەکەوێتە ژێر پۆلێنی " نەبوونی پشوو (زۆر گەرم )".

خشتەی(6)

ئەنجامی جێبەجێکردنی پێنوێنی (قرینة) تۆم لەسەر ناوچەی لێکۆڵینەوە

| مانگ | ئازار | نیسان | مایس | حوزەیران | تەمموز | ئاب | ئەیلول | تشرینی یەکەم | تشرینی دووەم | کانونی یەکەم | کانونی دووەم | شوبات |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بەهای THI(DI) | 13.3 | 17 | 21 | 24 | 25.8 | 25.9 | 23.3 | 20 | 14.2 | 10.4 | 8.1 | 9.8 |
| جۆری پشوو | نەبوونی پشوو (ساردتر) | پشوو | نەبوونی پشوو(تا ڕادەیەک گەرم) | نەبوونی پشوو (گەرم) | نەبوونی پشوو (زۆر گەرم) | نەبوونی پشوو (زۆر گەرم) | نەبوونی پشوو (گەرم) | تا ڕادەیەک پشوو | نەبوونی پشوو (سارد) | نەبوونی پشوو (زۆر سارد) | نەبوونی پشوو (زۆر سارد) | نەبوونی پشوو (زۆر سارد) |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە : داتاکانی خشتەکانی (3) و (4) و (5).

سەرەتای وەرزی بەهار مانگی ئازار بەهۆی نزمی پلەی گەرماوە دیسان مرۆڤ تاڕادەیەک ناتوانێت هەست بە حەوانەوەو پشوو بکات، بەشێوەیەک بەهای پارسەنگی پشوو(13.3) و دەکەوێتە ژێر پۆلێنی " نەبوونی پشوو (ساردتر)". بەڵام کەشی مانگی نیسان کەشێکی مامناوەند و خۆشی هەیە کە تیایدا مرۆڤ هەست بە حەوانەوەو پشوو دەکات پۆلێنەکەی بریتییە لە "پشوو" هەربۆیە بەهاکەی بریتییە لە (17)، کۆتا مانگی وەرزی بەهار کە مانگی (مایس)ە، بەهەمان شێوەی مانگەکانی وەرزی هاوین مرۆڤ تیایدا هەست بە پشوو ناکات بەهۆی بەرزی پلەی گەرمیەوە، کە بەهای پارسەنگی پشوو بریتییە لە (21) وە دەکەوێتە ژێر پۆلێنی "نەبوونی پشوو تاڕادەیەک گەرم"، بەڵام وەکو وەرزەکانی هاوین بێزارکەرنیە و مرۆڤ تیایدا زیاتردەتوانێت تاڕادەیەک پشووبدات بەبەراورد بە مانگەکانی وەرزی هاوین، هەربۆیە بەهای پارسەنگەکەشی نزیکە لە بەهای پۆلێنی پشوو، کە تەنها یەک نمرە بەرزترە. سەرەتای وەرزی پایز لەناوچەی لێکۆڵینەوە، کە مانگی (ئەیلول)ە مرۆڤ تیایدا هەست بە پشوو ناکات بەهۆی بەرزی پلەکانی گەرماوە بۆیە بەهای پارسەنگی پشوو بەرزدەبێت، کە (23.3)، وە پۆلێنەکەی دەکەوێتە ژێر پۆلێنی " نەبوونی پشوو (گەرم )" بەهەمان شێوەی یەکەم مانگی وەرزی هاوین، بەڵام مانگی دووەمی وەرزی پایز (تشرینی یەکەم) مرۆڤ هەست بە حەوانەوەیەکی ڕێژەیی دەکات تیایدا وە پۆلێنی کەش و هەواکەی دەکەوێتە ژێر پۆلێنی " تاڕادەیەک پشوو " بەبەهای (20)، بەڵام بەهۆی نزمبوونەوەی پلەکانی گەرما کۆتا مانگی وەرزی پایز (تشرینی دووەم) پۆلێنەکەی بریتییە لە " نەبوونی پشوو (سارد)" بەبەهای (14.2). لە خشتەکەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە تێکڕای بەهای پارسەنگی پشوو لە کەژی گەشتیاریی لە مانگی (ئازار تا ئەیلول) بریتییە لە (21.1) کە بەبەراورد بە خشتەی (5)، کەتایبەتە بە

پۆلێنکردنی بەهای پارسەنگی پشوو کە ئەنجامی هاوکێشەکەی (Thom)، تاڕادەیەکی زۆر شیاوە بۆ ئەنجامدانی چالاکییە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکان، مرۆڤ تاڕادەیەک هەست بە پشوودەکات.

**ج. با :** بایەکان یەکێکن لە ڕەگەزە ئاووهەواییە کاریگەرەکان لەسەر مرۆڤ لەڕووی هەستکردنی بە ئاسودەیی و بێزاریی، ئەمەش بەپێی جۆری بایەکە، ئایا شنەبایەکی فێنک و پاکە یاخود ڕەشەبایە، کە تۆز و خۆڵی لەگەڵدایە، جوڵەی هەوا کاریگەری گەورەی هەیە لەسەر هەستی مرۆڤ بە دۆخی کەشوهەوا، ئەگەر کەش سارد بوو ئەوا جوڵەی با کاردەکاتە سەر دابەزاندنی زیاتری پلەی گەرمی لەش و کەسەکە زیاتر هەست بە سەرما دەکات، وە هەروەها لە کاتی وەرزی گەرمادا ئەگەر پلەی گەرمی هەوا کەمتر بوو لە (33) پلەی سەدی ئەوا جوڵەی هەوا دەبێتە هۆی دابەزاندنی پلەی گەرمی بەهۆی بەهەڵمبوونی ئەو ئارەقەی کە جەستەی مرۆڤ دەریدەدات بەمەش دەبێتە هۆی هەستکردن بە فێنکی هەواکە، بەڵام ئەگەر پلەی گەرمی هەوا لە (33) پلە بەرزتر بوو ئەوا جوڵەی با کاردەکاتە سەر بەرزکردنەوەی زیاتری گەرمی لەش کە ئەمەش وادەکات کە مرۆڤ زیاتر هەست بە بێزاری بکات[1].

لەبەر ئەم هۆکارانەیە کە بایەکان بە ڕەگەزێکی کاریگەر لەسەر چالاکییە خۆشگوزەرانیی و گەشتیارییەکان دادەنرێن، باشترین جۆری هەڵکردنی با لە جۆری ( شنەبا)یە، کەخێراییەکەی لە نێوان (0.3 – 1.5)م/چرکەیە، با (شنەبای هێواش)، کە خێراییەکەی لە نێوان (1.6 – 2.3) م/چرکە دایە، شنەبای خۆش وئارامبەخش کە خێراییەکەی لە نێوان (3.4 – 5.5) م/چرکە دایە[2].

خێرایی با لە ناوچەی لێکۆڵینەوە لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی دیکە جیاوازە وەک لە خشتەی (7) بۆمان ڕووندەبێتەوە، کە بەرزترین خێرایی با لە ناوچەی لێکۆڵینەوە دەکەوێتە وەرزی هاوین کە تێکڕای خێرایەیکەی دەگاتە (1.6م/چرکە). دوابەدوای وەرزی هاوین وەرزی بەهار دێت لە ڕووی خێرایی باوە، کە تێکڕای خێرایی با لەم وەرزەدا دەگاتە (1.32م/چرکە)  لە کاتێکدا نزمترین خێرایی با لە وەرزی زستاندایە، کە تێکڕای خێراییەکەی دەگاتە (1.02 م/چرکە)، بەڵام لەوەرزی پاییزتێکڕای خێرای با (1.11م/ چرکە) یە. ئەوەی تێبینی دەکرێت جیاوازییەکی زۆر بەدیناکرێت لە خێرایی با لە نێوان وەرزەکانی ساڵ لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا، وە خێرایی با لە هەموو وەرزەکانی ساڵدا جگە لەوەرزی هاوین ،خێراییەکی گونجاوە، چونکە دەکەوێتە نێوان ئاستی (0.3- 1.5 م/ چرکە)، کە شنەبایە، وەک لە پێشەوە ئاماژەمان پێداوە ئەم جۆرە بایە گونجاوە بۆ ئەنجامدانی چالاکییە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکان، هەروەها تێکڕای خێرایی با لە کەژی گەشتیاریدا کە ئەم کەژە دەکەوێتە نێوان مانگەکانی (ئازار تا ئەیلول)

---

[1] ئامانج جلال احمد، شیکردنەوەی جوگرافی بۆ توانستەکانی گەشەپێدانی گەشتوگوزار لە قەزای دوکان، سەرچاوەی پێشوو، ل .72

[2] محمد وتمان محمد، بنەما جوگرافیەکانی پلاندانانی گەشتیاری لە قەزای شارباژێر ( لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای گەشتوگوزار)، سەرچاوەی پێشوو، لا 41-42.

دەکاتە (1.42م/چرکە)، کە دەکەوێتە نێوان هەمان ئاستی شنە با، کە گونجاوە بۆ ئەنجامدانی چالاکیە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکان.

خشتەی (7)

تێکڕایی مانگانەی خێرایی با(مەتر/چرکە)، (بەرزترین، تێکڕا) لەناوچەی لێکۆڵینەوە (2005-2019)


| مانگ / خێرایی با | ئازار | نیسان | مایس | حوزەیران | تەمموز | ئاب | ئەیلول | تشرینی یەکەم | تشرینی دووەم | کانونی یەکەم | کانونی دووەم | شوبات |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| **بەرزترین** | 11.8 | 8.7 | 11.6 | 8.5 | 8.7 | 6.4 | 7.8 | 7.2 | 10 | 9 | 8 | 11.8 |
| **تێکڕا** | 1.41 | 1.26 | 1.3 | 1.72 | 1.63 | 1.44 | 1.21 | 1.14 | 0.97 | 0.87 | 1.05 | 1.13 |
| **تێکڕای وەرزی** | 1.32 | | | 1.6 | | | 1.11 | | | 1.02 | | |
| **وەرزەکان** | بەهار | | | هاوین | | | پایز | | | زستان | | |
| **ساڵانە** | 1.26 | | | | | | | | | | | |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە : حکومەتی هەرێمی کوردستان وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن، بەڕێوەبەرایەتی کەشناسی سلێمانی، زانیاری بڵاونەکراوە

وە تێکڕایی ساڵانەی خێرایی با لە ناوچەی لێکۆڵینەوە (1.26م/چرکە) یە، کە ئەمەش لە ڕووی گەشتیارییەوە خێراییەکی پەسەندە و یارمەتی بەئەنجامگەیاندنی چالاکییەکان دەدات لە ناوچەکەدا. بۆیە دەتوانین بڵێین، کە خێرایی با لە ناوچەی لێکۆڵینەوە خێراییەکی گونجاوی هەیە و لە ئاستی ئەو خێراییانە دەوەستێت، کە لەلایەن شارەزایانی بواری گەشتوگوزاری دانراوە.

شێوەی (4)

تێکڕایی مانگانەی خێرایی با(مەتر/چرکە)، (بەرزترین، تێکڕا) لەناوچەی لێکۆڵینەوە (2019-2005)




سەرچاوە : کاری توێژەر بە پشتبەستن بە : خشتەی(7).

با، وەک فاکتەرێکی گرنگ وکاریگەر لەسەر چالاکییە گەشتیارییەکان و حەوانەی مرۆڤ ڕۆڵێکی گەورەی هەیە، هەروەک چۆن زانایان (سیڵ و بازڵ) لە ساڵی 1945 بە پشتبەستن بە خێرایی با و پلەی گەرمی هاوکێشەیەکیان دانا تایبەت بە ئاماژەی ساردکردنەوەی با، بەم شێوەیەی لای خوارەوە[1]:

**$K=(10\sqrt{V}+10.45-V)(33-T)$**

**K: توانای با بۆ ساردکردنەوە بە (کیلۆ گەرمۆلە/م2 /کاتژمێر)**

**V: خێرایی با (مەتر/چرکە)**

**T: پلەی گەرمی هەوا بەپلەی سەدی**

**33: ناوەندی گەرمی جەستەی دانەپۆشراو (ڕووت) بەپلەی سەدی**

زانایان (سیڵ و بازڵ) بەمەبەستی هەڵسەنگاندن و بەراوردکردن ئەنجامی هاوکێشەکەیان دابەشکردووە بۆ چەند ئاستێک، بەجۆرێک کەمترلە (سفر) گەرمۆلە/م٢/کاتژمێر واتە ئەنجامی هاوکێشەکە نرخێکی نەرێنی هەبوو، پۆلێنکردووە بە "گەرمی لەڕادەبەدەر" وەک نزمترین ئاست، وە بەرزترین

[1] ڕێباز لقمان مصطفی، توانستە جوگرافییەکانی پلاندانان و گەشەپێدانی گەشتوگوزار لە قەزای پێنجوێن بە بەکارهێنانیGIS، سەرچاوەی پێشوو، لا 44،43.

ئاست، کە نرخەکەی لە (600) گەرمۆلە /م$^2$/کاتژمێر زیاتربێت بەشێوەیەکی لە ڕادەبەدەر سارده، تەواوی پۆلێنەکان و ئاستەکانی دیکە لە خشتەی(8) خراوەتە ڕوو.

خشتەی (8)

پۆلێنکردنی جۆری هەستکردن بەبەراورد بە ئاماژەی ساردکردنەوەی با

| بەهای ئاماژەکە | جۆری هەستکردن |
|---|---|
| کەمتر لە 0 | گەرمی لە ڕادەبەدەر |
| 0 بۆ 49 | زۆر گەرم |
| 50 بۆ 99 | گەرم |
| 100 بۆ 199 | فێنک و خۆش تا ڕادەیەک گەرم |
| 200 بۆ 299 | فێنک و خۆش |
| 300 بۆ 399 | فێنک و خۆش تا ڕادەیەک سارد |
| 400 بۆ 499 | سارد |
| 500 بۆ 599 | زۆرسارد |
| 600 و زیاتر | ساردی لە ڕادە بەدەر |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە : انعام عبدالصاحب محسن الیاسري. "اثر المناخ على راحة الانسان في محافظة القادسية." مجلة اوروك للعلوم الانسانية المجلد الثالث، العدد الثاني، 2010، ص150-151.

بۆ دەرخستنی ئاستی توانای ساردکردنەوەی با لە ناوچەی لێکۆڵینەوە پێویستە هاوکێشەکەی (سپل و بازل) جێبەجێ بکەین بەپشتبەستن بە داتاکانی پلەی گەرمی و خێرایی با، کە لە خشتەکانی ژمارە (3) و (7) ئاماژەیان پێکراوە، خشتەی(9) ئەنجامی بەهای ئاماژەی ساردکردنەوەی با لە ناوچەی لێکۆڵینەوە دەخاتەڕوو لەپاش جێبەجێکردنی هاوکێشەکەی (سپل و بازل)، بەسەرنجدان لە خشتەکە دەبینین مانگەکانی زستان کانونی دووەم بەرزترین بەهای هەیە، کە بڕەکەی (515.4)ە دەچێتە ژێر پۆلێنی "زۆرسارد" ، وە کانونی یەکەم (446.8) و شوبات(485.2)دەکەونە ژێر پۆلێنی "سارد" بەهەمان شێوەی مانگی ئازار کە سەرەتای وەرزی بەهارە وە بەهاکەی (418.8). وە مانگەکانی نیسان و مایس بەپێی ئەنجامی ئەم هاوکێشەیە لەمانگە خۆشەکانی سال هەژماردەکرێن لەڕووی کەشوهەواوە چونکە مانگی نیسان دەکەوێتە ژێر پۆلێنی "فێنک و خۆش تاڕادەیەک سارد" بە بەهای (310.2) وە مانگی مایس دەکەوێتە ژێر پۆلێنی " فێنک و خۆش تاڕادەیەک گەرم " بەهۆی کەمێک بەرزبونەوەی پلەی گەرمی لەم مانگەدا بەهاکەی (185.8)ە. وەرزی هاوین مانگەکانی تەموز و ئاب بەهۆی بەرزی تێکڕایی پلەی گەرمی تیایاندا بەهای ساردکەرەوە نرخەکەی لە خوار سفرەوەیە، دەکەوێتە پۆلێنی "گەرمی لە ڕادەبەدەر"ەوە. لەکاتێکدا مانگی حوزەیران ( 58.8) دەچێتە ژێر پۆلێنی "گەرم"، بەهەمان شێوەی مانگی ئەیلول سەرەتای وەرزی پایز بەهاکەی (85.4) ە، وە مانگی تشرینی یەکەم (211.3)، تێکڕای پلەی

گەرمی تاڕادەیەک مامناوەندیی هەیە دەکەوێتە ژێر پۆلێنی " فێنک و خۆش ". مانگی تشرینی دووەم (365.9) دەکەوێتە ژێرپۆلێنی " فێنک و خۆش تا ڕادەیەک سارد ".  هەرچی کەژی گەشتیارییە (ئازار- ئەیلول) تێکڕایی بەهای گشت مانگەکان دەکاتە (147.2) کە دەکەونە ژێر پۆلێنی "فێنک و خۆش تاڕادەیەک گەرم" ەوە

خشتەی (9)

بەهای ئاماژەی پۆلێنکردنی جۆری هەستکردن بەبەراورد بە ئاماژەی ساردکردنەوەی با بەجێبەجێکردنی یاسای (سپڵ و بازڵ) لەسەر ناوچەی لێکۆڵینەوە

| مانگ | ئازار | نیسان | مایس | حوزەیران | تەمموز | ئاب | ئەیلول | تشرینی یەکەم | تشرینی دووەم | کانونی یەکەم | کانونی دووەم | شوبات |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بەهای ئاماژەکە | 418.8 | 310.2 | 185.8 | 58.8 | -12.9 | -15.1 | 85.4 | 211.3 | 365.9 | 446.8 | 515.4 | 485.2 |
| جۆری هەستکردن | سارد | فێنک و خۆش تا ڕادەیەک سارد | فێنک و خۆش تا ڕادەیەک گەرم | گەرم | گەرمی لەڕادەبەدەر | گەرمی لەڕادەبەدەر | گەرم | فێنک و خۆش | فێنک و خۆش تا ڕادەیەک سارد | سارد | زۆر سارد | سارد |
| وەرزەکان | بەهار | | | هاوین | | | پایز | | | زستان | | |
| تێکڕای وەرزی | 304.94 | | | 10.26 | | | 220.86 | | | 482.48 | | |
| جۆری هەستکردن | فێنک و خۆش تا ڕادەیەک سارد | | | زۆر گەرم | | | فێنک و خۆش | | | سارد | | |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە : داتاکانی خشتەکانی (3) و (7)

**د. دابارین :**دابارین بەرەگەزێکی گرنگی ڕەگەزەکانی ئاووهەوا دادەنرێت، کە کاریگەرییەکی زۆر و بەرچاوی هەیە لەسەر ژیانی تاک، هەموو دیاردەکانی چڕبوونەوە و دابارین (تەم و هەور و باران و تەرزە) جگە لە بارینی بەفر کاریگەری نەرێنیان هەیە لەسەر چالاکیە خۆشگوزەرانیی و گەشتیارییەکان، چونکە هەور تیشکی خۆر دەشارێتەوە و تەمیش ڕادەی بینین کەمدەکاتەوە، کە ئەمەش هەندێک جار دەبێتە هۆی ڕووداوی هاتوچۆی دڵتەزێن، باران و تەرزەش هۆکارن بۆ ڕێگرتن لە ئەنجامدانی چالاکییە خۆشگوزەرانیی و گەشتیارییەکان، لە کاتێکدا دابارینی بەفر بە هۆکارێکی ئەرێنی دادەنرێت لە ڕاکێشانی گەشتیاراندا کە چالاکییە زستانەییەکان زۆربەی بە پلەی یەکەم پشتدەبەستێت بە دابارینی بەفر و

کەڵەکەبوونی بەفرەکە، لە نموونەشیان یاری خلیسکانی سەر سەهۆڵ و چێژوەرگرتن لە دیمەنی جوان و یاریکردن لە ناو بەفر[1].

شاری سلێمانی هەموو جۆرەکانی دابارین تێیدا دەردەکەوێت کە دیارترینیان بارانە، کۆی بڕی بارانبارین لە ناوچەی لێکۆڵینەوە دەگاتە (703.4 ملم) بۆ ساڵێک، کە بڕەکەی جیاوازە بە پێی وەرزەکان زۆرترین بڕی بارانبارین لەوەرزی زستاندایە، کە دەگاتە (346.1 ملم) بەنزیکەیی ڕێژەی نیوەی کۆی بارانبارین پێکدەهێنێت، هەروەک لە خشتەی(10) دەردەکەوێت بەرزترین ڕێژەی بارانبارین لەم وەرزەدا دەکەوێتە مانگی (شوبات)، کە ڕێژەکەی دەگاتە (127.8ملم)، وەرزی بەهار بە پلەی دووەم دێت کە بڕی بارانبارین لەم وەرزەدا دەگاتە (229.2ملم)، بەرزترین ڕێژەی بارانبارین لەم وەرزەدا دەکەوێتە مانگی (ئازار)، کە ڕێژەکەی دەگاتە (109.2ملم)، وەرزی پایز بە پلەی سێیەم دێت کە بڕی بارانبارین بۆ ئەم وەرزەش دەگاتە (127.3ملم)، بەرزترین ڕێژەی باران بارین لەم وەرزەدا دەکەوێت مانگی (تشرینی دووەم )، کە ڕێژەکەی دەگاتە (80.9ملم)، هەرسێ وەرزەکە پێکەوە کۆی بارانبارینی ساڵانە پێکدەهێنێت، بەڵام وەرزی هاوین بارانبارین نییە یاخود ئەوەندە کەمە، کە جێگای ئاماژە بۆ کردن نییە، چونکە تێکڕای بڕی بارانبارین لە وەرزی هاویندا بە پشتبەستن بە داتاکانی نێوان ساڵانی (2005-2019) تەنها (0.8ملم) ئەم ڕێژەیەش ئەوەندە کەمە کە جێگای بایەخ و پشتپێبەستن نییە لە ناوچەی لێکۆڵینەوە.

خشتەی (10)

تێکڕای مانگانە و وەرزانە و ساڵانەی بڕی بارانبارین بە ملم لە ناوچەی لێکۆڵینەوە لە نێوان ساڵانی (2005 -2019)

| وەرزەکان | مانگەکان | تێکڕایی بڕی باران بە (ملم) | کۆی بڕی باران بە (ملم) | کۆی بڕی باران بە (ملم) |
|---|---|---|---|---|
| **بەهار** | ئازار | 109.2 | **229.2** | **703.4** |
| | نیسان | 87.5 | | |
| | مایس | 32.5 | | |
| **هاوین** | حوزەیران | 0.8 | **0.8** | |
| | تەمموز | 0.0 | | |
| | ئاب | 0.0 | | |
| **پایز** | ئەیلول | 1.8 | **127.3** | |
| | تشرینی یەکەم | 44.6 | | |
| | تشرینی دووەم | 80.9 | | |
| **زستان** | کانونی یەکەم | 105.7 | **346.1** | |
| | کانونی دووەم | 112.6 | | |
| | شوبات | 127.8 | | |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە : حکومەتی هەرێمی کوردستان وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن، بەڕێوەبەرایەتی کەشناسی سلێمانی، زانیاری بڵاونەکراوە.2019.

[1] هەڵبەست عبدالرحمن توفیق، توانستە جوگرافیەکانی گەشەپێدانی گەشتوگوزاری لە قەزای مێرگە سوور، نامەی ماستەر(بڵاو نەکراوە)، کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی صلاح الدین، هەولێر، 2012، ل39.

ساڵانە بڕێکی کەم بەفر دەبارێت لە ناوچەکە هەروەک لە خشتەی (11) خراوەتەڕوو، کە جگە لە ڕاکێشانی سەرنجی گەشتیاری ناوخۆیی زیاترناتوانرێت پشتی پێببەسترێت بۆ چالاکییە دیارەکانی دیکەی سەر بەفر، کە دەکرێت سوودی لێوەربگیرێت بۆ ڕاکێشانی گەشتیاران بە تایبەتی گەشتیارانی ناوچەکانی ناوەڕاست و باشوری عێراق، چونکە لە ناوچەکانی خۆیان دیاردەی بەفر بارین نییە یان زۆر دەگمەنە.

خشتەی (11)
بڕی بەفری باریو بە (سم) لەگەڵ تێکڕای ساڵانە لە ناوچەی لێکۆڵینەوە بۆ ساڵەکانی (2008-2019)

| تێکڕایی ساڵانە | بڕی بەفر بە (سم) | ساڵ |
|---|---|---|
| 8.25 | 19 | 2008 |
| | 6 | 2009 |
| | 5 .7 | 2010 |
| | 4 | 2011 |
| | 12 | 2012 |
| | 9 | 2013 |
| | 2 | 2014 |
| | 35 | 2015 |
| | 12 | 2016 |
| | 11 | 2017 |
| | 0 | 2018 |
| | 13 | 2019 |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە : حکومەتی هەرێمی کوردستان وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن، بەڕێوەبەرایەتی کەشناسی سلێمانی، زانیاری بڵاونەکراوە.2019.

بۆ زیاتر هەڵسەنگاندنی ئاووهەوای ناوچەی لێکۆڵینەوە یەکێکی دیکە لە پێوەرە گرنگەکانی هەڵسەنگاندن بەکاردەهێنین ئەویش هاوکێشەی بێلی بۆ دیاریکردنی هەرێمە ئاووهەواییەکان بەکاردێت، کە تیایدا لەسەربنەمای کاریگەریی گەرمی چەند هەرێمێک و پۆلێنێکی جیاواز دیاریدەکات، کە دەستپێدەکات بە پلەی بەستن بەبەهای کەمتر لە (45.5)، وە بە F3 هێمادەکرێت، وە بەهای (56.1) بۆ (59.9) بە بە جۆرێکی نموونەیی پۆلێن دەکات بۆ پشوودانی مرۆڤ وە بەپۆلێنی "فێنک و خۆش" ناوی دەبات و هێماکانی C1 ,C2 بۆ دادەنێت، تەواوی پۆلێن و جۆرەکانی دیکە لە خشتەی (13) خراوەتەڕوو. بێلی لەسەربنەمای پەیوەندی نێوان تێکڕایی پلەی گەرمی گەرمترین مانگی ساڵ بەپلەی فەهرەنهایت (T’) و

تێکرایی پلەی گەرمی ساردترین مانگی ساڵ بەپلەی فەهرەنهایت (T'')  لەگەڵ جیاوزی نێوانیان ( D= t'-t'') هاوکێشەکەی داڕشتووە وەک لەخوارەوە خراوەتەڕوو[1]:

$$\mathbf{Et} = \frac{\mathbf{64.2} * \boldsymbol{t'} - \mathbf{50} * \boldsymbol{t''}}{\boldsymbol{D} + \mathbf{14.4}}$$ [2]

Et: کاریگەری گەرمی.

بۆ هەڵسەنگاندن و دیاریکردنی جۆری ئاو و هەوای ناوچەی لێکۆڵینەوە هاوکێشەی بێلی جێبەجێ دەکەین بەبەکارهێنانی داتاکانی وەگیراوتاییەت بەپلەی گەرمی لەپاش گۆڕینی بۆ فەهرەنهایت لە وێستگەکانی کەشناسی ناوچەی لێکۆڵینەوە، هەروەک چۆن لە خشتەی (12) خراوەتەڕوو.

خشتەی (12)

تێکڕای مانگانە و وەرزانەی پلەی گەرمی ناوچەی لێکۆڵینەوە بە پلەی سەدی و پلەی فەهرەنهایت لە نێوان ساڵانی (2005-2019)

| مانگ | ئازار | نیسان | مایس | حوزەیران | تەمموز | ئاب | ئەیلول | تشرینی یەکەم | تشرینی دووەم | کانونی یەکەم | کانونی دووەم | شوبات |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| پلەی سەدی | 13.0 | 17.8 | 24.0 | 30.3 | 33.6 | 33.7 | 28.8 | 22.4 | 14.1 | 9.3 | 6.8 | 8.7 |
| پلەی فەهرەنهایت | 55.3 | 64.0 | 75.1 | 86.6 | 92.5 | 92.7 | 83.8 | 72.4 | 57.4 | 48.8 | 44.2 | 47.6 |
| تێکڕایی بەپێی وەرزەکان | 64.8 | | | 90.6 | | | 71.2 | | | 46.9 | | |
| وەرزەکان | بەهار | | | هاوین | | | پایز | | | زستان | | |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە : داتاکانی خشتەی( 3)

-1 محمد "محمد زكريا" جبر أبو الليل، التحليل الجغرافي لدرجات الحرارة في الضفة الغربية دراسة تطبيقية باستخدامGIS ، رسالة ماجستير من قسم الجغرافيا بكلية الآداب في الجامعة الاسلامية بغزة- فلسطين،2012،ص110 و118.

[2] Dr. Ali Khair allah Rahim, "The effects of weather changes in some environmental diseases Al sader city as a sample", Route Educational & Social Science Journal Volume 6(3); February 2019,pp454-455.

بەهای کاریگەری گەرمی ناوچەی لێکۆڵینەوە لەپاش جێبەجێکردنی هاوکێشەکەی بێلی دەکاتە (59.47)، بەبەراورد بە خشتەی (13) ئاو و هەوای ناوچەی لێکۆڵینەوە دەکەوێتە ژێر پۆلێنی "فێنک و خۆش" کە بە C1 هێمادەکرێت، وە بە جۆرێکی نمونەیی ئاووهەوا هەژماردەکرێت بۆ حەوانەی مرۆڤ.

خشتەی (13)

ئاستەکانی کاریگەری گەرمی بە پێی پۆلێنی بێلی

| کاریگەری گەرمی | جۆری ئاو و هەوا | هێما |
|---|---|---|
| کەمتر لە 45.5 | پلەی بەستن | F3 |
| 45.5بۆ 47.5 | زۆرسارد | F2 |
| 47.5 بۆ 50 | سارد | F1 |
| 50 بۆ 51.4 | نیمچە سارد | E2 |
| 51.4 بۆ 52.9 | نیمچە سارد | E1 |
| 52.9 بۆ 54.4 | بەرەوساردبوون | D2 |
| 54.4 بۆ 56.1 | بەرەوساردبوون | D1 |
| 56.1 بۆ 58 | فێنک و خۆش | C2 |
| 58 بۆ 59.9 | فێنک و خۆش | C1 |
| 59.9 بۆ 62.1 | مامناوەند | B2 |
| 62.1 بۆ 64.4 | مامناوەند | B1 |
| 64.4 بۆ 69.4 | نیمجە گەرم | A3 |
| 69.4 بۆ 75.4 | گەرم | A2 |
| زیاتر لە 75.4 | زۆر گەرم | A1 |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە:1- محمد "محمد زكريا" جبر أبو الليل، التحليل الجغرافي لدرجات الحرارة في الضفة الغربية دراسة تطبيقية باستخدامGIS ، رسالة ماجستير من قسم الجغرافيا بكلية الآداب في الجامعة الاسلامية بغزة- فلسطين، 2012، ص110 و118.

2-Dr. Ali Khair allah Rahim, “The effects of weather changes in some environmental diseases Al sader city as a sample”, Route Educational & Social Science Journal Volume 6(3); February 2019,p454-455.

بە پشت بەستن بەئەنجامی هاوکێشە و پێوەرە نێودەوڵەتیەکان کە بەکارهێنراوە بۆ هەڵسەنگاندنی کەش و هەوای ناوچەی لێکۆڵینەوە ئەوە دەردەکەوێت کەش و ئاو و هەوای ناوچەی لێکۆڵینەوە زۆر لەبار و گونجاوە بۆ چالاکیە گەشتیاریەکان. وە گشت ئاماژەکان دەرخەری ئەوڕاستیەن کە دەتوانرێت وەبەرهێنانی گەشتیاری لەناوچەکەدا بکرێت بە سەرکەوتوویی بەهۆی لەباری و گونجاوی ئاو و هەوای ناوچەکەوە.

## 2. توانستە مرۆییەکان

### 1) تایبەتمەندی دانیشتوان

ڕەگەزی مرۆیی بە بنەمایەکی سەرەکی دادەنرێت لە دروستبونی داواکاری لەسەر خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانی و گەشتیارییەکان لە هەر ناوچەیەکدا، چونکە دامەزراندن و گەشەسەندنی خزمەتگوزارییەکان لە بنەڕەتدا پشت بە دانیشتوان دەبەستن، کە بوونی ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوان لە هەر ناوچەیەکدا بە هۆکاری کاریگەر دادەنرێت بۆ داواکاری لەسەر خزمەتگوزارییەکان و زیادبوون و گەشەسەندنیان[1].

لە کاتی پێشاندانی وێنەیەک لەسەر دانیشتوانی شاری سلێمانی، دەتوانین بڵێین ئەم شارە وەکو هەموو شارەکانی تری هەرێمی کوردستان ژمارەی دانیشتوانەکەی جێگیرنەبووە و گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە بە زیادبوون یان بە کەم بوون،نەتوانراوە ئامارێکی ورد بەدەستبخرێت لەسەر ژمارەی دانیشتوانی شارو گەشەکردنیان لەسەدەکانی پێشوودا، ئەویش بەهۆی سیاسەت و گرنگینەدانی دەسەڵاتدارانی پێشووی ئەو سەردەمە بۆ ئەنجامدانی سەرژمێریی دانیشتوان، سەرەڕای ئەم کۆسپانە شارە نوێیەکە لە ساڵانی سەرەتای تەمەنیدا گەشەسەندنێکی باشی بەخۆیەوە بینیوە لەڕووی ئاوەدانی و خزمەتگوزاری و کارگێرییەوە[2]، لە ساڵی (1830) دوای (36ساڵ) بەسەر دامەزراندنیدا وەک مستەر (ڕیچ) ئاماژەی پێداوە ژمارەی دانیشتوانی گەیشتە (10000کەس)[3]، ئەم گەشەسەندنەی دانیشتوان لەسەر یەک گووڕ نەڕۆیشت، ڕەوتەکەی هەندێک کۆسپی هاتەڕێ لە وانەش پەتای تاعوونەکەی ساڵی (1831)پەلاماری فارسەکان بۆ سەر شارەکە ساڵی (1841)، کە ئەم هۆکارانە وەک (جیمس فلکس جۆنس) لە ساڵی (1844) باسی دەکات بوونە هۆکاری ئەوەی دانیشتوانی شارەکە بگاتە نیوەی ئەو ژمارەیەی، کە (ڕیچ) لە ساڵی (1820) پێشبینی بۆ کرد[4]، بۆ جارێکی تر باری شاری سلێمانی ئاسایی بووەوە و ئاوەدان و فراوان بووژمارەی دانیشتوان ڕووی لە زیادبوون کرد، هەروەک لە دائیرەی مەعاریفی ئیسلامیدا هاتووە ژمارەی ئەو خێزانانەی کە لە شاری سلێمانیدا نیشتەجێبوون لە ساڵی (1868) بریتیبوون لە (6045 خێزان)، کە (6000خێزانیان) مسوڵمان و (30خێزان) مەسیحی و (15خێزانیش)جولەکە بوون، کە ژمارەی دانیشتوانی شارەکە لەم ساڵەدا (30000کەس) بووە، هۆکاری ئەم گەشەسەندنەش بایەخی ئیداریی شارەکە بوو، کە ببوە (سەنجەق)ێک لە ویلایەتی موسڵ[5].

---

[1] امنة ابو حجر، الجغرافية السياحية، دار اسامة للطباعة والنشر و التوزيع، الطبعة الاولى، عمان-الاردن، 2011، ص185.
[2] كامران طاهر سعيد، توسع مدينة السليمانية بتأثيرالأثر الحضري، مصدر السابق، ص43.
[3] ئەکرەمی صالحی ڕەشە، شاری سلێمانی، بەرگی دووەم، چاپخانەی ڕەهەند،چاپی یەکەم،سلێمانی، 2015، ل 350.
[4] جمال بابان، سلێمانی شارە گەشاوەکەم، بەرگی یەکەم و دووەم، چاپی دووەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر،2012، ل 51.
[5] ئەکرەمی صالحی ڕەشە، شاری سلێمانی، هەمان سەرچاوە، ل350.

وە لە ساڵی (1892) دا وەک (مۆنس) ئاماژەی پێداوە ژمارەی دانیشتوانی شارەکە گەیشتە (40000کەس)، ئەم گەشەسەندنەش زۆری نەخایاند، دەوڵەتی عوسمانی لە جەنگی یەکەمی جیهانی (1914 -1918) ئاڵا و نەفیرعام دەستپێکرد، کە بووە مایەی کارەساتی ماڵوێرانی و جەردەیی لە لادێکان و دەوروبەری شار بڵاو بووەوە بە بیانووی نان پەیداکردن بۆ هێزی عوسمانیەکان، کە ئەمەش بووە هۆی بڵاوبوونەوەی برسێتی و ئەمە سەرەڕای بڵاوبوونەوەی نەخۆشی و پەتا ئەم کارەساتانە ژمارەی دانیشتوانی شاری لە (40000کەسەوە) گەیاندە (9000کەس)، ئەوەش بەڵگەی ئەو مەرگەساتەیە کە شاری تێوەگلا[1].

دوابەدوای کەوتنی دەوڵەتی عوسمانی، شار سەرقاڵبوو بە شۆڕشەکانی شێخ مەحمودی حەفید دژی داگیرکەری بەریتانی لە ساڵانی (1919-1923)ژمارەی دانیشتوانی شار تا ساڵی (1925) لە (10000کەس) تێپەڕی نەکرد ئەویش بە گوێرەی سەرژمێریی گشییەوە ئەمە مانای پاشەکشێی ژمارەی دانیشتوانی شارەکە بوو بۆ سەدەیەک بەر لەو وەختە[2].

لە پاش دروستکردنی دەوڵەتی عیراقی یەکەم سەرژمێری لە ساڵی (1947) ئەنجامدراژمارەی دانیشتوانی بە (33475 کەس) داناوە بەگوێرەی تۆماری فەرمی،لە ساڵی(1957) ژمارەی دانیشتوانی شار بەرز بوەوە بۆ (48812 کەس)[3]، لە سەرژمێری ساڵی (1977) ژمارەی دانیشتوان(17 5413کەس) بووە،لە سەرژمێری ساڵی (1987) ژمارەی دانیشتوانەکەی بوو بە (364096کەس)[4]، لە ساڵی (2002) ژمارەی دانیشتووان ( 569123کەس) بووە،لە ساڵی (2012) ژمارەی دانیشتوان بوو بە (624 501کەس)[5]،بۆ ساڵی (2019) ژمارەی دانیشتوان لە شاری سلێمانی (768058) کەسە[6].

**2) پێکهاتەی ئابووری دانیشتوان:**

دەرامەتە ئابوورییەکان بە یەکێک لە فاکتەرە کاریگەرەکان لەسەر داواکاری خزمەتگوزارییە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکان دادەنرێت، کەواتە بەرزی داهاتی تاک هۆکاری زۆری داواکارییە لەسەر ناوەندە خۆشگوزەرانی و گەشتیارییەکان، بەتایبەت لە کاتی پشوەکاندا لە پێناو چێژوەرگرتن و حەوانەوە، لەکاتێکدا نزمی ئاستی داهاتی تاک پێچەوانەکەی بەدی ەهێنێت هەتا ئەگەر کاتی بەتاڵ و پشووش هەبێت تاک ناتوانێت کاتەکەی بەسەربەرێت لە شوێنە گەشتیاریەکان، لێرەوە دەتوانین بڵێین تاکو

1 جمال بابان، سلێمانی شارە گەشاوەکەم، هەمان سەرچاوە، ل52.
2 جمال بابان، سلێمانی شارە گەشاوەکەم، سەرچاوەی پێشوو، ل 53.
3 جمال بابان، سلێمانی شارە گەشاوەکەم، بەرگی چوارەم، چاپی دووەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، 2012، ل132.
4 بيان علي حسين، تحديد نطاق تأثير المراكز الصحية فى مدينة السليمانية عام 2018 بأستخدام نظم المعلومات الجغرافية، مصدر السابق، ص 523.
5 سروە جلال حمە، گۆڕانکاری دانیشتوان لە پارێزگای سلێمانی لە ماوەی نێوان ساڵانی (1977-2012) دا (لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای دانیشتوان)، تێزی دکتۆرا (بڵاو نەکراوە)، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی، 2019، لا347،346.
6 بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، زانیاری ئاماری دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی بۆ ساڵی 2009پێشبینی گەشەی دانیشتوان بۆ ساڵی 2020.

تاکەکان خاوەن داهاتی بەرزبن زیاتر لە توانایاندا هەیە کە کاتە بەتاڵ و پشووەکانیان لە ناوچە گەشتیاری و خۆشگوزەرانیەکان بەسەربەرن، جا لە ناوخۆی وڵات بێت یاخود گەشتبکەن بۆ دەرەوەی وڵات[1].

کەواتە هەتا ئاستی بژێوی دانیشتوان بەرزبێت توانای سوود وەرگرتن لە ناوچە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکان زیاتر دەبێت، لە پاش رووخانی ڕژێمی بەعس و پێکهێنانی حکومەتی عێراقی فیدراڵی نوێ بارودۆخی عێراق و هەرێمی کوردستان زۆر بەخێرایی بەرەو باشبوون چوو، کە لە ساڵی (2012) دا ڕێژەی بێکاریی لە هەرێمی کوردستانی عێراق (7.9%) بوو،لەساڵی (2013) ئەم ڕێژەیە زیاتر دابەزی و ڕێژەی بێکاریی بوو بە (6.5%)، پاشان بەهۆی خراپی پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوان دەوڵەتی عێراقی و حکومەتی هەرێمی کوردستان و سەرهەڵدانی گروپی تیرۆرستی داعشەوە ئەم ڕێژەیە ڕووی لە بەرزبونەوە کرد و لەساڵی (2014)دا ڕێژەی بێکاریی گەیشتە (6.53%)، پاشان لە ساڵی (2015) ئەم ڕێژەیە بەنزیکەی دوو ئەوەندەی ساڵی (2014) بەرز بووەوە تا گەیشتە (13.66%)[2] . بەهۆی دەستنەکەوتنی ئاماری ورد لەسەر ڕێژەی هەژاریی لەشاری سلێمانیدا تەنها ئەم ڕووپێوەمان بەدەستکەوت، کە دەرخستنی ڕێژەی هەژارییە لە سەرانسەری هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی (2018)، کە بارودۆخی ئابووری خێزان پێشاندەدات، تێکڕای خەرجی تاک بۆ یەک مانگی ساڵی (2018) لە هەرێمی کوردستان (239000دینار) ی عێراقی بووە،تێکڕای خەرجی تاک لە دەوڵەتی عێراقی (212600دینار)ی عێراقی بووە،لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان زۆرترین خەرجی لە پارێزگای سلێمانی بووە کە برەکەی (234000دینار)ە، کەمترین ڕێژەی خەرجی تاک لە پارێزگای دهۆک بووە، کە بڕی (199000دینار)ە،لە پارێزگای هەولێر ڕێژەی خەرجی تاک بە بڕی (211000دینار) بووە، تێکڕای خەرجی خێزان بۆ یەک مانگی ساڵی (2018) لە هەرێمی کوردستان (1293000دینار) و لە عێراق (1276000دینار)بووە،لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان زۆرترین خەرجی لە پارێزگای دهۆک بووە ،کە برەکەی (1377000دینار)ە، کەمترین ڕێژەی خەرجی خێزان لە پارێزگای هەولێر بووە کە برەکەی (1118000دینار) ە،لە پارێزگای سلێمانیش ڕێژەی خەرجی خێزان بە بڕی (1123000دینار) بووە[3].

لە ئامارێکی تردا لە ساڵی (2012) ڕێژەی کرێچینشینان لە شاری سلێمانیدا (15.1%) بووە، لە کاتێکدا لە (65.4%) خاوەنی خانووی خۆیانن[4].

---

[1] محمد خميس الزوكه، صناعة السياحة من منظور الجغرافي، دار المعرفة الجامعية، السكندرية، 1990، ص159.
[2] شاد حمید محمد، ڕادەی گونجاندن لە نێوان پلانی شاری سلێمانی و توانای تۆری شەقامەکانی، سەرچاوەی پێشوو، ل40.
[3] بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، داتای خەرجی مانگانەی خێزان لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و عێراق، بۆ ساڵی 2018، زانیاری بڵاونەکراوە .
[4] بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، ئاماری ڕێژەی کرێچینشینان لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان ، بۆ ساڵی 2012، زانیاری بڵاونەکراوە .

به پشتبەستن بە داتا و زانیارییەکان و لە ئەنجامی ڕاپرسی، کە (584) کەس نیشتەجێی پارێزگای سلێمانی بوون لە بەشداربووانی ڕاپرسی، لە کۆی ئەم باشداربووانە تەنها ڕێژەی (27.9%) داهاتی مانگانەیان کەمترە لە (250000) هەزار دینار،ڕێژەی (72.1%) لە کۆی بەشداربووانی ڕاپرسییەکە داهاتی مانگانەیان لە نێوان (250000) هەزار دینار بۆ زیاتر لە (1500000) هەزار دینارە،هەروەها زیاتر لە نیوەی بەشداربووان خاوەنی ئوتومبێلی خۆیانن.

**3) پێکهاتەی ڕۆشنبیری (خوێندەواری):**

ئاستی خوێندەواری و ڕۆشنبیری هەر گەلێک پاڵنەرێکی بەهێزە بۆ هاندانی دانیشتوانەکەی بۆ چالاکییە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکان، ئاستی خوێندن و ناوەندە فێرکارییەکان کاریگەری بەرچاویان هەیە بۆ هاندانی خوێندەواران بۆ ئەنجامدانی چالاکییە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکان، کە هانیاندەدات بۆ ڕووکردنە ناوەندە کەلەپوریی و مێژوویی و شارستانی و ئایینییەکان بە ئامانجی ئاشنابوونیان بەو ناوەندانە، جا بۆ بەدەستهێنانی زانیاری بێت لە بارەیانەوە، یاخود بۆحەزی بینینی شوێنەکە (حب الاستطلاع)،هەروەها ئاستی ڕۆشنبیری و خوێندەواری دانیشتوان یارمەتیدەرە بۆ تێگەیشتنیان لە گرنگیی پاراستنی داهاتە شارستانی و مێژوویی و کەلەپورییەکان،هەروەها یارمەتیدەرە بۆ تێگەیشتنیان بۆ ناوچەکەیان بە شێوازێکی شارستانییانە، کە دواجار ئەمەش یارمەتیدەر دەبێت بۆ دامەزراندنی دامەزراوە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکان[1].

سەبارەت بە ناوچەی لێکۆڵینەوە ژمارەی خوێندکاران و فەرمانبەران و مامۆستایان لە زیادبووندایە، ئەگەر وەکو نموونەیەک وەریبگرین لە کۆی ژمارەی (584) بەشداربووی ڕاپرسی دانیشتووی سلێمانین زۆرینەیان، کە ڕێژەی (74.8%) هەڵگری بڕوانامە یان خوێندکاری کۆلێژ و پەیمانگاکانن،ڕێژەی (9.4%) هەڵگری بڕوانامە یان خوێندکاری خوێندنی باڵان،ڕێژەی (9.2%) هەڵگری بڕوانامەی ئامادەیین،ڕێژەی ( 5.3%) بڕوانامەی ناوەندییان هەیە، هەڵگرانی بڕوانامەی سەرەتایی ڕێژەیان (1.2%).

بە پێی داتای بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی بۆ ساڵی (2019) کۆی گشتی ژمارەی خوێندکارانی شاری سلێمانی بریتییە لە (405718)خوێندکار، لەو ژمارەیە (341625) خوێندکارانی بنەڕەتیە بەڕێژەی(84.2%) ، ژمارەی خوێندکارانی ئامادەیی ( 64093) خوێندکارە بەڕێژەی(15.8%) ،کۆی گشتی ژمارەی مامۆستایان و فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتییەکە (47934) کەسە[2].

---

[1] ئامانج جلال احمد، شیکردنەوەی جوگرافی بۆ توانستەکانی گەشەپێدانی گەشتوگوزار لە قەزای دوکان، سەرچاوەی پێشوو، ل 127.

[2] بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی سلێمانی – بەشی ئامار، بەرواری 2020/2/24.

دەبینین لەگەڵ ئەوەی  زۆرینە ی بەشداربووانی فۆرمی ڕاپرسی خوێندەوارن ئەمەش بەهۆی ئەوەی ڕاپرسییەکە بە شێوەی ئۆنلاین کراوە، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە زیاتر لە (80%) ی بەشداربووان لە ئاستی بڕوانامەی زانکۆ و پەیمانگا و خوێندنی باڵادان، بێگومان ئەمەش وا دەکات کە داواکاری لەسەر خزماتگوزارییە جۆراوجۆرەکان زیاتر بێت.

**4) خاوەندارێتی ئوتومبێل :**

ئەوەی شایەنی باسە زۆرینەی چالاکییە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکان پێویستیان بە هۆکارەکانی گواستنەوە و گەیاندن هەیە بۆ ئەو شوێنانەی، کە چالاکییە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکانی تێدا بەردەستە، کەواتە داواکاری لەسەر چالاکییە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکان بەستراوە بە تواناکانی تاک بۆ گەیشتن و ڕۆیشتن بۆ ئەو ناوەندە خزمەتگوزاریانە، هەرچەندە توانای تاک و کۆمەڵیش زیادبێت بۆ گەیشتن بەو ناوەندانە داواکاری لەسەر ئەم چالاکییە گەشتیاری و خۆشگوزەرانیانە زیاتر دەبێت[1].

ئەوەی تێبینی دەکرێت لە ناوچەی لێکۆڵینەوە بەهۆی کرانەوە و گۆڕانی کۆمەڵگا و باشتربوونی دۆخی ئابووری و زیادبوونی خواست بۆ ژیانێکی ئاسوودە و باشتر، ژمارەی ئوتومبێل لە سەرانسەری پارێزگای سلێمانیدا بە بەردەوامی لەزیادبووندا بووە.

خشتەی (14)

ژمارەی ئوتومبێل بە پێی جۆر لە پارێزگای سلێمانی بۆ ساڵی (2009 و 2019)

| جۆر / ساڵ | تایبەت | کرێ | بارهەڵگر | میریی | کشتوکاڵی | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| **2009** | 57611 | 18708 | 41072 | 5179 | 946 | 123516 |
| **ڕێژە** | 47% | 15% | 33% | 4% | 1% | 100% |
| **2019** | 283021 | 547 34 | 141283 | 5 1974 | 8121 | 486717 |
| **ڕێژە** | 58% | 7% | 29% | 4% | 1% | 100% |

سەرچاوە: بەرێوەبەرایەتی هاتوچۆی سلێمانی، بەشی ئامار، 2020/2/16

بە پێی خشتەی(14) بۆمان دەردەکەوێت، کە  ژمارەی ئوتومبێلەکان بە ڕێژەیەکی بەرچاو زیادی کردووە لە نێوان ساڵانی (2009-2019)، لە ماوەی دیاریکراودا بەنزیکەیی ژمارەی ئوتومبێلەکان لە شاری سلێمانیدا چوارئەوەندە زیادی کردووە، ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستییەیە، کە باری ئابووری دانیشتوان بەشێوەیەکی بەرچاو بەرەو باشبوون چووە ئاستی بژێوییان بەرێژەیەکی بەرچاو بەرزبۆتەوە،

[1] جعفر محمد مصطفى ابوزيد، الخدمات السياحية والترفيهية في مدينة الخرطوم و اقاليميها،مصدر السابق، ص170.

بەتايبەت بەرزبوونەوەی ڕێژەی ژمارەی ئوتومبێلی تايبەت و كەمبوونەوەی ژمارە و ڕێژەی جۆرەكانی ديكەی ئوتومبێل، ئەوەی تێبينی دەكرێت ڕێژەی ئوتومبێلی تايبەت پلەی يەكەمی هەيە بەوەی، كە لەساڵی (2009) بە ژمارەی (57611) ڕێژەی (47%) ە بۆ كۆی گشتی ژمارەی ئوتومبێل لەشاری سلێمانی، ئەم ژمارەيە زۆر زياتردەبێت لە ساڵی (2019) دەبێتە (283021) ڕێژەی (58%)ی كۆی گشتی ڕێژەی ئوتومبێل لەشارەكەدا. بەپێی داتاو زانيارييەكانی فۆرمی ڕاپرسی بەهەمان شێوە دەرخەری ئەوڕاستييەن كە زۆرينە خاوەنی ئوتومبێلی خۆيان، كە ڕێژەكەی بريتيە لە (50%)ی كۆی (851)بەشداربووی فۆرمی ڕاپرسی.

**سێيەم : كاتی بەتاڵ و كاريگەری لەسەر چالاكيە گەشتياری و خۆشگوزەرانييەكان**

دەستەبەربوونی كاتی بەتاڵ گرنگييەكی گەورەی هەيە بۆ چالاكييە گەشتياری و خۆشگوزەرانييەكان، چونكە كاتی بەتاڵ وەكو لە باسی پێشودا ئاماژەی پێدراوە ئەو كاتەيە بۆ تاك دەمێنێتەوە لە دوای بەجێهێنانی ئەركەكانی ڕۆژانەی، كە تێيدا تاك بە ئازادی ڕەفتار دەكات و دەتوانێت ئەو چالاكيانە ئەنجامبدات، كە خۆی ئارەزووی دەكات، تابتوانێت بەهای خۆی وەك مرۆڤ زيادبكات و هەست بكات، كە تاكێكی بە بەرهەم و بەتوانايە لە كۆمەڵگەدا.

وەكو لە ڕاپرسييەكەشدا دەردەكەوێت ژمارەی بەشداربووان لەسەر ئاستی پارێزگای سلێمانی (584) كەسە، كە لەم ڕێژەيە لە (48%) يان ڕۆژانی پشوويان لە هەفتەيەكدا دوو ڕۆژە ئەمەش زياتر ئەوكەسانە دەگرێتەوە كە زياترفەرمانبەرنی حكومەتن، ڕێژەی دووەم لە (28%) كە ڕۆژی پشويان لە هەفتەيەكدا يەك ڕۆژە ئەمانەش زياتر ئەو كەسانە دەگرێتەوە، كە فەرمانبەری كەرتی تايبەت يان كاری سەربەخۆ دەكەن، ڕێژەی سێيەم ئەو كەسانەن، كە زياتر لە چوار ڕۆژ پشويان هەيە بە ڕێژەی (13%) ئەمانەش زياتر ئەوكەسانەن كە خانەنشينن هەروەها بەشێك لە بەشداربووان ژمارەی ڕۆژە پشوەكانيان سێ رۆژە لە هەفتەيەكدا بە ڕێژەی (9%)، كۆتا ڕێژەش ئەو كەسانەن، كە ژمارەی ڕۆژە پشووەكانيان چوار ڕۆژە لە هەفتەيەكدا بە ڕێژەی (2%) ئەمەش ڕێژەيەكی زۆر كەمە، ئەوەی لەسەرەوە ئاماژەی پێدراوە ژمارە و ڕێژەی رۆژە پشووەكانە لە هەفتەيەكدا، سەبارەت بە كاتی بەتاڵ لە ڕۆژێكدا بۆ ئەو (584) كەسەی كە بەشداربوون لە ڕاپرسييەكە دەبينين، كە ڕێژەی (33%) ی بەشداربووان كاتی بەتاڵيان لە ڕۆژێكدا (2-4) كاتژمێرە، كە ئەمانە زياتر فەرمانبەران دەگرێتەوە،ڕێژەی (28%) ی بەشداربووان كاتی بەتاڵيان لە ڕۆژێكدا (4-6) كاتژمێرە، بەشێكی تريان كە ڕێژەی (20%) ی بەشداربووان پێكدەهێنن كاتی بەتاڵيان زياترە لە (8) كاتژمێر،كۆتا ڕێژەش بريتييە لە (18%) بەشداربووان كە كاتی بەتاڵيان (6-8) كاتژمێرە لە ڕۆژێكدا.

سەبارەت بە بۆنە و جەژن و ڕۆژە پشوەکانی ساڵ کە بە فەرمی لە لایەن حکومەتەوە دیاریکراوە بۆ ساڵی (2020)، لەخشتەی (15) ئاماژەی پێکراوە ئەم ڕۆژە پشووانەی، کە ئاماژەیان پێکراوە سەرجەم فەرمانبەرانی کەرتی حکومی و بەشێک لە فەرمانبەرانی کەرتی تایبەت و سەرجەم خوێندکاران و مامۆستایانی قۆناغە جیاوازەکانی خوێندن دەگرێتەوە، جگە لە ڕۆژانی هەینی وشەممە پشووی فەرمییە لە بەشێکی زۆری فەرمانگەکان. ڕۆژە پشووەکان لە ساڵێکدا دەگاتە نزیکەی (96) ڕۆژ،جگە لە ڕۆژەپشووەکانی دیکە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان دیاری دەکرێت.

خشتەی (15)

پشوو و بۆنەکان لەهەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2020

| مانگ | ڕۆژ | بۆنە |
|---|---|---|
| کانونی دووەم | 01/01/2020 | سەری ساڵی زایینی |
| ئادار | 05/03/2020 | ڕۆژی دەستپێکردنی ڕاپەرینی گەلی کوردستان |
| | 11/03/2020 | یادی ڕاگەیاندنی ڕێکەوتننامەی 11 ئاداری ساڵی 1970 |
| | 14/03/2020 | ڕۆژی لەدایکبوونی بارزانی نەمر |
| | 21/03/2020-23/03/2020 | جەژنی نەورۆز |
| نیسان | 09/04/2020 | ڕۆژی ڕووخانی ڕژێمی بەعس و ئازادکردنی عێراق |
| | 15/04/2020 | چەژنی سووری ئێزیدییەکان (سەری ساڵی ئێزیدییەکان) |
| ئایار | 01/05/2020 | ڕۆژی جیهانی کرێکاران |
| | 24/05/2020-26/05/2020 | جەژنی ڕەمەزانی پیرۆز |
| تەمموز | 14/07/2020 | ڕۆژی ڕاگەیاندنی دامەزراندنی کۆماری عێراق |
| | 30/07/2020-02/08/2020 | جەژنی قوربانی پیرۆز |
| ئاب | 20/08/2020 | سەری ساڵی کۆچی |
| | 29/08/2020 | ڕۆژی عاشورا |
| تشرینی یەکەم | 03/10/2020 | ڕۆژی سەربەخۆیی کۆماری عێراق |
| | 29/10/2020 | یادی لەدایکبوونی پێغەمبەری مەزن د.خ |
| کانونی یەکەم | 25/12/2020 | یادی لەدایکبوونی حەزرەتی مەسیح |

سەرچاوە: کاری توێژەر بەپشت بەستن بەداتاو زانیاری فەرمانگەی میدیاو زانیاری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێکەوتی 2020/3/3.

**چوارەم : بوونی خزمەتگوزارییە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکان:**

بوونی ناوەندەکانی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکان کاریگەری بەرچاویان هەیە لە ڕاکێشانی گەشتیاران، زۆربوونی بەشداریکردن لەسەردانیکردن و چالاکییە خۆشگوزەرانییەکان و گەشەسەندنیان هەروەها بوونی ناوەندە خزمەتگوزارییە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکان بە مەرجێک ئەم ناوەندانە سەرنجڕاکێش و جوان بن و لە ڕووی پاکوخاوێنی و هەرزانی نرخەکانیانەوە گونجاو بن ، هەروەها تاکەکان بتوانن بە ئاسانی بگەنە ئەم ناوەندانە و ئاسایشی

ئەم ناوەندانە پارێزراو بێت[1]، ئەمانە هەموو کاریگەری بەرچاویان هەیە لە ڕاکێشانی دانیشتوان بۆ بەسەربردنی کاتە بەتاڵەکانیان، لە کەش و هەوایەکی بە کۆمەڵ کە تێیدا ئارامی و حەوانەوە و زۆرینەی داواکارییە خۆشگوزەرانییەکان دەستەبەربکرێت، کە دانیشتوانی شارەکان پێی ئاشنان، ئارەزوو دەکەن بچن بۆ سەردانیکردنیان، کە ئەمانە دەبنە هۆی زیادبوونی چالاکییە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکان، مرۆڤ بەسروشتی خۆی هەوڵدەدات بچێتە ئەو شوێنانەی لە ڕووی خزمەتگوزارییەوە باشن و لەڕووی نرخیشەوە هەرزانن، لە هەمانکاتدا گەیشتن پێی ئاسانە، وەک دەزانرێت دووری ئەم ناوەندانە کاریگەری بەرچاوی هەیە لەسەر خزمەتگوزاریەکان، چونکە هەتا ماوەی دووری کەمتربێت و گەیشتن بە خزمەتگوزارییە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکان ئاسان بێت تاکەکان زیاتر سەردانی دەکەن و بۆی دەچن، بە پێچەوانەشەوە ڕاستە[2]، هەر بۆیە پێوەری پلانرێژی بۆ ناوچەکانی نیشتەجێبوونی دانیشتوان دانراوە، کە زانیاری و داتاکان سوودیان لێوەردەگیرێت لە پێناو ئاسانکردنی بڕیاردان بۆ دابەشبوونی ناوچە خزمەتگوزارییە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکان تا بتوانرێت پێداویستی ئێستا و داهاتوو دەستەبەر بکرێت، ئەمەش لەپێناو ئەوەی تاکەکان لە ناوچەکانی خۆیاندا چالاکییە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکانیان بەجێبگەیەنن.

ناوچەی لێکۆڵینەوە دەوڵەمەندە بە چەندین ناوەندی خۆشگوزەرانی و گەشتیاریی سەرنجڕاکێش لە نموونەی ئەمانەش بوونی پارکی چاڤی لاند ئەم پارکە چەندین تایبەتمەندی تێدایە، کە بۆتە هۆی ڕاکێشانی ژمارەیەکی زۆر لە گەشتیار بۆ شاری سلێمانی بەتایبەتی لە ناوچەکانی ناوەڕاست و باشوری عێراق، چونکە پارکەکە لە ناوچەیەکی شاخاوی بنیاتنراوە، کە بۆتە هۆی ئەوەی لە وەرزی هاویندا ئاووهەوایەکی سازگار و فێنکی هەبێت، ئەمە جگە لە بوونی چەندین یاری جۆراوجۆر وەکوشاری یاری داخراو و مۆزەخانەی مۆم و سکة الموت و تەلە فریک، کە پارکەکە دەبەستێتەوە بەکافتریایەکەوە، کە لەسەر شاخی گۆیژە دروستکراوە، یەکێکی تر لە پارکە سەرنجڕاکێشەکان پارکی هەواری شارە کە پارکێکی هەرێمیی گەورەیە و لەسەر ڕووبەرێکی گەورە بنیاتنراوە، خاوەنی ناوچەیەکی فراوانی سەوزاییە و گەشتیاران و سەردانیکەران دەتوانن بە ئوتومبێلی تایبەتی خۆیان سەردانی پارکەکە بکەن، یەکێکی تر لە جیاکەرەوەکانی ئەم شارە بوونی بازاڕەکەیەتی لە ناوەندی شار، کە ژمارەیەکی زۆر لە گەشتیاران سەردانی دەکەن بەهۆی ئەوەی کە مۆرکێکی کلتوری و مێژوویی شارەکەی پێوە دیارە لە نموونەی ئەم بازاڕەش بازاڕی (قەیسەری نەقیب) ە، هەروەها ناوچەی لێکۆڵینەوە دەوڵەمەندە بە چەند شەقامێکی بەناوبانگ لە شارەکەدا وەکو شەقامی سالم، کە بەشێک لەم شەقامە بە سەهۆڵەکە ناسراوە و بۆتە جێگای چەندین کافتریا و خواردنگە، کە شوێنی فرۆشتنی خواردن و پێشکەشکردنی چەندین خواردنەوەیە،

---

[1] صباح سعيد حسين، التنمية السياحية في المنطقة الجبلية بأقليم كردستان العراق، مصدر السابق، ص95.
[2] جمال عبداللطيف احمد عبدالحق، توزيع و تخطيط الخدمات و المرافق السياحية في مدينة أريحا، رسالة ماجستير (غير منشورة)، كلية الدراسات العليا بالجامعة النجاح الوطنية في نابلس، فلسطين، 2009، ص 53-54.

هەروەها یەکێکی تر لەو شوێنانەی ناوچەی لێکۆڵینەوە کە بۆتە هۆی ڕاکێشانی سەرنجی گەشتیاران کەسایەتی و شوێنە ئایینیە مێژوییەکانی شارەکەیە وەکو جێ نزرگەی (کاک ئەحمەدی شێخ) لە ناو مزگەوتی گەوری شارەکە، کە بۆتە جێگای سەردانیکەرانێکی زۆر، ساڵانە ژمارەیەکی زۆر لە سەردانیکەر ڕوویتێدەکەن بەمەبەستی پاڕانەوە و نزاکردن و بەجێگەیاندنی ئەرکە ئایینییەکانیان.

**پێنجەم : ڕێگاوبان و گواستنەوە**

ڕێگاوبان و گواستنەوە بنەمایەکی کاریگەرە لەسەر چالاکی خزمەتگوزارییە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکان بۆ بەستنەوەی ناوچەکانی داواکاری و ناوەندە خزمەتگوزارییەکان، هەروەها گەیاندنی پێداویستی بەوناوەندە خزمەتگوزاریانە[1].

هۆکاری گواستنەوە هۆکارێکی گرنگ و سەرەکییە بۆ سەرجەم چالاکییە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکان وبەهای خزمەتگوزاییە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکان بەندە بە تایبەتمەندی و جۆراوجۆری هۆکارەکانی گواستنەوە، لە هەموو جیهاندا گەشەسەندنی چالاکییە جۆربەجۆرە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکان پەیوەستە بە ڕێگا و هۆکارەکانی گواستنەوەپەیوەندی نێوانیان پەیوەندییەکی ڕاستەوانەیە، کە گەیشتن بە شوێنی مەبەست گرنگییەکی گەورەی هەیە لە چالاکیە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکاندا، هەر بۆیە پێشکەوتنی هۆکارەکانی گواستنەوە و چالاکیان هۆکاری بنەڕەتییە لە گەشەسەندنی خزمەتگوزارییە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکان و سەرکەوتنیان[2].

ڕێگاکانی گواستنەوە لە ناوچەی لێکۆڵینەوە دوو جۆرن، ئەوانیش ڕێگای گواستنەوەی وشکانی (ئوتومبێل) و ڕێگای گواستنەوەی ئاسمانی:

أ) ڕێگای وشکانی :

نەبوونی هیچ ڕێگایەکی ئاوی و هێڵی شەمەندەفەر و نە بوونی هێچ یەکێک لە جێگرەوەکانی ڕێگای ئوتومبێل وایکردووە کە ڕێگای ئوتومبێل ببێتە هۆکاری سەرەکی بۆ جوڵە و گواستنەوەی دانیشتوان و گەشتیاران لە ناوەوە بۆ دەرەوەی شارەکە و بە پێچەوانەشەوە.

شاری سلێمانی هەڵکەوتەیەکی جوگرافی گرنگ و شوێنێکی ناوەندی هەیە وەک پێشتریش ئاماژەی پێدرابوو، کە بە نزیکەیی دەکەوێتە نێوان پارێزگاکانی (کەرکوک، هەولێر، هەڵەبجە، ئیدارەی گەرمیان، ئیدارەی ڕاپەڕین)سنوورێکی درێژی هاوبەشی هەیە لەگەڵ دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی ئێران، نەخشەی (2).

[1] صباح سعيد حسين، التنمية السياحية في المنطقة الجبلية بأقليم كردستان العراق، مصدر السابق، ص91.
[2] محمد خميس الزوكه، صناعة السياحة من منظور الجغرافي،مصدر السابق، ص172.

بەشێوەیەکی گشتی شاری سلێمانی بەچەند ڕێگایەک بەشارەکانی تری هەرێمی کوردستان دەبەسترێتەوە، کە کۆی درێژیی ئەو ڕێگایانە (394کم) ە، درێژی ڕێگای نێوان شاری سلێمانی و ناوەندی پارێزگاکانی (هەولێر، کەرکوک، هەڵەبجە) (202کم، 109کم، 83کم) یەک لە دوای یەک، لەگەڵ بوونی چەندین ڕێگای دیکە لە نێوان شاری سلێمانی و پارێزگاکانی تری هەرێمی کوردستان، بەڵام ئەم ڕێگایانە بەڕێگای سەرەکی دادەنرێن و زیاتر بەکاردەهێنرێن،دوو ئاراستەن، شاری سلێمانی دەبەسترێتەوە بە زۆربەی قەزاکانی پارێزگاکە بە تۆڕێک لە ڕێگاوبانی دوو ئاراستە، لەگەڵ هەندێک لە ڕێگای یەک ئاراستە، کە لە پلانی لە پێشینەی حکومەتی هەرێمی کوردستاندایە کە ئەم ڕێگایانەش بکاتە ڕێگای دوو ئاراستە، کە کۆی درێژی ڕێگاکان (825کم)ە نزیکترین قەزا لەڕووی دوری ڕێگاوە ناوەندی قەزای (چوارتایە) کە درێژیی ڕێگاکەی تەنها (30کم)ەدورترینیان قەزای (پشدەرە) کە درێژییەکەی دەگاتە (164کم) [1].

شاری سلێمانی وەکو ناوەندی پارێزگای سلێمانی بە (31) ناحیە بەستراوەتەوە، کە کۆی درێژی ڕێگاکانی دەگاتە (2905کم) نزیکترینیان ناحیەی (سیتەک)، کە درێژییەکەی دەگاتە (14کم)ەدورترینیان ناحیەی (ئیسێوێ)یە کە دریژی ڕێگاکەی (185کم)ە، یەکێک لە پاڵنەرە سەرەکیەکانی بەستنەوەی شاری سلێمانی بە ناوەندی پارێزگا و قەزا و ناحیەکانی دەوروبەری بریتییە لە ئاڵوگۆڕی بازرگانی ناوخۆیی لە نێوان شارەکانی دیکەی عێراق و هەرێمی کوردستان، هەروەها ئاڵوگۆڕی بازرگانی دەرەکی لەگەڵ (کۆماری ئیسلامی ئێران) لەڕێگەی مەرزەکان و خاڵە سنوریەکانەوە[2].

ڕێگاوبانەکانی ناوەندی شار لەگەڵ بەرەوپێشچوونی شارەکەدا گەشەیان کردووە و ژمارەی شەقامەکان زیادیان کردووە، بەشێوەیەکی گشتی شەقامەکان لەسەر هەر سێ ئاستی جۆر بریتین لە (637.6کم) وەکو شەقامی سەرەکی، (2044.7کم) وەکو شەقامی لاوەکی، وەکو شەقامی داخراو (21.5کم)[3]، شایەنی باسە یەکێک لە شەقامە سەرەکییەکانی شاری سلێمانی، کە لە ناوەندی شارەوە لە (بەردەرکی سەراوە) دەستپێدەکات تا بەردەم (باخی گشتی) شارەکە کە درێژیەکەی (0.7کم)ە ئەم شەقامە بە شەقامی (مەولەوی) ناو دەبرێت، پاشان لەوێوە درێژ دەبێتەوە تا دەگاتە چوارڕیانی سەرچنار کە درێژیەکەی دەگاتە (4.4کم)، کە ئەم بەشەی بە شەقامی (سالم) ناو دەبرێت، ئەم شەقامە بە یەکێک لە شەقامە قەرەباڵغەکانی شاری سلێمانی دادەنرێت، کە زۆر جار وەکو سومبولێکی دیار و ناسەرەوەی شارەکە دادەنرێت، جێگەی باسە هۆکاری سەرەکی قەرەباڵغی ئەم شەقامە دەگەڕێتەوە بۆ بوونی چەندین شوێن و جێگای گەشتیاری و خۆشگوزەرانی وەک (هۆتێل، مۆتێل، چێشتخانە، مەلەوانگە، سینەما،

[1] شاد حمید محمد، ڕادەی گونجاندن لە نێوان پلانی شاری سلێمانی و توانای تۆڕی شەقامەکانی، سەرچاوەی پێشوو، لا42-44.
[2] هەمان سەرچاوە، لا 44-45.
[3] هەمان سەرچاوە، ل 60.

ڕێستورانت، کافتریا، کتێبخانە، مۆڵ، بازاڕ، پارک، کۆمپانیای گەشتیاری) سەرەڕای بوونی چەند دامودەزگایەکی میریی لەوانە (سەرۆکایەتی شارەوانی شارەکە)، کە دواجار هەموو ئەمانە وایانکردووە شەقامەکە ببێتە ناوچەیەکی گرنگ لە ڕووی بازرگانی و گەشتیارییەوە[1].

بەهۆی بوونی زنجیرە چیاکانی (گۆیژە ، ئەزمەڕ) لە بەشی باکور و باکوری ڕۆژهەڵاتی ناوچەی لێکۆڵینەوە وایکردووە فراوانبوونی شارەکە بەو ئاڕاستەیە بەرەو کەم بوونەوە بڕوات تا ڕادەی وەستان،زیاد بوونی شارەکە بەو ئاڕاستەیە سنوردار بووە، لە بەرامبەردا بەهۆی ئەوەی بەشی ڕۆژئاوای شارەکە زیاتر تەختانیە وایکردووە فراوانبوونی بەرچاو بەخۆیەوە ببینێت و بەردەوامە لە زیادبوون گەشەکردن، کە ئەمەش وای کردووە زۆربەی دامودەزگاکانی حکومی و کەرتی تایبەت بەو ئاڕاستەیە جوڵە بکەن، شەقامی بازنەیی (مەلیک مەحمود)، کە ناسراوە بە شەقامی شەست مەتری پانی شەقامەکە (60م)ە، لە هەندێک شوێن وەکو ناوچەی سەرچنار لە بەشی ڕۆژئاوای شارەکە پانییەکەی دەگاتە (100م)،بوونی چەندین بەرزە پرد و ئەندەر پاس بۆتە هۆی ئاسانکاریەکی زۆر بۆ هاتوچۆی ئوتومبێل و گەشتیاران، بە یەکێکی دیکە لە شەقامە گرنگاکانی شارەکە دادەنرێت بەهۆی بوونی چەندین شاری پزیشکی و نەخۆشخانە وەکو (شاری پزیشکی فاروق، هەرێم، نەخۆشخانەی شار، نەخۆشخانەی ئینتەرناشناڵ، نەخۆشخانەی وێست ئای )، هەروەها بوونی چەندین کۆمەڵگەی نیشتەجێبوون وەکو (گاردن ستی، گۆیژە ستی، گوندی ئەڵمانی) سەرەڕای بوونی چەندین هۆتێل و مۆتێل و کافتریا و چێشتخانە و کۆمپانیای گەشتیاری و بەنزینخانە و چەندین سوپەرمارکێت و مۆڵی گەورە، هەروەها پارک و شاری یاری وەکو ( چافی لاند، پارکی مەلیک مەحمود)، جگە لەوە ڕێگەیەکی سەرەکییە بۆ گەیشتن بە زۆرینەی ناوچە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکانی دیکەی شارەکە وەکو پارکی هەواری شار، کە پارکێکی هەرێمییە (گەورەترین پارکە لەسەر ئاستی پارێزگای سلێمانی) و پارکی مەولانا (کە نوێترین پارکە لەشارەکەدا) هەروەها ناوچەی گەشتیاریی سەرچنار و قلیاسان، کە هەموو ئەم هۆکارانە وایکردووە ئەم شەقامە ببێتە ڕێگایەکی سەرەکی و شوێنی دڵخوازی گەشتیاران، کە ئەمەش بۆتە هۆی دروستبوونی جوڵەیەکی بەرچاوی گەشتیاری و بازرگانی لەم شەقامەدا.

[1] Salam, D. A., Raof, B. Y., & Bahaadin, S. D. Promoting Walkability in Streets: Analytical Study of Salem Street, Sulaimani, Iraq. *Kurdistan Journal of Applied Research*, *5*(1), 2020. p84.

**ب)** گواستنەوەی ئاسمانی :

هێڵی ئاسمانی تازەترین شێوازی گواستنەوەیە، کە لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی خێرایی گەیاندن و پێشکەوتن و بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای تازەی زانستی بە مەبەستی گەیشتن بۆ ئەو ناوچانەی، کە کاتی زیاتر و ئاستەنگی زیاتریان دێتە بەردەم بە گواستنەوەکانی تر.

فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی دەکەوێتە نێوان گەڕەکی راپەڕین و گەرەکی بەکرەجۆ لە باکوری ڕۆژهەڵاتی شارەکە،دووری ئەم فڕۆکەخانەیە لە ناوەندی شارەوە(15کم)ە، کە بەردی بناغەی باڵەخانەی فڕۆکەخانە لە مانگی 11 ساڵی 2003 دانراوە، لەسەر ڕووبەری (13.5کم٢) و لە بەرواری (7/20/ 2005) بەڕووی گەشتیاران و هاوڵاتیانی شارەکەدا کرایەوە. وێنەی (1) فڕۆکەخانەی سلێمانی لەچەند کاتێکی جیاوازدا

ئەم فڕۆکەخانەیە ڕۆڵی هەبوو لە بەستنەوەی هەرێمی کوردستان بە جیهانی دەرەوە و پێشوازیکردن لە گەشتیاران و هەوڵدان بۆ فراوان کردن و زۆربوونی ژمارەی گەشتیارانی ساڵانە. بەپێی ئامارەکان ناوەندی ساڵانەی گەشتەکان لەنێوان ساڵانی (2005-2018)لەم فڕۆکەخانەیە بریتییە لە (2442 گەشتی هاتووان، 2441 گەشتی ڕۆشتوان)، وەناوەندی ساڵانەی گەشتیاری هاتوو (138446) گەشتیارە ناوەندی ساڵانەی گەشتیاری رۆشتوو (144495) گەشتیارە، بۆ هەمان ماوە[1].

ئەم فرۆکەخانەیە کارئاسانی بۆ گەشتیاران دەکات بەتایبەتی گەشتیارانی بیانی لە سەرانسەری جیهان هەر لە ئەوروپا و ئەمریکا ئەمە جگە لە وڵاتانی ئەفریقی بە مەبەستی کارکردن، کە ئەمانە سەردانیدەکەن بە مەبەستی جیاجیا وەک سەردان و جێ بەجێکردنی ئیش و کار و بەشداریکردن لە پێشەنگای نێودەوڵەتی و هونەریی و زانستیی و گەشتیاریی سەردانی دەکەن[2].

[1] رنج طاهر عبدالله،واخرون، (2019). دور النقل الجوي في تنمية النشاط السياحي في محافظة السليمانية للمدة (2005 - 2018) "دراسة تحليلية ". 3. 10.25098/3.1.24. ص250.

[2] شیروان عمر رشید، بنەما جوگرافیەکانی پەرەپێدانی گەشتوگوزار لە پارێزگای سلێمانیدا، سەرچاوەی پێشوو، ل 238.

وێنەی(1)

فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی



سەرچاوە:کاری توێژەر، بەسود وەرگرتن لە بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندنی فرۆکەخانەی نێوەدەوڵەتی سلێمانی، 2019.

## بەشی دووەم

## دابەشبوونی جوگرافی و جۆری خزمەتگوزارییەگەشتیاری و خۆشگوزەرانیەکان لە شاری سلێمانیدا

**باسی یەکەم** : پارک و سەیرانگا و شاری یاری.

یەکەم: پارکە گشتییەکان.

دووەم: سەیرانگاکان.

سێیەم: شاری یارییەکان.

**باسی دووەم**: خزمەتگوزارییە ڕۆشنبیری و مێژوویی و ئایینی و وەرزشییەکان.

یەکەم: ڕۆشنبیریی (سینەما،شانۆ،گەلەری و کتێبخانە)

دووەم : مێژوویی (مۆزەخانە ، شوێنی کەلتوری و کەلەپوری)

سێیەم: وەرزشییەکان.

چوارەم: ئایینییەکان.

**باسی سێیەم** : شوێنەکانی پشوودان و کات بەسەربردن.

یەکەم: ئوتێلەکان و مۆتێلەکان و کۆمەڵگەگەشتیارییەکان.

دووەم: ڕێستۆرانتەکان و کافتریاکان و خواردنگە و یانەکانی خواردن و خواردنەوە

سێیەم: هۆڵەکانی ئاهەنگگێران و بۆنەکان.

چوارەم: مۆڵە سەرەکییەکانی شاری سلێمانی.

## بەشی دووەم دابەشبوونی جوگرافی و جۆری خزمەتگوزارییە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکان لە شاری سلێمانیدا

پێشەکی :

دابەشبوونی دیاردەکان لە جوگرافیادا تەوەرێکی سەرەکی و جێبایەخە بۆ گشت لێکۆڵینەوەو توێژینەوەکان لە جوگرافیای مرۆییدا، بۆ دیاریکردنی فاکتەرە سروشتی و مرۆییەکان، کە ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەیان هەیە لەشێوازی دابەشبوون ودەستنیشانکردنی ئاستی گونجاوی ئەو دیاردانە لەسەرڕووی زەوی لەگەڵ شوێنەکانیان[1].ئەم بەشە دابەشبوونی جوگرافی ناوەندە خۆشگوزەرانی و گەشتیارییەکان لە خۆدەگرێت لە شاری سلێمانی،بە شێوەیەکی گشتی کاریگەری و گرنگییان دەخاتە ڕوو لە لایەنی حەوانەوە و پشووی تاک لەگەڵ دەرخستنی سیما و گرنگی ئەم ناوەندانە لە ڕووی پێگەیان و توانایان لە ڕاکێشانی گەشتیاران و سەردانیکەران.

### باسی یەکەم: پارک و سەیرانگا و شاری یاری :

ناوچە سەوزاییەکان لە شارەکاندا گرنگیەکی زۆر گەورەیان هەیەڕۆڵی بنچینەییان هەیە لە دابینکردنی هەلی پشودان و چێژوەرگرتن لە دیمەنە دڵرفێنە سروشتییەکان بۆ دانیشتوانەکەی، لەم ڕوانگەیەوە لایەنە بەرپرس و فەرمیەکان بە بەردەوامی تێدەکۆشن بۆ بنیاتنان و زیادکردنی ڕووبەری سەوزایی، کە خۆی دەبینێتەوە لە باخچە و پارکە گشتییەکان و دابەشکردنیان لە شارەکاندا لەسەر بنەمای پێویستی و گونجاوی ناوچەی دانیشتوان.

ناوچەی سەوزایی (Green Areas) بە چەند جۆرێک پێناسە دەکرێت، لەوانە: ( ئەو ناوچانەن کە تیایدا ژمارەیەکی زۆر لە درەخت دەچێنرێت تیایدا، کە جوانییەکی سروشتی دڵڕفێن دەبەخشن بە ناوچەکە)، بە شێوەیەکی گشتی ناوچەی سەوزایی زۆرجار دروست دەکرێت لە نزیک شوێنی پیادەڕەو و سەرڕێگای هاتوچۆی دانیشتوان بۆ سوود وەرگرتنی دانیشتوانەکەی بۆ بەسەربردنی کاتە بەتاڵەکان تیایدا.

پارک و باخچە گشتییەکان دادەنرێن بە یەکێک لە گرنگترین هۆکارەکانی پشودان و حەوانەوە و کات بەسەربردن بەدرێژایی مێژوو لە شارەکاندا،بەیەکێک لە کۆنترین و ئاسانترین هۆکارەکانی حەوانەوە دادەنرێت لە ڕووی تێچوونەوە، بە شێوەیەکی گشتی لە نزیک شوێنی نیشتەجێبوونی دانیشتوانەوە دەبێت، لەگەڵ بەرەوپێشچوونی شارستانی و زیاتر ئاوەدانکردنەوەی شارەکان، کە بووە هۆی بەرزبوونەوەی داواکاری لەسەر بەکارهێنانی زەویەکان بۆ مەبەستی بازرگانی و پیشەسازی و نیشتەجێبوون، ئەمەش کاریگەری ڕاستەوخۆی هەبووە لەسەر ناوچە سەوزاییەکان بەشێوەیەکی نەرێنی، ئەم گرفتە لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان زیاتربوو لە زۆربەی شارەکانی جیهاندا کە هەر ئەمەش وایکرد ناوچە

---

[1] سناء صالح الحبيشي، التوزيع الجغرافي للخدمات في مخططات مكة المكرمة،(2010). RG.2.2.32652.77446/10.13140.

سەوزاییەکان ببنە خاڵێکی بەرچاو و گرنگ لە پلانسازی شارەکاندا بە شێوەیەک هەوڵبدرێت بۆ زیادکردن و فراوانکردنی ناوچە سەوزاییەکان، کە بتوانرێت هاوسەنگیەکی گونجاو فەراهەم بکرێت لە نێوان فراوانبوونی ئاسۆیی شارەکان و ناوچە سەوزاییەکاندا[1].

ناوچە سەوزاییەکان گرنگیەکی گەورەیان هەیە لە ڕووی ژینگەیی و ئاووهەوا و خۆشگوزەرانییەوە، ئاشکرایە، کە ڕووەکە چێنراوەکان توانایەکی کاریگەریان هەیە لە پاکژکردنەوەی هەوا لە گازی بەرهەمهاتووی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن، هەروەها درەختەکان ڕۆڵێکی گەورەیان هەیە لە گرتنەخۆی تەپ و تۆزی ناو هەوا، زانایان ئەوەیان سەلماندووە کە ڕواندنی درەخت و ڕووەک و چیمەنەکان بە ڕێژەیەکی بەرچاو پیسبوونی هەوا کەم دەکەنەوە بەهۆی ئەوەی لە توانایاندا هەیە ڕێژەیەکی زۆر لە گازە ژەهراوییەکان هەڵبمژن، کە زیانیان هەیە بۆ تەندروستی گشتی، لەڕووی کەشوهەواوە ڕووەکە جۆراوجۆرەکان وەکو قەڵغانێک زەویەکانیان داپۆشیووە و کەشووهەوای شارەکان دەپارێزن لە کاریگەری تیشکە زیانبەخشەکانی خۆر، هەروەها ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە تێرکردن و بەدیهێنانی خواست و داواکاری دانیشتوان بۆ خۆشگوزەرانی[2].

## یەکەم: پارکە گشتییەکان( باخچە گشتییەکان):

بەیەکێک لە فراوانترین ناوەندە خۆشگوزەرانییەکان دادەنرێن و ڕووبەرێکی فراوانیان هەیە، لە شاری سلێمانیدا ژمارەیەکی زۆر پارک و باخچەمان هەیە، کە دابەشبوون بەسەر ناوچە جیاوازەکانی شارەکەدا و زۆربەیان باخچەی بچووکن و بۆ چەند گەڕەکێک دروستکراون، بەڵام لەو پارک و باخچانەی کە سەرەکین و بونەتە جێگەی سەرنجی گەشتیاران و لە پارکە بەناوبانگەکانی شاری سلێمانین ژمارەیان (7) پارکە هەروەک چۆن لە خشتەی(16) و نەخشەی (3) ئاماژەی پێدراوە، هەرچەندە هەموویان دەچنە ژێر پۆلێنی باخچە گشتییەکانەوە، بەڵام جیاوازن لە ڕووی ڕووبەر و جۆری ئەو خزمەتگوزاریانەی پێشکەشی سەردانیکەرانی دەکرێت.

زۆرینەی باخچەکان هەژارن لە بوونی هۆکارەکانی ڕاکێشانی دانیشتوان و سەردانیکەران بەهۆی نەبوونی ژمارەی پێویست و خراپی دابەشبوونیان، سەرەڕای کەموکورتی لە هۆکارە بەکارهاتووەکانی خۆشگوزەرانی تیایاندا، کە ئەمانەش بوونەتە هۆی ئەوەی ئەم باخچانە تەنها بەشێوەی وەرزیی بەکاربهێندرێن و لە وەرزەکانی سەرما و زستاندا ژمارەی سەردانیکەرانیان کەم ببێتەوە[3].

---

[1] محمد علی انباري، لادن طه محمد و اشراق طاهر الاعرجي، تقيم الواقع الاخضر لمدينة الحلة و سياسات التحضير المطلوبة، مجلة البحوث الجغرافية،2014،عدد (20)، ص 148.

[2] محمد علی انباري، ،مصدر نفسه، ص 148-149.

[3] وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی، بەڕێوەبەرایەتی باخچەکان، زانیاری بڵاونەکراوە، 2019 .

خشتەی(16)

شوێن و ڕووبەری  باخە گشتییەکانی شاری سلێمانی

| ناوی باخچە | ڕووبەر | شوێن |
|---|---|---|
| **باخی گشتی** | 37605 م٢ | سەرەتای شەقامی سالم |
| **پارکی ئازادی** | 487500 م٢ | نێوان گەڕەکی (مامۆستایان – ئاشتی) |
| **پارکی دایک** | 16559 م٢ | گەڕەکی شێخان |
| **پارکی مەلیک مەحمود** | 177119 م٢ | دەباشان |
| **پارکی هەواری شار** | 10000000 م٢ | گەڕەکی هەواری شار |
| **پارکی مەولانا** | 132000 م٢ | گەڕەکی جولەکان |
| **چاڤی لاند** | 950000 م٢ | شەقامی بازنەیی |

سەرچاوە: کاری توێژەر بەپشت بەستن

1 - بە داتاکانی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی، بەڕێوەبەرایەتی باخچەکانی سلێمانی، زانیاری بڵاونەکراوە، ئاماری ساڵی 2019.

2 - علي عثمان محمد شارباذيري، واقع تصاميم الحدائق لمدن اقليم كردستان العراق(دراسة نقدية وتحليلية)، مصدر السابق، ص 141.

3 - بەردەستە لە پێگەی ئەلکترۆنی چاڤی لاند https://chaviland.org/About ، لە ڕێکەوتی 2020/3/13 وەرگیراوە.

4 - بە داتاکانی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی، بەڕێوەبەرایەتی باخچەکانی سلێمانی، زانیاری بڵاونەکراوە، ئاماری ساڵی 2020.

5 - بەردەستە لە پێگەی ئەلکترۆنی (فاملی مۆڵ) https://www.familymallsul.com/Ku/about.aspx ، لە ڕێکەوتی 2020/1/17 وەرگیراوە.

6 - Chya Kadir Rashid, Study of the natural components of Hawary Shar Park in Sulaymaniyah city, mster thesis, Faculty of Agricultural Sciences University of Sulaimani,2014, p127.

## 1. باخی گشتی سلێمانی :

باخی گشتی سلێمانی یەکێکە لە باخە کۆنەکانی سەر بە شاری سلێمانی بە یەکەم باخ لە سنووری شاری سلێمانیدا لە قەڵەم دەدرێت، بەکۆمەڵێک لە پەیکەری شاعیر و هونەرمەند و شۆڕشگێڕانی کورد ڕازێنراوەتەوە لەوانە (وەلی دێوانە، مەولەوی، حاجی قادری کۆیی، شێخ ڕەزای تاڵەبانی، پەڵماز گۆنای، نەجمەدین مەلا، مەحوی، ئەحمەدی خانی، شەرەفخانی بەدلیسی و چوارئەفسەرەکە) ئێستا ناوجەرگەی شارە و شوێنی ئەدیب و ڕۆشنبیر و ڕۆژنامەوانە، ڕۆژانە بەشێکی بەرچاوی خەڵکی شارەکە سەردانی دەکەن و بەدیمەنە دڵڕفێنەکانی ئەم باخچەیە شاد دەبن[1].

باخی گشتی کەوتۆتە ناو گەڕەکی شۆڕش و لەسەر شەقامێکی سەرەکی شاری سلێمانیە، کە ناوی شەقامی سالمە، دەکەوێتە سەرەتای ناو بازاڕی شارەکە و بەرامبەر ئوتێل سلێمانی پاڵاس. ئەم باخە لەسەر

[1] شیروان عمر ڕشید، بنەماجوگرافیەکانی پەرەپێدانی گەشت و گوزار لە پارێزگای سلێمانی، سەرچاوەی پێشوو، ل208.

ڕووبەری (37605 م٢) لەساڵی (1937) لەسەردەمی پارێزگار (مجید یعقوبی) و سەرۆکی شارەوانی (محمود ئەفەندی قادر ئاغا) کە لە ساڵی (1935-1944) سەرۆکی شارەوانی بووە دروستکراوە.

لەکۆتایدا هەر ئەوەندە ماوە بڵێین، کە باخی گشتی بۆتە شوێنی حەوانەوە و سەرەڕێی هاوڵاتیانی ڕۆشنبیر و ئەدیب و ڕۆژنامەنوس و شاعیران و خوێندکارانی شاری سلێمانی، و دەتوانین بڵێین باخی ڕۆشنبیری و ڕۆشنگەری سەرجەم چین و توێژەکانی ناو شارە و وەک سومبولێک بۆتە ناسنامەی ڕۆشنبیری لە ناو شارەکانی کوردستاندا[1]، لە ئێستادا کۆشکێکی تایبەت بەپێدانی زانیاری بە گەشتیاران دانراوە لە بەردەم دەروازەی باخەکە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گەشتوگوزاری سلێمانی.شایانی باسە هەندێک کەموکورتی هەیە لە ڕووی هەندێک خزمەتگوزاریی لەوانە نەبونی ڕوناککەرەوەی پێویست لە شەواندا، نەبونی شوێنی تایبەت بە یاریگای مناڵان و نەبونی پارکی ئوتومبیل، لەگەڵ نەبونی شوێنی نوێژ و دەستشۆر و کەمی ژمارەی شوێنی تایبەتی دانیشتن.

وێنەی (2)

چەند دیمەنێک لە باخی گشتی سلێمانی




سەرچاوە : کاری توێژەر، ڕێکەوتی 2021/2/1.

---

[1] تانیا ئاوارە، باخی گشتی ڕۆژمێری شار، بەردەستە لە پێگەی ئەلکترۆنی -https://www.khaktv.net/all detail.aspx?jimare=15335&type=farhang، وەرگیراوە لە بەرواری 2020/2/25 .

## 2. پارکی ئازادی :

پارکی ئازادی یەکێکە لە پارکە جوان و ڕازاوەکانی شاری سلێمانی، دەکەوێتە ناوجەرگەی شارەکەوە، بەشێوەیەکی بەردەوام دانیشتوانی شاری سلێمانی بەتایبەتی دانیشتوانی گەڕەکە نزیکەکانی پارکەکە سەردانی دەکەن، لە ڕۆژەکانی کۆتایی هەفتە و بۆنە و پشووە جیاوازەکاندا. نزیکیی پارکەکە و بوونی ڕووبەرێکی فراوانی سەوزایی هاندەری سەرەکین کە بەردەوام گەشتیاران ڕووی تێبکەن بەتایبەتی لەشەوەکانی وەرزی بەهار و هاویندا،لە لایەکی دیکەوە وەرزشکاران و چینی گەنجان بە گشتی لە سەردانیکەرانی ڕۆژانەی ئەم پارکەن بە مەبەستی وەرزشکردن و خوێندنەوە[1].

وێنەی (3)

چەند دیمەنێکی پارکی ئازادی لە چەند کاتێکی جیاوازدا



سەرچاوە: کاری توێژەر، ڕێکەوتی 2018/4/18 و 2018/4/25.

ئەم پارکە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە لەسەر ئاسەواری (حامییەی) سلێمانی، کە مۆڵگەیەکی سەربازیی سەرەکی ڕژێمی بەعسی ڕوخاو بوو دروستکرا، هەر لەبەر ئەم هۆکارە بووە، کە بڕیار درا ئەم مۆڵگە سەربازییە بکرێتە پارکێکی گەورە و ناوی لێبنرێت (پارکی ئازادی)، کۆی ڕووبەری ئەم پارکە (487500 م$^2$) [2]، لەبەرواری (1994/11/26) دەستکراوە بە دروستکردنی، وەک یەکەمین هەنگاو

[1] وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی، بەڕێوەبەرایەتی باخچەکان، زانیاری بڵاونەکراوە، 2020/1/26

[2]علي عثمان محمد شاربازيري، واقع تصاميم الحدائق لمدن اقليم كردستان العراق(دراسة نقدية وتحليلية)، مصدر السابق، ص109.

سنووری پارکەکە دیاریکرا،چەند دەرگایەکی سەرەکی بەنەخشەیەکی جوان دروستکران،سێ پارکی ئوتومبێلی بۆ دروستکرا لە هەرچوار دەروازەی گەڕەکەکانی (مامۆستایان و کانێسکان و عەقاری)، بە مەبەستی ڕاگرتنی ئوتومبێلی هاوڵاتیان لەکاتی سەردانیکردنیان بۆ پارکی ئازادی، هاوکات چەند کۆشک و دوکانێک دروستکران بە سەرپەرشتی بەشی پڕۆژەکانی شارەوانی سلێمانی بۆ ئەوەی بکرێتە کافتریا و دوکان بۆ دەستەبەرکردنی پێداویستی هاوڵاتیان و گەشتیاران کە سەردانی پارکی ئازادی دەکەن[1].

## 3. پارکی دایک:

ئەم پارکە دەکەوێتە کۆتایی شەقامی پیرەمێرد و لە ساڵی (2009) لەسەر پارچە زەوییەک دروستکراوە، کە ڕووبەرەکەی (16559 م$^{2}$)[2]، ئەم پارکە پێشتر بەندیخانە بووە کە لە ساڵی (1946) دروستکرا [3]، ناوەکەی گوزارشتە بۆ ئەو دایکانەی، کە لەناو ئەو بەندیخانەیەدا منداڵیان بووە، پارکێکی سەرنجڕاکێشە و لە بەشی ناوەڕاستی پەیکەری دایکێک دروستکراوە، جگە لە چەند کەپرێک و کانییەکی دەستکرد چەندین جۆر لە درەخت و دار لەخۆ دەگرێت[4].

وێنەی (4)

چەند دیمەنێک لە پارکی دایک



سەرچاوە: کاری توێژەر، ڕێکەوتی 2018/9/8 و 2018/12/5.

[1] وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی، بەڕێوەبەرایەتی باخچەکان، زانیاری بڵاونەکراوە، 2020/1/26.

[2] وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی، بەڕێوەبەرایەتی باخچەکانی سلێمانی، زانیاری بڵاونەکراوە، ئاماری ساڵی 2019، لە 2020/1/26 وەرگیراوە.

[3] ئەکرەمی ساڵحی ڕەشە، شاری سلێمانی، بەرگی دووەم، سەرچاوەی پێشوو، ل 88.

[4] وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی، بەڕێوەبەرایەتی باخچەکانی سلێمانی، زانیاری بڵاونەکراوە، ئاماری ساڵی 2019، لە 2020/1/26 وەرگیراوە.

## 4. پارکی مەلیک مەحمود :

ئەم پارکە دەکەوێتە بەشی باکوری شاری سلێمانی لەسەر شەقامی سەرەکی بازنەیی مەلیک مەحمود، لە ساڵی (2004) لەسەر ڕووبەری (177119م٢) دەست بەدروستکردنی کراوە[1]، ئەم پارکە لە ڕووی ئەندازەییەوە لە چەند باخچەیەک پێکهاتووە و تاڤگەیەکی گەورەی لە ناوەڕاستی پارکەکەدایە، هەروەها پەیکەرێکی مەلیکی گەورەی کوردان (مەلیک مەحمود) یشی تێدا دروستکراوە بۆ بەزیندوو هێشتنەوەی ناوی ئەم سەرکردە گەورەیە[2].

وێنەی (5)

پارکی مەلیک مەحمود



سەرچاوە:کاری توێژەر، ڕێکەوتی 2020/10/15.


[1] وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی، بەڕێوەبەرایەتی باخچەکانی سلێمانی، زانیاری بڵاونەکراوە، ئاماری ساڵی 2019، لە 2020/1/26 وەرگیراوە.
[2] بەختیار أحمد حسین، ناوچە سەوزاییەکانی ناو شاری سلێمانی لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای شار، سەرچاوەی پێشوو، ل83.

## 5. چاڤی لاند:

چاڤی لاند لەسەر ڕووبەری (950000 م٢) زەوی لە بناری شاخی گۆیژە دروستکراوە[1]، ئەم پڕۆژەیە لە ڕێکەوتی (2010/8/1) دەستکرا بەکارکردن تیایدا و لەڕێکەوتی (2013/5/1) تەواو بوو، بووە یەکێك لە ناوازەترین و گەورەترین پڕۆژەی گەشتیاریی لە ئاستی عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئەوەی ئەم پڕۆژەیە لە زۆربەی پڕۆژەکانی تر جیادەکاتەوە، کە تا ئێستا لە ناوچەکەدا هەیە، کۆمەڵێك تایبەتمەندییە، کە پێکەوە ناوازەیی پڕۆژەکە دەردەخەن لەوانە گەورەیی ڕووبەری پڕۆژەکە و شوێنی جوگرافیی و جوانی دیزاین و جۆراوجۆریی بەشەکانی پڕۆژەکە، کە زۆربەی ئەو مەیدان و بوارە گەشتیارییانە دەگرێتە خۆی، کە لە دونیای گەشتیاریی هاوچەرخدا باوە و تا ئێستا لە زۆربەی وڵاتانی دراوسێ نەکراوە.

وێنەی (6)

چەند دیمەنێک لە پارکی چاڤی لاند




سەرچاوە: کاری توێژەر، بەسودوەرگرتن لە ماڵپەری چاڤی لاند، لە ڕێکەوتی 2021/1/20.

[1] وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی، بەڕێوەبەرایەتی باخچەکانی سلێمانی، زانیاری بڵاونەکراوە، ئاماری ساڵی 2019، لە 2020/1/26 وەرگیراوە.

پرۆژەی چاڤی لاند بایەخێکی گەشتیاریی بەهێزی لە پاڵ بایەخە کلتوریی و مرۆییەکەی بۆ شاری سلێمانی دروستکردووە و گرنگی ئابووری بەهێزیی هەیە بۆ شاری سلێمانی هەم لەسەر ئاستی کوردستان هەم لەسەر ئاستی عێراقیشدا، هەروەك هۆکارێکیشە بۆ ڕاکێشانی گەشتیارێکی زۆر لە سەرجەم ناوچەکانی کوردستان و عێراق و وڵاتانی ناوچەکە بۆ شاری سلێمانی و دواتریش بۆکوردستان لە ڕێگەی دروستکردنی گروپی گەشتیاریی[1]. ڕووبەری سەوزایی لەم پارکەدا (600000 م٢)یە، سەرکەوتنی پرۆژەکە دەبێتە مایەی زیاتر هاندانی حکومەت و وەبەرهێنان بە ئەنجامدانی پرۆژەی جۆراوجۆر لە شارەکەدا، هەروەها دەبێتە مایەی بەرزکردنەوەی ئاستی داهاتی گەشتیاریی شاری سلێمانی، سەرەڕای بوونی تەلەفریک کە شارەکە دەبەستێتەوە بە لوتکەی چیاکەوە، بوونی چەندەها کافتریا و خواردنگەی جۆراوجۆر لەگەڵ بوونی زیاتر لە (30) جۆر یاری جۆراوجۆر، کە لە وڵاتانی دەرەوە هاوردە کراون،بوونی چەند دەریاچە و نافورەی دەستکردی سەرنجڕاکێش، لەگەڵ بوونی مۆزەخانەیەکی مۆمی، کە پەیکەری چەندین سەرکردە و کەسایەتی جیهانی تێدا نمایشکراوە، هەروەها بوونی چەند کابینەیەکی گەشتیاریی و کەپر بۆ حەوانەوەی گەشتیاران،لەگەڵ بوونی سینەمایەک [2].

## 6. پارکی هەواری شار:

پارکی هەواری شار بە دووری (10کم) لە باکوری ڕۆژئاوای شاری سلێمانی لە ساڵی (2004) بنیاتنرا، لەسەر ڕووبەری (10000000م٢)[3] بیرۆکەی دروستکردنی ئەم پارکە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (2003) کاتێک بیر لە زیادکردنی ڕووبەری سەوزایی کرایەوە لە شاری سلێمانی و هەرێمی کوردستان، لەڕێگەی دروستکردنی پارکێکی گەورە لەسەر پانتاییەکی زەوی ناکشتووکاڵی وشک ئەم پارکە گەورە سەوزە دروستکرا، لە پاش دانانی پلانێکی چڕ و پڕ بە هاوکاری ژمارەیەکی زۆر لە ئەندازیاران و شارەزایانی کشتووکاڵی دەستکرا بە ئیشکردن لە پرۆژەکەدا، ژمارەی درەخت و ڕووەکەکان نزیکەی (800 هەزار) ە و نزیکەی (300 هەزار) مەتر چوارگۆشەی سەوز کراوە بە چیمەن، بەبەردەوامی ئەم ژمارانە لە زیادبوندایە بە هۆی ئەمەشەوە ڕووبەری سەوزایی لە شارەکەدا لە (5%) بەرز بووەوەبۆ لە(12%) واتا ڕێژەکە لە (7%) زیادی کرد، لە ئێستادا ئەم پارکە بە یەکێک لە ناوچە گرنگەکانی گەشتیاریی و خۆشگوزەرانی دادەنرێت لە شارەکەدا، کە گەشتیاران و دانیشتوانی شارەکە بۆ بەسەربردنی کاتە بەتاڵەکانیان و چێژ وەرگرتن لە دیمەنە جوانەکانی سروشت و وەرزشکردن ڕووی تێدەکەن[4]. هەروەها دەتوانرێت لەچەند بوارێك وەبەرهێنان لەپرۆژەکەدا بکەن، بۆ نموونە ئێستا ڕووبەرێکی (400) دۆنمی

---

1 بەردەستە لە پێگەی ئەلکترۆنی (چاڤی لاند https://chaviland.org/About )، لە بەرواری 2020/3/13 وەرگیراوە.

2 جاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز هاوژین، لێپرسراوی بەشی ڕاگەیاندن لە بەرێوەبەرایەتی باخچەکانی سلێمانی، لە ڕێکەوتی 2020/1/26 .

3 علي عثمان محمد شارباذيري، واقع تصاميم الحدائق لمدن اقليم كردستان العراق(دراسة نقدية وتحليلية)، مصدر السابق، ص 141.

4 Chya Kadir Rashid, Study of the natural components of Hawary Shar Park in Sulaymaniyah city, mster thesis, Faculty of Agricultural Sciences University of Sulaimani,2014, p127.

لەناو پرۆژەکە تەرخانکراوە بۆ باخچەی ئاژەڵان، کە جگە لە باخچەکە، گۆڕەپانی ئەسپسواریو چەند گۆڕەپانێکی تری وەرزشیشی تێدا دروستدەکرێت[1].

وێنەی (7)

چەند دیمەنێک لە پارکی هەواری شار




سەرچاوە: کاری توێژەر، لە ڕێکەوتی 2018/6/20.

### 7. پارکی مەولانا:

یەکێکە لە پارکە تازەکانی شاری سلێمانی کە ئەتوانین بڵێین تازەترینە لە شاری سلێمانیدا لە مەراسیمێکدا لە ڕێکەوتی (2020/1/20) کراوەتەوە، پارکی نموونەیی مەولانا کە پارکێکی گەورەیە بە رووبەری (132000 م$^{٢}$)[2] دروستکراوە و دەکەوێتە پشت فامیلی مۆڵی سلێمانی،ئەم پارکە زیاتر لە (62000 م$^{٢}$) ڕووبەرەکەی بریتییە لە سەوزایی و (5000) نەمامی گەورە و (292000) نەمامی بچووکی تێدا ڕوێندراوە

---

[1] بەردەستە لە وێبسایتی نیقاش، https://www.niqash.org/ku/articles/society/5515/، وەرگیراوە لە ڕێکەوتی 2020/2/20

[2] وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی، بەڕێوەبەرایەتی باخچەکان، زانیاری بڵاونەکراوە، 2020.

و (25000 م$^{٢}$)ی پرۆژەکە چیمەنی هەمیشە سەوزە، پارکی نموونەیی مەولانا شوێنی ڕاوەستانی ئۆتۆمبێل و پانتایی بۆ ئەنجامدانی چالاکی وەرزشی بۆ دابینکراوە[1]. نەخشەی (3) چۆنێتی دابەشبوونی پارکە گشتییەکانی سلێمانی دەخاتە ڕوو.

وێنەی (8)

پارکی مەولانا




سەرچاوە:کاری توێژەر، ڕێکەوتی 2020/1/20.

[1] وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی، بەڕێوەبەرایەتی باخچەکان، چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز ئامانج علی احمد، بەشی ڕاگەیاندن، 2020/5/18 .

نەخشەی (3)

دابەشبوونی پارکە گشتییەکان لە شاری سلێمانیدا




سەرچاوە: کاری توێژەر: بەسودوەرگرتن لە داتاکانی بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی سلێمانی، بەکارهێنانی بەرنامەکانی ( google earthpro
(, Arc MAP 10.3,GPS coordinates app,v4.55

**دووەم: سەیرانگاکان:**

**1.باخی بەختیاری:**

ئەم باخە لە ساڵی (1945-1946) لە لایەن بەڕێوەبەری کشتوکاڵی بەکرەجۆ دروستکراوە[1]، ئەم سەیرانگایە دەکەوێتە سەر ڕێگەی سەرەکی ( سلێمانی _ کەرکوك ) لەسەر رووبەری (15000م٢) دروستکراوە کە پێکهاتووە لە بینای ئیدارە ، کۆشك ، نافورە ، کەپر ، شوێنی یاری منداڵان ، پارکی ئۆتۆمبێل و ڕێژەیەکی زۆر لە سەوزایی، بۆ کات بەسەربردنی گەشتیاران باخێکی دڵڕفێنە و ئاووهەوایەکی سازگاری هەیە[2].

وێنەی (9)

سەیرانگای باخی بەختیاری



سەرچاوە: کاری توێژەر، لە ڕێکەوتی 2021/2/4.

[1] فازل علی عباس، ساڵنامەی سلێمانی، چاپخانەی دلێر، چاپی یەکەم، سلێمانی، 200، ل41.
[2] وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشتوگوزاری سلێمانی، بەڕێوەبەرایەتی کاروباری گەشتیاری، زانیاری و داتای بڵاونەکراوە، 2019.

## 2.سەیرانگای سەرچنار:

سەرچنار بەیەکێک لە هاوینەهەوارەکانی کوردستان و سلێمانی دەژمێردرێت، دەکەوێتە باکوری رۆژئاوای سلێمانی لەمێژەوە وەکو سەیرانگا دانیشتوانی شارەکەو دەوروبەری ڕوویانتێکردووە بەهۆی سازگاریی ئاووهەواو لەباری ناوچەکە بۆ پشوودان[1]. سەرچنار ئوتێل و شوێنی حەوانەوەی لێ دروست کراوە بۆ گەشتیاران. شوێنێکی فێنک و خەم ڕەوێن بووە بۆ خەڵکی سلێمانی و دەوروبەری، کە تا ئەمڕۆش لە کۆتایی هەفتەدا خەڵکانێکی زۆر ڕوویتێدەکەن بۆ سەیران. سەرچنار چەندجارێک نۆژەنکراوەتەوە و سیمای ناو سەیرانگاکانی دەستکاریی کراون و خۆشکراون[2].

وێنەی (10)

بەشێک لە سەیرانگای سەرچناری سلێمانی



سەرچاوە: کاری توێژەر، لە ڕێکەوتی 2019/6/6 و 2019/11/5.

ئەم سەیرانگایە یەکێکە لە سەیرانگا دێرینەکانی شاری سلێمانی ڕووبەرەکەی نزیکەی (32500م٢) و سەرچاوەی هەڵقوڵانی ئاوی سەرچنار دەکەوێتە ناو سەیرانگاکەوە، هەروەها ئەم سەیرانگایە داپۆشراوە بە سەوزایی و دار و درەخت، کە چەندین شوێنی دانیشتن و حەوانەوە و کۆشک و یاری منداڵان و خواردن

[1] جمال بابان، سلێمانی شارەگەشاوەکەم، بەرگی چوارەم، چاپخانەی ئاراس،سەرچاوەی پێشوو، ل398.

[2] Al-Manmi, Diary Ali Mohammed Amin. "Environmental isotopes and stochastic modeling study to evaluate Tabin and Sarchnar springs, Kurdistan region-Iraq." Journal of African Earth Sciences 147 (2018): 312-321.

و خواردنەوەی تێدا دروستکراوە، ئەم سەیرانگایە بەهۆی ناوبانگە کۆنەکەیەوە بۆتە جێگای سەرنجی گەشتیاران و ساڵانە لە وەرزەکاندا بەتایبەتی لە وەرزی بەهار و هاویندا سەردانیکەرێکی زۆر ڕوویتێدەکەن[1].

## 3.سەیرانگای نەورۆز:

سەیرانگای نەورۆز، کە ناسراوە بە (مەشتەلەکە) دەکەوێتە گەڕەکی سەرچناری شاری سلێمانی و لە ساڵی (1991) دەستکراوە بە دروستکردنی، ئەم سەیرانگایە یەکەم سەیرانگایە لەسەر ئاستی پارێزگاکە، کە باخچەی ئاژەڵانی تێدایە هەرچەندە باخچەی ئاژەڵانەکەی لە ئاستێکی زۆر پێشکەوتوودا نییە، بەڵام بۆتە جێی سەرنجی گەشتیاران و سەردانیکەرانی، ئەمە جگە لە بوونی سینەمایەک لەناو باخچەکەدا.

وێنەی (11)

چەند دیمەنێک لە سەیرانگای نەورۆز




سەرچاوە:کاری توێژەر، بە سود وەرگرتن لە پەڕەی سەیرانگای نەورۆز 2020/9/20

هەروەها خاوەنی دوو پارکی ڕاگرتنی ئوتۆمبێلە، ئوتێلێک بەناوی ئوتێل (میر) دەکەوێتە ناو ئەم سەیرانگایە بۆ پشوودانی گەشتیاران و سەردانیکەران، ئەم سەیرانگایە خاوەنی مەلەوانگەیەکی تایبەتی خۆیەتی. بەشێوەیەکی گشتی ئەم سەیرانگایە ساڵانە ژمارەیەکی بەرچاو لە گەشتیار و خەڵکی شاری سلێمانی سەردانی دەکەن[2]. وەک دەبینرێت چۆنێتی دابەشبوونی سەیرانگاکان لەشاری سلێمانی لەنەخشەی (4) خراوەتەڕوو.

[1] شیروان عمر ڕشید، بنەماجوگرافیەکانی پەرەپێدانی گەشت و گوزار لە پارێزگای سلێمانی، سەرچاوەی پێشوو، ل211.
[2] دەزگای گشتی گەشتوگوزاری سلێمانی، نیگایەک بۆ کوردستان، بەبێ شوێنی چاپ، 2006، ل57.

نەخشەی (4)

دابەشبوونی سەیرانگاکان لە شاری سلێمانیدا




سەرچاوە: کاری توێژەر: بەسودوەرگرتن لە داتاکانی بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی سلێمانی، بەکارهێنانی بەرنامەکانی ( google earthpro , Arc MAP 10.3,GPS coordinates app,v4.55)

### سێیەم : شاری یارییەکان:

شاری یاری ناوچەیەکی دیاریکراوە، مەبەست لێی دابینکردنی ژینگەیەکی گونجاوە بۆ سەردانیکەرانی بۆ بەسەربردنی کاتێکی خۆش تیایدا، بەوە لە باخچەی ئاسایی جیادەکرێتەوە کەجگە لە بوونی سەوزایی و دیمەنی سروشتی دڵرفێن چەندین جۆری جیاوازی یاریکردن و ئامێری تایبەت بە یاریکردن و کات بەسەربردنی بۆ تەمەنە جیاوازەکان (منداڵان و گەنجان ) تیایدا فەراهەمکراوە، هەتا لەرێگەیەوە سەرنجی گەشتیاران رابکێشرێت. لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆجیادا یاریە ئەلکترۆنیەکانیش بون بە بەشێکی گرنگ و سەرنجراکێشی گەشتیاران لە شاری یارییەکاندا، وەزۆرجاریش بوونی سینەما و شانۆ و یارییە ئاوییەکان بەشێکی بەرچاون لەم ناوچانەدا.

بوونی شاری یاری لە سلێمانیدا مێژوویيە کی کۆنی نیە و سەرەتاکانی دەگەرێتەوە بۆناوەراستی ساڵی (1990) ەکان، بەرچاوترینی ئەم شاری یاریانە کە لەم شارەدا بنیاتنراوە شاری یاری سلێمانییە لە ناو پارکی ئازادیدا، کە مێژووەکەی دەگەرێتەوە بۆ ساڵی (1994)[1].

### 1. شاری یاری سلێمانی :

شاری یاری سلێمانی لە ساڵی (1994) لە سەر رووبەری نزیکەی (62500م٢) لە زەوی دەستکرا بەدروستکردنی لە تەنیشت پارکی ئازادی شاری سلێمانی، کە تارادەیەک شوێنەکەی دەکەوێتە ناوەندی شارەوە ئەمەش وایکردووە کە گەشتیاران و هاوڵاتیانی شارەکە بە ئاسانی دەستیان پێی بگات، ئەم شاری یارییە خاوەنی رێژەیەکی ئاوی و تاڤگە و دەریاچەیەکی دەستکردە، هەروەها خاوەنی چەندین جۆرلە گازینۆ و کۆشک و خواردنی خێرایە، کە خزمەتگوزارییەکانیان پێشکەش بە هاوڵاتیان و گەشتیاران دەکەن، ئەمە سەرەرای چەندین یاری جۆراوجۆر و هۆڵێکی یاری داخراو، هەروەها خاوەنی پارکێکی راگرتنی ئوتومبێلە بۆ ئەوکەسانەی کەسەردانی دەکەن.

ئەم شاری یارییە ساڵانە چەندین فیستیڤاڵی منداڵانی تێدا ئەنجامدەدرێت،ئەم شری یارییە بەیەکێک لە سیما پێشکەوتووەکانی کەرتی گەشتوگوزار دادەنرێت، ساڵانە گەشتیارێکی زۆر رووی تێدەکەن بەتایبەتی لە وەرزی بەهار و هاویندا[2].

[1] Babakr, Sangar Abdalla Babakr. TOURISM SECTOR AND ITS IMPACT ON ECONOMIC DEVELOPMENT IN SULAYMANIYAH PROVINCE: AN ECONOMIC STUDY OF THE PERIOD 2007–2016. MS thesis. Siirt Üniversitesi, 2018.P26.

[2] - علي عثمان محمد شارباذيري، واقع تصاميم الحدائق لمدن اقليم كردستان العراق(دراسة نقدية وتحليلية)، مصدر السابق، ص120.

وێنەی (12)

چەند دیمەنێک لە شاری یاری سلێمانی



سەرچاوە: کاری توێژەر، لە ڕێکەوتی 2019/10/1.

**2. شاری یاری سەیرانگای نەورۆز:**

شاری یاری سەیرانگای نەورۆز، کە ناسراوە بە (مەشتەلەکە) و لە پێشتردا ئاماژەمان پێداوە، لەساڵی (1991) دەستکراوە بە دروستکردنی، ئەم سەیرانگایە یەکەم سەیرانگایە لەسەر ئاستی پارێزگاکە کە باخچەی ئاژەڵانی تێدایە، کۆمەڵێک یاری هەمەجۆری تێدایە لە جۆری یاری کراوە وەک کورسی کورسی و بابە خولێ و جۆلانە و خلیسکێنەی هەمە جۆر بۆ منداڵان، لەگەڵ باخچەیەکی ئاژەڵان کە هەرچەندە لە ئاستێکی زۆر پێشکەوتوودا نییە، بەڵام بۆتە جێی سەرنجی گەشتیاران و سەردانیکەرانی[1].

[1] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ سەرپەرشتیاری سەیرانگای نەورۆز بەڕێز ( جلیل عثمان سلیمان)، ڕێکەوتی 2020/12/15.

وێنەی (13)

چەند دیمەنێک لە شاری یاری نەورۆز لە سلێمانی



سەرچاوە: کاری توێژەر، لە ڕێکەوتی 2019/5/20 و 2019/9/14.

### 3. شاری یاری چاڤی لاند:

شاری یاری چاڤی لاندی گەشتیاری بە گەورەترین پڕۆژەی گەشتیاری دادەنرێت لە پارێزگای سلێمانی، کە کۆی پڕۆژەکە لەسەر ڕووبەرێکی فراوان لە دامێنی شاخی گۆیژە دروستکراوە و بەسەر دیمەنی جوانی شاری سلێمانیدا دەڕوانێت، پڕۆژەکە پێکهاتووە لە (50) یاری هەمەچەشنی جیهانی لە هەردوو جۆری کراوە و هۆڵی داخراو بۆ نموونە شاری یاری ترسناک و یاری (4D) و تەلەفریک و مۆزەخانەی مۆم وسكة الموت و نافورەی ئاو، هەروەها ئەم پڕۆژەیە چەندین یاری تری جۆراوجۆر لە خۆدەگرێت لەگەڵ ڕێستۆرانت و کەپری گەشتیاری و کابینەی حەوانەوەی گەشتیاری و ڕووبەرێکی گەورەی سەوزایی[1]. نەخشەی (5) دابەشبوونی شاری یارییەکان لە شاری سلێمانی دەخاتەڕوو.

---

[1] حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار، دەستەی گشتی گەشت و گوزاری کوردستان، وێبسایتی فەرمی، 2019.

وێنەی (14)

شاری یاری چاڤی لاند




سەرچاوە: کاری توێژەر، ڕێکەوتی 2018/4/9.

### 4. هۆڵی يارييە ئەلەکترۆنييەکان:

لە ئێستادا ئەم هۆڵانە بوونەتە جێگای کات بەسەربردن و پڕکردنەوەی کاتە بەتاڵەکان لەلايەن بەشێکی زۆر لە گەنجان و بۆتە شوێنێکی خۆشگوزەرانی و جێگای سەرنجی گەشتياران و سەردانيکەرانی شارەکە، وەئەم هۆڵانە زياتر لە شوێنە گشتييەکان و مۆڵەکانی ئەم شارە بەرچاو دەکەون، بە پشتبەستن بە داتای بەڕێوەبەرايەتی گەشتوگوزاری سلێمانی بۆ ساڵی (2019) ژمارەی هۆڵەکانی ياری لە شاری سلێمانی (12) هۆڵن لە کۆی (15) هۆڵ لەسەرئاستی پارێزگای سلێمانی، کە دەکاتە ڕێژی (80%) ی کۆی گشتی هۆڵەکان، تەنها يەک دانە لەم هۆڵانە پلە يەکی چوار ئەستێرەيە بە ناوی (هۆڵی ياری ئەلکترۆنی سيتی ستار)، کە دەکەوێتە سەر شەقامی سالم بەرامبەر کتێبخانەی گشتی شاری سلێمانی، کە شوێنێکی بازرگانييە،هۆڵێکی تريان پلە دووی سێ ئەستێرەيە ئەويش (هۆڵی شاری ياری سلێمانی) و دەکەوێتە ناو پارکی ئازادی، کە يەکێکە لە پارکە گەورەو سەرەکييەکانی شارەکە و ڕۆژانە گەشتيار و

سەردانیکەری زۆری هەیە، دوو انی تر لەم هۆڵانە پلە چواری یەک ئەستێرەن بە ناوەکانی (هۆڵی نەورۆز ، هۆڵی یاری داخراوی منداڵانی مەم و زین)،ئەوانەی تریش کە ماون بە بێ پلەو بەبێ ئەستێرەن و ژمارەیان(8) هۆڵی یارییە، سەبارەت بە شوێنی ئەم هۆڵی یاریانە زۆربەیان دەکەونە سەر (شەقامی سالم)، کە شەقامێکی بازرگانی و سەرەکی شارەکەیە،هۆڵەکانی تریش بڵاو بوونەتەوە لە ناوچەکانی سەرچنار کە شوێنێکی گەشتیارییە و شەقامی بازنەیی مەلیک مەحمود کە شەقامێکی گرنگی شارەکەیە[1].

خشتەی (17)

ناو و پلە و شوێنی هۆڵی یارییە ئەلکترۆنییەکان لەشاری سلێمانی


| ژ | ناوی هۆڵی یاری ئەلکترۆنی | پلە | ئەستێرە | شوێن |
|---|---|---|---|---|
| 1 | هۆڵی یاری ئەلکترۆنی سیتی ستار | یەک | 4 | سلێمانی /شەقامی سالم/بەرامبەر کتێبخانەی گشتی |
| 2 | شاری یاری سلێمانی | دوو | 3 | سلێمانی / پارکی ئازادی |
| 3 | نەورۆز | چوار | 1 | سەرچنار/سەیرانگای نەورۆز |
| 4 | پلەی تایم یاری ئەلکترۆنی منداڵان | / | / | سلێمانی/سیتی سەنتەر |
| 5 | بلور | / | / | سلێمانی/سەرچنار |
| 7 | یاری ئەلکترۆنی سلێمانی ٢ | / | / | سلێمانی/شەقامی سالم/چوارباخ |
| 8 | هۆڵی یاری ئەلکترۆنی ئامێز | / | / | سلێمانی/شەقامی سالم |
| 9 | هۆڵی یاری ئەلکترۆنی کاڤیان | / | / | سلێمانی/ڕاپەڕین/هۆتێل کاڤیان |
| 10 | هۆڵی یاری ئەلکترۆنی سپۆرت ئارینا | / | / | سلێمانی/چەق چەق |
| 11 | هۆڵی یاریگای داخراوی مەم وزین | چوار | 1 | سلێمانی/بەرامبەر هۆڵی هونەرەجوانەکان |
| 12 | فەن تایم | / | / | سلێمانی/گەلەری ڕەند |

سەرچاوە: کاری توێژەر بەپشتبەستن بە داتاکانی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، بەڕێوەبەریەتی گشتی گەشتوگوزاری سلێمانی، بەڕێوەبەرایەتی کاروباری گەشتیاری، زانیاری و داتای بڵاونەکراوە، 2019.

[1]وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، بەڕێوەبەریەتی گشتی گەشتوگوزاری سلێمانی، بەڕێوەبەرایەتی کاروباری گەشتیاری، زانیاری و داتای بڵاونەکراوە، 2019.

نەخشەی (5)

دابەشبوونی شاری یارییەکان لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا




سەرچاوە: کاری توێژەر: بەسودوەرگرتن لە داتاکانی بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی سلێمانی، بەکارهێنانی بەرنامەکانی ( google earthpro , Arc MAP 10.3,GPS coordinates app,v4.55)

## باسی دووەم: خزمەتگوزارییە ڕۆشنبیری و مێژوویی و ئایینی وەرزشیەکان:

### یەکەم : ڕۆشنبیری (سینەما، شانۆ، گەلەریی، کتێبخانە):

بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی دامەزراوە رۆشنبیرییەکان فاکتەرێکی کاریگەری گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و گەشەسەندنی مرۆڤایەتی بوون، دامەزراوە رۆشنبیرییەکان لە هەر کۆمەڵگەیەکدا تایبەتمەندی خۆیان هەبووە و پانتاییەکی هەمەجۆری فراوانیان پێکهێناوە و بەردەوام لە بواری شێوازی پێکهاتەیی لە بوواری شوناس و ئەو ئەرکانەش کە روبەرووی دەبێتەوە لە حاڵەتی گۆران و پەرەسەندن بوون، بەشێک لە ئەرکە رۆشنبیرییەکان لە کۆمەڵگەکانی پێش مۆدێرنیزمی سەرمایەداری لە چوارچێوەی دامەزراوە تەقلیدییەکانی کۆمەڵگە لەوانە دامەزراوە ئایینییەکان وەک مزگەوت و کەنیسە.. هتد ئەنجامدراوە، هەرچەندە ئەمرۆ کۆمەڵگە خاوەنی چەندین شێوازی جۆراوجۆری دامەزراوەی رۆشنبیری نوێیە و لە ئایندەش شێوازی نوێتر لە دایک دەبێت، هەر لەم روانگەیەوە باس لە ئەرکی کۆمەڵێک لە دامەزراوە ڕۆشنبیرییەکان دەکەین، کە بەردەوام لە کۆمەڵگەیەکی کارادا لە بواری کار و شێوازی رێکخستن بە مەبەستی سەقامگیرکردنی ئاشتی کۆمەڵ، پێویستی بە نوێخوازی و پەرەپێدان هەیە[1].

### سینەما:

ڕۆڵی سینەما ڕۆڵێکی کاریگەر و لەبیرنەکراوە لەسەر تاکەکانی کۆمەڵگە و دواجاریش کۆی گشتی کۆمەڵگە، چونکە سینەما زۆر کاریگەرانە دەتوانێت بەشدار بێت لە دروستکردنی وێنەکان لە نەستی بینەردا بەوشێوەیەی کەخوازراوە، یان دەتوانین بڵێین زۆر بائاسانی و بەخێرای بێ پرس دەتوانێت پەیوەندی دروستبکات لەگەڵ بینەردا و کاریگەرییەکی کاتیی یان هەمیشەیی بەجێبهێڵێت لەسەر بیرکردنەوە و خووی بینەر. هەربۆیە بەیەکێک لە فاکتەرە سەرەکیەکان دادەنرێت لە دروستکردنی هۆشیاری خەڵک و کۆمەڵگەکان بەگشتی. بوونی سینەما هاوشانی زانکۆ و ناوەندە مەعریفی و ڕۆشنبیرییەکان یەکێکە لەو پێوەرانەی کە ڕادەی کرانەوەو تاڕادەیەکیش نیشانەی بەرزی ئاستی ڕۆشنبیری هەرکۆمەڵگەیەک دەردەخات. شاری سلێمانی خاوەنی مێژوویەکە لەگەڵ سینەمادا، بەنزیکەیی لەکۆتایی پەنجاکانی سەدەی ڕابردووەوە سینەما بوونی هەیە لەشارەکەدا و سەردانیکەرێکی زۆری هەبووە، سەرەڕای ئەوەی شاری سلێمانی لەپێشکەوتنی بەردەوامدابووە لە زۆربەی بوارەکاندا بەڵام دەتوانین بڵێین شارەکە نەک هەر پێشنەکەوتووە بەڵکوو بەرەودواوە گەڕاوەتەوە لە بواری سینەمادا چونکە سلێمانی لە چەند دەیەیەکی پێشوودا خاوەنی سینەمای ڕاستەقینەبووە کە فیلمی سینەمایی تێدا پەخشکراوە، بەڵام ئەوەی لەئێستادا هەیە زیاتر لە هۆڵی پیشاندانی فیلم دەچێت چونکە زۆرینەی خەسڵەتەکانی بوونی

[1] ڕێباز لوقمان مستەفا، توانستە جوگرافییەکانی پلاندانان وگەشەپێدانی گەشتوگوزار لە قەزای پێنجوێن بە بەکارهێنانی GIS، سەرچاوەی پێشوو،لا99-100.

سینەمای تێدا نیە، لەکاتێکدا ئەم شارە بە فەرمی بە پایتەختی ڕۆشنبیری هەرێمی کوردستان ناسێنراوە.
.بەشێوەیەکی گشتی ژمارەی سینەماکان لە شاری سلێمانیدا (6) سینەمایە بە پێی ئاماری بەرێوەبەرایەتی گەشتوگوزاری سلێمانی بۆ ساڵی(2016)، کە بەشێوەیەکی هەڕەمەکی بە شارەکەدا بڵاوبوونەتەوە، وەک لە خوارەوە باسکراون* :

**(1) سیتی سینەما:**

ئەم سینەمایە پێکهاتووە لە کۆمەڵگەیەکی خۆشگوزەرانی کە لە ڕێکەوتی (2011/12/17) کراوەتەوە لە ناو شاری سلێمانی لە ناوچەی سەرچنار لە تەنیشت کارگەی چیمەنتۆی سەرچناری جاران لە نزیک سەرچاوەی ئاوی سەرچنار، ئەم کۆمەڵگەیە لەسەر پارچە زەوییەکی، کە دەکاتە (10800م) چوارگۆشە دروستکراوە، کە پێکهاتووە لە پێنج هۆڵی سینەما کە هەریەکە لە هۆڵی یەکەم و دووەم (80) کورسیە و هۆڵی سێیەم (145) کورسیەهۆڵی چوارەم (100) کورسیە و هۆڵی پێنجەم، کە هۆڵێکی گەورە و فراوانە (471) کورسیە، رۆژانە هەموو ئەو فیلمانەی تێدا نمایشدەکرێت کە نوێن و لەسەر ئاستی جیهانی و لە سینەما جیهانییەکان نمایشدەکرێن، هەروەها هەموو ئەو فیلمانەشی تێدا نمایشدەکرێت کە لەناوخۆدا بەرهەمدەهێنرێت، چونکە ئەم سینەمایە جگە لە نمایشکردنی فیلمەکان هەڵدەستێت بە بەرهەمهێنان و دەرهێنان و دابینکردن و بڵاوکردنەوە و دۆبلاژکردنی فیلمی سینەمای، هەروەها ئەم کۆمەڵگایە ئوتێلێکی چوار ئەستێرە لە خۆی دەگرێت بە ناوی (ئوتێل سۆناتا)، هەروەها کافتریایەک و هۆڵێکی لەشجوانی بە ناوی کافتریا و هۆڵی لەشجوانی سیتی سینەما تێدایە، هەروەها جێگەیەکی خواردەمەنییە خێراکانی تێدایە بەناوی (هۆت دۆگ سۆسج )، جگە لەمانە بەشێکی گەورەی تێدایە بۆ پێشکەشکردنی گەنمەشامی و

*شایەنی باسە دووان لەم سینەمایانە لە ئێستادا نەماون وشوینەکانیان کراوە بەتەلاری بازرگانی و بازاڕی هاوچەرخ، ئەوانیش سینەما (دڵشاد)ە کە ئەم سینەمایە یەکێکە لە سینەما کۆنەکانی شارەکە، لەساڵی (1965) لە شەقامی کاوەی شاری سلێمانی و لەسەر ڕووبەری (1258م٢) دەست بەدروستکردنی کراوەو لە رۆژی 11-11-1968 دا کراوەتەوە، بەڵام لە دوای ڕووخاندنی کرا بە تەلاری بازرگانیسینەماکەشیان گواستەوە بۆ گەلەری ڕەند لەسەر شەقامی سالم، لە ساڵی (2009) لەسەر ڕووبەری (280 م٢) بەڵام ئەم سینەمایە بۆ کۆتا جار لە ساڵی (2017) داخرا، بەپشتبەستن بە (*سەردانی مەیدانیی توێژەر و چاوپێکەوتنی لەگەڵ بەڕێز (ئاسۆ محمد شریف )، بەڕیوەبەری کارگێڕی گەلەری ڕەند 2020/7/15.*) سینەماکەی تریش سینەما (سیروان)ە بەیەکێک لەو سینەمایانە دادەنرێت، کە پەیوەندی بەمێژووی سلێمانییەوە هەیە، لە دوای ڕاپەڕینەوە تەنها سێ سینەما لە شاری سلێمانیدا هەبوون، کە ئەوانیش سینەما سیروان، دڵشاد و ڕەشید بوون، بەڵام ئێستا لەگەڵ ئەوەی دووان لەو سینەمایانە، کە دڵشاد و ڕەشیدن ڕووخێنراون و شوێنەکانیان کراوە بە تەلاری بازرگانی تەنها سینەما سیروان ماوە، بەڵام ئەویش نمایشی فیلمی تێدا ناکرێت، کە ئەم سینەمایەش لەساڵی (1957) لەسەر ڕووبەری (1700 م٢) دروستکراوە، ئەم سینەمایە خاوەنی نزیکەی (350) فیلمی(35) ملیمە.

خواردنەوە گازییەکان، کە بەشێوەیەکی فرێش پێشکەش بە سەردانیکەرانی سینەماکە دەکرێت، لەڕووی ڕۆشنبیریشەوە کتێبخانەیەک و گەلەریەکی وێنە لەخۆدەگرێت بەناوی (کۆمەڵگەی سەنتەری شەوانی شار)، کە لە کاتژمێر (12)ی نیوەڕۆ تا کاتژمێر(2)ی شەو کراوەیە بەڕووی میوانەکان و هاوڵاتیانی شاری سلێمانی[1].

وێنەی (15)

چەند دیمەنێک لە شوێنە جیاوازەکانی سیتی سینەما لە سلێمانی




سەرچاوە: کاری توێژەر، ڕێکەوتی 2019/10/23

**(2) سینەما سالم :**

ئەم سینەمایە دەکەوێتە سەر شەقامی سالم لە ناو باڵەخانەی تەلاری سەردەم، ئەم سینەمایە لە ڕێکەوتی 8/8/2016 چالاکیی خۆی دەستپێکردووە، پێکهاتووە لە کافتریایەک و کتێبخانەیەک و هۆڵێکی سینەما،

[1] چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز (ئاراس غریب شریف) بەڕێوەبەری کارگێری لە سیتی سینەما، 2020/2/11.

که (370) کەس جێگایان دەبێتەوە لەم هۆڵەدا ئەم سینەمایە سەر بە دەزگای چاپ و پەخشی سەردەمە و لە لایەن ستافی ناوەندی غەزەل نوسەوە بەڕێوە دەبرێت، ئەم سینەمایە سەدان فیلمی نمایشکردووە و نزیک بە (400) فیلمی بیانیی وەرگێڕاوەتە  سەر زمانی کوردی و نمایشیانکردووە[1].

وێنەی (16)

چەند دیمەنێک لە سینەما سالم




سەرچاوە: کاری توێژەر، بەسوودبینین لە ماڵپەڕی، https://nasnews.com/kurd/view.php?cat=2628، لەڕێکەوتی 2021/2/6.

**(3) سینەما میسی :**

ئەم سینەمایە یەکێکی ترە لە سینەماکانی ئەم شارە و دەکەوێتە ناو تەلارێکی بازرگانییەوە بەناوی (سیتی سەنتەر)، کە ئەم تەلارە دەکەوێتە سەر شەقامی بازنەی مەلیک مەحمود لە تەنیشت مزگەوتی ئەحمەدی

[1] سەردانی مەیدانی توێژەر و چاوپێکەوتنی لەگەڵ بەڕێز (سەرتیپ احمد کریم)، بەڕیوەبەری کارگێری سینەما سالم  2020/2/12.

حاجی علی، کە لەلایەن ستافێکی تورکەوە بەڕێوەبراوە ، شوێنی(80) کەسی تێدا دەبێتەوەلەساڵی(2018) دا داخراوە و ستافەکەی گەڕاونەتەوە بۆ وڵاتی تورکیا [1].

**(4) سینەما نەورۆز:**

ئەم سینەمایە دەکەوێتە ناوچەی سەرچنار لەناو سەیرانگای نەورۆزی شاری سلێمانی، کە ناوچەیەکی گەشتیارییە و لە ساڵی (2008) دروستکراوە بە یەکێک لە سینەما مۆدێرنەکان دادەنرێت کە بەشێوەی (3D) دەتوانێت فیلمەکان نیشان بدات ولە دوای ساڵی (2017) گۆڕانکاری تێدا کراوە و فیلمەکانی بە شێوەی (6D) تێدا نمایشدەکرێت، ئەم سینەمایە لەسەر ڕووبەری (200م$^2$ ) بنیاتنراوە و جێگای (32) کەس دەبێتەوە[2].

**شانۆ:**

شانۆ (Theater) باوکی هونەرەکانە و سەرەتاکەی بۆ سەردەمی یۆنانییەکان و ڕۆمانییەکان دەگەڕێتەوە، کاتێک کە شانۆ تاکە هۆکار بووە بۆ دەربڕینی هونەریی، لە دوای زۆرانبازی و پێشبرکێکان شانۆ بە یەکێک لە چالاکییە خۆشگوزەرانی و گرنگەکان دادەنرێت، کە دەتوانێت کاتێکی ئارام ببەخشێت بە تاکەکانی کۆمەڵگە، هەروەها هۆکارێکیشە بۆ ڕاکێشانی سەرنجی گەشتیاران، ئەو شوێنانەی کە لە شاری سلێمانیدا شانۆی تێدا پێشکەش دەکرێت دوو جۆرن یان هۆڵی داخراون یاخود هۆڵی کراوەن* ، کە بەم شێوەیەی خوارەوە شوێنەکانیان دابەشبوون لە ناوچەی لێکۆڵینەوە [4].

**(1) تەلاری هونەر:**

ئەم تەلارە لە ساڵی (2003) بەردی بناغەکەی دانراوە،لە ڕێکەوتی (2008/5/10) کرایەوە و خراوەتە خزمەتی هاوڵاتیانی شاری سلێمانی، ئەم تەلارە دەکەوێتە گەڕەکی بەختیاری لەسەر شەقامی بازنەیی مەلیک مەحمود بەرامبەر پارکی عبدالرحمن زەبیحی، ئەم تەلارە پێکهاتووە لە سێ هۆڵی سەرەکی هۆڵی یەکەمیان (1650) کەس دەگرێت، کە زیاتر وەک هۆڵی سەرەکی بۆ بۆنە و ئیڤێنتەگەورەکان بەکاردەهێن، هۆڵی دووەم (300) کەس دەگرێت[5]،هۆڵی سێیەم کە هۆڵی پێشکەشکردنی سیمینارەکانە (175) کەس دەگرێت، جگە لە بوونی ژووری ئەکتەر و ژووری پێشوازی،ژوور بۆ پێشەنگای کتێب و شێوەکاری، سەرەڕای بوونی کافتریا ئەم تەلارە خاوەنی پارکێکی وەستانی ئوتومبێلە، ئەم تەلارە گرنگییەکی زۆری

---

[1] سەردانی مەیدانیی توێژەر و چاوپێکەوتنی لەگەڵ بەڕێز (سۆکار محمد صدیق)، بەڕیوەبەری کارگێڕی ستی سەنتەر مۆڵ 2020/7/15.

[2] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ سەرپەرشتیاری سەیرانگای نەورۆز بەڕێز( جلیل عثمان سلێمان)، ڕێکەوتی 2020/12/15.

* سەرەڕای بوونی چەندین هۆڵ و شوێنی نمایشی شانۆ لەناو زانکۆ و پەیمانگاکان و هەندێک لە خوێندنگاکانی شارەکە، وەکو هۆڵی ڕاپەڕین لەکەمپی کۆنی زانکۆی سلێمانی،چەندین هۆڵی دیکە لەکەمپی نوێ.

[4] شانۆ، بەردەستە لە وێبسایتی ئینسایکلۆپیدیای ئازادی ویکیپیدیا، https://ckb.wikipedia.org/wiki/شانۆ ، وەرگیراوە لە ڕێکەوتی 2020/2/20.

[5] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ بەڕێوەبەری تەلاری هونەر دلێر حەمە علی، ڕێکەوتی 2020/12/15.

هەیە بۆ لایەنی هونەری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری ئەم شارە، چونکە زۆربەی کۆڕ و کۆبوونەوە هونەری و ڕۆشنبیرییەکان لێرە دەکرێت وەک (ڤیستیڤاڵی نمایشی فیلمی سینەمایی لە سلێمانی) کە ئەمەش هۆکارێکە بۆ ڕاکێشانی گەشتیاران بۆ ئەم شارە [1].

وێنەی (17)

تەلاری هونەر




سەرچاوە:کاری توێژەر، لە ڕێکەوتی 2019/12/7 و 2021/2/5.

**(2) شانۆی ڕۆمانی:**

پرۆژەی شانۆی ڕۆمانی لەسەرهاوشێوەی شانۆی کۆلۆسیۆمی ڕۆماوە دروستکراوە، کە لە سەردەمی ئیمپراتۆرییەتی ڕۆمانییەکان بنیاتنراوە. پرۆژەکە کلتوورییە و یەکێکە لە پرۆژە هەرە بەرچاوە هونەرییەکان لە کوردستان و عێراقدا، کە لە پارکی هەواری شار لە سلێمانی دروستکراوە[2]، ئێوارەی

---


[1] بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەری سلێمانی، زانیاری بڵاونەکراوە، 2020/2/23.

[2] نزار جزا، سلێمانی، (شانۆی ڕۆمانی لە سلێمانی کرایەوە) بەردەستە لە پێگەی ئەلکترۆنی (تۆڕی هەواڵی خەڵک)، https://xelk.org/23530/ ، لە ڕێکەوتی 2020/2/20 وەرگیراوە.

ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی (2018/7/23) کراوەتەوە بەڕووی گەشتیاراندا[1]. شوێنی پێنج هەزار کەسی تێدادەبێتەوە، بیرۆکەی شانۆکە لەلایەن دکتۆر بەرهەم ساڵحەوە پێشنیارکراوە و چاوەڕوان دەکرێت ببێتە یەکێک لە هۆکارەکانی هاتنی گەشتیاران بۆ سلێمانی[2].

وێنەی (18)

شانۆی ڕۆمانی لە ناو پارکی هەواری شار



سەرچاوە: کاری توێژەر، ڕۆژی کردنەوەی شانۆی ڕۆمانی، 2018/7/23.

---

[1] ژیان، دروست کردنی پرۆژەی شانۆی ڕۆمانی بەردەستە لە وێبسایتی ئاژانسی ئەنادۆڵ، https://www.aa.com.tr/ks/744694/ ، وەرگیراوە لە ڕێکەوتی 2020/2/20.

[2] بەردەستە لە وێبسایتی بۆکوردستان، http://www.bokurdistan.com/opening-ceremony-of-amphitheatre-in- suli/، وەرگیراوە لە ڕێکەوتی 2020/2/20.

**(3) هۆڵی ڕۆشنبیری سلێمانی:**

ئەم هۆڵە یەکێکە لە هۆڵە کۆنەکانی ئەم شارە و دەکەوێتە بەشی ڕۆژئاوای شار، پشت باڵەخانەی نوێی شارەوانی سلێمانی، ژمارەی کورسیەکانی بریتییە لە (535) کورسی، لەساڵی (1987) دروستکراوە و هەتا ئێستا دوو جار لەساڵەکانی(2007-2017) نۆژەنکراوەتەوە، ئەم هۆڵە سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەری سلێمانییە، بۆتە جێگایەک بۆ پێشکەشکردن و نمایشی شانۆ و سازدانی ئاهەنگی کلتوری و کۆنسێرتی میوزیک و گۆرانی و بەڕێوەچوونی بۆنە جیاوازەکان لە شارەکەدا[1].

وێنەی (19)

هۆڵی ڕۆشنبیری سلێمانی




سەرچاوە: کاری توێژەر، لە ڕێکەوتی 2021/2/4.

[1] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ بەڕێوەبەری هۆڵی ڕۆشنبیری سلێمانی، (ئەمیر ڕەزا)، 2020/12/15.

**(4) هۆڵی کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی:**

ئەم هۆڵە دەکەوێتە گەڕەکی شێخانی سلێمانی لە تەنیشت نەخۆشخانەی ئێمرجنسی، ئەم هۆڵە سەر بە کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی کورد، بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆی سلێمانیە، یەکێکە لەوهۆڵانەی کە زۆرترین شانۆی تێدا پێشکەش دەکرێت.

**(5) هۆڵی سەنتەری چالاکی گەنجان:**

هۆڵی سەنتەری چالاکی گەنجان یەکێکی ترە لە هۆڵەکانی شاری سلێمانی، کە شانۆی تێدا نمایش دەکرێت، دەکەوێتە گەڕەکی بەختیاری لەسەر شەقامی سەرەکی بەختیاری، ئەم هۆڵە سەر بە سەنتەری چالاکی گەنجانە، کە ئەم سەنتەرە ڕێکخراوێکی ناحکومیە و ئامانجی خزمەتکردنی توێژی گەنجان و لاوانی شارەکەیە.

وێنەی (20)

هۆڵی چالاکی سەنتەری گەنجان



سەرچاوە: کاری توێژەر، لە ڕێکەوتی 2021/2/6.

## گەلەرییەکان:

بە شێوەیەکی گشتی گەلەرییەکان بریتین لە باڵەخانەیەک یاخود ڕووبەرێکی دیاریکراو بۆ نمایشکردنی کاری هونەریی، ئەشێت خاوەندارێتی بکرێت لە لایەن کەرتی گشتی یان کەرتی تایبەتەوە، بە شێوەیەکی سەرەکی بایەخ بە هونەرە بینراوەکان دەدات، هەنێکجار وەکو هۆڵێکی ئاڵوگۆڕی کلتوری بەکاردەهێنرێت یان چالاکی هونەریی وەکو کۆنسێرتی میوزیکی، یان کۆڕی شیعری تێدا دەخوێنرێتەوە[1]. ژمارەیەکی زۆر گەلەری لە شاری سلێمانی بوونی هەیە*[2] بەنزیکەیی دەگاتە زیاتر لە (5) گەلەری، کە تیایدا چالاکییە هونەریە جۆراوجۆرەکان ئەنجامدەدرێت وەکو پێشانگای شێوەکاری و بابەتە کلتورییەکان و نمایشی ئیشی دەستی ......هتد [3].

## (1) گەلەری زاموا:

گەلەری زاموا یەکێکە لە گەلەرییە چالاک و بەناوبانگەکانی شاری سلێمانی هاوشێوەی گەلەرییەکانی دیکە کاری شێوەکارانی کورد نمایش دەکات.

وێنەی (21)

گەلەری زاموا لە شاری سلێمانی



سەرچاوە:کاری توێژەر لەرێکەوتی 2021/2/2.

[1] Wahab MH, Zuhardi AF. Human visual quality: art gallery exhibition. Procedia-Social and Behavioral Sciences. 2013 Nov 8;101:476-87.

*هەندێک لەمۆزەخانەکانی سلێمانی وەک (ئەمنەسورەکە، سلێمانی) هۆڵی تایبەتیان هەیە کە هەندێک جار وەک گەلەری بەکاردەهێنرێت.

[3]پارێزگای سلێمانی، هۆڵ و شوێنە گشتیەکان، بەردەستە لە وێبسایتی فەرمی پارێزگای سلێمانی ، http://slemani.gov.krd/mobile_so/pageDetail.php?secID=17 ، لە رێکەوتی 2020/1/20 وەرگیراوە

گەلەری زاموا ساڵی (1995) دامەزراوە لە خانوویەکی کۆنی شارەکە، ئەم خانووە مێژووی دروستکردنەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی دروستبوونی شاری سلێمانی دەکەوێتە سەنتەری شاری سلێمانی، لە ڕابردودا ئەم خانوە شوێنی بیری نوێخوازی و نیشتمانپەروەریی بووە ماڵی مامۆستای کوردایەتی و توێژەرو شاعیرو ڕۆمان نووسی گەورەی کورد خوالێخوش بوو (ئیبراهیم ئەحمەد)[1].

### (2) گەلەری گرۆڤ :

ئەم گەلەرییە لە ڕێکەوتی (2016/2/20) لە شاری سلێمـانی کراوەتەوە نزیک گەڕەکی تاڤگە، ئەوەی ئەم گەلەرییە جیادەکاتەوە ئەوەیە کە بۆردێکی تایبەتمەند پێشوەختە هەڵدەستن بە هەڵسەنگاندنی ئەو کارانەی، کە پێشکەشیان دەکرێت بۆ نمایشکردن. ئەم گەلەرییە تایبەتمەندێتی و ڕێسای خۆی هەیە لە شێوازی نمایشکردندا، بۆردێکی پسپۆڕ لەهونەرمەندان سەرپەرشتی کوالیتی نمایشەکان دەکەن بەو ئامانجەی کە بتوانن لە ئاستێکی بەرزدا نمایش بکەن و شێوازی نمایشکردنیان وەرزییە[2].

وێنەی (22)

گەلەری گرۆڤ




سەرچاوە:کاری توێژەر بەپشتبەستن بە ماڵپەری کۆلێژی هونەری زانکۆی سلێمانی، ، http://art.univsul.edu.iq/events/grovgallery، لەرێکەوتی 2021/2/5.

---

[1] دڵشاد بهادین، گەلەری زاموا، بەردەستە لە ویبسایتی کوردپیدیا، https://www.kurdipedia.org/default.aspx?q=20090128164019127&lng=1، وەرگیراوە لە ڕێکەوتی 2020/1/20 .

[2] بەردەستە لە وێبسایتی کلتوری sulyon ، https://www.sulyon.com/Drejey-hawal.aspx?id=10858&LinkID=15 ، وەرگیراوە لە ڕێکەوتی 2020/1/28.

## کتێبخانەکان:

کتێبخانە بریتییە لە ناوەندێکی ئەکادیمی و مەعریفی لە ناو هەموو کۆمەڵگەیەکدا، کە پێداویستییەکانی کۆمەڵگە و سەرجەم هاوڵاتیان دابیندەکات لە ڕووی زانین و زانیاری، کتێبخانە بەشێکی گرنگە لە هەرەم و پێکهاتەی هەموو شارێکدا بۆ داهێنان و پێشکەوتن، کتێبخانەکان ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە دابینکردنی سەرچاوە جۆربەجۆرەکان بۆ خوێنەران و خوێندکاران و توێژەران بە تایبەتی، ئەمەش وایکردووە ڕۆژانە بە سەدان کەس سەردانی بکەن، هەروەها کتێبخانەکان شوێنی کردنەوەی پێشانگا و خولی ڕاهێنانی تایبەت بە گەنجان و منداڵان بە مەبەستی گەشەپێدانی ئاستی ڕۆشنبیری و کەسایەتیان، بە شێوەیەکی گشتی کتێبخانەکان لە هەر شارێکدا بن دەبنە ئاوێنەی ناساندنی شارەکە و ڕاکێشانی سەرنجی گەشتیاران بۆ کتێبخانەکان.

ناوچەی لێکۆڵینەوە خاوەنی چەندین کتێبخانەیە، کە زۆرترین و گرنگترین سەرچاوە زانستی و مێژوویی و ئاسەواریی و ئایینی و.. .هتد لەخۆدەگرن، کە ساڵانە چەندین پێشانگای کتێبی ناوخۆیی ودەرەکی تێدا دەکرێتەوە و ژمارەیەکی زۆر لە خوێنەران و ڕۆشنبیران و خوێندکاران کۆدەکاتەوە. ئەمانەی لای خوارەوە بەشێکن لە کتێبخانە دیارەکانی شاری سلێمانی:

### (1) کتێبخانەی گشتی سلێمانی :


کتێبخانەی گشتی سلێمانی، یەکێکە لەو ناوەندە زانستی و ڕۆشنبیریانەی هەرێمی کوردستان، کە نزیکەی سەدەیەکە خزمەت بە خوێنەران و زانست و زمان و ئەدەبی کوردی دەکات. لەساڵی (1943-1944) لەسەر دەستی پیرەمێردی شاعیر لە شاری سلێمانی دامەزراوە[1]، ئێستا کتێبخانەکە یەکێکە لە کتێبخانە دەوڵەمەندە مێژووییەکانی هەرێمی کوردستان و عێراقیش، زیاتر لە 120 هەزار سەرچاوە لە خۆی دەگرێت بە زمانە جیاوازەکانی کوردی، عەرەبی، فارسی و ئینگلیزی. سەرەڕای تەرخانکردنی بەشێکی تایبەت بۆ کتێبخانەی منداڵان، دوو هۆڵیشی هەیە کە هۆڵی نیگارکێشان و هۆڵی نمایشی فیلمی سینەماییە، کە لە ڕۆژانی یەکشەممە و سێشەممان فلیمەکان نمایش دەکرێن کە فیلمی پەروەردەین، سەبارەت بە ژمارەی ئەو کەسانەی سەردانی کتێبخانەکە دەکەن بەپێی وەرزەکان دەگۆڕێت، بەڵام ئەو ئامارانەی کە وەرگیراوە ڕۆژانە لەنێوان (50-80) کەس دەبێت، تەنها لەساڵی(2016) دا نزیکەی(11 هەزار) کەس سەردانی کتێبخانەکەی کردووە، سەرباری ئەوەی ساڵانە چەندین کۆڕ و سیمینار و چالاکی لەم کتێبخانەیەدا ئەنجام دەدرێت، تەنها لەساڵی (2015) دا نزیکەی (20-25) چالاکی تێدا ئەنجامدراوەو ساڵانە گەورەترین فیستیڤاڵی کتێب لە ڕۆژی جیهانی کتێب لەم کتێبخانەیەدا دەکرێتەوە، لەم کتێبخانەیەدا سیستەمی ئەلکترۆنی بۆ کتێبخانەی گشتی دانراوە، ژمارەیەک کۆمپیوتەر لەدەرەوە دانراوە دەستکراوە بە تۆمارکردنی سەرچاوە و کتێبەکان بۆ ناو داتا بەیس، لەگەڵ تەواوبوون و تۆمارکردنی سەرجەم سەرچاوە و کتێبەکان،

[1] جمال بابان و ئەوانی تر، سلێمانی شارەگەشاوەکەم، بەرگی سێیەم، چاپخانەی ئاراس، چاپی دووەم، هەولێر، لا165-167.

که ژمارەیان (120) هەزار سەرچاوەیە ئەو کاتە خوێنەر و سەردانیکەر دەتوانێت لەڕێی ئەو کۆمپیوتەرانەوە بە شوێن ئەو گۆڤار و کتێبانەدا بگەڕێت، کەمەبەستیەتی لەجێی ئەو سیستمە کۆنەی ئێستا بەکاردێت، ئەمەش هەنگاوێکی باشە[1]. کتێبخانەی گشتی سلێمانی تەنها کتێبخانەیەک نییە، بەڵکو هەوڵدراوە بکرێتە ناوەندێکی ڕۆشنبیری لەڕێگەی چالاکییەکانەوە و بەشدار بێت لەو چالاکییە ڕۆشنبیریانەی، کە لە پایتەختی ڕۆشنبیری هەرێمی کوردستاندا ئەنجامدەدرێت.

وێنەی (23)

کتێبخانەی گشتی لە شاری سلێمانی




سەرچاوە: کاری توێژەر، لەڕێکەوتی 2021/2/2.

---
[1] https://www.khaktv.net/all-detail.aspx?jimare=17101&type=farhang

**(2) کتێبخانەی ئەوقافی سلێمانی:**

کتێبخانەی ئەوقافی سلێمانی مێژووی بنیاتنانی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی بابانییەکان ، سەرەتا کتێبخانەکە لە ناوچەی قەڵاچوالان بووە، دواتر گواستراوەتەوە بۆ ناو شاری سلێمانی و لە ناو مزگەوتی گەورەی شاری سلێمانی شوێنێکی بۆ دابینکراوە[1].

وێنەی (24)

کتێبخانەی ئەوقاف لە شاری سلێمانی



سەچاوە: کاری توێژەر، ڕێکەوتی 2018/6/27.

[1] جمال بابان و ئەوانی تر، سلێمانی شارەگەشاوەکەم، بەرگی سێیەم، سەرچاوەی پێشوو،لا162-165.

لە ئێستادا ئەم کتێبخانەیە خاوەنی زیاتر لە (40000) کتێبە بە زمانەکانی (کوردی، عەرەبی، فارسی)، بەشێکی کتێبخانەکە تایبەت کراوە بە دەستنووسەکان، کە ژمارەیان 3 هەزارو 500 دەستنووسە، بە زمانی فارسی و عەرەبی و کوردی لەبوارە جیاوازەکاندا نوسراون، کۆنترین دەستنووسی ئەم کتێبخانەیە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ (610) ساڵ بەر لە ئێستا. تەنانەت هەندێك لە دەستنووسەکانیش لەبەرگیراوی دووەمی نییە، ئەم کتێبخانەیە لە ساڵی (1978) لە مزگەوتی گەورەی سلێمانییەوە دەگوازرێتەوە بۆ ژێر بینای شوقەکانی شێخ حسن لە گەڕەکی سابونکەران،لە ئێستادا ئەم کتێبخانەیە دەکەوێتە سەر شەقامی بازنەیی مەلیک مەحمود لە جێگەی مزگەوتی جیهادی جاران بەرامبەر بە شاری یاری چاڤی لاند [1].

**(3) بنکەی ژین :**

بنکەی ژین، ناوەندێکی ئەرشیفیی ناحکومییە، ساڵی (2004) لە شاری سلێمانی دامەزراوە، دەکەوێتە تەنیشت مزگەوتی (شێخ فەرید) لە گەڕەکی بەرانان ی شاری سلێمانی، ئەرکی ئەم بنکەیە بریتییە لە کۆکردنەوە و پاراستن و ڕێکخستن و زیندووکردنەوەی سامانی بەڵگەنامە، دەستنووس، ڕۆژنامەگەری و کتێبی تایبەت بە کورد و کوردستان، زیاتر لە (170) ڕۆژنامە و گۆڤاری لەناوچوون پاراستوە و زیاتر لە(100) کتێبی ناوازەی نووسەران و زانایانی کوردی بە چاپگەیاندوە، تەلاری بنکەی ژین کۆمەڵگەیەکی ڕۆشنبیری هەمە لایەنە و پێکهاتووە لە پێنج نهۆم، کە چەندین هۆڵی تایبەت بە بوارە جیاجیاکانی وەک کتێبخانە، چاپخانە، کافتریا و هۆڵی کۆبوونەوەی (300)کەسی، هەروەها شانۆ و سینەمای تێدایە، هۆڵی فێرکردنی زمان، کۆمپیوتەر و شوێنی کردنەوەی پێشانگا و چالاکییە هونەرییە جیاجیاکانی تێدایە، هەروەک شوێنی نووستن و حەوانەوەشی لەخۆگرتووە[2].

بەشێوەیەکی گشتی ناوەندە ڕۆشنبیریەکانی شارەکە، کە بریتین لە (شانۆ، کتێبخانە، سینەما و گەلەری) وەک لەنەخشەی (6) دیارە، زیاترلە ناوەندی شارەکە و بەشی ڕۆژئاوای شارەکە چڕبوونەتەوە،ناوچەکانی دیکەی بەشی ڕۆژهەڵات و باشور و باکور جگە لە کتێبخانەی ئەوقاف هیچ ناوەندێکی دیکە بوونی نییە، لەکاتێکدا چەندین زانکۆ و پەیمانگای حکومی و ناحکومی لەو ناوچانە بوونی هەیە کە خاوەنی کتێبخانەی تایبەت بەخۆیانن، هەروەها بوونی چەندین پرۆژەی گەورەی نیشتەجێبوون.

---

[1] چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرێز (زەینب احمد محمد)، بەشی (مخطوطات) لە بەڕیوەبەرایەتی گشتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی پارێزگای سلێمانی، 2020/5/18.

[2] ئەکرەمی صالحی ڕەشە، شاری سلێمانی، چاپخانەی ڕەهەند، بەرگی پێنجەم، چاپی یەکەم،2018،لا746-749.

وێنەی (25)


بنکەی ژین



سەرچاوە:کاری توێژەر، 2020/8/1.

نەخشەی (6)

دابەشبوونی سینەما و گەلەری و کتێبخانە و شوێنە ڕۆشنبیرییەکان لە شاری سلێمانیدا




سەرچاوە: کاری توێژەر: بەسودوەرگرتن لە داتاکانی بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی سلێمانی، بەکارهێنانی بەرنامەکانی ( google earthpro , Arc MAP 10.3,GPS coordinates app,v4.55)

## دووەم / مێژوویی (مۆزەخانە، شوێنی کلتوری و کەلەپوری)

**1) مۆزەخانە :**

مۆزەخانەکان بریتین لەو شوێنانەی کە ئامانجیان پاراستنی ئەو کەلوپەل و ئاسەوارانەیە، کە مرۆڤی کۆن بەکاریانهێناوە، بۆ ئەوەی خەڵک لەڕێی ئەو شتانەوە ئاشنابێت بە مێژوو پاشماوەی وڵات و ناوچەکەی و گرنگی پیشەسازی و کشتوکاڵی و هونەری، بوونی ئەم سەنتەرە مێژووییانە مەڵبەندێکی خزمەتگوزاری و پەرەپێدانی شارستانیەتە، هاوکات ئاوێنەی ڕاستەقینەی مێژووی نەتەوە و میللەتەکانە، بۆیە ڕۆڵێکی ڕۆشنبیری و زانستی و مێژوویی و شارستانی هەیە، یاخود ئەم مۆزەخانانە ئەو شوێنانەن، کە پاشماوە دێرینەکانی نەتەوە جیاوازەکانی تێدا هەڵدەگیرێت، کە مێژووەکەیان بۆ چەندین هەزار ساڵ دەگەڕێتەوە، کە خۆی لە بوونی چەندین ئاسەواری دۆزراوە دەبینێتەوە وەکو دار و گۆزە و دیزە و ئامڕازە سەرەتاییەکانی ڕاوکردن و هتد....

زۆر لە مێژە مۆزەخانەکان وەک سەرچاوەیەکی کلتوری و مێژوویی و مەعریفەی زانستی و شاکارە هونەرییەکانن، لەگەڵ زیادبوونی چالاکی گەشتیاری لە جیهاندا بەرەبەرە داخوازی لەسەر ئەم ناوەندانە زیادیکرد، لە ساڵی (2017) دا (20) لە مۆزەخانە بەناوبانگترینەکانی جیهان زیاتر لە (107) ملیۆن گەشتیاریان هەبووە، کە ئەمەش ساڵانە لە زیادبووندایە، وەک مۆزەخانەی لۆڤەر لە شاری پاریس (The Louvre, Paris )، ساڵانە نزیکەی (10) ملیۆن گەشتیار سەردانیدەکەن لە سەرانسەری جیهاندا و یەکێکە لە گەورەترین مۆزەخانەکان، پێشتر قەڵایەکی کۆن بووە بۆ پاشاکانی فەرەنسا، کە لە لایەن (فلیپ ئۆگەست)ەوە لە ساڵی (1190) دروستکراوە، وەکو مۆزەخانەش بۆیەکەمجار لە ساڵی (1793)دا کراوەتەوە، لە بەناوبانگترین پارچە شوێنەوارییەکانی ناو ئەم مۆزەخانەیە بریتیە لە وێنە بەناوبانگەکەی (مۆنالیزا)ی هونەرمەند (لیۆناردۆ دافنشی). هەروەها مۆزەخانەی نیشتیمانی مێژووی سروشتیی لە ئەمەریکا( National Museum of Natural History, Washington D.C.) ، ئەم مۆزەخانەیە لە واشنتۆنی پایتەختی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکایە، وەک لەوێنەی (26)دیارە، یەکێکە لە مۆزەخانە گەورەکانی جیهان لەسەر مێژووی سروشت کە تیایدا زیاتر لە (126) ملیۆن پارچەی شوێنەواریی جیاوازی تێدایە لە ڕووەک و ئاژەڵ و بەبەردبوو پاشماوەی مرۆڤی چاخە کۆنەکان، ساڵانە زیاتر لە (6) ملیۆن گەشتیار ڕووی تێدەکەن. مۆزەخانەی نیشتمانی چین لە پەکین ( National Museum of China, Beijing)، شایەنی باسە ئەم مۆزەخانەیە لە ساڵی (2003) لە شاری پەکینی پایتەختی وڵاتی چین دروستکراوە، کە زیاترلە یەک ملیۆن پارچەی دەگمەنی هونەریی و شوێنەواریی تێدایە، کە مێژووی ئەم

پارچانە دەگەڕێتەوە بۆ (1.7) ملیۆن ساڵ پێش ئێستا، ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە کە گەشتیاران دەتوانن بە خۆڕایی سەردانیبکەن، ساڵانە نزیکەی (8-9) ملیۆن گەشتیار سەردانیدەکەن[1].

وێنەی(26)

مۆزەخانەی نیشتیمانی مێژووی سروشتی لە ئەمەریکا



**سەرچاوە:**SfC Newsletter June 2013 (societyforcryobiology.org) ، ڕێکەوتی 2021/1/29.

سەبارەت بە مۆزەخانەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە، شارەکە بە بەراورد بە مێژووی شارەکە، کە مێژوووییەکی کۆنی نییە، بەڵام خاوەنی کۆمەڵێک مۆزەخانەیە، کە لەخوارەوە باسکراون :

**(1) مۆزەخانەی سلێمانی:**

مۆزەخانەی سلێمانی لە (14ی تەمموزی 1961) دامەزراوە سەرەتا لە خانوویەکی بچووکی گەڕەکی شۆڕشدا بوو، لە ساڵی 1980 گواسترایەوە بۆ ئەم بینایەی ئێستای کە شوێنەکەی دەکەوێتە سەر شەقامی سالم بەرامبەر ژووری بازرگانی سلێمانی، مۆزەخانەی سلێمانی پارچە ئاسەواری سەردەمە جیاوازەکانی

[1] https://www.tourism-review.com/most-visited-museums-around-the-world-news10736 13-12-2018

کوردستان و میسۆپۆتامیا لەخۆ دەگرێت، پێکدێت لە دوو نهۆم، کە ڕووبەری هەردووکیان بەنزیکەیی 2000م٢ دەبێت. لەسەر ئاستی عێراقدا بە دووەم مۆزەخانە دادەنرێت[1].

وێنەی (27)

مۆزەخانەی سلێمانی




سەرچاوە کاری توێژەر: لە ڕێکەوتی 2021/1/23.

**(2)مۆزەخانەی ئەنتۆگرافی سلێمانی:**

ئەم مۆزەخانەیە دەکەوێتە شەقامی ئەسحابە سپی لە نزیک فولکەی نالی، بیرۆکەی دروستکردنی ئەم مۆزەخانەیە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (1975-1976) و لە ساڵی (1979) توانرا مۆزەخانەکە تەواو بکرێت، ئەو پارچە ئاسەوارانەی لەم مۆزەخانەیە دانراون بریتین لە: ( کوپەڵەی دۆشاو کە مێژووەکەی

[1] Fattah, Othman Tawfeeq. "Evaluating Learning Outcomes. MA in Museum Studies University of Leiceste"2013,p7.

دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی 1850-1860، گۆزەی ئاو کە ئەمەش مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ هەمان ساڵ، کۆمەڵێک ملوانکە و خشڵی ئافرەتان، کۆمەڵێک مۆری لوولەیی، هەروەها پەیکەری ئەسپ و عەرەبانەیەک کە مێژومکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (1780)، گیزە، کلێشەی پارەی هەزار ڕوپییەیی )، چەندین شتی فۆلکلۆری و کە لەپوری تر لەم مۆزەخانەیەدا بەرچاودەکەوێت[1].

وێنەی (28)

مۆزەخانەی ئەنتۆگرافی سلێمانی



سەرچاوە: کاری توێژەر، لەرێکەوتی 2021/2/2.

**(3)مۆزەخانەی نیشتیمانی ئەمنە سورەکە:**

ساڵی (1979) ئەم باڵەخانەیە لە سەر ڕووبەری (16880 م٢) لە ناوەندی شار لە لایەن ڕژێمی ڕوخاوی بەعس دروستکراوە، بۆ کۆنترۆڵکردنی شاری سلێمانی و دەوروبەری لە سێ بەشی سەرەکی پێکهاتبوو،

[1] جمال بابان و ئەوانی تر، سلێمانی شارەگەشاوەکەم، بەرگی سێیەم، سەرچاوەی پێشوو،لا264-263.

که بریتیبوون له بەشەکانی (ئاسایشی سیاسی، ئاسایشی ئابووری، ئاسایشی چاودێری چاپەمەنی)[1]. دوای ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ساڵی (1991) ئەم باڵەخانەیە ببووە جێگای نیشتەجێبوونی ئاوارەکانی شاری کەرکوک تا ساڵی (1996)، پاشان لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیار درا، کە شوێنێک بۆ ئاوارەکان دابینبکرێت و ئەم باڵەخانەیە بپارێزرێت، پاشان بینای ئەمنە سورەکە وەک مۆزەخانە ناسێنرا،بەشە سەرەکییەکانی ئەم مۆزەخانەیە لە ئێستادا پێکهاتووە لە ( بەشی زیندانە کان، بە شی ئە شکە نجە، موزە خا نە ی کە لتوری، هۆڵی هە ڵە بجە، گەلە ری بۆ نما یشکردنی پیشانگای هونەری و چەند بەشێکی تریش لەخۆ دەگرێت)[2].

وێنەی (29)

مۆزەخانەی نیشتیمانی ئەمنە سورەکە



سەرچاوە:کاری توێژەر، لە ڕێکەوتی 2018/11/21.

---

[1] Gaillard, X. The Museumification Of Prisons In Tehran And Sulaymaniyah: Power, Collective Memory And Hegemony (Doctoral Dissertation, Middle East Technical University). 2019. p.21.
[2] Cockrell-Abdullah, A. Constituting Histories Through Culture In Iraqi Kurdistan. *Zanj: The Journal of Critical Global South Studies*, *2*(1), 2018. pp.65-91.

### 2) **شوێنی کلتوری و کەلەپوری**:

### **(1)بەردەرکی سەرا:**

سەرای ئێستای سلێمانی لە سەردەمی (احمد پاشای کوڕی سلێمان پاشا) دروستکرا کە دوا میری بابان بوو دوای ئەوەی بیری لەوە کردەوە، کە شوێنێکی تازە بکاتەوە و بیکاتە سەرای میری، ئەم شوێنەی ئێستای هەڵبژارد، کە بەگوێری ئەو ڕۆژە ناوەڕاستی شار بوو، بۆچوون هەیە (احمد پاشا) لە نێوان ساڵانی (1838-1842) دا بەردی بناغەی سەرای سلێمانی دانابێت، لەسەردەمی حکومەتی عێراقدا سەرا لە ساڵی (1927) سەرلەنوێ بە بەردوگەچ دروستکراوەتەوە[1]، ئەم سەرایە پێکهاتووە لە دوو نهۆم و 43 ژوور، چەندین جار کاری چاکسازی تیادا کراوە بۆ سوود وەرگرتن لە نیشتەجێبوون و بەڕێوبەرایەتی فەرمانگەکانی شار. پاشان تەرخانکراوە بۆ پێگەی ئیداریی پۆلیس و قایمقامیەت ئێستا لەلایەن پارێزگای سلێمانی و بەڕێوبەرایەتی شوێنەواری سلێمانی بۆ گەڕانەوەی شێوازە ڕەسەنەکەی نۆژەنکراوەتەوە، وەک مۆزەخانەیەکی مێژوویی و سیاسی و نەتەوەیی شاری سلێمانی و شانازییەکانی ڕابردووی ئەم شارەی تێدا دەپارێزێت[2].

وێنەی (30)

بەردەرکی سەرای شاری سلێمانی



سەرچاوە: کاری توێژەر، لەڕێکەوتی 2021/2/2.

[1] جمال بابان، سلێمانی شارە گەشاوەکەم، بەرگی چوارەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2002، لا22-24.

[2] جمال بابان و ئەوانی تر، سلێمانی شارەگەشاوەکەم، بەرگی سێیەم، سەرچاوەی پێشوو ،ل230.

**(2)چایخانەی شەعب:**

سەرەتای دروستبوونی چایخانەی شەعب دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی پەنجا[1]، سەبارەت بەوەی کە بۆ چایخانەکە ناوی شەعبی لێنراوە، لە ساڵانی زوودا بیناکە ئوتێلێک بووە ناوی شەعب بووە هەر بۆیە ئەم ناوەش لە چایخانەکە نرا، چایخانەی شەعب هەر لە سەرەتاوە مەڵبەندی کۆبوونەوە و حەوانەوەی خوێندەواران و هونەرمەندان و نووسەران بووە دەکەوێتە نزیک سەرای سلێمانی بەشی باشوری رۆژهەڵاتی[2].

وێنەی (31)

چایخانەی شەعب



سەرچاوە: کاری توێژەر، بەسود وەرگرتن لە ماڵپەری https://www.aa.com.tr/ks، لە ڕێکەوتی 2021/2/5.

[1]تاژاو محمد، سلێمانی شارێک لە کلتور و خۆراگری، بەردەستە لە پێگەی ئەلکترۆنی https://www.pukmedia.com/KS_Direje.aspx?Jimare=127030 ،وەرگیراوە لە بەرواری 2020/5/18.

2 Babakr, S. A. B. (2018). TOURISM SECTOR AND ITS IMPACT ON ECONOMIC DEVELOPMENT IN SULAYMANIYAH PROVINCE: AN ECONOMIC STUDY OF THE PERIOD 2007–2016 (Master's thesis, Siirt Üniversitesi).

**(3)ماڵی سۆفی کەریم :**

سۆفی کەریمی سەراج یەکێک بووە لە کەسایەتییە ناودارەکانی شاری سلێمانی، ساڵی (1897) لە دایکبووە و ساڵی (1961) کۆچی دوایی کردووە، لە ساڵی (1928) ئەم خانووەی لە گەڕەکی سابوونکەرانی شاری سلێمانی کریوە و ژیانی ئاسایی خۆی تێدا بەسەربردووە، پاشان لە ساڵی (2013) لەسەر بودجەی پەرەپێدانی هەرێمەکان نۆژەنکردنەوەی خانوەکە دەستیپێکرد و ساڵی (2015) کاری نۆژەنکردنەوەی خانووەکە کۆتایهات، ئێستا خانووەکە بۆتە مۆزەخانەیەک بۆ نمایشی بەرهەمە کەلەپوورییەکان و هاونیشتمانیان و گەشتیاران دەتوانن لەوێ مێژووی کورد لە ڕێگەی ئەو بەرهەمانەوە ببینن[1].

وێنەی (32)

ماڵی سۆفی کریم



سەرچاوە: کاری توێژەر، لە ڕێکەوتی 2019/12/18.

**(4) قەیسەری نەقیب :**

یەکێکە لە مەڵبەندە بازرگانییە هەرە کۆنەکانی ناو شاری سلێمانی، ساڵی 1900 شێخ مستەفای نەقیب، کە دەکاتە مامی شێخ مەحمودی حەفید دروستیکردووە، زۆربەی وەستا و کرێکارەکان کە لە دروستکردنی ئەم قەیسەرییەدا ئیشیانکردووە لە سنە و کرماشانەوە هاتوون و شارەزایی زۆریان هەبووە لە هونەری

[1] چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز (ئەکرەم عثمان) سەرپەرشتیاری ماڵی سۆفی کەریم لە ڕێکەوتی 2019/12/18.

بیناسازیدا، نەخشەی قەیسەرییەکەش هەر هەمان نەخشەیە، کە لە قەیسەری و بازاڕەکانی رۆژهەڵاتی کوردستاندا بەکارهاتوون، کاسبکارەکانی ئەم قەیسەرییە جۆراوجۆر بوون وەک خەیاتی و دەلاکی و وشکەفرۆش، دەیان پیاوی ناسراو و کاسبکار و بازرگان لە مسوڵمان و کرستیان و جوو لەم قەیسەرییەدا کاسبییان کردووە،بەڵام لەدوای ساڵی چلەکانەوە شەقڵێکی تری بەخۆوە گرت و زیاتر بوو بە بازاڕی عەتارەکان، سەرچاوەی کەلوپەلەکانیش لە بەغدا و سوریا و ئێرانەوە دابینکراون و بازرگانەکانی ئەو سەردەمە خۆیان گەشتی ئەو وڵاتانەیان کردووە و تازەترین کاڵایان بۆ دوکاندارەکانی ئەو قەیسەرییە هێناوە، لافاوە بەناوبانگەکەی شاری سلێمانی لە ساڵی (1957)دا زیانێکی گەورەی بەم قەیسەرییە گەیاندووە. ئەو سەردەمە لاوان و مامۆستایان و پیاوە ناودارەکانی کورد کۆمەکی مادديان پێشکەش بە زیانلێکەوتووان کردووە، ساڵی (1987) یش لە ڕووداوێکی تردا قەیسەرییەکە سوتا و خەڵکەکەی تووشی زیانێکی قورس بوون تۆفیق قەزاز و حاجی شێخ عەلی و حاجی مەلا سەعیدی مامە خەلانی و حاجی عەزیزی شەرعی و شەلەمۆ عەزیز حەکیم و موشێی عەتار و سیمانە و سەلیم بەگی کوتاڵفرۆش هەندێک لە کاسبکارە ناسراوەکانی سەرەتاکانی سەدەی رابردووی ناو قەیسەری نەقیب بوون[1].

وێنەی (33)

قەیسەری نەقیب




سەرچاوە: کاری توێژەر، لە ڕێکەوتی 2018/7/18.

[1] جمال بابان، سلێمانی شارە گەشاوەکەم، بەرگی یەکەم و دووەم، سەرچاوەی پێشوو،ل 386.

نەخشەی (7)

دابەشبوونی شوێنە مێژوویی و کلتورییەکانی شاری سلێمانی




سەرچاوە: کاری توێژەر: بەسودوەرگرتن لە داتاکانی بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی سلێمانی، بەکارهێنانی بەرنامەکانی ( google earthpro, Arc MAP 10.3,GPS coordinates app,v4.55)

**سێیەم : خزمەتگوزارییە وەرزشییەکان :**

وەرزش بەشێکە لە کلتور و رۆشنبیری هەر میللەتێک، لە سلێمانی هەر لە مێژەوە وەرزش وەک چالاکییەک بوونی هەبووە، بە تایبەت لەو جۆرە یاریانەدا کە لەناو کورددا باو بوون، وەک سوارچاکی و تیرئەندازی هەمیشە ستایشی ئەو جۆرە وەرزشە کراوە ئەتوانین بڵێین پێش پەیدابوونی ئۆتۆمبیل کەم کەس هەبووە لە شاردا شتێک لە سوارچاکی نەزانێت، تەنانەت ژنانیش لەم بوارەدا بەجێنەمابوون، هاوکات یارییە کوردەوارییەکانی تریش لە گەڕەک و کۆڵان و گردەکانی شاردا خەڵکیان سەرقاڵ و سەرگەرم دەکرد ، بەگشتی ئەهلی سلێمانی بە ئەهلی کەیف و سەفا و سەرگەرمی ناسراون[1].

**(1) یاریگاکان.**

أ) یاریگای یانەی سلێمانی (مەلعەبەکە) :

یاریگای سلێمانی ناسراو بە مەلعەبەکە یاریگایەکی تایبەتە بە تۆپی پێ و یانەی وەرزشی سلێمانییە، هاوکات چەندین یاری و پاڵەوانیەتی تری تێدا ئەنجامدەدرێت وەک یارییەکانی گۆرەپان و مەیدان، لە پێش دامەزراندنی یانەی وەرزشی سلێمانی لە سەرەتای ساڵی (1956) لە زۆربەی گەڕەکەکاندا تیپی ئەهلی (میللی) هەبووە، لە مانگی (10/ 1956) یانەکە دروستکرا[2].

ئێستاش یانەی وەرزشی سلێمانی یەکێکە لە ناودارترین یانەی وەرزشی لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق، پتر لە دوو هەزار ئەندام و دۆستی هەیە لە پیاوان ولاوان وکچان، بارەگای یەکەم دەکەوێتە سەر شەقامی تەنیشت یانەی پزیشکان بەرامبەر بەنەخۆشخانەی (عەلی کەمال)، لەناو بارەگاکەدا (یاری تۆپی باسکەو بالەو تۆپی دەستی) تێدایە، یاریگای باسکەو بالەکەی لە ماددەی (ریکۆبۆڵ) دروستکراوە لەگەڵ جێگای دانیشتنی سەیرکەران (مدرجات)، لەناو بارەگاکەدا هۆڵی تۆپی سەرمێز و هۆڵی قورسایی هەڵگرتن و لە شجوانی و ژووری کۆبوونەوە و ژووری میوانداری و چەند ژوورێک بۆ خۆگۆڕینی یاریزانەکانی تێدایە، جگە لەم بارەگایە بارەگایەکی تر ئەکەوێتە گەڕەکی (چوار باخ) نزیک مزگەوتی ( عبداللە لوتفیی) ەوە کە ناودەبرێ بە (کۆمەڵگەی یانەی وەرزشی سلێمانی).لەبەر ( بوونی هۆڵی داخراو) لەسەر تازەترین شێوەی مۆدیرن دروستکراوە، کە زەوییەکەی بەمادەی (تارتان) دروستکراوە، لەگەڵ جێگەی دانیشتنی سەیرکەران کە یاری تۆپی باسکەی تێدا ئەنجامدەدرێت، هەروەها مەلەوانگەیەکی (داخراو) لەسەر تازەترین شێوە کە هەموو مەرجە یاساییەکانی تیادایە، بە پێوانەی (13-25) م، جگە لەمانە هۆلێکی تۆپی سەرمێز، کە هەموو مەرجە یاساییەکانی تۆپی سەرمێزی تیادا هەیە، یاریگایەکی تۆپی دەستی تیادایە کە

---

[1] پارێزگای سلێمانی، مێژووی وەرزشی سلێمانی، بەردەستە لە وێبسایتی فەرمی پارێزگای سلێمانی، http://slemani.gov.krd/mobile_so/newsDetail.php?newsID=690 ، وەرگیراوە لە ڕێکەوتی 2020/5/18.

[2] وەرزش لە سلێمانی ، بەردەستە لە وێبسایتی ویکیپیدیا،https://ckb.wikipedia.org/wiki/ وەرزش لە سلێمانی، وەرگیراوە لە ڕێکەوتی 2020/5/18 .

بەمادەی (تارتان) دروستکراوە، یاریگایەکی تۆپی پێ کە بەچیمەنی سەوز و پتر لە(20000) بیست هەزار کەس دەگرێت، لەسەر تازەترین شێوە نوێکراوەتەوە لەسەر بوودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان،ئێستا بە کۆبوونەوەی هەموو یاریگاکان لە چوارچێوەی (مەلعەبەکە)دا ناونراوە (کۆمەڵگەی یانەی وەرزشی سلێمانی) لە گەڕەکی چوارباخ[1].

وێنەی (34)

یاریگای سلێمانی (مەلعەبەکە)




سەرچاوە:کاری توێژەر، بە سود وەرگرتن لە ماڵپەڕی
https://www.xendan.org/sport/detailnews.aspx?jimare=8981&babet=21&relat=1024

[1] تاڵاو محمد، سلێمانی شارێک لە کلتور و خۆڕاگری، بەردەستە لە پێگەی ئەلکترۆنی https://www.pukmedia.com/KS_Direje.aspx?Jimare=127030 ،وەرگیراوە لە بەرواری 2020/5/18.

نەخشەی (8)

دابەشبوونی یاریگاکان لە شاری سلێمانی




سەرچاوە: کاری توێژەر: بەسودوەرگرتن لە داتاکانی بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی سلێمانی، بەکارهێنانی بەرنامەکانی ( google earthpro
(, Arc MAP 10.3,GPS coordinates app,v4.55

خشتەی (18)

ناو و شوێنی یاریگاکانی شاری سلێمانیدا

| ژمارە | ناوی یاریگا | ژمارەی یاریگا | جۆری یاریگا | گەڕەکەکان |
|---|---|---|---|---|
| 1 | سلێمانی | 1 | گەورە | چوارباخ |
| 2 | سەنتەری گەنجان | 4 | گەورە | بەختیاری |
| 3 | سەرچنار | 1 | بچووک | سەرچنار |
| 4 | زەرگەتە | 1 | بچووک | زەرگەتە |
| 5 | کارێزەوشک | 1 | بچووک | کارێزەوشک |
| 6 | ئاشتی | 1 | بچووک | قالاوە |
| 7 | هاوکاری | 2 | بچووک ، گەورە | ئازادی |
| 8 | چیا | 4 | بچووک ، گەورە | شەقامی بازنەیی مەلیک مەحمود |
| 9 | شەهید جمال علی باپیر | 1 | بچووک | سەرکارێز |
| 10 | ئەزمەڕ | 1 | بچووک | شەکرەکە |
| 11 | عەلوەکە | 1 | بچووک | اصلاح |
| 12 | ئازادی | 1 | بچووک | اصلاح |
| 13 | کمال سلیم | 1 | بچووک | ئیسکان |
| 14 | سیروان | 1 | بچووک | دوڕیانی سەرچنار |
| 15 | برایەتی | 1 | بچووک | حاجی ئاوا |

سەرچاوە: کاری توێژەربە پشتبەستن بە ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز مامۆستا جمال بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی وەرزشی سلێمانی لە ڕێکەوتی 26/1/2021


**(2) مەلەوانگەکان:**

مەلەوانگە پەیکەرێکی دەستکردە بۆ لەخۆگرتنی ئاو دروستدەکرێت، بۆ مەلەکرن و چالاکییەکانی چێژوەرگرتن کەڵکی لێ وەردەگیرێت. حەوزەکان دەکرێت لەژێر زەوی دروستبکرێن لەڕێی هەڵکەندنی چاڵ، یان لەسەر زەوی بن بە دروستکردنی دیواری پاڵشت، کە بەزۆری بە بەکارهێنانی کۆنکریت دەکرێن. حەوزەکان لە قەبارە و شێوەدا جیاوازن ، گەورەترینیان ئەوانەن، کە بۆ یارییەکانی ئۆلۆمپیک بەکاردێن. حەوزەکانی مەلەکردن دوو جۆرن کراوە و داخراو، حەوزی داخراو ئەوەیانە کە لەناو بینایەک دروستکراوە، کراوەش ئەوەیانە، کە بە هیچ پێکهاتەیەک دانەپۆشراوە، مەلەکردن لە مەلەوانگە گشتییەکاندا ئەتوانێت وەرزشێکی باش و هاوکات یەکێک لە ڕابواردنە چێژبەخشەکان بێت لە وەرزەکانی ساڵدا بە تایبەتی لە وەرزی هاویندا، هەر بۆ ئەم مەبەستەش لە شاری سلێمانیدا خواست لەسەر مەلەوانگەکان زۆر بووە ژمارەیەکی بەرچاو لە مەلەوانگە کراونەتەوە، کە زیاترە لە (25) مەلەوانگە[1]، نەخشەی (9)

[1] چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز لەشکر حەمید، سەرۆکی لیژنە هاوبەشەکانی قایمقامیەتی سلێمانی، 2021/1/7.

نەخشەی (9)

دابەشبوونی مەلەوانگەکانی شاری سلێمانی




سەرچاوە: کاری توێژەر: بەسودوەرگرتن لە داتاکانی بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی سلێمانی، بەکارهێنانی بەرنامەکانی ( google earthpro
(, Arc MAP 10.3,GPS coordinates app,v4.55

**(3) هۆڵی کێش دابەزاندن و لەشجوانی :**

مرۆڤەکان بۆ ڕێکخستنی تەندروستیان و گرنگیدان  بە لەش و لاریان ڕوو دەکەن ئەم جۆرە هۆڵانە، لە ئێستادا لە شاری سلێمانی خواستێکی زۆر لەسەر ئەم جۆرە هۆڵ و سەنتەرانە هەیە، گەنجان و لاوان و هەندێک لەو کەسانەی کە باری تەندروستیان تەواو نییە بە ڕێژەیەکی بەرچاو سەردانی ئەم هۆڵانە دەکەن بە مەبەستی تەندروستی باشتر و کات بەسەربردن و پڕکردنەوەی کاتە بەتاڵەکانیان، بەنزیکەیی ژمارەیان (100)[1] هۆڵ دەبێت، کە بەشێوەیەکی تاڕادەیەک هاوسەنگ دابەشبوون لەگشت ناوچەکانی شاری سلێمانیدا.

**چوارەم : خزمەتگوزارییە ئایینیەکان:**

گەشتوگوزاری ئایینی یەکێکە لە هەرە جۆرە کۆنەکانی گەشتوگوزار، کە مەبەست لەم گەشتە بەجێهێنانی فەریزەی ئایینی بووە وەکو فەریزەی حەج لە لای مسوڵمانەکان، لەم ساڵانەی دوایدا گەشتوگوزاری ئایینی زیاتر بەدەرکەوت و گرنگی پێدرا لە لایەن وڵاتانەوە و کرایە سەرچاوەیەکی گرنگی دەستکەوتنی داهاتی گشتی، بە جۆرێک کە زۆربەی وڵاتان دەرگای شوێنە ئایینییەکانیان بە ڕووی گەشتیاران و سەردانیکەراندا کردۆتەوە بە مەبەستی ڕاکێشانی زۆرترین ژمارەی گەشتیار لەم ڕێگەیەوە[2]. هەڵبەتە سلێمانی لە کاتی بونیاتنانییەوە شاری پێکەوە ژیانی دینی جیاواز بووە، هەریەك لە پەیڕەوانی ئایینەکان بە هەوڵی خۆیان لەناوخۆدا دینی خۆیان پاراستووە و پەیڕەوییان کردووە و بڵاویانکردۆتەوە، بەرەچاوکردنی لایەنی بەرامبەر، واتە بێ ئەوەی هەوڵی ئەوە بدەن یەکتری ناشرین بکەن[3]، وەک دەبینین ناوچەی لێکۆڵینەوە دەوڵەمەندە بە چەندین شوێن و مەزاری کەسایەتی بەناوبانگ لە هەردوو ئایینی (ئیسلام و مەسیحی)، کە ساڵانە چەندین گەشتیار سەردانی مەزارەکانی شاری سلێمانی دەکەن، لە گرنگترینیان ئەمانەی لای خوارەوەن :

## (1) مەزارگە ئیسلامییەکان :

**أ. مەزاری کاک ئەحمەدی شێخ لە مزگەوتی گەورە:**

ئەم مەزارە دەکەوێتە ناو مزگەوتی گەورەی شاری سلێمانی لە ناو سەنتەری شاری سلێمانی، بەیەکێک لە شوێنە پیرۆزەکان دادەنرێت لە لایەن خەڵکی شارەکەوە، دەتوانین بڵێین  یەکێکە لەو مەزار و شوێنە پیرۆزانە، کە زۆرترین کەس سەردانی دەکەن بە درێژایی ساڵ، ئەم مزگەوتەی شاری سلێمانی لە دوایدا

---


[1] چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز لەشکر حەمید، سەرۆکی لیژنە هاوبەشەکانی قایمقامیەتی سلێمانی، 2021/1/7.

[2] جعفر طالب أمحد زينب ،علي داشور، السياحة الدينية وأثرها في الدخل القومي العراقي، جملة الكوت للعلوم االقتصادية واإلدارية، اجلزء األول 2012، منشورات جامعة واسط، ص: 23

[3] شاهۆ عسمان سيد قادر، مێژووی خوێندن و فێربون لە کڵێسەی سلێمانی، ناميلکە، 2020، ل 18.

نەخشەی (10)

دابەشبوونی هۆڵەکانی لەشجوانی و کێش دابەزاندن




سەرچاوە: کاری توێژەر: بەسودوەرگرتن لە داتاکانی بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی سلێمانی، بەکارهێنانی بەرنامەکانی ( google earthpro
(, Arc MAP 10.3,GPS coordinates app,v4.55

گۆڕا بۆ کۆمەڵگەیەک، کە بەشێک لە جەستەی میرەکانی بابانی تێدا نێژراوە و لە پاشان تەرمی پیرۆزی شێخ مەحمودی نەمری تێدا نێژراوە لەگەڵ هەندێک لە ئەندامانی خێزانەکەی[1].

خاڵی جیاکەرەوەی ئەم مزگەوتی گەورەی شاری سلێمانی ئەوەیە کە بەیەکێک لە سومبولە دێرین و دینییەکانی ئەم شارە دادەنرێت،ناوەندێکی ئایینی گەورەی هەریەک لە ڕێبازەکانی قادری و نەقشبەندییە، کە هەردوو ڕێبازەکە ڕێکەوتنیان کردبوو بۆ ئەنجامدانی سروتە ئایینیەکانیان لەم جێگەیەدا، ئەم جێگەیە هەتا ئێستاش شوێنی حەوانەوەی هەژاران و بێنەوایانە و ڕۆژانە لەم مزگەوتەدا خواردن ئامادەدەکرێت بەتایبەتی ڕۆژانی سێ شەممە و ڕۆژانی هەینی، هەتا ئەم سەردەمەش ئەو کەسانەی سەردانی ئەم مزگەوتە دەکەن ژمارەیان کەم نییە کە سەردانیکەرانی بەشێکی زۆریان خەڵکی شارەکەن و هەندێکی تریان خەڵکی دەوروبەری شارەکەن و هەندێکی تریشیان لە دەرەوەی شارەکەن، کە هەریەکەیان بەهۆکاری جۆراوجۆر ئەم سەردانە ئەنجامدەدەن[2]

وێنەی (35)

مزگەوتی گەورە و مەزاری کاک ئەحمەدی شێخ



سەرچاوە: کاری توێژەر، ڕێکەوتی 2020/4/4.

---

[1] جمال بابان و ئەوانی تر، سلێمانی شارەگەشاوەکەم، بەرگی سێیەم، سەرچاوەی پێشوو،ل231.
[2] سعید عباس قادر، تەکیەی مزگەوتی گەورەی سلێمانی، گۆڤاری سلێمانی، ئەیلول و تشرینی یەکەمی 2007،ژمارە 85،لا10-11.

جگەلەوە ئەم مزگەوتە مۆرکێکی ڕامیاری و نەتەوەیشی هەیە، چونکە زانراوە، کە شێخ مەحمودی نەمر لە پاڵ ئەوەی کە ڕابەرێکی سۆفی گەرایی بووە لە هەمانکاتدا سەرکردەیەکی نەتەوەیی و شۆڕشگێڕێکی دیاربووە لە سەردەمی جەنگی جیهانی یەکەم و هەتا ئەو کاتەی کۆچی دواییکرد لە ساڵی (1956) لەشاری بەغداد لە نەخۆشخانەی حیدری، هەروەها مزگەوتی گەورەی شاری سلێمانی ڕەهەندێکی تازە بووە و پێکهاتەیەکی گەورەی هەبووە لە کلتوور و ڕۆشنبیری و دروستبوونی ئەم شارە هەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە، ئەوەی زانراوە ئەم مزگەوتە خاوەنی کتێبخانەیەکی دەوڵەمەندیش بووە کە بە هەزاران کتێب و دەستنووسی گرانبەهاو دەگمەنی تێدابووە، کە زۆربەی ئەم کتێبانە سوتاوون و لەناوچوون، لە سەردەمی فەرمانڕەوایی بەریتانیا، لە ئێستادا بەشێکی کەم لەو کتێب و دەستنووسانە پارێزراون لە کتێبخانەی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی،دەتوانین بڵێین ڕۆژانی چوارشەممە ژمارەیەکی زۆر لە سەردانیکەران دەبینرێن کە بەشێکی زۆریان ئافرەتن و بەمەبەستی دوعا و پاڕانەوە سەردانی مەزاری کاک ئەحمەدی شێخ دەکەن، لێرەدا نەزرێکی تایبەتی نییە، کە لە کاتێکی دیاریکراودا ئەنجامبدرێت، ئەوەی دیارو ئاشکرایە ئەنجامدان و خوێندنەوەی مەولودی پێغەمبەرە (د.خ) بێت، کە یەکێکە لەو ڕێوڕەسمانەی لەم جێگە پیرۆزەدا ئەنجامدەدرێت بە بەشداری ئەوکەسەی، کە مەولودەکەی ئەنجامداوە، یان هەندێک جار کەسەکە خۆی ئامادە نابێت بەڵکو تەنها خەرجی ڕێوڕەسمەکە دەگرێتە ئەستۆ کە زۆربەی کات لە شەوانی هەینیدا ئەنجامدەدرێت[1].

**ب. شێخ مارفی نۆدێ:**

شێخ مارفی نۆدێ ناوی تەواوی (سەید محەمەدی کوڕی سەید مستەفای کوڕی سەید ئەحمەد)ە و باپیرەی سێزدەمینی سەید عیسای بەرزنجی کوڕی بابەعەلی هەمەدانییە، زانایەکی ئایینی و خواناس بووە، هاوکات شاعیرێکی گەورەی کوردە، باوکی کاك ئەحمەدی شێخ (ناسراو بە کاك ئەحمەدی سلێمانی) و باپیری شێخ سەعید و باپیرەگەورەی شێخ مەحمودی حەفیدە[2].

بەهۆی زیرەکی و ڕەوانبێژیی و شارەزایی لە بواری زمانزانیدا نازناوی (مەعروف)ی پێبەخشراوە، بەڵام بەهۆی فۆنەتیکی زمانی کوردی ناوەکە بووە بە (مارف) و بەو ناوە ناسراوە، کەسایەتییەکی ئایینی بووە و شوێنێکی بەرزی لە ناو کوردا هەبووە وسەرۆکی زانایانی قوتابخانەی بابانی ئاینی بوو لە قەڵاچوالان دواتر دێتە مزگەوتی گەورە لە شاری سلێمانی، هەروەها نووسەر و شاعیر و زانایەکی بەناوبانگ بووە، هەزار و پەنجا و سێ کتێب و نووسراوی هەیە لەنێوانیاندا کتێبی (ئەحمەدی)یە (قاموسە لەزمانی کوردییەوە بۆ عەرەبی)، ژمارەیەکی زۆر زانا و پیاوی ئایینی خوێندکاری ئەم پیاوە مەزنە بوون لەوانە :

---

[1] جمال بابان، سلێمانی شارەگەشاوەکەم، بەرگی چوارەم ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ،سەرچاوەی پێشوو ،لا126-127.

[2] ڕەفیق ساڵح، سەرجەمی بەرهەمی محەمەد ئەمین زەکی بەگ/تاریخی سلێمانیوڵاتی،توێژەر محمد ئەمین زەکی بەگ،چاپی دووەم،بەرگی سێیەم،2005،لا159-161.

(موفتی زەهاوی، شێخ حسێنی قازی، شێخ محمودی بەرزنجە،شێخ بابە ڕەسوڵ و چەندین کەسایەتی دیکە)، لە گردی سەیوان لە شاری سلێمانی بەخاك سپێردراوە، کە بە گردی شێخ مارف ناسراوە و مەزارگەکەی بووەتە شوێنێکی دیار و خەڵك بە بەردەوامی سەردانیدەکەن، سەبارەت بە مێژووی ژیانی شێخ مارفی نۆدێ سەرچاوەکان جیاوازییان هەیە، هەندێك سەرچاوە دەڵێن لە نێوان ساڵانی (1753-1838) ژیاوە، بەڵام هەندێك سەرچاوەی دیکە بۆچوونیان وایە، کە شێخ مارف ساڵی 1774ی زایینی لەدایکبووە و ساڵی 1834ی زایینی کۆچی دواییکردوە، بەهەر شێوەیەك بێت شێخ مارف لە پاش خۆی میراتێکی گەورەی ئایینی و زانستی و ئەدەبیی بەجێهێشتوە و بووەتە سەرچاوەی زانست بۆ خەڵکانێکی زۆر[1]. ئەوەی شایانی باسە هیچ جۆرە ئاسانکاریەک یان خزمەتگوزارییەکی ئەوتۆی بۆ نەکراوە بۆ ئەوەی گەشتیاران بتوانن سەردانی بکەن.

وێنەی (36)

مەزاری شێخ مارفی نۆدێ



سەرچاوە :کاری توێژەر، ڕێکەوتی 2021/1/23.

[1]پارێزگای سلێمانی، بەردەستە لە وێبسایتی فەرمی پارێزگای سلێمانی ، http://slemani.gov.krd/mobile_so/newsDetail.pp?newsID=1257/ ، لە ڕێکەوتی 2020/5/18 وەرگیراوە.

## ج. خانەقای مەولانا خالیدی نەقشبەندی لە مزگەوتی خانەقای شاری سلێمانی:

ئەم خانەقایە لە سەردەمی (مەحمود عبدالرحمن پاشای بابان)ەوە دامەزراوە بۆ (مەولانا خالیدی نەقشبەندی) لەسەدەی هەژدەدا، لەسەر دەستی (محمود پاشای کوڕی عبدالڕحمان پاشا)ی میری میرنشینی بابان لە گەڕەکی سەرشەقامی شاری سلێمانی دروستکراوە. ئەم مزگەوتە تایبەت بووە بەنەقشبەندییەکان، ناوەکەشی بە ناوی (شێخ خالید) ناونراوە کە ناسراوە بە مەولانە خالیدی نەقشبەندی. ئەم مزگەوتە جێگەی ژمارەیەکی زۆر شاعیر و سۆفی دیاری کورد بووە، لەوانە شاعیری گەورە (مەلا خزر)کە ناسراوە بە (نالی)، لەکاتی دروست بوونیەوە ژمارەیەکی زۆر زانای ئایینی گەورە لە سەر ئەو ڕێگەیە دەرچوون وهەروەها ژمارەیەکی زۆر خەڵکی سەربە ڕێبازی نەقشبەندی سەردانی دەکەن, زکر و ئەرکە ئایینییەکانیان جێبەجێ دەکەن، دیواری دەرەوەی بەخشتی ڕەنگ زەرد دروستکراوە، کە چەندین نەخش و زەخرەفەی لەسەر شێوازی بیناسازی ئیسلامی تێدا نەخشێنراوە لەسەر دەرگاکانی بە خشتی ڕەنگ شین،لە ناوەڕاستی ئەم باڵەخانەیەدا حەوشەیەکی گەورە هەیە کە لە ناوەندەکەیدا حەوزێکی ئاوی تێدایە کە لە بەردی مەڕمەڕ دروست کراوە، کە سەری حەوزەکە قوبەیەکی سپی گەورەی هەیەشوێنی دانیشتن بەدەوری حەوزەکەدا دروستکراوە بەمەبەستی دەستنوێژ گرتن بۆ نوێژخوێنان و سەردانیکەران،هەروەها لەناو ئەم حەوشەیەدا دوو گۆڕی تێدایە کە دەورەدراون بە سیاجی ئاسن کە یەکێکیان گۆڕی (شێخ فتاح حمە خان)ە کە کوڕی برای مەولانا خالیدە و هەروەها جێنشینیشی بووە دوای ئەوەی کە گەشتی کردووە بۆ شاری بەغداد،ئەوی تریشیان گۆڕی (شێخ عزیز فتاح حمە خان )کە جێنشینی باوکی بووە دوای کۆچی دواییەکەی[1].

وێنەی (37)

مزگەوتی خانەقای مەولاناخالدی نەقشبەندی




سەرچاوە:کاری توێژەر، لە ڕێکەوتی 2019/5/10

[1] جوان بختيار بهاءالدين،وظائف المزارات الدينية (دراسة انثروپولجية في محافظة السليمانية)،رسالةدكتور(غيرمنشورة)،جامعة السليمانية، كلية العلوم الانسانية،قسم الاجتماع،2010،ص107-109.

**د.حسێنیەی حەکیم:**

یەکەم حسێنیەی تایبەت بە مەزهەبی شیعە لە ساڵی (1996) لە شەقامی سالم لە شاری سلێمانی دروستکراوە وەکو ڕێزێك بۆ مەزهەبی شیعە. لە (حسێنیەی حەکیم)دا مەزهەبی شیعە هەموو فێربوونە ئایینی و نوێژ و ئاهەنگ وبۆنە ئاینییەکانیان بە شێوەی ئازادانە ئەنجامدەدەن[1].

وێنەی (38)

حسینیەی حەکیم لە سلێمانی



سەرچاوە:کاری توێژەر، لە ڕێکەوتی 2021/2/5.

**ە.مەزاری پیرمەنسوور:**

ئەم مەزارە دەکەوێتە گەڕەکی مەڵکەندی لە ناوەندی شاری سلێمانی،ناوی ئەم مەزارە لەسەر زاری خەڵکی بە پیرمەسوور ناودەبرێت، کە لە ناوە ڕاستەقینەکەی لێی وەرگیراوە بریتییە لە (پیر منصور)، مەزاری

[1] سەردانی مەیدانی توێژەر لە ڕێکەوتی 2021/2/5.

پیرمەسوور پێکهاتووە لە شێوەیەکی چوارگۆشەیی، کە دەرگایەکی ئاسنی تێدایە و بەڕەنگی سەوز بۆیاخ کراوە،سەری مەزارەکە نەگیراوە واتا کراوەیە،ئەم شێوە چوارگۆشەیە پێکهاتووە لە باخچەیەک، کە تەرمی پیرمەسوور و تەرمی مامۆستاکەی تێدا نێژراوە، هەروەها لە باخچەکەدا درەختێکی بەتەمەنی تێدایە کە سەردانیکەرانی پارچە پەڕۆی رەنگ سەوزی پێوە گرێدەدەن بۆ گیرابوونی پاڕانەوەکانیان[1].

شێوازی سەردانیکردن لەم مەزارەدا ڕۆژانەیە، واتا هەموو ڕۆژێک کراوەیەئەوانەی کە سەردانی دەکەن زۆربەیان ئافرەتانن کە لەم جێگەیەدا هەڵدەستن بە ئەنجامدانی نوێژ و مانەوە و پاڕانەوە بۆ ماوەیەکی کاتی، بەڵام ڕۆژانی چوارشەممە ڕێژەی ئەو کەسانەی سەردانی دەکەن لە ڕۆژەکانی تری هەفتە زیاترە[2].

وێنەی (39)

مەزاری پیر مەنسوور



سەرچاوە:کاری توێژەر، لە ڕێکەوتی 2021/1/24.

---

[1] جمال بابان، سلێمانی شارەگەشاوەکەم،دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سەرچاوەی پێشوو، 2002،ل80.
[2] جمال بابان، هەمان سەرچاوە، 113.

**و. مەزاری شێخ مصطفی شێخ عەولا(شەخسەکەی ئابلاخ):**

ئەم مەزارە دەکەوێتە گەڕەکی ئابلاخی شاری سلێمانی، هەر بۆیە لە ناو خەڵکیدا بە شەخسەکەی ئابلاخیش ناسراوە، ئەم مەزارە دەکەوێتە باخچەی ماڵێکەوە،دەکەوێتە سەر شەقامێکی بچووک و بەهەمیشەیی کراوەتەوە، هەموو کەسێک بۆی هەیە لەهەر کاتێکدا سەردانی بکات، ئەم مەزارە پێکهاتووە لە ژورێکی شێوە لاکێشەیی کە تەرمی (شیخ مصطفی) لە لای ڕاستی ژورەکە نێژراوە و هەروەها لەلای چەپی ژورەکە دۆلابێکی تەختە هەیە کە تێیدا قورئان و تەفسیرەکانی قورئان و هەروەها بەرماڵی تێدایە و چەندین کورسی لێدانراوە، هەروەها دیواری مەزارەکە بە بەرماڵ و پەڕۆی سەوز داپۆشراوە، ئەوەی جێگای سەرنجە گەورەیی و قەبارەی گۆڕەکەیەتی بە بەراورد بە گۆڕی مەزارەکانی تر، لێرەدا دەتوانیت تێبینی ئەوە بکەیت کە لە ناو ئەم مەزارەدا کۆمەڵێک پارچە وەرەقەی بچووک هەن، کە بەدەرزی کراون بە بەرماڵ و پەڕۆ سەوزەکانی دیوارەکەدا کە لەم پارچە کاغەزانە پاڕانەوە و دواکاری و مرازی کەسەکان نوسراوە، کە سەردانی مەزارەکەیان کردووە بەمەبەستی هاتنە دی ئاوات و قبوڵ بوونی دوعا و پاڕانەوەکانیان[1].

**ز.مەزاری ئەسحابە سپی :**

ئەم مەزارە دەکەوێتە ناوەندی بازاڕی شاری سلێمانییەوەناوچەکەش هەر بە ناوی مەزارەکەوە ناونراوە ( بازاڕی ئەسحابە سپی )، لە ئێستادا ئەم مەزارە لە شوێنە کۆنەکەی خۆی گواستراوەتەوە بۆ چەند مەترێک ئەولا تر، بەهۆی ئەوەی کە پڕۆژەیەکی سەردەمیانەی لە گەراج و بازاڕێکی گەورەی لەسەر شوێنەکەی بنیاتنراوە، مەزارە تازەکە دەکەوێتە دوکانێک لە دوکانەکانی بازاڕە تازەکە کە بە رووکارێکی شووشەیی داپۆشراوەدوو گۆڕی تێدایە، کە یەکێکیان مەزاری ئەسحابە سپیە و ئەویتریان گۆڕی کەسێکە کە دەوترێت هەموو کاتەکان لەگەڵیدا بووە و هەندێکیتر دەڵێن کە ئەو گۆڕەی تر گۆڕی هاوسەرەکەیەتی، ئەم مەزارە سەردانکەرێکی زۆری هەیە کە زۆربەیان لە کاسبکارانی بازاڕەکەن، هەندێکیان هەتا سەردانی مەزارەکە نەکەن دوکانەکانیان ناکەنەوە، ئەم مەزارەش یەکێکە لە مەزارە کۆنەکانی ئەم شارە، ئەنجامدانی ڕێوڕەسمی ئاینی لەسەر ئەم مەزارە ڕێوڕەسمێکی دیاریکراو نییەکاتێکی دیاریکراوی نییە، بەڵام ڕۆژانی چوار شەممە لە ڕۆژە قەرەباڵغەکانە، زۆربەی سەردانیکەرانی ئەم مەزارە دووکاندارەکان و ئەو خەڵکانەن کە لەنزیکی ئەم مەزارە دەژین[2].

---

[1] ئەکرەمی محمودی صالحی ڕەشە، شاری سلێمانی، دار الحرية للطباعة، جزء الاول، 1987، ل104.
[2] جوان بختيار بهاءالدين،وظائف المزارات الدينية (دراسة انثروپولجية في محافظة السليمانية)،مصدر سابق،ص121.

**ح. مەزاری شێخ جافر:**

ئەم مەزارە دەکەوێتە ناوەڕاستی شار و لە تەنیشت باڵەخانەی کۆنی دادگای سلێمانی، کە پێکهاتووە لە ژورێکی شێوە لاکێشەگومەزێکی سەوز سەری مەزارەکەی داپۆشیوە، کە ئەم گومەزە خاڵی ناسینەوەی مەزارەکەیەدەرگایەکی ئاسنی هەیە کە بە ڕەنگی سەوز ڕەنگکراوە، لە ناو ئەم مەزارەدا کە شێوەکەی لاکێشەیەبنمیچەکانی بە ئایەتی قورئانی ڕازێنراوەتەوە، گۆڕەکەی دەکەوێتە ناوەندی ئەم ژورەوە، ئەوەی ئەم مەزارە لەوانی تر جیادەکاتەوە پاک و خاوێنیەکەیەتی[1].

وێنەی (40)

مەزاری شێخ جافر



سەرچاوە:کاری توێژەر، لە ڕێکەوتی 2021/2/2.

**ط. مەزاری شێخ ئەحمەدی هیندی:**

ئەم مەزارە دەکەوێتە لای خۆرئاوای شارەکە، ئەم مەزارە دەکەوێتە ناو گۆڕستانێکەوە، کە ناسراوە بە گۆڕستانی شێخ ئەحمەدی هیندی لە سەر شەقامی بازنەیی مەلیک مەحمود، ئەم گۆڕستانە دەکەوێتە سەر گردێک مەزاری شێخ ئەحمەد دەکەوێتە سەر بەرزی گردەکەگۆڕستانەکە چواردەوری بە دیوار گیراوە و

[1] جوان بختيار بهاءالدين،وظائف المزارات الدينية (دراسة انثروپولجية في محافظة السليمانية)،مصدر سابق،ص126.

دەرگایەکی ئاسنی تێدایە و بەبەردەوامی دەرگاکە کراوەتەوە،ئەو کەسانەی سەردانی ئەم مەزارەدەکەن بەمەبەستی چارەسەری نەخۆشی دەروونی و خەمۆکی سەردانی دەکەن[1].

**ي. تەکیەی شێخ محمدی کەسنەزانی:**

ناوەندێکی دینییە دەکەوێتە ناوشاری سلێمانی نزیک کەمپی نوێی زانکۆی سلێمانی لە دەروازەی شارەکە، لەپاش مردنی (شێخ محمدی کەسنەزانی) لەتەمەنی 82 ساڵی، کە بەرابەری تەریقەتی قادری دادەنرێت، لەم جێگەیە بەخاک دەسپێردرێت، لەئێستادا کوڕی ناوبراو شێخ نەهرۆ وەک جێگرەوەی باوکی بەرابەری تەریقەتەکە دانراوە، شایانی باسە لەئێستادا ژمارەیەکی زۆر لە موریدان و دەروێشەکانی ئەم تەریقەتە ڕوویتێدەکەن لەگشت ناوچەکانی عێراق و ئێران وڵاتانی ناوچەکە[2].

وێنەی (41)

تەکیە و مەزاری شێخ محمدی کەسنەزان و چەند دیمەنێک لە مەراسیمی ناشتنی تەرمەکەی



سەرچاوە: کاری توێژەر، ڕێکەوتی 2020/7/9.

[1] جوان بختیار بهاءالدین،المصدرنفسه، ص131.

[2] چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرێز(تاراقادر) مامۆستای زانکۆی سلێمانی، کچی شیخ قادرکەسنەزانی،2020/1/20.

## (2) پەرستگا و کڵێساکانی مەسیحی :

گەر بگەڕێینەوە سەر ئەوەی پێش دامەزراندنی شاری سلێمانی لە دێی مەڵکەندی چەند خێزانێکی مەسیحی ژیاون، کە ئەمە بەڵگەیە و یەکێکە لەو نیشانانەی کە ئایینی مەسیحی لەم ناوچەیەدا لە دێرزەمانەوە هەبووە.

دوای بنیاتنانی سلێمانی مەسیحییەکان بەتایبەتی لە گەڕەکی (گۆیژە) نیشتەجێبوون، ئەو بەشەی مەسیحییەکانی تێدا نیشتەجێبوون لەناو شاردا بە گەڕەکی (گاوران) ناوبراوە.

هەڵبەتە جاران برا (مەسیحییە)کان لەناو خەڵکی سلێمانی بە (گاور) ناودەبران زیاتر لەبەکارهێنانی وشەی مەسیحی. ئەم پێکهاتەیە لەپێشدا ماڵێکی بچووکیان کردووە بە کەنیسە بۆ نوێژکردن و خوداپەرستی. لە دوایدا چەندین مەسیحی تر لە کۆیە و کەرکوك و موسڵ و سنەوە هاتوونەتە سلێمانی، بەمەش ژمارەیان زیادیکردووە، بۆ ئەو مەبەستەش لە گەڕەکی سابوونکەران (گاوران) بۆخۆیان (کەنیسەی مریم العذراء)یان بنیاتناوە[1].

لە گرنگترین کلێسا و کەنیسەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە ئەمانەی لای خوارەوەن :

**أ.کلێسای مەریەمی عەزرا:**

ئەم کلێسایە کۆنترین کلێسای شاری سلێمانییە، کە مێژووی دروستبونەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (1862) کە دەکەوێتە گەڕەکی گاوران یان گەڕەکی مەسیحیەکان، ئەرکی دروستکردنی لەلایەن خێرخوازانی مەسیحی و بازرگانێکی دەوڵەمەندی مەسیحی بەناوی (شماس یلدا) بووە، ئەو کەسایەتییە خەڵکی سنەی ڕۆژهەلاتی کوردستان بووە کە بونیاتیناوە، دەتوانین بڵێین ئەم کلێسایە لە ڕووی ڕووبەرەوە بچووکە بە بەراورد بە کلێسای ماریوسف، خاڵی جیاکەرەوە و دیاری کلێساکە ئەو خاچەیە کە لەبەرزی دانراوە[2].

لەم کلێسایەدا تەنها ڕۆژانی شەممە نوێژی تێدا ئەنجامدەدرێت لە کاتژمێر(8 بەیانی)، هەر بۆیە تەنها لە ڕۆژانی شەممەدا کراوەیە، لەگەڵ جەژن و بۆنەکاندا،ئامادەبوان و نوێژخوێنان لە خێزان و ئەو کەسانەن کە نیشتەجێی ئەو گەڕەکەن[3].

---


[1] شاهۆ عسمان سید قادر، مێژووی خوێندن و فێربون لە کلێسەی سلێمانی، سەرچاوەی پێشوو، لا20-21 .

[2] ئەکرەمی صالحی ڕەشە، شاری سلێمانی، بەرگی دووەم، سەرچاوەی پێشوو، ل444.

[3] جوان بختيار بهاءالدين،وظائف المزارات الدينية (دراسة انثروپولجية في محافظة السليمانية)،مصدر السابق، ص126.

وێنەی (42)

کەنیسەی مەریەمی عەزرا




سەرچاوە: کاری توێژەر بە سود وەرگرتن لە پەڕەی سلێمانی 2021/2/5
https://www.facebook.com/Slemany-953680691381109/about/?ref=page_internal.

**ب.کڵێسای مار یوسفی کلدانی :**

ئەم کڵێسەیە دەکەوێتە گەڕەکی گردی ئەندازیاران، کە ئەم کڵێسەیە مێژووی دروستکردنەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (2003)، هەروەها ئەم کڵێسایە بە یەکێک لە کڵێسا سەرەکییەکانی سلێمانی دادەنرێت کە ڕێورەسمە ئایینییەکانی تایبەت بە ئاینزای مەسیحی تێدا پەیڕەو دەکرێت، ئەم کڵێسایە ڕووبەرێکی گەورەی بۆ تەرخانکراوە کە پێکهاتووە لە باڵەخانەیەکی دوو نهۆمی، لە باخچەی کڵێساکە پەیکەری (سيدة مريم العذراء)، کە لە بەرد هەڵکۆڵدراوە دانراوە و ڕازێنراوەتەوە بە ڕووەکی سروشتی لەبەردەمیدا پەیکەرێکی بەردی دروستکراوە، کە شوێنی دانانی مۆمەکانە، ئەمەش بەشێکە لە ڕێورەسمی پاڕانەوە و داواکاری لە مریەمی پاکیزە، ڕێورەسمە ئایینیەکان کە بریتییە لە ئەنجامدانی نوێژی بە کۆمەڵ لە نهۆمی دووەم

ئەنجامدەدرێت، لە هۆڵێکی گەورەی چوارگۆشەدا کە بەنزیکەیی جێگای (450)کەس دەبێتەوە، ڕێورەسمێکی دیاریکراو و تایبەت نییە لە کاتی سەردانیکردنی کڵێساکەدا، بەشێک لەو ڕێورەسمە ئایینیانە بریتییە لە ئەنجامدانی نوێژ،ئەم کڵێسایە لە هەموو ڕۆژانی هەفتەدا کراوەیە بەڕووی سەردانیکەرانیدا، دەتوانرێت لەهەکاتێک کە بتەوێت نوێژی تێدا ئەنجامبدرێت، بەڵام مەسیحییەکان ڕۆژانی شەممە، بۆ ئەنجامدانی نوێژی بەکۆمەڵ لەکڵێساکەئامادە دەبن، کاتژمێرەکانی (5-6) ئێوارە[1].

وێنەی (43)

کڵێسای مار یوسفی کلدانی لە شاری سلێمانی



سەرچاوە:کاری توێژەر، لە ڕێکەوتی 2021/2/5.


[1] پارێزگای سلێمانی، بەردەستە لە وێبسایتی فەرمی پارێزگای سلێمانی ، http://slemani.gov.krd/mobile_so/newsDetail.pp?newsID=1257/ ،لە ڕێکەوتی2020/5/18 وەرگیراوە..

**ج. كڵێسای (ئەقباط الارثوذكس):**

ئەم كڵێسایە دەكەوێتە گەڕەكی چوارچرای شاری سلێمانی، كە ئەم كڵێسایە بەتایبەتی بۆ ئەقباطە الارثوذكسەكان دروستكراوە، كە لە ئێستادا نیشتەجێی شاری سلێمانین[1].

وێنەی (44)

كڵێسای ئەقباط الارثوذكس




سەرچاوە: كاری توێژەر، لە ڕێكەوتی 2021/2/5.

بەشێوەیەكی گشتی مەزارەئایینییەكان دەكەونە گەڕەكە كۆنەكانی شاری سلێمانی، جگە لەو مزگەوت و كەنیسانەی لەم دواییانەدا دروستكراون، هەروەك لە نەخشەی (11) دیارە.

[1] جوان بختيار بهاءالدين،وظائف المزارات الدينية (دراسة انثروپولجية في محافظة السليمانية)،مصدر سابق،ص136.

نەخشەی (11)

دابەشبوونی مزگەوت و شوێنە ئایینیەکانی لە شاری سلێمانیدا




سەرچاوە: کاری توێژەر: بەسودوەرگرتن لە داتاکانی بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی سلێمانی، بەکارهێنانی بەرنامەکانی ( google earthpro , Arc MAP 10.3,GPS coordinates app,v4.55)

## باسی سێیەم: شوێنەکانی پشوودان و کات بەسەربردن

### یەکەم : ئوتێلەکان ومۆتێلەکان وکۆمەڵگا گەشتیارییەکان

### (1) ئوتێلەکان:

ئوتێلەکان بەڕووی پێشکەوتن و ئاوەدانی هەموو وڵاتێک دادەنرێت، هەر وڵاتێکیش بیەوێت کەرتی گەشتوگوزاری پێشبخات بێگومان پێویستی بە دروستکردنی ئوتێلی جوان و سەردەمیانە هەیە بۆ ئەوەی بچێتە ریزبەندی ناوچە گەشتوگوزارییەکانی جیهانەوە، چونکە زۆربەی گەشتیاران لە کاتی سەردان و گەشتەکایاندا ئەم ئوتێلانە دەکەنە شوێنی مانەوە و پشوودانیان، هەر بۆیە بەهۆی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان و فراوانبوونی شاری سلێمانی، هەروەها بەهۆی بەرزبوونەوەی ئاستی ئابووری و باشبوون و پێشکەوتنی کەرتی گەشتووگوزاری لە ناوچەکەدا.

وێنەی (45)

دیمەنی چەند ئوتێلێکی شاری سلێمانی




سەرچاوە: کاری توێژەر ڕێکەوتی 26/2/2020 و ڕێکەوتی 25/6/2020 .

لە ئێستادا ژمارەیەکی زۆر لە گەشتیار سەردانی شاری سلێمانی دەکەن هەربۆیە ژمارەیەکی بەرچاو لە ئوتێل لەم شارەدا دروستکراون بە شێوەیەک، کە زۆرینەی ئەم ئوتێلانە دەکەونە سەر شەقامە گشتییەکانی شار وەک شەقامی بازنەیی مەلیک مەحمود یاخود شەقامی سالم، کە ئەمەش بە هۆی نزیکیانە لە ناوەندی شار و گەشتیاران و سەردانیکەران ئاسانتر دەتوانن دەستیان بگات بە بازاڕ و شوێنە گەشتوگوزارییەکانی شارەکە، وەک دەبینین لە خشتەی(19) ژمارە و جۆر و شوێنی ئوتێلەکانی شاری سلێمانی خراونەتە ڕوو، کە کۆی گشتی ژمارەی ئوتێلەکان لە شاری سلێمانی (74) ئوتێلە، کە لەم ژمارەیە یەک دانەیان پلە (Deluxe) پێنج ئەستێرەیە بەناوی (ئوتێل شاری جوان)ە، کە دەکەوێتە گەڕەکی بەختیاری و یەکێکە لە ئوتێلە جوان و خۆشەکانی شارەکە و بۆتە جێگەی سەرنجی گەشتیاران و سەردانیکەرانی شارەکە، هەروەها پێنج لەم ئوتێلانە پلە یەکی پێنج ئەستێرەن،(11) ئوتێلیان پلە دووی چوار ئەستێرەن، هەروەها (13) ئوتێل پلە دووی سێ ئەستێرەن،(18) دانەیان پلە سێی دوو ئەستێرەن،(26) ئوتێلیشیان پلە چواری یەک ئەستێرەن، سەبارەت بە دابەشبوونی ئوتێلەکان بەپێی پۆلێنی (گەشتیاری – بازرگانی )، (59) لەم ئوتێلانە لەناوچە بازرگانییەکان دروستکراون(15) دانەشیان دەکەونە شوێنە گەشتیارییەکانی شاری سلێمانی، ئەوەی شایانی باسە لەکۆی (80) ئوتێل لە پارێزگای سلێمانی (74) ئوتێل دەکەونە ناوشاری سلێمانی، کە ئەمەش ڕێژەکەی دەگاتە(92.5 %).

### (2) مۆتێل(ئەپارتمانی ڕاخراوی گەشتیاری) :

ئەم ئەپارتمانانە هاوشانی ئوتێلەکان بونەتە شوێنی پشوودانی گەشتیاران و سەردانیکەرانی شارەکە، ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە دابینکردنی شوێنی مانەوەی گەشتیاران و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ژمارەی ئەم ئەپارتمانە ڕاخراوانە زیادی کردووە، ئەویش لە دوای ئەوەی کە داواکاری لەسەر کەرتی گەشتوگوزاری زۆر بووە لە شارەکەدا و ژمارەی گەشتیاران و سەردانیکەران بۆ شارەکە ڕووی لە زیادبوون کردووە بەهۆی کردنەوە و دروستکردنی پرۆژەی گەشتوگوزاریی نوێ یاخود بۆ مەبەستی بازرگانی، هەروەک لە خشتەی(19) دەبینین کە ژمارەی ئەم ئەپارتمانە ڕاخراوانەی شارەکە (87) ئەپارتمانە، کە یەک دانە لەم ئەپارتمانە ڕاخراوانە پلە یەکی چوار ئەستێرەیە و (14) دانەی تریان پلە دووی سێ ئەستێرەن، هەروەها (19) لەم ئەپارتمانە ڕاخراوانە پلە سێی دوو ئەستێرەن،زۆرینەی ئەم ئەپارتمانە ڕاخراوانە، کە ژمارەیان (53) دانەیە پلە چواری یەک ئەستێرەن، سەبارەت بە شوێنەکانیشیان (75) دانە لەکۆی گشتی ئەم ئەپارتمانە ڕاخراوانە دەکەونە شوێنی بازرگانییەوە و (12) دانەشیان لە ناوچە و شوێنە گەشتیارییەکانی شارەکەن، ئەوەی شایانی باسە لە کۆی گشتی (89) ئەپارتمانی ڕاخراو لە پارێزگای سلێمانی (87) دانەیان لەناو شاری سلێمانیدایە، کە ڕێژەیکەی دەگاتە(97.75%).

## (3) کۆمەڵگەی گەشتیاریی :

ئەم کۆمەڵگە گەشتیاریانە یەکێکیترن لە پێداویستییەکانی کەرتی گەشتوگوزاری لە هەرناوچەیەکی ئەم جیهانە، هەروەها ئەم کۆمەڵگە گەشتیاریانە بە یەکێکی تر لە شوێنە خۆشگوزەرانییەکان و حەوانەوەی گەشتیاران دادەنرێن، بەشێکی بەرچاوی گەشتیاران و سەردانیکەران ڕوو لەم کۆمەڵگە گەشتیاریانە دەکەن بۆ بەسەر بردنی کاتێکی خۆش و ئارام بە خش، وەک لە ناوچەی لێکۆڵینەوە دەبینین کە ژمارەی ئەم کۆمەڵگە گەشتیارییانە (12) دانەیە کە یەکێکیان پلە نایابی پێنج ئەستێرەیە بەناوی کابینە گەشتیارییەکانی چاڤی لاند، کە ئەم کۆمەڵگە گەشتیارییە دەکەوێتە ناو پرۆژەی گەشتوگوزاری چاڤی لاند، کە پرۆژەیەکی نوێ و سەردەمیانەیە و گەشتیارێکی زۆر ساڵانە ڕووی تێدەکەن، دوو دانەی تر لەم کۆمەڵگە گەشتیاریانە پلە یەکی چوار ئەستێرەن، سێ دانەی تریان پلە دووی سێ ئەستێرەن، هەروەها دوو دانەش پلە سێی دوو ئەستێرەن و چواردانەکەی تریشیان پلە چواری یەک ئەستێرەن، هەروەک چۆن لە خشتەی(19) ئاماژە بە داتا و زانیارییەکانی سەرەوە دراوە، بەپێچەوانەی ئوتێل و ئەپارتمانەکانەوە ڕێژەی کۆمەڵگە گەشتیاریەکان لەدەرەوەی شار بەرزترە لەچاو ناوشار، لە کۆی (40) کۆمەڵگەی گەشتیاری تەنها (12) دانە کە دەکاتە ڕێژەی (30%) دەکەوێتە ناوشاری سلێمانی.

خشتەی (19)


ژمارەی ئوتێل و مۆتێل و کۆمەڵگەگەشتیارییەکان بەپێی پلە و ژمارەی ئەستێرە، لەشاری سلێمانی بۆ ساڵی (2019)

| ئوتێلەکان | | | | | | مۆتێلەکان | | | | | کۆمەڵگەی گەشتیاریی | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ژ | پلە | ژمارەی ئەستێرە | جۆری پرۆژە | | کۆ | پلە | ژمارەی ئەستێرە | جۆری پرۆژە | | کۆ | پلە | ژمارەی ئەستێرە | جۆری پرۆژە | کۆ |
| | | | بازرگانی | گەشتیاری | | | | بازرگانی | گەشتیاری | | | | گەشتیاری | |
| 1 | نایاب | 5 | 1 | --- | 1 | یەک | 4 | 1 | --- | 1 | نایاب | 5 | 1 | 1 |
| 2 | یەک | 5 | 3 | 2 | 5 | دوو | 3 | 14 | --- | 14 | یەک | 4 | 2 | 2 |
| 3 | دوو | 4 | 6 | 5 | 11 | سێ | 2 | 14 | 5 | 19 | دوو | 3 | 3 | 3 |
| 4 | دوو | 3 | 9 | 4 | 13 | چوار | 1 | 46 | 7 | 53 | سێ | 2 | 2 | 2 |
| 5 | سێ | 2 | 16 | 2 | 18 | | | | | | چوار | 1 | 4 | 4 |
| 6 | چوار | 1 | 24 | 2 | 26 | کۆی گشتی | | | | 87 | کۆی گشتی | | | 12 |
| کۆی گشتی | | | | | 74 | | | | | | | | | |

سەرچاوە کاری توێژەر: بە پشتبەستن بە وەزارەتی شارەوانی و گەشتو گوزار، بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشتوگوزاری سلێمانی، بەڕێوەبەرایەتی کار و باری گەشتیاری، داتای بڵاونەکراوە 2019.

نەخشەی (12)

دابەشبوونی ئوتێل و مۆتێل و کۆمەڵگە گەشتیارییەکان لە شاری سلێمانیدا




سەرچاوە: کاری توێژەر: بەسودوەرگرتن لە داتاکانی بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی سلێمانی، بەکارهێنانی بەرنامەکانی ( google earthpro
(, Arc MAP 10.3,GPS coordinates app,v4.55

**دووەم : ڕێستۆرانت و کافتریا و خواردنگە و یانەکانی خواردن وخواردنەوە :**

**(1) ڕێستۆرانت و کافتریا و خواردنگە:**

کافتریا و خواردنگەکان و ڕێستۆرانتەکان یەکێکی ترن لە سیماکانی خۆشگوزەرانی لەلای بەشێکی زۆر لە خێزان و گەشتیاران لە شاری سلێمانیدا،بۆ بەسەربردنی کاتێکی خۆش و چێژوەرگرتن بەکاردەهێنرێت، هەروەها ئاسانکاریەکی تەواویش دەکات بۆ گەشتیاران تا بە شێوەیەکی ئاسان دەستیان بگاتە خواردن و کافتریا و ریستۆرانتەکانیش بەکاربهێنن بۆ حەوانەوە و کات بەسەربردن، هەربۆیە ژمارەیەکی بەرچاو لە کافتریاو ڕێستۆرانتەکان لە شاری سلێمانی هەیە، هاوڵاتیان و گەشتیاران کاتە بەتاڵەکانیانی تێدا بەسەردەبەن بە تایبەتی لە کۆتایی هەفتە و ڕۆژە پشووەکان،لە ئێستادا بەشێکی زۆر لەم شوێنانە گۆرانیبێژو میوزیکژەنە بەناوبانگەکانی شارەکە بانگێشتدەکەن، تا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ هونەرەکەیان پێشکەشی ئامادەبووان و میوانان و گەشتیارانی کافتریا و ڕێستۆرانتەکانیان بکەن، هەر ئەمەش بۆتە هۆی ڕاکێشانی سەرنجی گەشتیاران و سەردانیکەرانی ئەم شوێنانە، هەر بۆیە هاوڵاتیان و گەشتیاران بە جیا یاخود لەگەڵ هاوڕێ و خێزانەکانیان سەردانی کافتریا و خواردنگە و ریستۆرانتەکان دەکەن و کاتێکی خۆش و چێژبەخشی تێدا بەسەردەبەن، لە خشتەی(20) و نەخشەی (13) ناو و جۆر و شوێنی ئەم کافتریا و خواردنگە و ریستۆرانتانە ئاماژەی پێکراوە، کە بەشێوەیەکی گشتی کۆی ژمارەی کافتریا و خواردنگەکان و ڕێستۆرانتەکان لە شاری سلێمانیدا (425) دانەیە، کە لەم ژمارەیە (114) دانەیان ریستۆرانتەکانە و (76) دانەیان خواردنگەی خێرا و (235) دانەیان کافتریاکانن، کە بە شارەکەدا بڵاوبوونەتەوە و تییاندا خزمەت بە گەشتیاران و هاوڵاتیانی شارەکە دەکەن.

ئەوەی شایانی باسە لەسەر ئاستی پارێزگا کۆی ژمارەی ڕێستۆرانتەکان بریتین لە (133)دانە، لەو ژمارەیەش (114) لەناوشاری سلێمانیدان کەڕێژەی زۆرینەیەو دەگاتە (85.7%)، بەهەمان شێوە خواردنگەکان لەکۆی (89)دانە لەسەر ئاستی پارێزگای سلێمانی، (76) خواردنگە لە ناوشاری سلێمانیدایە کەڕێژەکەی دەگاتە (85.3 %)، ڕێژەی (76.3%) لە کافتریاکان، کە ژمارەیان بریتیە لە (308) لەسەر ئاستی پارێزگای سلێمانی، لەناوشاری سلێمانیدان.

سەبارەت بە پلە و ئەستێرەکانی ئەم کافتریا وخواردنگە و ڕێستۆرانتانە وەک لە خشتەکەدا دەردەکەوێت، لە ڕێستۆرانتەکاندا پێنج دانەیان پلە نایابی پێنج ئەستێرەن،(38) دانەیان پلە یەکی چوار ئەستێرەن و (26) دانەی تریشیان پلە دووی سێ ئەستێرەن، (25) ڕێستۆرانت پلە سێی دوو ئەستێرەن،(20) رێستۆرانتەکەی تریان پلە چواری یەک ئەستێرەن.

هەروەها خواردنگەکانیش دوو دانەیان پلە نایابی پێنج ئەستێرەن، (18) دانەش لەم خواردنگانە پلە یەکی چوار ئەستێرەن،(19) دانەیان پلە دووی سێ ئەستێرەن و (19)ی تریشیان پلە سێی دوو ئەستێرەن و ئەوانی تریش، کە ژمارەیان (18) دانەیە پلە چواری یەک ئەستێرەن.

سەبارەت بە کافتریاکان لە شاری سلێمانی دوو لەم کافتریایانە پلە نایابی پێنج ئەستێرەن بە ناوەکانی کافتریای (پیتزا پلەس، بلۆسۆم)، هەروەها (20) دانەشیان پلە یەکی چوار ئەستێرەن، (34) دانەش پلە دووی سێ ئەستێرەن و (50) دانەش پلە سێی دوو ئەستێرەن، ئەوەشی دەمێنێتەوە، ژمارەیان (129) کافتریایە لە ژێر پۆلێنی پلە چواری یەک ئەستێرە دان.


**(2) یانەکانی خواردن و خواردنەوە :**

بەهۆی کرانەوەی زیاتری کۆمەڵگای شاری سلێمانی، ژمارەی یانەکانی خواردن و خواردنەوە لە شارەکەدا زیادی کردووە و بۆتە هۆکارێک بۆ ڕاکێشانی سەرنجی گەشتیاران و سەردانیکەرانی شارەکە، کە بەمەبەستی کات بەسەربردن و چێژوەرگرتن سەردانی شارەکە دەکەن، سەبارەت بەم شوێنانەش دوو جۆرن یەکەمیان خواردن و خواردنەوەکان دەگرێتەوە، کە ژمارەیان لەسەرئاستی پارێزگا بریتییە لە (115) دانە و لەم ژمارەیەش (109) دانە، کە دەکاتە ڕێژەی(94.78%) لە ناوشاری سلێمانیدان، چوار دانەیان پلە یەکی پێنج ئەستێرەن و یەک دانەیان پلە دووی چوار ئەستێرەن، هەروەها (13) دانەیان پلە دووی سێ ئەستێرەن، (33) دانەشیان پلە سێی دوو ئەستێرەن،(58) دانە لەم خواردن و خواردنەوانەش پلە چواری یەک ئەستێرەن.

سەبارەت بە جۆری دووەمیان، کە یانەکان دەگرێتەوە لەکۆی (17) یانە لەسەر ئاستی پارێزگا ڕێژەی زۆرینەیان کەدەکاتە (82.3%) کە ژمارەیان (14) دانەیە لەناوشاری سلێمانین، (3) دانەیان پلە یەکی چوار ئەستێرەن و (3) دانەی تریشیان پلە دووی سێ ئەستێرەن و (6) دانەی تریان پلە سێی دوو ئەستێرەن، دووانەکەی تریشیان پلە چواری یەک ئەستێرەن، کە بەشێوەیەکی گشتی ئەم شوێنانە بونەتە جێگای ڕابواردن و کات بەسەربردن و چێژوەرگرتنی بەشێکی زۆر لە گەشتیاران و هاوڵاتیانی شارەکە.

نەخشەی (13)

دابەشبوونی ڕێستۆرانت و کافتریاکان لە شاری سلێمانیدا




سەرچاوە: کاری توێژەر: بەسودوەرگرتن لە داتاکانی بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی سلێمانی، بەکارهێنانی بەرنامەکانی ( google earthpro
(, Arc MAP 10.3,GPS coordinates app,v4.55

## سێیەم : هۆڵەکانی ئاهەنگگێران و بۆنەکان:

هۆڵەکانی ئاهەنگگێران و بۆنەکان بە یەکێک لە بنەماکانی خۆشگوزەرانی دادەنرێت، کە لە لایەن هاوڵاتیانەوە بەکاردەهێنرێت بۆ مەبەستی ( ئاهەنگی هاوسەرگیری، شەکراو خواردنەوە، ئاهەنگی ڕۆژی لە دایکبون، ئاهەنگی یەکترناسینی خوێندکاران، ئاهەنگی دەرچوونی خوێندکاران، ئاهەنگە تایبەتییەکان)، لەم هۆڵانەدا هەمووان کاتێکی خۆش بەسەردەبەن لەگەڵ هاوڕێ و کەسوکارەکانیان، شاری سلێمانی ژمارەیەکی زۆر و بەرچاو لەم هۆڵانە لەخۆدەگرێت وەک لە خشتەی(20) پلە و ئەستێرەکانیان خراوەتە ڕوو، بە شێوەیەکی گشتی لەسەر ئاستی پارێزگای سلێمانی کۆی ژمارەیان دەکاتە (23)دانە، لەم ژمارەیەش (21) دانەیان لە ناو شاری سلێمانیدان، کە ڕێژەکەی دەکاتە (91.3%) هاوڵاتیانی شارەکە ڕووی تێدەکەن بەمەبەستی ئاهەنگگێران و بردنە سەری کاتێکی خۆش و چێژبەخش، کە چوار لەم هۆڵانە پلە یەکی پێنج ئەستێرەن و دەکەونە ئوتێلە بەناوبانگەکانی شارەکە، کە هەموو ئوتێلەکان ئوتێلی پێنج ئەستێرە و پلە یەکن و یەک دانەیان پلە یەکی چوار ئەستێرەیە، دوو دانەش پلە دووی سێ ئەستێرەیە، هەروەها چوار هۆڵیشیان پلە سێی دوو ئەستێرەن، (10) هۆڵەکەی تریشیان پلە چواری یەک ئەستێرەن.

خشتەی ( 20)


ژمارە و پلە و ئەستێرەی ڕێستۆرانت و کافتریا وخواردنگەکان و یانەکانی خواردن خواردنەوە و هۆڵەکانی ئاهەنگگێڕان و بۆنەکان لە شاری سلێمانیدا بۆ ساڵی (2019)

| ز | ڕێستۆرانت | | | خواردنی خێرا | | | خواردن و خواردنەوە | | | یانەکان | | | کافتیریا | | | هۆڵی ئاهەنگێران | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | پلە | ژمارەی ئەستێرە | کۆ | پلە | ژمارەی ئەستێرە | کۆ | پلە | ژمارەی ئەستێرە | کۆ | پلە | ژمارەی ئەستێرە | کۆ | پلە | ژمارەی ئەستێرە | کۆ | پلە | ژمارەی ئەستێرە | کۆ |
| 1 | نایاب | 5 | 5 | نایاب | 5 | 2 | یەک | 5 | 4 | یەک | 4 | 3 | نایاب | 5 | 2 | یەک | 5 | 4 |
| 2 | یەک | 4 | 38 | یەک | 4 | 18 | دوو | 4 | 1 | دوو | 3 | 3 | یەک | 4 | 20 | یەک | 4 | 1 |
| 3 | دوو | 3 | 26 | دوو | 3 | 19 | دوو | 3 | 13 | سێ | 2 | 6 | دوو | 3 | 34 | دوو | 3 | 2 |
| 4 | سێ | 3 | 25 | سێ | 2 | 19 | سێ | 2 | 33 | چوار | 1 | 2 | سێ | 2 | 50 | سێ | 2 | 4 |
| 5 | چوار | 1 | 20 | چوار | 1 | 18 | چوار | 1 | 58 | کۆی گشتی | | 14 | چوار | 1 | 129 | چوار | 1 | 10 |
| کۆی گشتی | | | 114 | کۆی گشتی | | 76 | کۆی گشتی | | 109 | | | | کۆی گشتی | | 235 | کۆی گشتی | | 21 |

سەرچاوە کاری توێژەر: بە پشتبەستن وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار، بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشت وگوزاری سلێمانی، بەڕێوەبەرایەتی کار و باری گەشتیاری، داتای بڵاونەکراوە 2019.

نەخشەی (14)

دابەشبوونی هۆڵەکان لە شاری سلێمانیدا




سەرچاوە: کاری توێژەر: بەسودوەرگرتن لە داتاکانی بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی سلێمانی، بەکارهێنانی بەرنامەکانی ( , google earthpro
(Arc MAP 10.3,GPS coordinates app,v4.55

## چوارەم: مۆڵە سەرەکییەکانی شاری سلێمانی:

یەکێکی دیکە لە سیما پێشکەووتوەکانی دیکەی سلێمانی وەک هەر شارێکی دیکەی دنیا، بریتییە لە بوونی چەند مۆڵێکی گەورەی سەردەمیانەی هاوچەرخ، ئەم مۆڵانە بەوە جیادەکرێنەوە، کە فاکتەرێکی گرنگی ڕاکێشانی گەشتیارانن بەهۆی بوونی چەندین خزمەتگوزاری جیاواز و بەردەوام لەپێشوازی سەردانیکەران و گەشتایاراندا، لەشاری سلێمانیدا سەرەڕای بوونی چەندین مۆڵی بازرگانی و گەشتیاری، پێنج مۆڵی سەرەکی هەیە کەئەوانیش (ماجدی مۆڵ، فامیلی مۆڵ، سیتی ستار، سیتی سەنتەر و ڕەند گەلەری)، کە تیایاندا زۆرینەی خزمەتگوازرییە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکان پێشکەش بە سەردانیکەران و گەشتیاران دەکرێت وەکو بوونی چەندین خواردنگەی جیهانی و ناوخۆیی، چەندین دوکانی پێداویستییە جۆراوجۆرەکان، هۆڵی لەشجوانی و وەرزش کردن، هۆڵی یارییە ئەلکترۆنییەکان، هۆڵی یاری منداڵان، کافیتریا و چایخانە، ڕێستۆرانت و شوێنی پارکی ئوتومبێل.

وێنەی (46)


مۆڵە سەرەکییەکانی شاری سلێمانی




سەرچاوە: کاری توێژەر، لە ڕێکەوتی 2021/2/4 و 2021/2/5.

نەخشەی (15)

دابەشبوونی مۆڵە سەرەکیەکان لە شاری سلێمانیدا





سەرچاوە: کاری توێژەر: بەسودوەرگرتن لە داتاکانی بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی سلێمانی، بەکارهێنانی بەرنامەکانی ( google earthpro ,
(Arc MAP 10.3,GPS coordinates app,v4.55

به تێبینی کردن لە نەخشەی (16) بۆماندەردەکەوێت کە خزمەتگوزارییەکان بەم شێوەیەی خوارەوە چڕبونەتەوە لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا کە دابەشکراوە بەم شێوەیەی خوارەوە:

1. بەشەکانی دەرەوەی ناوچەی شەقامی بازنەی مەلیک مەحمود کەمترین خزمەتگوزاری تیایدا چڕبوونەتەوە جگەلە ڕۆژئاوای شارەکە کە خۆی لە سەیرانگای سەرچناردا دەبینێتەوە، چونکە بەشێکی زۆری ئەو ناوچانە ئەو گەڕەکانە دەگرێتەوە کە بەشێوەیەکی سەرەکی بۆ نیشتەجێبوون بەکارهاتووە، کە ئەم خزمەتگوزارییانە لەم گەڕەکانەدا ئاستەمە جێگای بکرێتەوە، بەتایبەتیی شووێنەکانی پشوودان وەکو (ئوتێل و مۆتێل و کابینەی گەشتیاری).
2. سەبارەت بەو ناوچانەی کە یەک خزمەتگوزاری لە خۆدەگرێت بەسەر سەرجەم گەڕەکەکانی شاردا دابەشبووە، ئەمەش بەهۆیی جۆراوجۆری خزمەتگوزارییەکان وەک ( پارک و مەلەوانگە و ئوتێل و ڕێستۆرانت و سینەما ...هتد).
3. ئەو ناوچانەی کە لە (دوو - سێ) خزمەتگوزاری لەخۆ دەگرێت لەسەر شەقامی سەرەکی سالم و ناوچەی گەشتوگوزاریی سەرچنار کۆبونەتەوە، کەخۆی لە پارکەکان و ئوتێل و مۆتێل و مۆڵەکان و کافتریا و ڕیستۆرانتەکان ...هتد دەبینێتەوە، ئەمەش بۆ زیاتر خزمەتکردنی گەشتیاران و ئاسانی گەیشتنی دانیشتووانە بەم شوێنانە، کە تا ڕادەیەک ناوەندیان گرتووە بە پێی گەڕەکانی شار.
4. ئەو ناوچانەی کە چەند خزمەتگوزارییەکیان تێدا کۆدەبێتەوە خۆی لە ناوەندی شار و درێژایی شەقامی سالم دەبینێتەوە، کە چەندین شوێنی تایبەتیی تێدایە، وەک ریستۆرانت و کافتریا و پارک و ئوتێل و مۆزەخانە و ...هتد، لەگەڵ هەردوو ناوچەی باکوری خۆرهەڵاتی سلێمانی، کە خۆی لە بوونی چاڤی لاند و ئوتێل تایتانیک و چەند کافێ و ڕێستۆرانتێک دەبینێتەوە، و باکوری خۆرئاوا کە خۆی دەبینێتەوە لە بوونی سیتی سینەما و سەیرانگای سەرچنار و سەیرانگای نەورۆز و ئوتێل داوا ...هتد دەبینێتەوە.
5. سەبارەت بە بەرزی چڕی کۆبوونەوەی خزمەتگوزارییەکان لە ناوەندی شاردا لە شەقامی سالم نزیک گەڕەکی عەقاری کە ناسراوە بە (سەهۆڵەکە) زۆرترین چڕی بەرکەوتووە لەگەڵ ناوجەرگەی شار کە بە (CBD) ناسراوە، زۆرترین خزمەتگوزارییەکانی لەخۆ گرتووە، تاکو درەنگانێکی شەو گەشتیار و دانیشتووانی شار بەتایبەتی گەنجان تیایدا کۆدەبنەوە، چونکە زۆرترین خزمەتگوزاریی جۆراوجۆر لە خۆ دەگرێت کە زۆربەیان بەردەوام کراوەن بۆ بەسەربردنی کاتەکانیان لەو شوێنانە کۆدەبنەوە.

نەخشەی (16)

دابەشبوون و چڕیی خزمەتگوزارییە گەشتیاریی و خۆشگوزەرانییەکان  لە شاری سلێمانیدا




سەرچاوە: کاری توێژەر: بەکارهێنانی بەرنامەکانی (Arc MAP 10.3,GPS coordinates app,v4.55 )، بەپشتبەستن بەنەخشەکانی (15,14,13,12,11,10,9,8,7,6,5,4,3).

# بەشی سێیەم

## هەڵسەنگاندنی ئاستی خزمەتگوزارییە گەشتیاریی و خۆشگوزەرانییەکان لەشاری سلێمانی

**باسی یەکەم** : شیکارکردنی داواکاری لەسەر خزمەتگوزارییە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکان

**باسی دووەم**: مەزەندەکردنی پێداویستییە چاوەڕوانکراوەکان بۆ خزمەتگوزارییە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکان

## بەشی سێیەم

# هەڵسەنگاندنی ئاستی خزمەتگوزارییە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکان لەشاری سلێمانی

لەپاش دەرخستن و باسکردنی توانا مرۆیی و سروشتییەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە لە ڕووی گەشتیاری و خۆشگوزەرانی لە باسەکانی پێشوودا، بوونی چەندین ناوەندی گەشتیاری و خۆشگوزەرانی و چۆنیەتی دابەشبوونیان لە ناوچە جیاوازەکانی شاری سلێمانیدا، لە پێناو هەڵسەنگاندنی ئاستی ئەم خزمەتگوزاریانە، پێویستە بەشێوەیەکی شیکارییانە و بە بەکارهێنانی میتۆدی ئەکادیمی و زانستی لە زۆرینەی گۆشەنیگاکانەوە تیشک بخرێتە سەر گشت لایەنەکانی پەیوەندیدار بە بابەتی گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەوە لە ڕوانگەی گەشتیار و سەردانیکەرانی ناوچە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکان، کە ئەمەش بریتییە لە یەکێک لە ئامانجەکانی بەجێگەیاندنی ئەم توێژینەوەیە، هەموو توێژینەوەیەک پێویستی بە داتا و زانیاری ورد هەیە بۆ ئەوەی ئەنجامەکان یەکانگیر بێت لەگەڵ ستانداردە زانستی و ئەکادیمییەکاندادووربێت لە هەڵە و کەمووکوڕیی، بۆ وەرگرتنی داتا و زانیاری لە سەر بۆچوونی گەشتیاران و سەردانیکەرانی ناوچە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکان، دەبێت ڕاستەوخۆ زانیارییەکانیان لێوەربگیرێت بۆ ئەم مەبەستەش فۆرمی ڕاپرسی بە شێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ یەکێکە لە ڕێگا باوەکان.

**باسی یەکەم:شیکارکردنی داواکاری لەسەر خزمەتگوزارییە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکان:**

فۆرمی ڕاپرسی بە شێوەیەکی گشتی یەکێکە لە ڕەگەزە بنەڕەتییەکانی توێژینەوەی مەیدانی، بە تایبەتی لە بواری خزمەتگوزارییە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکاندا، پرسیارەکانی ناو فۆڕمی ڕاپرسییەکە بەشێوەیەکی ستوونی دابەشدەبێت بەسەر دوو تەوەری سەرەکیدا، تەوەری یەکەم زیاتر ئەو پرسیارانە لەخۆدەگرێت کە تایبەت و کەسین وەکو: (ڕەگەز، تەمەن، شوێنی نیشتەجێبوون، داهاتی مانگانە، ...هتد)، تەوەری دووەمی بریتییە لە کۆمەڵێک پرسیاری هەمە جۆر و بابەتی وەکو: (پاڵنەر و هۆکارەکانی سەردانیکەر و گەشتیاران، ڕاو بۆچونی گەشتیاران لەسەر ئاستی خزمەتگوزارییەکان و کێشە و گرفتەکانیان لە کاتی سەردانیکردنی ناوچە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکاندا، پێشنیار و بۆچوونیان لەسەر داهاتووی خزمەتگوزارییە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکان، ...هتد)، هەربۆیە لەم توێژینەوەیەدا لەڕێگەی چەندین پرسیاری بابەتیانە لە شێوەی فۆڕمێکدا ڕاوبۆچوونی سەردانیکەران و گەشتیاران وەرگیراوە، کە سەردانی ناوچە گەشتوگوزاری و خۆشگوزەرانییەکانی شاری سلێمانیان کردووە، دوای ڕێکخستنی پرسیارەکان و ئامادەکردنی فۆرمی ڕاپرسییەکە، ڕاوبۆچوونی چەند مامۆستایەك و کەسانی ئەکادیمی و تایبەت لە بوارەکانی جوگرافیا و ئامار و کارگێری وەرگیرا، پشتبەست بە کۆمێنت و ڕاسپاردەکانیان چەندین گۆڕانکاری تێداکرا، ئەنجامدانی کاری ڕاپرسییەکە نزیکەی (11) مانگی خایاند

له (2020/3/25) بۆ(2021/2/15)، ڕاسته كەشی گەشتیاری لەناوچەی لێكۆڵینەوەكە له (3/21)دەستپێدەكات، تاوەكو كۆتایی مانگی 11، بەڵام كۆمەڵێك چالاكیی و فیستیڤاڵی هونەریی و وەرزشی و چالاكیی زستانە لەدوای ئەم ماوەیە دەست پێدەكات، بۆیە تاوەكو ئەو ماوەییە ڕاپرسیەكەمان درێژكردەوە. تۆماركردنی داتاو زانیارییەكانی ڕاپرسییەكە لە ڕێگەی خزمەتگوزارییەكانی كۆمپانیای گووگڵەوە كراوە كە ئەویش گووگڵ فۆرمە، دواتر بۆ شیكردنەوەی داتاكان و وەڵامی بەشداربووان و ڕێكخستنیان بەرنامەكانی ئیكسل و(SPSS) بەكارهاتووە لەڕێگەی بەكارهێنانی هاوكۆلكەی پەیوەندیی (معامل ارتباط) پیرسون (SPSS)، هەروەها بۆ دەركەوتنی ڕاستی ئەنجامەكان یاسای linear) (regression analysisبەكارهاتووە. كۆی ژمارەی فۆرمەكان پركراوەتەوە بریتییە لە (851) فۆرم.

لەپاش ڕێكخستنی گشت پرسیارەكان، بەشێوەیەک فۆرمەكان ڕێكخرابوو، كە بەشداربوو دەبێت وەڵامی هەموو پرسیارەكان بداتەوە و هیچ پرسیارێک بەبەتاڵی نەمێنێتەوە، لەو ماوەیەدا (851) كەس بەشداریان كرد لە وەڵامدانەوەی پرسیارەكان لە ناوچەجیاوازەكانی جیهان و كوردستان و عیراق و شارەكانی دیكەی كوردستان و سلێمانی، شایانی باسە پەیوەندییەكانی نێوان گۆڕاوەكانی ناوفۆرمی ڕاپرسی تایبەت بە توێژینەوەكەمان تێكڕای هەڵە تیایاندا ( mean of error)، ڕێگەپێدراوبووە بەپێی بنەماكان و پێنوێنیە ئامارییەكان (Significant level).

بە پشتبەستن بە وەڵامی گەشتیاران و سەردانیكەران داتا و زانیارییەكانی گشت پرسیارەكان شی دەكەینەوە بەم شێوەیەی لای خوارەوە :

**1) شوێنی نیشتەجێبوونی گەشتیاران و سەردانیكەران :**

شوێنی جوگرافی گرنگی تایبەتیی خۆی هەیە لەلای گەشتیاران و سەردانیكەران، چونكە سەردانیكەر بەپێی دووری و نزیكی شوێنەكە ئامادەكاری دەكات بۆ ڕووتێكردنی ناوەندە گەشتیاری و خۆشگوزەرانیەكان، پەیوەندییەكی بەهێز هەیە لە نێوان شوێنی نیشتەجێبوون و ژمارەی گەشتیاران لە ناوچەی لێكۆڵینەوە، كە دەتوانرێت بە ئاشكرا هەستی پێبكرێت لە خشتەی(21) و شێوەی (5)، لە كۆی گشتی (851) كەس كە بەشداری ڕاپرسییەكەیان كردووە ڕێژەی زۆرینەیان لە دانیشتوانی پارێزگای سلێمانین (ناوشار و دەرەوەی شار) بە ژمارەی (584) كەس، كە دەگاتە ڕێژەی (68.6%)، پاشان شارەكانی تری كوردستان و عێراق، كە ژمارەیان (182) كەسە بە ڕێژەی (21.4%)، كە لە كۆی (127) كەس لە شارەكانی دیكەی كوردستان بەشداربووانی شاری هەولێر زۆرترینن، كە ژمارەیان (71)كەسە، لەدوای ئەوانیش گەشتیارانی دەرەوەی عێراق دێت، كە ژمارەیان (85) كەسە كە دەكاتە ڕێژەی (10%)لەم فۆرمانەش زۆرترینی دانیشتوان و گەشتیارانی وڵاتی ئێرانە بە ژمارەی ( 64) فۆرم، كە دەكاتە ڕێژەی (7.5%) لە كۆی گشتی ژمارەی فۆرمی بەشداربووانی ڕاپرسییەكە.

خشتەی (21)


ژمارە وشوێنی نیشتەجێبوونی گەشتیاران

| شوێنی نیشتەجێبوون | وڵاتانی دەرەوەی عیراق | شارەکانی ناوەڕاست و باشوری عێراق | شارەکانی دیکەی کوردستان (هەڵەبجە، هەولێر، کەرکوک، دهۆک) | سلێمانی ( دەرەوەی شار) | سلێمانی (ناوشار) |
|---|---|---|---|---|---|
| ژمارە | 85 | 55 | 127 | 151 | 433 |
| ڕێژە | 10.0% | 21.4% | | 17.7% | 50.9% |
| کۆ | 267 | | | 584 | |
| ڕێژە | 31.4% | | | 68.6% | |
| کۆی گشتی | 851 | | | | |

سەرچاوە: کاری توێژەربەپشت بەستن بە فورمی ڕاپرسی

شێوەی (5)

ڕێژەی شوێنی نیشتەجێبوونی گەشتیاران




سەرچاوە: کاری توێژەربەپشت بەستن بە خشتەی (21).

**2) شوێنی نیشتەجێبوونی گەشتیاران و سەردانیکەران لەگەڵ شوێنی بەسەربردنی کاتی پشووەکان:**

ئاشکرایە شوێنی نیشتەجێبوونی گەشتیار کاریگەری خۆی لای گەشتیاران و سەردانیکەران هەیە، بەشێوەیەک دوور و نزیک ڕاستەوخۆ کاردەکاتە سەر ژمارەی دووبارەبوونەوەی سەردانیکردن و گەشتکردن بۆیان، هەروەک لە خشتەی(22) و شێوەی (6) دا دیارە، کە ناوەندە خۆشگوزەرانی و

گەشتیارییەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە زۆرینەی گەشتیاران و سەردانیکەران بریتین لە دانیشتوانی پارێزگاکە بەگشتی و شاری سلێمانی بەتایبەتی. لە پاش ئەنجامدانی شیکارکردنی داتاکان بەپێی هاوکۆلکەی پەیوەندییەکان (pearson ) دەرکەوت، کە پەیوەندییەکی ڕاستەوانە هەیە لەنێوان شوێنی نیشتەجێبوون و شوێنی بەسەربردنی کاتەکانی پشوو بە نرخی (0.26)، بەشێوەیەک گەشتیاران لەنزیکی شاری سلێمانی زیاتر ئارەزوو دەکەن کاتەکانی پشوویان لەشارەکە ببەنەسەر، بەڵام بە دوورکەوتنەوە لە شارەکە ڕێژەکە کەمتر ئەبێتەوە.

خشتەی (22)

شوێنی نیشتەجێبوونی گەشتیاران و شوێنی دڵخوازیان بۆ بەسەربردنی کاتەکانی پشووەکان

| شوێنی نیشتەجێبوون / شوێنی بەسەربردنی کاتەکانی پشوو | وڵاتانی دەرەوەی عیراق | شارەکانی ناوەڕاست و باشوری عێراق | شارەکانی دیکەی کوردستان (هەڵەبجە، هەولێر، کەرکوک، دهۆک) | سلێمانی (دەرەوەی شار) | سلێمانی (ناوشار) | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| **شاری سلێمانی** | **73** | **30** | **44** | **53** | **349** | **549** |
| **ڕێژە** | **8.58%** | **3.53%** | **5.17%** | **6.23%** | **41.01%** | **64.51%** |
| **دەرەوەی شاری سلێمانی** | **6** | **9** | **69** | **96** | **79** | **259** |
| **ڕێژە** | **0.71%** | **1.06%** | **8.11%** | **11.28%** | **9.28%** | **30.43%** |
| **دەرەوەی کوردستان** | **6** | **16** | **14** | **2** | **5** | **43** |
| **ڕێژە** | **0.71%** | **1.88%** | **1.65%** | **0.24%** | **0.59%** | **5.05%** |
| **کۆی گشتی** | **85** | **55** | **127** | **151** | **433** | **851** |
| **ڕێژە** | **9.99%** | **6.46%** | **14.92%** | **17.74%** | **50.88%** | **100.00%** |
| **کۆی دانیشتوانی دەرەوەی شاری سلێمانی** | **418** | | | | | |


سەرچاوە: کاری توێژەربەپشت بەستن بە فۆرمی ڕاپرسی

بۆیە لەکۆی ژمارەی بەشداربووانی ڕاپرسییەکە زیاتر لە نیوەیان، کە ڕێژەکەیان (64.5%) ڕۆژەکانی پشوویان لە شارەکە بەسەر دەبەن بەشێوەیەک زۆرترین ڕێژە دانیشتوانی شاری سلێمانین، کە ڕێژەکەی بریتییە لە (41%)دەوروبەری شاری سلێمانی تەنها (6.2%) وڕێژەی (5.1%) بۆ شارەکانی دیکەی کوردستان، بەڵام شارەکانی دیکەی عێراق ڕێژەی (3.5%)ڕێژەی (8.58%) بۆ دانیشتوانی دەرەوەی عێراقە. لە کاتێکدا ڕێژەی تەنها (30.4%) ڕۆژەکانی پشوویان لە دەرەوەی شاری سلێمانی بەسەر دەبەن، بەشێوەیەک زۆرترین ڕێژە دانیشتوانی دەوروبەری شاری سلێمانین کە (11.2%)،شارەکانی دیکەی کوردستان ڕێژەکەی بریتییە لە (8.1%)ڕێژەی (9.2%) بۆدانیشتوانی ناوشاری سلێمانی، بەڵام شارەکانی دیکەی عێراق ڕێژەی (1%)ڕێژەی (0.7 %) بۆ دانیشتوانی دەرەوەی عێراقە، کە کەمترین ڕێژەیە. وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا کەمترین ڕێژە بریتییە لە ڕێژەی بەسەربردنی کاتەکانی پشوو لە دەرەوەی

کوردستانلەو ڕێژەیەش کەمترین ڕێژە دانیشتوانی شاری سلێمانی (دەرەوەی شار) بریتییە لە (0.2%)، پاش ئەوانیش دانیشتوانی شاری سلێمانی (0.5%). بە تێڕوانین و وردبونەوە لە خشتەکە دەتوانین بڵێین لە شوێنە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە ژمارەی گەشتیارانی کەم دەکات بەدوورکەوتنەوەی شوێنی نیشتەجێبوونیان لە شاری سلێمانی، ئەمەش سەلمێنەری ئەو ڕاستیە یە، کە نزیکی شوێنی خۆشگوزەرانی و گەشتیاری یەکێکە لە هۆکارەکانی زیادبوونی گەشتیاران و سەردانیکەران.

شێوەی (6)

ژمارە و شوێنی نیشتەجێبوونی گەشتیاران و شوێنی بەسەربردنی ڕۆژە پشووەکانیان




سەرچاوە: کاری توێژەربەپشت بەستن بە خشتەی (22).

### 3) ژمارەی گەشتیاران بە پێی ڕەگەز:

بە پشتبەستن بە زانارییەکانی خشتەی (23) و شێوەی (7) ڕێژەی گەشتیاران بەپێی ڕەگەز، ڕێژەی نێرینە زیاترە ،کە (58.4%) ڕێژەی مێینەش (42%)، ئەم جیاوازیەش دەگەڕێتەوە بۆ پێودانگ و نەریتی کۆمەڵگە، کە کەمتر سەربەستیی دەدرێتە ڕەگەزی مێینە، جگە لەوەی ڕەگەزی نێر لە ڕووی ئابوورییەوە سەربەخۆترە و بەتوانا ترە بەرامبەر بەڕەگەزی مێ، ئەمەش بەهۆی بەرزی ڕێژەی کارکردنی نێرینە، بەڵام بە گەڕانەوە بۆ چەند ساڵێک بەر لە ئێستا دەبینین ئەم جیاوازییە گەورە تربووە بە بەراورد بە ئێستا کە ئەمەش بەهۆی ئەوەی ئەم چەند ساڵەی دوایی کۆمەڵگەی کوردی بە گشتی و ناوچەی لێکۆڵینەوە بەتایبەتی، کرانەوەیەکی باش ڕوویداوە تیایدا لە گشت ئاست و بوارەکانی ژیاندا بەتایبەتی ئاستی ڕۆشنبیری و خوێندەواری و سەربەخۆبوونی زیاتری مێینە لە ڕووی ئابووری و خاوەنداریەتی ئۆتومبێل و هەتا گەشتکردن بۆ دەرەوەی وڵات بە مەبەستی تەواوکردنی خوێندن و هەروەها بە مەبەستی گەشتیاریش.

خشتەی (23)


ڕێژەو ژمارەی گەشتیاران بەپێی ڕەگەز

| ڕەگەز | ژمارەی گەشتیاران | ڕێژەی % |
|---|---|---|
| نێر | 497 | 58.4% |
| مێ | 354 | 41.6% |
| کۆی گشتی | 851 | 100% |

سەرچاوە: کاری توێژەربەپشت بەستن بە فورمی ڕاپرسی

شێوەی (7)

ڕێژەو ژمارەی گەشتیاران بەپێی ڕەگەز




سەرچاوە: کاری توێژەربەپشت بەستن بە خشتەی (23).

**4) پەیوەندی نێوان ڕەگەز و شوێنی پشوودانی گەشتیاران :**

بە پێی زانیارییەکانی خشتەی (24) و شێوەی (8) هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ زیاتر بۆ حەوانەوە بە پلەی یەکەم ڕوودەکەنە ماڵی خزم و هاوڕێیان لە ناوچەی لێکۆڵینەوە بە ڕێژەی (%45.5) بۆ نێر و ڕێژەی (%49.3) بۆ ڕەگەزی مێ بۆ شوێنی حەوانەوە، لە پاش ئەو ئوتێل و (میوانخانە) دێت بە ڕێژەی (%29.8) بۆ ڕەگەزی نێر و ڕێژەی (%28.8) بۆ ڕەگەزی مێ.

خشتەی(24)


ژمارە و ڕەگەزی گەشتیاران بەپێی شوێنی پشوودانیان

| ڕەگەز / شوێنی پشوودان | ئوتێل | شوقەی گەشتیاریی | کابینە | خزم و هاوڕێ | شوێنی دیکە | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| نێر | 81 | 33 | 25 | 124 | 9 | 272 |
| ڕێژە | 29.8% | 12.13% | 9.19% | 45.59% | 3.31% | 100% |
| مێ | 41 | 19 | 10 | 72 | 4 | 146 |
| ڕێژە | 28.08% | 13.01% | 6.85% | 49.32% | 2.74% | 100% |
| کۆی گشتی | 122 | 52 | 35 | 196 | 13 | 418 |

سەرچاوە: کاری توێژەربەپشت بەستن بە فۆرمی ڕاپرسی

شێوەی (8)

ژمارە و ڕەگەزی گەشتیاران بەپێی شوێنی پشوودانیان




سەرچاوە: کاری توێژەربەپشت بەستن بە خشتەی (24).

بە بەراورد بە مۆتێل (شوقەی گەشتیاریی) کە ڕێژەی هەردوو ڕەگەز بەنزیکەیی جیاوزییەکی ئەوتۆیان نییە، بۆ ڕەگەزی مێ بە ڕێژەی (13%) بۆ ڕەگەزی نێر بە ڕێژەی (12.1%) بە هۆی ئەوەی، کە

میوانخانەکان خزمەتگوزاری زیاتریان هەیە لەوانەش بوونی ڕێستورانت و کافتریا و باخچە و مێنی مارکێت و بازاڕی تایبەت لە هەندێک لە میوانخانەکانداهەروەها زۆربەی ئەم میوانخانانە مەلەوانگە و هۆڵی لەشجوانی تایبەت بە خۆیان هەیە، لە کاتێکدا زۆرینەی مۆتێلەکان تەنانەت خزمەتگوزاری ئەینتەرنێتیش لە ئاستێکی باشدا نییە، هەر بەپێی زانیارییەکانی خشتەی(24) و شێوەی (8) دەبینین، کە داواکاری لەسەر کابینە گەشتیاریەکان کەمە و لە دوای شوێنەکانی دیکەوە دێت بە ڕێژەی (9.19%) بۆ نێر و بە ڕێژەی (6.8%) بۆ مێ هۆکاری ئەمەش جارێکی تر دەگەڕێتەوە بۆ کەمی خزمەتگوزارییەکان و هەندێکجاریش دووره دەستی شوێنی کابینە گەشتیارییەکان لە شوێنە گەشتیاری و ناوەندە خۆشگوزەرانییەکان و شوێنە سەرنجڕاکێشەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە، ئەوەی شایەنی باسە (70%)ی ئەو گەشتیارانەی لە یەک شەو تا هەفتەیەک دەمێننەوە لە شوێنە گەشتیاری و ناوەندە خۆشگوزەرانییەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە زیاتر ماڵی خزم و هاوڕێ وەکو شوێنی پشوودان بەکاردەهێنن، کە ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی ماڵی خزم و هاوڕێ بەرزترین ڕێژەی هەبێت و لە پلەی یەکەمدا بێت وەکو شوێنی حەوانەوەی گەشتیاران بە گشتی. (بەتایبەتی گەشتیارانی پارێزگاکانی تری هەرێم و دەرەوەی شاری سلێمانی، بەڵام گەشتیارانی ناوچەکانی تری عێراق بەگشتی ڕوو لە شوێنەکانی پشوودان دەکەن).

**5) پەیوەندی نێوان ڕەگەز و چۆنیەتی بەسەربردنی کاتی بەتاڵی :**

هەموو تاکێک بە هەردوو ڕەگەزی( نێر و مێ ) یەوە ڕۆژانە و هەفتانە بڕێک لە کاتی بەتاڵی هەیە، چۆنێتی بەسەربردنی ئەم کاتە بەتاڵانە لە تاکێکەوە بۆ تاکێکی تر و لە ڕەگەزێکەبۆ ڕەگەزێکی تر جیاوازە.

خشتەی(25)

ژمارە و ڕێژەی گەشتیاران بەپێی ڕەگەز و بەسەربردنی کاتە بەتاڵەکانیان

| چۆنێتی بەسەربردنی کاتی بەتاڵ / ڕەگەز | سەردانیکردنی ناوەندی گەشتیاری یان خۆشگوزەرانی | پیاسەکردن لەشەقامەگشتییەکان | یارییە ئەلکترۆنییەکان | کات بەسەربردن لەماڵەوە |
|---|---|---|---|---|
| نێر | 121 | 173 | 131 | 356 |
| ڕێژە | 24% | 35% | 26% | 72% |
| مێ | 52 | 42 | 61 | 320 |
| ڕێژە | 15% | 12% | 17% | 90% |


سەرچاوە: کاری توێژەربەپشت بەستن بە فۆرمی ڕاپرسی

بە تێڕوانین لە خشتەی(25) و شێوەی (9) دەبینین، کە تیایدا پرسیاری ئەوە ئاراستەی بەشداربووانی ڕاپرسی کراوا لە هەردوو ڕەگەز، کە کاتە بەتاڵەکانت زیاتر بە چی بەسەر دەبەیت ؟ لە وەڵامدا بەشداربوو دەیتوانی زیاتر لە هەڵبژاردنێک لە نێوان چوار هەڵبژاردن بە پێی خواست و شێوازی ژیانی خۆی هەڵبژێرێت، لە پاش شیکردنەوەی زانیارییەکان هەروەک لە خشتەی(25) و شێوەی (9) دەبینرێت ڕێژەی

(72%) ی ڕەگەزی نێر کات بەسەربردن لە ماڵەوە لە زیاترینی ئەو چالاکیانە بووە، کە هەڵبژاردووە بە هەمان شێوە بۆ ڕەگەزی مێ، کە بە ڕێژەی (90%) بووە، پیاسەکردن لە شەقامە گشتییەکان ئارەزووی دووەم بووە بۆ ڕەگەزی نێر بە ڕێژەی (35%) لە بەرامبەردا تەنها ڕێژەی (12%)ی ڕەگەزی مێ،ئەم ڕێژەیەش کەمترین ڕێژەیە بە بەراورد بە هەڵبژاردنەکانی تر لە لایەن ڕەگەزی مێ، یارییە ئەلکترۆنییەکان بە بژاردەی سێیەم دێت لەلای ڕەگەزی نێر بە ڕێژەی (26%)، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە یاریە ئەلکترۆنییەکان بە ڕێژەی (17%) بۆ ڕەگەزی مێ بە دووەم فاکتەری بەسەربردنی کاتە بەتاڵەکان دادەنرێت، لە کاتێکدا پێشتر یاریە ئەلکترۆنییەکان وەک فاکتەرێک بۆ کات بەسەربردنی نێرینەکان دروستکراوە، کۆتا بژاردە سەردانیکردنی ناوەندە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکانە بە پلەی چوارەم بۆ بەسەربردنی کاتە بەتاڵەکانی ڕەگەزی نێر بە ڕێژەی (24%) لە بەرامبەردا سێیەم فاکتەرە بۆ ڕەگەزی مێ بە ڕێژەی (15%).

شێوەی (9)

ژمارە و ڕێژەی گەشتیاران بەپێی ڕەگەز و بەسەربردنی کاتە بەتاڵەکانیان




سەرچاوە: کاری توێژەربەپشت بەستن بە خشتەی (25).

**6) پەیوەندی نێوان ڕەگەز و ئارەزوو و جۆری چالاکی گەشتیاری و خۆشگوزەرانی :**

بە پێی خشتەی(26) و شێوەی (10) خوازراوترین چالاکی گەشتیاری و خۆشگوزەرانی باخچەی گشتی (پارک)ە، بۆ ڕەگەزی نێر بە ڕێژەی (39%) لە بەرامبەردا هەریەک لە مۆڵ و سەیرانگا بە پلەی یەکەم

دێت لە لای ڕەگەزی مێ بە ڕێژەی (40%)،باخچە و پارک لە دوای ئەوان دێت بەڕێژەی (36%)، سەیرانگا بە پلەی دووەم بە ڕێژەی (34%) ومۆڵەکان بە ڕێژەی (33%) پلەی سێیەم دەبێت بۆ ڕەگەزی نێر.

خشتەی(26)

ژمارەی گەشتیاران بەپێی ڕەگەز و ئارەزوو بۆ چالاکی گەشتیاری و خۆشگوزەرانی

| چالاکی گەشتیاری / ڕەگەز | سینەما | شانۆ | کۆنسێرتی میوزیک و گۆرانی | فیستیڤاڵی کلتوری | یانەی کەیفخۆشی و سەرمەستی | مۆڵ | کافتریا | ڕیستورانت | سپا (مەساج) | باخچەی گشتی (پارک) | شاری یاری | باخچەی ئاژەڵان | سەیرانگا | هۆڵی لەشجوانی (هۆڵی جیم) | مەلەوانگە | یانەی وەرزشی | شاخەوانی | ناوەندی ئاینی | جۆری دیکە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| نێر | 80 | 21 | 51 | 64 | 34 | 162 | 111 | 96 | 12 | 193 | 38 | 54 | 168 | 75 | 134 | 117 | 108 | 78 | 99 |
| ڕێژەی % | 16% | 4% | 10% | 13% | 7% | 33% | 22% | 19% | 2% | 39% | 8% | 11% | 34% | 15% | 27% | 24% | 22% | 16% | 20% |
| مێ | 73 | 20 | 56 | 36 | 5 | 140 | 51 | 103 | 10 | 129 | 34 | 19 | 141 | 62 | 73 | 33 | 63 | 24 | 60 |
| ڕێژەی % | 20.6% | 6% | 16% | 10% | 1% | 40% | 14% | 29% | 3% | 36% | 10% | 5% | 40% | 18% | 20.6% | 9% | 18% | 7% | 17% |
| کۆی گشتی | 153 | 41 | 107 | 100 | 39 | 302 | 162 | 199 | 22 | 322 | 72 | 73 | 309 | 137 | 207 | 150 | 171 | 102 | 159 |


سەرچاوە: کاری توێژەربەپشت بەستن بە فۆرمی ڕاپرسی

لە پاش سەیرانگا و مۆڵەکان مەلەوانگە دڵخوازی چوارەمە بە ڕێژەی (27%) بۆ ڕەگەزی نێر لە کاتێکدا ڕێستورانت بژاردەی چوارەمە بۆ ڕەگەزی مێ بە ڕێژەی (29%)، یانەی وەرزشی بە پلەی پێنجەم دێن بۆ ڕەگەزی نێر بە ڕێژەی (24%)، لە بەرامبەردا سینەما و مەلەوانگە هەردوکیان لە پلەی پێنجەم دێن بۆ ڕەگەزی مێ بە ڕێژەی (20.6%)، هەریەکە لە کافتریا و شاخەوانی بە پلەی شەشەم دێت بۆ ڕەگەزی نێر بە ڕێژەی (22%)، بەڵام بۆ ڕەگەزی مێ هۆڵی لەشجوانی (جیم) و شاخەوانی کە ڕێژەکەیان (18%) دەتوانرێت پۆلێنبەندی شەشەمیان بدرێتێ، بە پێچەوانەی ڕەگەزی مێ ڕێستورانت خواستێکی کەمتری هەیە لە لای ڕەگەزی نێر و ڕێژەی (19%)یە، بەهەمان شێوە سینەما بە ڕێژەی (16%) و هۆڵی لەشجوانی (جیم) بە ڕێژەی (15%)یانەکانی کەیفخۆشی و سەرمەستی بە ڕێژەی (1%) و سپاو مەساج بە ڕێژەی (3%) و باخچەی ئاژەڵان بە ڕێژەی (5%) کەمترین ڕێژەیان هەیە لە لای ڕەگەزی مێ، بەڵام

لە لای ڕەگەزی نێر هەریەکە لە شانۆ بە ڕێژەی (4%) و سپا بە ڕێژەی (2%) کەمترین خواستیان لەسەرە، بەڵام ناوەندە ئایینییەکان خواستێکی زیاتریان لەسەرە لە لایەن ڕەگەزی نێرەوە بە ڕێژەی (16%)، کە ئەم ڕێژەیە دووبەرامبەری ڕەگەزی مێیە، کە لای ئەوان خواست لەسەر ناوەندە ئایینیەکان تەنها (7%)ە، لە بەرامبەردا کۆنسێرتی میوزیک و گۆرانی لە لای ڕەگەزی مێ خواستی زیاتری لە سەرە بە ڕێژەی (16%) لە کاتێکدا ڕێژەکە لە لای ڕەگەزی نێر(10%) یە،خواستی کافتریا کەمترە لەلای ڕەگەزی مێ بە بەراورد لەگەڵ ڕەگەزی نێر ڕێژەی (14%) ڕێژەی خواستی مێینەیە لەسەر کافتریاکان.

شێوەی (10)

ژمارەی گەشتیاران بەپێی ڕەگەز و ئارەزوو بۆ چالاکی گەشتیاری و خۆشگوزەرانی




سەرچاوە: کاری توێژەربەپشت بەستن بە خشتەی (26).

**7) پەیوەندی نێوان ڕەگەز و چۆنێتی ئەنجامدانی گەشت :**

چۆنیەتی ئەنجامدانی گەشت لە لایەن هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ جیاوازی هەیە هەروەک چۆن لە خشتەی(27) و شێوەی (11) دا دیارە، لەلای ڕەگەزی نێر ڕێژەی (56.5%) بە شێوەی خێزانیی گەشت دەکەن لە کاتێکدا ئەم ڕێژەیە زۆر زیاترە لە لای ڕەگەزی مێ بە ڕێژەی (80.8.%).

خشتەی(27)


ژمارەی گەشتیاران بەپێی ڕەگەز و چۆنێتی ئەنجامدانی گەشت

| چۆنێتی ئەنجامدانی گەشت / ڕەگەز | گرووپی گەشتیاری | خێزانی | لەگەڵ هاوڕێ | بەتەنها | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|
| نێر | 8 | 281 | 180 | 28 | 497 |
| ڕێژە | 1.6% | 56.5% | 36.2% | 5.6% | 100% |
| مێ | 6 | 286 | 55 | 7 | 354 |
| ڕێژە | 1.7% | 80.8% | 15.5% | 2.0% | 100% |
| کۆی گشتی | 14 | 567 | 235 | 35 | 851 |
| ڕێژەی گشتی | 1.65% | 66.63% | 27.61% | 4.11% | 100% |

سەرچاوە: کاری توێژەربەپشت بەستن بە فۆرمی ڕاپرسی

شێوەی (11)

ژمارەی گەشتیاران بەپێی ڕەگەز و چۆنێتی ئەنجامدانی گەشت




سەرچاوە: کاری توێژەربەپشت بەستن بە خشتەی (27).

پلەی دووەم لە لای ڕەگەزی نێر گەشتکردنە لەگەڵ هاوڕێ بە ڕێژەی (%36.2) کە دوو بەرامبەر زیاترە بە بەراورد بە ڕەگەزی مێ، کە ڕێژەکە لە لای ئەوان تەنها (%15.5) ە، بە هەمان شێوە

گەشتکردن بە تەنها لە لای ڕەگەزی نێر ڕێژەی (5.6%)ە، کە ئەم ڕێژەیەش دوو بەرامبەرە بە بەراورد بە ڕەگەزی مێ کە ریژەکە لەلای ئەوان تەنها (2%) ە، لێرەوە بە ئاشکرا دەردەکەوێت، کە ڕەگەزی مێ بەهۆی سنووردارییی لە سەربەستی و فاکتەرەکانی دابونەریتی کۆمەڵایەتی ناتوانێت وەک ڕەگەزی نێر بە تەنها، یاخود لەگەڵ هاوڕێکانی گەشت بکات و زیاتر وابەستەی خێزانەکان کراوە،کەمترین ڕێژەش ڕێژەی گەشتکردنە بەشێوەی گروپی گەشتیاری لە لای هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ کە ڕێژەی (1.6%) و ڕێژەی (1.7%) بەدواییەکدا.

**8) پەیوەندی نێوان باری خێزانیی و ژمارەی دووبارە بونەوەی سەردانیکردن بۆ ناوەندە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکان:**

هەمووتاکێک بەپێی بارودۆخ و تایبەتمەندی خۆی ڕۆژانە چالاکییەکانی ئەنجامدەدات بەگشتی،چالاکی گەشتیاری و خۆشگوزەرانی بەتایبەتی، باری خێزانیی و پەیوەندی کۆمەڵایەتی و بوونی کاتی بەتاڵ و ئاستی ئابووری.. .هتد، کۆمەڵێک هۆکارن، کە ڕاستەوخۆ کاردەکەنە سەرچۆنێتی و چەندێتی چالاکییە گەشتیاری و خۆشگوزەرانیەکان، سەبارەت بە ڕێژەی دوبارەبوونەوەی سەردانیکردن بۆ ناوەندەگەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکان، لەلایەن گەشتیارانەوە دەبینین زۆرترین و بەرزترین ژمارە و ڕێژەی گەشتیاران و سەردانیکەران سەر بە گروپی خێزاندارن، کە ریژەکەیان دەگاتە (58.4%) بەدوایدا گروپی سەڵت دێت، کە ڕێژەیان (39.6%)کەمترین ریژەش ریژەی جیابووەوەیە کە ڕێژەیان (2%)ە، بە پێی زانیارییەکانی خشتەی(28) و شێوەی (12) جیاوازی لە نێوان هەرسێ گروپەکە دا لە دووبارە سەردانیکردنی بۆ ناوەندە خۆشگوزەرانی و ئەنجامدانی گەشتی گەشتیاریی بۆ ناوچە خۆشگوزەرانی و گەشتوگوزارییەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە بەدیدەکرێت.

خشتەی(28)

ژمارەی دووبارەبوونەوەی سەردانیکردن وباری خێزانیی گەشتیاران


| شێوازی دووبارەبونەوەی سەردانیکردن / باری خێزانیی | ڕۆژانە | هەفتانە | دووجار لە هەفتەیەکدا | مانگانە | دوو جار لەمانگێکدا | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| سەڵت | 38 | 57 | 23 | 168 | 51 | 337 |
| ڕێژە | 4.47% | 6.70% | 2.70% | 19.74% | 5.99% | 39.6% |
| خێزاندار | 25 | 105 | 46 | 255 | 66 | 497 |
| ڕێژە | 2.9% | 12.3% | 5.4% | 30.0% | 7.8% | 58.4% |
| جیابۆوە | 0 | 1 | 5 | 8 | 3 | 17 |
| ڕێژە | 0.00% | 0.12% | 0.59% | 0.94% | 0.35% | 2.0% |

سەرچاوە: کاری توێژەربەپشت بەستن بە فۆرمی ڕاپرسی

بەرزترین ڕێژە گرووپی خێزاندارن، کە مانگانە ڕێژەی (30%)یە بەدوایدا گرووپی سەڵت دێت کە ڕێژەی (19.74%)ە، لە کاتێکدا گرووپی سەڵت بە ڕێژەی (6.7%)ڕێژەی (12.3%) لە گرووپی خێزاندار هەفتانە سەردانی ناوەندە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکان دەکەن، ئەم ڕێژەیە دادەبەزێت لە لای گرووپی خێزاندار بەوەی تەنها (2.9%) ڕۆژانە سەردانی ناوەندە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکان دەکەن، بەڵام گرووپی سەڵت ڕێژەکەیان دوو بەرامبەرە بە نزیکەی (4.47%)، لە زانیارییەکانی خشتەکەوە بۆمان دەردەکەوێت کە نەبوونی یان کەمی کاتی بەتاڵ و پەیوەستبوون بە ئەرکی خێزانداریەوە وا دەکات ڕێژەی گرووپی خێزاندار کەمتر بێت بۆ سەردانیکردنی ڕۆژانە بە بەراورد بە گرووپی سەڵت، چونکە سەڵت بە هۆی نەبوونی پەیوەستیی خێزانیی و بوونی کاتی بەتاڵی زیاتر وادەکات ڕێژەکەیان بەرزتر و زیاتر بێت.

شێوەی (12)

ژمارەی دووبارەبوونەوەی سەردانیکردن وباری خێزانیی گەشتیاران




سەرچاوە: کاری توێژەربەپشت بەستن بە خشتەی (28).

**9) ئاستی ئابووری گەشتیار و جۆری پیشە:**

سەبارەت بە جۆری پیشەی گەشتیاران، کە سەردانی ناوچەی گەشتوگوزاری و ناوەندە خۆشگوزەرانییەکانیان کردووە لە ناوچەی لێکۆڵینەوە، زۆرینەیان لە چینی فەرمانبەرانن هەروەک لە خشتەی(29) و شێوەی (13) دا دیارە کە ڕێژەی (43.71%)ە، دوای ئەوان توێژی خوێندکارانە کە ڕێژەکەیان (22.21%)ە پاشان گرووپی کاسبکاران دێت بە ڕێژەی (12.1%)، لەدوای ئەوان کەسانی خاوەن کاری ڕۆژانە بە ڕێژەی (7.29%)خاوەن پیشەی جیاوازی دیکە بە ڕێژەی (12.69)،کەمترین ڕێژەش چینی خانەنشینانە بە ڕێژەی (2%)، بەرزی ڕێژەی فەرمانبەران لە ژمارەی گەشتیاراندا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە فەرمانبەران تارادەیەکی باش خاوەنی داهاتێکی جێگیر و ئۆتۆمبێلی تایبەت بەخۆیانن و تا رادەیەکیش کاتی گونجاویان هەیە بۆ گەشتکردن،خوێندکاران بە هەمان شێوە ڕێژەکەیان

بەرزە بەهۆی بوونی کاتی بەتاڵ بەتایبەتی لە کاتی پشووەکانی هاویندا و کەمی ئەرک و لێپرسراویەتی، بەهێزیی پەیوەنییە کۆمەڵایەتییەکان و حەز و ئارەزووی تاکەکان بۆ گەشتکردن و سەردانیکردنی ناوەندە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکان وایکردووە تەنانەت هەندێک جار پەنا ببرێتە بەر وەرگرتنی قەرز بۆ ئەنجامدانی گەشت و بەسەربردنی کاتێکی خۆش لە ناوەندە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکان.

خشتەی(29)

ژمارەی گەشتیاران بەپێی جۆری پیشە و بڕی داهاتی مانگانەیان بە (هەزار دیناری عێراقی)

| بڕی داهاتی مانگانه / جۆری پیشە | کەمتر لە 250 | 250-500 | 501-750 | 751-1000 | 1 - 1.5 ملیۆن دیناری عێراقی | زیاتر لە 1.5 ملیۆن دیناری عێراقی | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| **خوێندکار** | 115 | 22 | 22 | 15 | 13 | 2 | 189 |
| **ڕێژە** | 13.51% | 2.59% | 2.59% | 1.76% | 1.53% | 0.24% | 22.21% |
| **فەرمانبەر** | 6 | 28 | 85 | 99 | 86 | 68 | 372 |
| **ڕێژە** | 0.71% | 3.29% | 9.99% | 11.63% | 10.11% | 7.99% | 43.71% |
| **خانەنشین** | 2 | 5 | 2 | 3 | 3 | 2 | 17 |
| **ڕێژە** | 0.24% | 0.59% | 0.24% | 0.35% | 0.35% | 0.24% | 2.00% |
| **کاسب** | 13 | 25 | 29 | 14 | 13 | 9 | 103 |
| **ڕێژە** | 1.53% | 2.94% | 3.41% | 1.65% | 1.53% | 1.06% | 12.10% |
| **کاری ڕۆژانه** | 26 | 7 | 9 | 10 | 9 | 1 | 62 |
| **ڕێژە** | 3.06% | 0.82% | 1.06% | 1.18% | 1.06% | 0.12% | 7.29% |
| **جۆری دیکە *** | 25 | 14 | 24 | 23 | 11 | 11 | 108 |
| **ڕێژە** | 2.94% | 1.65% | 2.82% | 2.70% | 1.29% | 1.29% | 12.69% |

سەرچاوە: کاری توێژەربەپشت بەستن بە فۆرمی ڕاپرسی


سەبارەت بە جۆری پیشە و داهاتی گەشتیاران، ڕێژەی بەشداریکردنیان لە چالاکییە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکان دەبینین بە زیاد بوونی داهات ڕێژەکە زیاد دەکات بۆ نموونە ئەو فەرمانبەرانەی کە داهاتیان کەمترە لە (250000) هەزار دینار ڕێژەی (0.7%) گەشتیارانن، ئەم ڕێژەیە بەرزدەبێتەوە بۆ (11.6%) بۆ ئەو فەرمانبەرانەی موچە و داهاتیان لە (750000-1000000) دینارە، بە هەمان شێوە بۆ گروپی کاسب و کاری ڕۆژانە و خاوەن پیشە جیاوازەکانی دیکە بە بەرزبوونەوەی داهاتەکانیان ڕێژەی بەشداریکردنیان بۆ چالاکییە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکان زیاد دەکات، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە گروپی خانەنشینان کەمترین ڕێژەی بەشداریکردنیان هەیە بە زیاد بوونی داهاتی مانگانەشیان ڕێژەی بەشداریکردنیان گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی بەسەردا نایەت، کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نە بوونی حەز و

* پیشەی دیکە وەک بازرگانیی ئەلکترۆنی و ئۆنلاین، جوتیار.

خولیای تاکەکان بۆ بەشداریکردن لەو جۆرە چالاکیانەدا بەهۆی زۆری تەمەن و ناجێگیری باری تەندروستیانەوە.

شێوەی (13)

ژمارەی گەشتیاران بەپێی جۆری پیشە و بڕی داهاتی مانگانەیان بە (هەزار دیناری عێراقی)




سەرچاوە: کاری توێژەربەپشت بەستن بە خشتەی (29).

**10) داهاتی مانگانە و ماوەی مانەوەی گەشتیار لە ناوچەی گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکان:**

پەیوەندی لە نێوان ئاستی ئابووری و داهاتی مانگانەی گەشتیار لەگەڵ شەوانی مانەوەی گەشتیار لە ناوچە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکان هەیە، بەشێوەیەک لەگەڵ بەرزبوونەوەی ئاستی داهات خواست و ئارەزووی مانەوە زیاتر دەبێت وەک لە خشتەی ژمارە(30) و شێوەی (14) دا دیارە، لەگەڵ بەرزبوونەوەی ئاستی داهاتی مانگانە ماوەی مانەوەی گەشتیار زیاد دەکات لە ناوەندە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە، هەروەک بەپێی هاوکۆلکەی پەیوەندی (pearson) کە بریتیە لە (0.167) واتە پەیوەندییەکی ڕاستەوانە هەیە، هەروەها بەپێی ئەنجامی مۆدیولی (regression) کە نرخەکەی (0.115)یە.

خشتەی(30)

ژمارەی گەشتیاران بەپێی ماوەی مانەوە و بڕی داهاتی مانگانەیان بە (هەزار دیناری عێراقی)


| بڕی داهاتی مانگانە / ماوەی مانەوە | کەمتر لە 250 | 250-500 | 501-750 | 751-1000 | 1.5 - 1 ملیۆن دیناری عێراقی | زیاتر لە 1.5 ملیۆن دیناری عێراقی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| کەمتر لە 24 کاتژمێر | 34 | 9 | 9 | 26 | 15 | 9 |
| ڕێژە | 8.15% | 2.16% | 2.16% | 6.24% | 3.60% | 2.16% |
| یەک شەو | 26 | 7 | 23 | 23 | 28 | 10 |
| ڕێژە | 6.24% | 1.68% | 5.52% | 5.52% | 6.71% | 2.40% |
| 1بۆ 3 شەو | 12 | 17 | 41 | 30 | 21 | 17 |
| ڕێژە | 2.88% | 4.08% | 9.83% | 7.19% | 5.04% | 4.08% |
| یەک هەفتە | 2 | 3 | 16 | 11 | 14 | 14 |
| ڕێژە | 0.48% | 0.72% | 3.84% | 2.64% | 3.36% | 3.36% |

سەرچاوە: کاری توێژەربەپشت بەستن بە فۆرمی ڕاپرسی

بۆ نموونە ئەو کەسانەی داهاتیان لە (250000)هەزار دینارکەمترە ماوەی مانەوەیان بۆ یەک هەفتە بریتییە لە ڕێژەی ( 0.48%) ئەم ڕێژەیە زیاد دەکات بە زیاد بوونی داهاتی مانگانە تا دەگاتە ڕێژەی (3.36%) بۆ ئەو کەسانەی کە ئاستی داهاتیان لە (1000000) دینار زیاترە بە هەمان شێوە بۆ مانەوەی (یەک شەو بۆ سێ شەو)، بەڵام ئەو کەسانەی کە کەمتر لە (250000) هەزار دینار داهاتیانە کەمتر لە 24کاتژمێر دەمێننەوە لە ناوچە گەشتیارییەکان و ناوەندە خۆشگوزەرانییەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە و ڕێژەکەیان (8.15%) یە، هەموو ئەو کەسانەی کە داهاتیان لە نێوان (750000-250000) هەزار دینار دایە ڕێژەکە کەمتر دەبێتەوە بۆ لە (2.16%)، بەڵام ئەم ڕێژەیە بەرزدەبێتەوە بۆ ئەو کەسانەی کە داهاتیان لە نێوان (1000000-750000) دینار دایە بە ڕێژەی (6.24%) بەرزی ئەم ڕێژەیەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە ڕێژەی (86%) یان خاوەنی ئۆتومبێلی تایبەت بە خۆیانن.

شێوەی (14)

ژمارەی گەشتیاران بەپێی ماوەی مانەوە و بڕی داهاتی مانگانەیان بە (هەزار دیناری عێراقی)




سەرچاوە: کاری توێژەربەپشت بەستن بە خشتەی (30).

## 11) داهاتی مانگانەی گەشتیار و خەرجی چاوەڕوانکراو بۆ گەشت و خۆشگوزەرانی :

بەشێوەیەکی گشتی داهاتی مانگانە کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر ئاستی گوزەرانی تاک و خێزانەکان بە گشتی، چونکە داهاتی مانگانە فاکتەری سەرەکییە بۆ دابینکردنی پێداویستییە سەرەکی و لاوەکییەکان، هەر بەم شێوەیەش ئاستی خۆشگوزەرانی ژیانی تاکەکان بەستراوە بە بڕی داهاتەوە، لە خشتەی(31) و شێوەی (15)دا دیارە، کە بە بەرزبوونەوەی داهات تا ڕادەیەک بڕی خەرجی لە چالاکییە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکاندا زیاتر دەبێت، هەروەک بەپێی هاوکۆلکەی پەیوەندی (pearson) کە بریتیە لە (0.436) واتە پەیوەندییەکی ڕاستەوانە هەیە، هەروەها بەپێی ئەنجامی مۆدیولی (regression) نرخەکەی (0.380)یە.واتە بەزیادکردنی بڕی مووچە بەڕێژەی یەک یەکە، پێشبینی دەکرێت ڕێژەی بڕی خەرجی چاوەڕوانکراو زیاد بکات بە ڕێژەی (0.38).

خشتەی(31)

ژمارەی گەشتیاران بەپێی بڕی خەرجی چاوەڕوانکراو و بڕی داهاتی مانگانەیان بە (هەزار دیناری عێراقی)

| بڕی داهاتی مانگانە / بڕی خەرجی چاوەڕوانکراو | کەمتر لە 250 | 250-500 | 501-750 | 751-1000 | 1.5 - 1 ملیۆن دیناری عێراقی | زیاتر لە 1.5 ملیۆن دیناری عێراقی | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کەمتر لە150 | 176 | 85 | 133 | 118 | 89 | 33 | 634 |
| ڕێژە | 20.68% | 9.99% | 15.63% | 13.87% | 10.46% | 3.88% | 74.5% |
| 151-250 | 7 | 14 | 24 | 25 | 27 | 19 | 116 |
| ڕێژە | 0.82% | 1.65% | 2.82% | 2.94% | 3.17% | 2.23% | 13.6% |
| 251-500 | 0 | 2 | 11 | 17 | 14 | 23 | 67 |
| ڕێژە | 0.00% | 0.24% | 1.29% | 2.00% | 1.65% | 2.70% | 7.9% |
| 501-750 | 0 | 0 | 3 | 1 | 3 | 6 | 13 |
| ڕێژە | 0.00% | 0.00% | 0.35% | 0.12% | 0.35% | 0.71% | 1.5% |
| 751-1000 | 0 | 0 | 0 | 3 | 4 | 9 | 16 |
| ڕێژە | 0.00% | 0.00% | 0.00% | 0.35% | 0.47% | 1.06% | 1.9% |
| زیاتر لە یەک ملیۆن | 0 | 0 | 0 | 0 | 2 | 3 | 5 |
| ڕێژە | 0.00% | 0.00% | 0.00% | 0.00% | 0.24% | 0.35% | 0.6% |


سەرچاوە: کاری توێژەربەپشت بەستن بە فۆرمی ڕاپرسی

وەک دیارە بەرزترین ڕێژە ئەو کەسانەن، کە کەمتر لە (150000)هەزار دینار خەرج دەکەن، و ڕێژەی (74.5%) پێکدەهێنن لەم ڕێژەیەش ئەو کەسانەی، کە داهاتیان لە (250000)هەزار کەمترە بەرزترین ڕێژەن کە لە (20.68%)ن، هەرچەندە بەزیادبوونی داهات گۆڕانکاری بەرچاونابینرێت لە بڕی خەرجی چاوەڕوانکراودا، هەربۆیە دەبینین ئەو گەشتیارانەی داهاتیان لە نێوان (1000000-1500000) دینارە ڕێژەیان (10.46%)ە بە هەمان شێوە کەمتر لە (150000)هەزار دینار خەرج دەکەن، ڕێژەی ئەو گەشتیارانەی، کە (150000-250000)هەزار دینار خەرج دەکەن (13.6%)بەرزترین ڕێژەش ئەو کەسانەن، کە داهاتیان (1000000-1500000) دینارە بە ڕێژەی (3.17%)، ڕێژەی (7.9%) ڕێژەی ئەو کەسانەیە کە (250000-500000) هەزار دینار خەرج دەکەن، بەرزترین ڕێژە ئەو کەسانەن کە داهاتەکەیان زیاترە لە (1500000) هەزار دینار، بەشێوەیەکی گشتی ڕێژەی ئەو گەشتیارانەی، کە (500000 - 750000)هەزار دینار(750000 - 1000000) دینارئەو گەشتیارانەی، کە زیاتر لە (1000000) دینار خەرج دەکەن لە چالاکییە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکاندا ڕێژەکەیان لە نێوان (1.5%، 1.9%، 0.6% ) دایە بە دوای یەکدا، ئەوەی بە ڕوون و ئاشکرایی دەردەکەوێت لەگەڵ بەرزبوونەوەی داهاتی گەشتیاراندا ژمارەی گەشتیاران کەم دەبێت بۆ ناوچەی لێکۆڵینەوە، هەروەها

سەرەڕای بەرزبوونەوەی ئاستی داهاتی گەشتیاران بڕی خەرجی چاوەڕوانکراو بە شێوەیەکی بەرچاو بەرز نابێتەوە. ئەمە بۆ بەرزی ڕێژەی گەشتیاران دەگەڕێتەوە، کە زۆرینەی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانین و خراپی بارودۆخی دارایی و بڵاوبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا بەتایبەتی لەکاتی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەکەدا.

شێوەی (15)

ژمارەی گەشتیاران بەپێی بڕی خەرجی چاوەڕوانکراو و بڕی داهاتی مانگانەیان بە (هەزار دیناری عێراقی)




سەرچاوە: کاری توێژەربەپشت بەستن بە خشتەی (31).

**12) ئاستی ئابووری گەشتیار و هۆکارەکانی گواستنەوە :**

گشت جۆرە جیاوازەکانی هۆکارەکانی گواستنەوە پێداویستی سەرەکین لە گەیاندنی گەشتیاران لە شوێنی نیشتەجێبوونیانەوە بۆ ناوەندە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکان، بە پێی زانیارییەکانی خشتەی(32) و شێوەی (16)، زۆرینە یاخود بەرزترین ڕێژەی گەشتیاران خاوەن ئوتومبێلی تایبەت بە خۆیانن، کە ڕێژەکەیان (%50.1)ەئەو گەشتیارانەی ئوتومبێلی تەکسی وەکو هۆکاری گواستنەوەی گشتی بەکاردەهێنن ڕێژەیان (%24.4)ە،ئەو گەشتیارانەی، کە بەکارهێنەری گواستنەوەی گشتی (پاس)ن ڕێژەیان (%17.6)ئەو گەشتیارانەی، کە هۆکارەکانی دیکەی گواستنەوە بەکاردەهێنن ڕێژەیان (%7.5)ە کە ئەمەش کەمترین ڕێژەیە.

## خشتەی(32)


### ژمارەی گەشتیاران بەپێی بەکارهێنانی جۆری هۆکاری گواستنەوە و بری داهاتی مانگانەیان بە (هەزار دیناری عێراقی)

| بری داهاتی مانگانە / هۆکاری گواستنەوە | کەمتر لە 250 | 250-500 | 501-750 | 751-1000 | 1-1.5 ملیۆن | زیاتر لە 1.5 ملیۆن | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئوتومبیلی تایبەتی | 3 | 24 | 110 | 117 | 100 | 73 | 427 |
| ڕێژە | 0.35% | 2.82% | 12.93% | 13.75% | 11.75% | 8.58% | 50.18% |
| تاکسی | 78 | 46 | 29 | 24 | 21 | 10 | 208 |
| ڕێژە | 9.17% | 5.41% | 3.41% | 2.82% | 2.47% | 1.18% | 24.44% |
| گواستنەوەی گشتی (پاس) | 74 | 24 | 17 | 17 | 12 | 8 | 152 |
| ڕێژە | 8.70% | 2.82% | 2.00% | 2.00% | 1.41% | 0.94% | 17.86% |
| هۆکاری دیکەی گواستنەوە | 28 | 7 | 15 | 6 | 6 | 2 | 64 |
| ڕێژە | 3.29% | 0.82% | 1.76% | 0.71% | 0.71% | 0.24% | 7.52% |

سەرچاوە: کاری توێژەربەپشت بەستن بە فۆرمی ڕاپرسی

## شێوەی (16)

### ژمارەی گەشتیاران بەپێی بەکارهێنانی جۆری هۆکاری گواستنەوە و بری داهاتی مانگانەیان بە (هەزار دیناری عێراقی)




سەرچاوە: کاری توێژەربەپشت بەستن بە خشتەی (32).

لە زانیارییەکانی خشتە ی (32) و شێوەی (16) وە بۆمان دەردەکەوێت ئەو کەسانەی، کە داهاتیان بەرزە زیاتر ئارەزوودەکەن بە ئوتومبێلی تایبەت بە خۆیان گەشت بکەنبە پێچەوانەشەوە ئەو گەشتیارانەی، کە داهاتیان کەمە زیاتر هۆکاری گشتی(تەکسی، پاس) بەکاردەهێنن، بەپێی هاوکۆلکەی پەیوەندی

(pearson) کە بریتییە لە (0.441) واتە پەیوەندییەکی ڕاستەوانە هەیە ئەویش واتە بەزیادبوونی داهات خاوەندارێتی ئوتومبێلی تایبەت زیاتر ئەبێت، هەروەها بەپێی ئەنجامی مۆدیولی (regression) کە نرخەکەی( 0.214-)، کە پەیوەندییەکی پێچەوانەیە، بەمەش پێشبینی دەکریت بەزیادکردنی بڕی مووچە خواستی بەکارهێنانی گواستنەوەی گشتی کەمتر ببێتەوە.

بۆ نموونە ڕێژەی ئەو کەسانەی داهاتیان کەمترە لە (250000)هەزار دینار بە نزیکەیی ڕێژەی (18%)ی ئەو گەشتیارانەن، کە بەکارهێنەری گواستنەوەی گشتی ئەم ڕێژەیە کەم دەبێتەوە بۆ نزیکەی لە (2%) بۆ ئەو کەسانەی، کە داهاتیان (1500000)هەزار دینار زیاترە مانگانە.

**13) خاڵی سەرنجڕاکێشی ناوچەی لێکۆڵینەوە لە لایەن گەشتیاران:**

هەر ناوچەیەکی گەشتیاریی یان ناوەندێکی خۆشگوزەرانی کۆمەڵێک تایبەتمەندی خۆی هەیە، کە ببێتە هاندەر بۆ ئەوەی گەشتیاران ڕووی تێبکەن، بە شێوەیەکی گشتی چەند تایبەتمەندییەکی گەشتیاری و خۆشگوزەرانی لە شێوەی چەند بژاردەیەکدا ئاراستەی بەشداربووانی ڕاپرسییەکە کراوە و وەڵامەکانیان بەو شێوەیە بووە کە لە خشتەی(33) و شێوەی (17) خراوەتە ڕوو.

خشتەی(33)

خاڵی سەرنجڕاکێشی ناوچەی لێکۆڵینەوە لەلایەن گەشتیاران


| خاڵی سەرنجڕاکێش | ئاوهەوای خۆش | دیمەنی سروشتی دڵرفێن | ئاسانی گەیشتن | هەبونی خزمەتگوزاری باش و ئاست بەرز | پاک و خاوێنی | هەرزانی نرخ | جوانی و سەرنجڕاکێشی لەڕووی دیزاینەوە | بەردەستبون یان کۆبونەوەی زۆرینەی خزمەرگوزاریە جیاوازەکان لەوشوێنەدا |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ژمارە | 540 | 536 | 233 | 171 | 273 | 207 | 146 | 98 |
| ڕێژە | 63.4% | 63 % | 27.3% | 20.1% | 32% | 24.3% | 17.1% | 11.6% |

سەرچاوە: کاری توێژەربەپشت بەستن بە فۆرمی ڕاپرسی

دەبینین ئاوو هەوای خۆش بەرزترین ڕێژەی هەیە کە بریتیە لە (63.4%)،یەکێکە لە فاکتەرە گرنگەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە و هاندەری گەشتیارانە بۆ سەردانیکردنی ناوچەی لێکۆڵینەوە، لە پاش ئەو بە جیاوازییەکی کەم دیمەنی سروشتی و دڵرفێن دێت وەکو دووەم فاکتەر کە ڕێژەکەی (62.9%)ە،پاکوخاوێنی بە پلەی سێیەم دێت بە ڕێژەی (32%) لە پاش ئەمانە هەریەکە لە ئاسانی گەیشتن و هەرزانی نرخ دێت بە ڕێژەکانی (27.3% و 24.3%) بەدوای یەکدا، هەرچەندە هەبوونی خزمەتگوزاری باش و ئاست بەرز یەکێکە لە فاکتەرە کاریگەرەکان لە بواری ڕاکێشانی سەرنجی گەشتیاران و سەردانیکەران، بەڵام لێرەدا بە پلەی شەشەم دێت ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ناوەندە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکان لە ڕووی ئاستی پۆلێن و خزمەتگوزارییەوە نەبوونەتە هاندەرێک بۆ ڕاکێشانی گەشتیاران، بە هەمان شێوە هەردوو فاکتەری جوانی و سەرنجراکێشی لە ڕووی دیزاینەوە و بەردەستبوون یان کۆبوونەوەی زۆربەی خزمەتگوزارییە جیاوازەکان لە ناوەندێکی گەشتیاری و خۆشگوزەرانیدا ڕێژەیان کەمە کە بریتین لە (17.1%) و (11.6%) بەداوی یەکدا، بۆیە دەبینین جگە لە ئاووهەوای خۆش و دیمەنی دڵرفێن هیچ یەکێک لەو فاکتەرانەی سەرەوە نەبوونەتە هاندەرێکی سەرنجراکێش بۆ هاندانی سەردانیکەران و گەشتیاران بۆ ناوچەی لێکۆڵینەوە.

شێوەی (17)

خاڵی سەرنجراکێشی ناوچەی لێکۆڵینەوە لەلایەن گەشتیاران




سەرچاوە: کاری توێژەربەپشت بەستن بە خشتەی (33).

**14) ڕۆڵی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن لە ناساندن و کێشکردنی گەشتیاران بۆ ناوچەی لێکۆڵینەوە :**

لە ئێستادا میدیا و هۆکارەکانی ڕاگەیاندن یەکێکن لە فاکتەرە بەهێزەکان، کە کاریگەری ڕاستەوخۆیان هەیە لەسەر ناساندن و کێشکردنی گەشتیاران و سەردانیکەران بۆ هەر ناوچەیەکی گەشتیاری و خۆشگوزەرانی، خشتەی ژمارە(34) و شێوەی (18) زانیاری دەخاتەی ڕوو لەسەر هەموو ئەو فاکتەرانە.

خشتەی(34)

سەرچاوەی زانییاری گەشتیاران و سەردانیکەران


| سەرچاوەی زانیاری | تەلەفزیۆن | رادیۆ | تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان | تابلۆی ریکلامی سەرشەقامەکان | هاوڕێ | سەرچاوەی دیکە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ژمارەی گەشتیاران | 220 | 20 | 553 | 63 | 350 | 141 |
| ڕێژە | 26% | 2% | 65% | 7% | 41% | 17% |

سەرچاوە: کاری توێژەربەپشت بەستن بە فۆرمی راپرسی

تۆرە کۆمەڵایەتییەکان لە ئینتەرنێت بە ڕێژەی (65%) هۆکاری یەکەمی گەیاندنی زانیارین بە گەشتیاران و سەردانیکەران، لە دوای ئەوانیش هاوڕێ وەک سەرچاوەی گەیاندنی زانیاری بە پلەی دووەم دێت بە ڕێژەی (41%) بە سەردانیکەران و گەشتیاران، تەلەفزیۆن بە پلەی سێیەم دێت بە ڕێژەی (26%)ئەم هۆکارە بە بەراورد لە جاران ڕۆڵ و کاریگەرییەکەی کەم بۆتەوە و لە پاشەکشەدایە،سەرچاوەی دیکەی جۆراوجۆر کە گەشتیاران و سەردانیکەران زانیاریی گەشتیاریی لێوەردەگرن ڕێژەی (17%)یە، کە دەشێت ئەم سەرچاوانە لە ڕێگەی تەلەفون یان خزمەتگوزاری کورتە نامە و تێکستی مۆبایلەوە بێت یاخود لەرێگەی چاپەمەنییەکان و ڕۆژنامە و گۆڤار، یاخود بروشەر یان هەر جۆرێکی دیکە، پاشان تابلۆی ریکلامی سەر شەقامەکان بە ڕێژەی (7%) لە پلەی چوارەمدایە،ڕادیۆ وەک هۆکارێکی گەیاندنی زانیارییەکان بە گەشتیار و سەردانیکەران کەمترین ڕێژەی هەیە، کە تەنها (2%)ە.

شێوەی (18)

سەرچاوەی زانیاری گەشتیاران و سەردانیکەران




سەرچاوە: کاری توێژەربەپشت بەستن بە خشتەی (34).

**15) ئاستی خوێندەواری و ڕازیبوونی گەشتیاران لە ئاستی خزمەتگوزاری لە ناوچە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکان (پەیوەندی ئاستی خوێندەواری و خزمەتگوزاری گەشتیاریی):**

پێداویستی و داواکاری گەشتیاران لەگەڵ جۆر و ئاستی خزمەتگوزاری لەلای گەشتیاران و سەردانیکەران جیاوازە بە پێی جیاوازی لە ئاستی خوێندەواری گەشتیاران، بۆ دەرخستنی جیاوازی ئاستی خزمەتگوزارییەکان لە تێڕوانینی گەشتیاران خۆیانەوە، بە ئاشکرا جیاوازی لە بیروبۆچوونی گەشتیاران و سەردانیکەرانیدا بەدیدەکرێت هەروەک لە خشتەی(35) و شێوەی (19) دا دیارە، کە سەردانی ناوچە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوەکەیان کردووە، لەپاش شیکردنەوەی داتاکان بەپێی دەرئەنجامی هاوکۆلکەی پەیوەندی( pearson) بەبونی پەیوەندیەکی ڕاستەوانە دەردەکەوێت کە نرخەکەی(0.093)،بەپێی هاوکۆلکەی چەمانەوە پێشبینی دەکرێت بەزیادبونی پلەی خوێندەواری ئاستی ڕازیبوون لە خزمەتگوزارییەکان بەرزببێتەوە، بۆیە گەشتیاران لێرە تاڕادەیەک لە ئاستی خزمەتگوزارییەکان ناڕازین هەربۆیە نرخی هاوکۆلکەی چەمینەوە بە نێگەتیڤ دەرچووە (0.118–).

خشتەی(35)

پەیوەندی نێوان ئاستی خوێندەواری و ئاستی خزمەتگوزاری

| ئاستی خزمەتگوزاری / ئاستی خوێندەواری | زۆر خراپ | خراپ | مامناوەند | باش | زۆرباش | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| سەرەتایی | 4 | 2 | 2 | 1 | 2 | 11 |
| ڕێژە | 36.36% | 18.18% | 18.18% | 9.09% | 18.18% | 100% |
| ناوەندی | 5 | 9 | 19 | 13 | 2 | 48 |
| ڕێژە | 10.42% | 18.75% | 39.58% | 27.08% | 4.17% | 100% |
| ئامادەیی | 12 | 12 | 37 | 31 | 3 | 95 |
| ڕێژە | 12.63% | 12.63% | 38.95% | 32.63% | 3.16% | 100% |
| کۆلێژ/پەیمانگا | 93 | 114 | 293 | 83 | 16 | 599 |
| ڕێژە | 15.53% | 19.03% | 48.91% | 13.86% | 2.67% | 100% |
| خوێندنی باڵا | 15 | 16 | 44 | 17 | 1 | 93 |
| ڕێژە | 16.13% | 17.20% | 47.31% | 18.28% | 1.08% | 100% |
| کۆی گشتی | 129 | 153 | 395 | 145 | 24 | 846 |
| ڕێژەی گشتی | 15.25% | 18.09% | 46.69% | 17.14% | 2.84% | 100% |


سەرچاوە: کاری توێژەربەپشت بەستن بە فۆرمی ڕاپرسی

بە شێوەیەکی گشتی ڕێژەی (79.5%)ی گەشتیاران ئاستی خزمەتگوزاری بە مامناوەند بۆ زۆر خراپ پۆلێن دەکەن ئەمەش ڕێژەیەکی بەرچاوە و لێرەدا ئەوە دەردەکەوێت، کە زۆرینەی گەشتیاران و سەردانیکەران لە ئاستی خزمەتگوزارییەکانی ناوچە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە ناڕازین، لەم ڕێژە گشتییە لە (46.69.%) بە ئاستی مام ناوەند پۆلێنی دەکەن لە (18.09%) بە خراپ و لە (15.25.%) بە زۆر خراپ پۆلێنی دەکەن، تەنها ڕێژەی لە (2.84%)ی گەشتیاران لە ئاستی خزمەتگوزارییەکان ڕازین و بە ئاستێکی زۆرباش دایانناوە لە (17.14%)ی گەشتیاران و

سەردانیکەران  بە ئاستی باش پۆلێنیان کردووە، ئەم پۆلێنکردنەش بە پێی گۆڕانی ئاستی خوێندەواری گۆڕانکاری بەسەردا دێت، دەرچوانی کۆلێژ و پەیمانگاکان، کە زۆرترین بەشداربووانی ڕاپرسییەکەن بە ڕێژەی (48.9%) ئاستی خزمەتگوزاریەکانی ناوچە گەشتیارییەکان بە مامناوەند پۆلێن دەکەن، بە هەمان شێوە ئەو کەسانەی کە خاوەنی بڕوانامەی باڵان و بەشداربوون لە ڕاپرسییەکە بە ڕێژەی (47.3%) بە مامناوەند پۆلێنی ئاستی خزمەتگوزارییەکان دەکەن، بەڵام تەنها ڕێژەی (2.6%) لەئاستی خزمەتگوزاریەکان ڕازین و بە ئاستی زۆرباش پۆلێنی دەکەن،ڕێژەی (13.8%) بە ئاستی باش و لە (34.5%) بە ئاستی خراپ بۆ زۆرخراپ پۆلێنی دەکەن، بەڵام ئاستی خزمەتگوزارییە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە لە لایەن ئەو بەشداربووانەی، کە دەرچووی ناوەندی و ئامادەیین و ڕێژەی (17%) بەشداربووانی ڕاپرسیەکە پێکدەهێنن جیاوازە، دەرچووانی ئامادەیی بە ڕێژەی (36%) و دەرچووانی ناوەندی بە ڕێژەی (31.2%) تا ڕادەیەک لە ئاستی خزمەتگوزارییەکان ڕازین، کە ئەم ڕێژەیەش زیاترە بە بەراورد بە هەڵگرانی بڕوانامەی کۆلێژ و پەیمانگاکان، کە تەنها (16.5%) بوو، وە دەرچووانی خوێندنی باڵا بە ڕێژەی (19.3%) بوو هەروەک چۆن لە خشتەکەوە دەردەکەوێت، وەک دیارە دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگاکان لەگەڵ هەڵگرانی بڕوانامەی خوێندنی باڵا لە ئاستی خزمەتگوزارییەکان ڕازی نین یان کەمتر ڕازین بە بەراورد بە دەرچووانی ناوەندی و ئامادەییەکان، کە بە لایانەوە ئاستی خزمەتگوزاری لە ناوچە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکاندا لە ئاستێکی باشتردایە، لێرەوە دەردەکەوێت کە بە بەرزبوونەوەی ئاستی خوێندەواری خواست بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی خزمەتگوزارییەکان زیاتر دەبێت وە بە پێچەوانەشەوە، خزمەتگوزارییەکی مامناوەند خواستی دەرچووانی ئامادەیی و ناوەندییەکان ڕازی دەکات.

شێوەی (19)

پەیوەندی نێوان ئاستی خوێندەواری و ئاستی خزمەتگوزاری




سەرچاوە: کاری توێژەربەپشت بەستن بە خشتەی (35).

**16) ئاستی خوێندەواری و دووبارە سەردانیکردنی گەشتیاران بۆ ناوچە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکان:**

هەمیشە گەشتیار بە پێی گونجاندن سەردانی ناوچە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکان دەکات، وە ئەو گونجاندنەش بەندە بە کۆمەڵێک هۆکارەوە وەک بوونی کاتی بەتاڵ و باری دارایی و... هتد، خشتەی(36) و شێوەی (20) زانیاری دەخاتە ڕوو لەسەر چۆنیەتی ڕۆتینی گەشتیاران بۆ سەردانیکردنی ناوچە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە.

خشتەی(36)

پەیوەندی نێوان ئاستی خوێندەواری و ژمارەی دووبارەبوونەوەی سەردانیکردنی ناوچەگەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکان

| شێوازی دووبارەبوونەوە / ئاستی خوێندەواری | ڕۆژانە | هەفتانە | هەفتانە دوو جار | مانگانە دوو جار | مانگانە یەک جار | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| سەرەتایی | 0 | 2 | 2 | 2 | 5 | 11 |
| ڕێژە | 0.00% | 18.18% | 18.18% | 18.18% | 45.45% | 100% |
| ناوەندی | 8 | 10 | 2 | 6 | 22 | 48 |
| ڕێژە | 16.67% | 20.83% | 4.17% | 12.50% | 45.83% | 100% |
| ئامادەیی | 7 | 19 | 11 | 9 | 49 | 95 |
| ڕێژە | 7.37% | 20.00% | 11.58% | 9.47% | 51.58% | 100% |
| کۆلێژ/پەیمانگا | 44 | 112 | 48 | 84 | 311 | 599 |
| ڕێژە | 7.35% | 18.70% | 8.01% | 14.02% | 51.92% | 100% |
| خوێندنی باڵا | 4 | 19 | 9 | 19 | 42 | 93 |
| ڕێژە | 4.30% | 20.43% | 9.68% | 20.43% | 45.16% | 100% |
| کۆی گشتی | 63 | 162 | 72 | 120 | 429 | 846 |
| ڕێژەی گشتی | 7.45% | 19.15% | 8.51% | 14.18% | 50.71% | 100% |


سەرچاوە: کاری توێژەربەپشت بەستن بە فۆرمی ڕاپرسی

لە خشتەکەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە نیوەی بەشداربووانی ڕاپرسییەکە یەک جار لە مانگێکدا سەردانی ناوچەی گەشتیاری و خۆشگوزەرانی دەکەن، وە تەنها بە ڕێژەی (7.45%) ی گەشتیاران ڕۆژانە سەردانی ناوچە گەشتیارییەکان دەکەن، بەڵام ڕێژەی ئەو گەشتیارانەی، کە دوو جار لە هەفتەیەکدا سەردانی ناوچە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکان دەکەن زیاترە بە ڕێژەی (8.51%)، وە ئەو گەشتیارانەی کە هەفتانە سەردان دەکەن ڕێژەکەیان ( 19.15%)ە، وە ئەو گەشتیارانەی مانگانە دوو جار سەردانی ناوچە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکان دەکەن ڕێژەیان (14.18%)ە، لە خشتەکەوە

دەردەکەوێت، کە ئاستی خوێندن جیاوزییەکی گەورە دروستناکات لە دووبارە سەردانیکردن و ڕۆتینی سەردانیکردنی ناوچە گەشتیارییەکان، وەکو دیارە ڕۆتینی گشت ئاستەکانی خوێندەواریی تاڕادەیەک لە یەکەوە نزیکە ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت، کە پێشتر زیاتر هەڵگران و خاوەن بڕوانامەی زانکۆ و پەیمانگاکان و خوێندنی باڵا زیاتر سەردانی ناوچە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکانیان دەکرد، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی لە ئێستادا گشت ئاستەکان گرنگی بە گەشتکردن و خۆشگوزەرانی دەدەن، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێکی سەرەکی لەوانە ژمارەیەکی زۆری دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوە خاوەنی ئۆتۆمبێلی تایبەتی خۆیانن، هەروەها بەرزبوونەوەی ئاستی ئابووری و باشبوونی بژێوی دانیشتوان یەکێکی ترە لە هۆکارەکان، میدیا و هۆکارەکانی ڕاگەیاندن و تۆرە کۆمەڵایەتییەکان هۆکارێکی ترن بۆ هاندانی خەڵکی بۆ گەشتکردن و کات بەسەربردن لە ناوچە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە.

شێوەی (20)

پەیوەندی نێوان ئاستی خوێندەواری و ژمارەی دووبارەبوونەوەی سەردانیکردنی ناوچەگەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکان




سەرچاوە: کاری توێژەربەپشت بەستن بە خشتەی (36).

**17) پەیوەندی نێوان گروپی تەمەن و ئارەزوو بۆ جۆری چالاکی گەشتیاری و خۆشگوزەرانی:**

مرۆڤ لەگەڵ تێپەربوونی کات، تێڕوانین و بۆچوونی بۆ زۆرینەی شتەکانی چواردەوری لە ژیاندا دەگۆڕێت، هەربۆیە جیاوازی تەمەن کاری کردۆتە سەر جۆری چالاکییە خۆشگوزەرانییەکان، کە گەشتیار ئەنجامیدەدات، لە خشتە ی ژمارە(37) و شێوەی (21) دا بەڕوونی ئەو جیاوازییە دەبینین. لە کۆی (851) کەسی بەشداربووی ڕاپرسییەکە ڕێژەی لە (4.7%) تەمەنیان کەمترە لە (19ساڵ)، زۆربەیان ئارەزووی سەردانیکردنی سەیرانگاکان دەکەن بە ڕێژەی (40%)، سەردانی کافتریا لە دووەم چالاکیانە بە ڕێژەی (27.5%)، پاشان هەریەک لە سینەما و باخچەی گشتی و شاخەوانی بە ڕێژەی (25%) لە یەک پلەدان، بەڵام ئەم ڕێژانە گۆڕانکاریان بەسەردادێت بۆ گروپی تەمەنی دووەم، کە ژمارەیان (218) بەشداربوون بە ڕێژەی (25.6%)ی کۆی گشتی بەشداربووان، کە تەمانیان لە نێوان (19-29 ساڵ)دایە، ئارەزووی ئەم گروپە بە پلەی یەکەم سەردانیکردنی باخچەی گشتی (پارک)ە بە ڕێژەی (42.2%)، لە پاشان هەریەک لە مۆڵ و سەیرانگاکان بە ڕێژەی (38.9%) لە پلەی دووەمدان وە چوونە ڕێستۆرانت لە پلەی سێ یەم دایە بە ڕێژەی (33%) پاشان چوونە سینەما و شاخەوانی هۆڵەکانی لەشجوانی و مەلەوانی بە ڕێژەکانی (28.9%، 27.5%، 25.2%، 24.7%) بەدوای یەکدا دێن، سەبارەت بە گروپی سێیەم،کە تەمەنیان لە نێوان (30-39 ساڵ)دان و ژمارەیان (265) کەسە، کە ڕێژەی (31.1%)ی کۆی گشتی بەشداربووانی ڕاپرسیەکە پێکدەهێنن ئەمەش ڕێژەیەکی بەرچاوە لە بەشداربووان، بۆ ئەم گروپی تەمەنە چوونە سەیرانگا لە پلەی یەکەمی ئارەزووەکانیانە بە ڕێژەی (37.3%)، لە پاش ئەو سەردانیکردنیان بۆ باخچە و پارکەکان بە ڕێژەی (35.8%) وچوونە مەلەوانگە بە ڕێژەی (26.4%) پاشان کافتریا و ڕێستۆرانتەکان بە ڕێژەی (26%) دێت، ئەوەی تێبینی دەکرێت ئارەزووی چالاکی شاخەوانیان کەمترە بە بەراورد بە گروپەکانی پێشتر، کە ڕێژەکەی (19.6%)ە، وە بە هەمان شێوە ئارەزووی چوونە سینەمایان کەمە و ڕێژەی (18.8%)ە، زۆرترین ئارەزووی ئەم گروپی تەمەنە بۆ چوونە مۆڵەکانە بە ڕێژەی (41.5%)، هەروەها ڕێژەی چوونە هۆڵە وەرزشییەکان لە لای ئەم گروپە کەمترە لە گروپەکانی پێشتر بە ڕێژەی (16.6%)، بەڵام چوونە هۆڵەکانی لەشجوانی (جیم) کەم دەبێتەوە بە ڕێژەی (12.8%)، بەپێچەوانەوە ڕێژەی چوونە یانەکانی کەیفخۆشی و سەرمەستی بۆ ئەم گروپە زیاترە بە بەراورد بە گروپەکانی پێشتر وە ڕێژەکەی (6.4%)ە، بەڵام سەبارەت بە گروپی تەمەنی (40-49 ساڵ) ژمارەیان لە کۆی بەشداربووان (266) کەسە بە ڕێژەی (31.3%) لە پلەی یەکەمدان، سەردانیکردنی پارک و باخچەی گشتی ئارەزووی یەکەمی ئەم گروپەیە بە ڕێژەی (36.8%) پاشان چوونە سەیرانگاکان دێت بە ڕێژەی (32.3%) وە ئارەزووی سێیەم لای ئەم گروپە چوونە مۆڵەکانە بە ڕێژەی (30%)، ئەوەی ئەم گروپە جیادەکاتەوە لە گروپەکانی دیکە ئەوەیە کە چوونە فیستیڤاڵی کلتوریی زۆر کەمە بە ڕێژەی (6.7%) وە چوونە کافتریا بە ڕێژەی (13.1%) و چوونە ڕێستۆرانت بە ڕێژەی (15.4%) بە هەمان شێوەش بۆ شاخەوانی بە ڕێژەی (15.7%)،


خشتەی (37) پەیوەندی نێوان گروپی تەمەن و ئارەزوو بۆ جۆری چالاکی گەشتیاری و خۆشگوزەرانی

| جۆری چالاکی / گروپی تەمەن | سینەما | شانۆ | مۆڵ | کۆنسێرتی میوزیک و گۆرانی | باخچەی گشتی (پارک) | فیستیڤاڵی کلتوری | مەلەوانگە | یانەی وەرزشی | یانەی کەیفخۆشی و سەرمەستی | کافتریا | شاری یاری | باخچەی ئاژەڵان | ناوەندی ئایینی | سەیرانگا | ڕێستورانت | سپا (مەساج) | هۆڵی لەشجوانی (هۆڵی جیم) | شاخەوانی | جۆری دیکە | کۆی گشتی | ڕێژەی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کەمتر لە 19 | 10 | 2 | 6 | 6 | 10 | 10 | 8 | 5 | 1 | 11 | 4 | 1 | 4 | 16 | 8 | 0 | 7 | 10 | 14 | 40 | 4.70% |
| ڕێژە | 25.0% | 5.0% | 15.0% | 15.0% | 25.0% | 25.0% | 20.0% | 12.5% | 2.5% | 27.5% | 10.0% | 2.5% | 10.0% | 40.0% | 20.0% | 0.0% | 17.5% | 25.0% | 35.0% | | |
| 19-29 | 63 | 13 | 85 | 30 | 92 | 33 | 54 | 49 | 4 | 42 | 24 | 15 | 30 | 85 | 72 | 5 | 55 | 60 | 35 | 218 | 25.62% |
| ڕێژە | 28.9% | 6.0% | 39.0% | 13.8% | 42.2% | 15.1% | 24.8% | 22.5% | 1.8% | 19.3% | 11.0% | 6.9% | 13.8% | 39.0% | 33.0% | 2.3% | 25.2% | 27.5% | 16.1% | | |
| 30-39 | 50 | 11 | 110 | 34 | 95 | 34 | 70 | 44 | 17 | 69 | 25 | 28 | 29 | 99 | 69 | 11 | 34 | 52 | 40 | 265 | 31.14% |
| ڕێژە | 18.9% | 4.2% | 41.5% | 12.8% | 35.8% | 12.8% | 26.4% | 16.6% | 6.4% | 26.0% | 9.4% | 10.6% | 10.9% | 37.4% | 26.0% | 4.2% | 12.8% | 19.6% | 15.1% | | |
| 40-49 | 25 | 9 | 80 | 31 | 98 | 18 | 62 | 46 | 15 | 35 | 16 | 24 | 31 | 86 | 41 | 6 | 38 | 42 | 58 | 266 | 31.26% |
| ڕێژە | 9.40% | 3.38% | 30.08% | 11.65% | 36.84% | 6.77% | 23.31% | 17.29% | 5.64% | 13.16% | 6.02% | 9.02% | 11.65% | 32.33% | 15.41% | 2.26% | 14.29% | 15.79% | 21.80% | | |
| 50-59 | 4 | 4 | 15 | 4 | 20 | 3 | 10 | 4 | 1 | 4 | 3 | 3 | 7 | 22 | 9 | 0 | 3 | 5 | 7 | 47 | 5.52% |
| ڕێژە | 8.51% | 8.51% | 31.91% | 8.51% | 42.55% | 6.38% | 21.28% | 8.51% | 2.13% | 8.51% | 6.38% | 6.38% | 14.89% | 46.81% | 19.15% | 0.00% | 6.38% | 10.64% | 14.89% | | |
| زیاتر لە 60 | 1 | 2 | 6 | 2 | 7 | 2 | 3 | 2 | 1 | 1 | 0 | 2 | 1 | 1 | 0 | 0 | 0 | 2 | 5 | 15 | 1.8% |
| ڕێژە | 6.7% | 13.3% | 40.0% | 13.3% | 46.7% | 13.3% | 20.0% | 13.3% | 6.7% | 6.7% | 0.0% | 13.3% | 6.7% | 6.7% | 0.0% | 0.0% | 0.0% | 13.3% | 33.3% | | |
| کۆی گشتی | 154 | 41 | 304 | 108 | 324 | 101 | 208 | 151 | 39 | 163 | 72 | 73 | 103 | 311 | 200 | 22 | 138 | 172 | 160 | 851 | 100% |

سەرچاوە: کاری توێژەربەپشت بەستن بە فۆرمی ڕاپرسی

شێوەی (21)

پەیوەندی نێوان گروپی تەمەن و ئارەزوو بۆ جۆری چالاکی گەشتیاری و خۆشگوزەرانی




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە خشتەی (37)

چوونە شاری یاری زۆر کەمە بە ڕێژەی (6%)، سەبارەت بە گروپی تەمەنی (50-59ساڵ) ژمارەیان (47) کەسە بە ڕێژەی (5.5%) لە کۆی بەشداربووانی ڕاپرسییەکە، سەردانیکردنی سەیرانگاکان لە پلەی یەکەمدایە و زۆرترین ڕێژەی هەیە، کە هیچ کام لە گروپەکانی تەمەنی پێشخۆی بەو ڕێژەیە هیچ جۆرە چالاکییەکیان هەڵنەبژاردووە، کە ڕێژەکەی (46.8%)ە، وە پاشان پارک و باخی گشتی بە ڕێژەی (42.5%) دواتر سەردانیکردنی مۆڵەکان بە ڕێژەی (31.9%) وە دوای ئەمانە ڕێستورانت و مۆڵەکانیان هەڵبژاردووە بە ڕێژەی (19.1%)، پاشان چوونە مەلەوانگە بە ڕێژەی (21.2%)، ئەوەی جێگەی باسە ناوەندە ئایینیەکان لەم گروپی تەمەنەدا زیاترە بە بەراورد بە گروپەکانی تر بە ڕێژەی (14.8%)، وە کۆتا گروپ کە گروپی تەمەنی سەروو (60ساڵە) و ژمارەیان (15)کەسن بە ڕێژەی (1.8%)ی بەشداربووانی ڕاپرسییەکە زۆرترین ئەم گروپە بە ڕێژەی (46.6%) سەردانی باخچە گشتییەکان دەکەن، وە لە دوای ئەو مۆڵەکان بە ڕێژەی (40%) پاشان سەردانی مەلەوانگەکان دەکەن بە ڕێژەی (20%).

بە شێوەیەکی گشتی لە کۆی بەشداربووان سەردانیکردنی باخچەی گشتی (پارک) زۆرترین ڕێژەی هەبووە لە ڕاپرسییەکەدا بە ڕێژەی (38%) لە پاش ئەوچوونە سەیرانگاکان بە ڕێژەی (36.6%) وە پاشان مۆڵەکان بە پلەی سێیەم دێت بە ڕێژەی (35.6%) ،کەمترین ڕێژەش سەردانیکردنی سەنتەرەکانی سپا و مەساجە بە ڕێژەی (2.6%)، جگە لەو چالاکیانە بژاردەیەکی دیکەش خرابووە بەردەم بەژداربووان ئەویش جۆری دیکەیە، کە لە گروپی تەمەنی سەروو (60ساڵ) زۆرترین ڕێژەی هەیە کە (33.3%)یە، کە دەشێت کات بەسەربردن بێت لە ماڵەوە بە گوێگرتن لە میوزیک و خەریکبوون بە باخچەی ماڵەوە، بە هەمان شێوەش گروپی تەمەنی کەمتر لە (19ساڵ) بە ڕێژەی (35%)، کە دەشێت لە ماڵەوە خەریک بووبێتن بە یارییە ئەلەکترۆنییەکانەوە.

**18) پەیوەندی نێوان گروپی تەمەن و ئارەزوو بۆ چۆنیەتی بەسەر بردنی کاتی بەتاڵ:**

هەروەک چۆن ئارەزووی چالاکییە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکان بە پێی جیاوازی تەمەن جیاواز بوو، بەهەمان شێوەش گروپە جیاوازەکانی تەمەن جیاوازیان هەیە لە بەسەربردنی کاتە بەتاڵەکانیاندا، لە خشتەی(38) و شێوەی (22) دا بەڕوونی ئەم جیاوازیانە بە دەردەکەوێت.

بۆ نموونە گروپی تەمەنی کەمتر لە (19ساڵ) زیاتر ئارەزوی یارییە ئەلکترۆنییەکان دەکەن بە ڕێژەی (42.5%)، لە کاتێکدا گروپی تەمەنی (50-59ساڵ) تەنها بە ڕێژەی (8.5%) کاتە بەتاڵەکانیان بە یارییە ئەلکترۆنییەکان بەسەردەبەن وە پیاسەکردن لە شەقامە گشتییەکان بۆ ئەم گروپی تەمەنە بە ڕێژەی (36.2%)ە، لەکاتێکدا گروپی تەمەنی کەمتر لە (19ساڵ) ئارەزووی پیاسەکردن لە شەقامە گشتییەکان بە ڕێژەی (22.5%)ە وە لە (10%)ی ئەم گروپە حەز بەسەردانیکردنی ناوەندی گەشتیاری و خۆشگوزەرانی دەکەن، لەدوای ئەوان گروپی سەروو (60ساڵ)ن، کە گروپی بە تەمەنەکانن کە تەنها بە

ڕێژەی (6.7%) ئارەزووی سەردانیکردنی ناوەندە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکان دەکەن وە ئەگەر نا گروپی تەمەنەکانی دیکە ڕێژەکەیان لەمان زیاترە وەک لە خشتەی(20) ئاماژەی پێدراوە، ئەوەی جێگای باسە تێکڕای ڕێژەی (80%) ئارەزووی بەسەربردنی کاتە بەتاڵەکانیان لە ماڵەوە دەکەن، پیاسەکردن لە شەقامە گشتییەکان لە چالاکی بەسەر بردنی کاتی بەتاڵی کە بۆ گروپی تەمەنی (50-59 ساڵ) تەنها ڕێژەی (36.2%)ە، یان ئارەزووی ئەم چالاکییە دەکەن، کە بەرزترین ڕێژەیە بە بەراورد بە گروپە تەمەنەکانی دیکە.

خشتەی (38)


پەیوەندی نێوان گروپی تەمەن و چۆنێتی بەسەربردنی کاتی بەتاڵ

| جۆری چالاکی / گروپی تەمەن | سەردانیکردنی ناوەندی گەشتیاری یان خۆشگوزەرانی | پیاسەکردن لەشەقامەگشتییەکان | یارییە ئەلکترۆنییەکان | کات بەسەربردن لەماڵەوە |
|---|---|---|---|---|
| کەمتر لە 19 | 4 | 9 | 17 | 30 |
| ڕێژە | 10.0% | 22.5% | 42.5% | 75.0% |
| 19-29 | 30 | 52 | 77 | 182 |
| ڕێژە | 13.8% | 23.9% | 35.3% | 83.5% |
| 30-39 | 62 | 66 | 66 | 201 |
| ڕێژە | 23.4% | 24.9% | 24.9% | 75.8% |
| 40-49 | 64 | 66 | 27 | 216 |
| ڕێژە | 24.1% | 24.8% | 10.2% | 81.2% |
| 50-59 | 12 | 17 | 4 | 35 |
| ڕێژە | 25.5% | 36.2% | 8.5% | 74.5% |
| لە 60 | 1 | 5 | 1 | 12 |
| ڕێژە | 6.7% | 33.3% | 6.7% | 80.0% |

سەرچاوە: کاری توێژەربەپشت بەستن بە فۆرمی ڕاپرسی

شێوەی (22)

پەیوەندی نێوان گروپی تەمەن و چۆنێتی بەسەربردنی کاتی بەتاڵ




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە خشتەی (38)

**19) پەیوەندی نێوان شوێنی دڵخوازی ناو شاری سلێمانی بۆ بەسەربردنی پشوو لەگەڵ شوێنی نیشتەجێبوون:**

شاری سلێمانی وەکو هەر ناوچەیەکی دیکە خاوەنی چەندین ناوەندی گەشتیاری و خۆشگوزەرانی جۆراوجۆرە کە هەریەکەیان تایبەتمەندی خۆیان هەیە، کە بوونەتە جێگەی سەرنج و شوێنی دڵخواز بۆ گەشتیارانی شارەکە و دەوروپشتی و شارەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان و عێراق و دەرەوەی کوردستانیش بە شێوەیەکی جیاواز هەروەک لە خشتەی ژمارە(39) و شێوەی (23)، دا دیارە، مۆڵەکان کە زیاتر مەبەست لە ماجدی مۆڵ و فامڵی مۆڵە و دوو گەورەترین مۆڵی شارەکەن، وە بە یەکێک لە سەرنجراکێشترین ناوەندە خۆشگوزەرانی و گەشتیارییەکان دادەنرێت و بە رێژەی (46.3%) لە کۆی گشتی گەشتیارانی بەشداربووانی راپرسییەکە ئارەزووی سەردانیکردنی دەکەن، لە پاش ئەو ناوبازاڕی سەنتەری سلێمانی دێت بە رێژەی (41%)، ئەگەر مۆڵەکان وەک ئایکۆن و دەرخەری پێشکەوتووی شارەکە بن، ئەوا ناوبازاڕی سەنتەری سلێمانی وەکو دەرخەری مێژوویی و کلتوری شارەکە بە پلەی دووەم دێت لە ڕاکێشانی گەشتیاران بۆ شارەکە،

## خشتەی (39)

پەیوەندی نێوان شوێنی دڵخوازی ناو شاری سلێمانی بۆ بەسەر بردنی پشوو لەگەڵ شوێنی نیشتەجێبوون

| خەڵکی شارەکان / شوێنی دڵخوازبۆبەسەربردنی پشوو | سلێمانی (ناوشار) | سلێمانی (دەرەوەی شار) | شارەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان | شارەکانی دیکەی عێراق | وڵاتانی دیکە | کۆی گشتی | ڕێژەی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| شاری یاری چاڤی لاند | 57 | 29 | 46 | 33 | 33 | 198 | 23.3% |
| ڕیستۆرانتەکان | 139 | 24 | 37 | 20 | 19 | 239 | 28.1% |
| کافتریا | 93 | 18 | 12 | 11 | 21 | 155 | 18.21% |
| مۆڵەکان (ماجدی مۆڵ و فاملی مۆڵ) | 214 | 61 | 61 | 32 | 26 | 394 | 46.30% |
| پارکی هەواری شار | 206 | 43 | 23 | 13 | 25 | 310 | 36.4% |
| پارکی ئازادی | 125 | 39 | 14 | 14 | 12 | 204 | 24 % |
| باخی گشتی | 67 | 28 | 17 | 11 | 9 | 132 | 15.63% |
| شەقامی مەولەوی | 164 | 46 | 21 | 16 | 10 | 257 | 30.32% |
| شەقامی گۆران (ئۆرزدی) | 104 | 39 | 17 | 6 | 6 | 172 | 20.21% |
| شەقامی سالم (سەهۆڵەکە) | 144 | 63 | 40 | 20 | 25 | 292 | 34.31% |
| شەقامی سەرەکی بەختیاری (جادەی پۆزەکە) | 58 | 14 | 18 | 9 | 9 | 108 | 12.69% |
| ناوبازاڕی سەنتەری سلێمانی | 185 | 74 | 42 | 20 | 28 | 349 | 41.01% |
| سەردانی شوێنە وەرزشییەکان و مەلەوانگە | 55 | 6 | 2 | 8 | 3 | 74 | 8.70% |
| سەرچنار | 61 | 11 | 21 | 25 | 10 | 128 | 15.04% |
| یانەی خواردنەوە و لایف میوزیک | 20 | 3 | 9 | 11 | 10 | 53 | 6.23% |
| کتێبخانە و شوێنە ڕۆشنبیرییەکان | 39 | 21 | 6 | 2 | 7 | 75 | 8.81% |
| مۆزەخانەکان | 7 | 8 | 3 | 8 | 4 | 30 | 3.53% |
| شانۆ و سینەما و ئاهەنگی گۆرانی و پێشەنگاکان | 44 | 5 | 5 | 6 | 8 | 68 | 7.99% |
| شاخی ئەزمەڕ و گۆیژە | 166 | 21 | 32 | 30 | 29 | 278 | 32.67% |


سەرچاوە: کاری توێژەربەپشت بەستن بە فۆرمی ڕاپرسی

لەدوای سەنتەری سلێمانی، پارکی (هەواری شار) بە پلەی سێیەم دێت بە ڕێژەی (36.4%) بەهۆی فراوانی و بوونی پانتاییەکی گەورە لە سەوزایی و چەندەها جۆری جیاواز لە دارودرەخت، وایکردووە کە پارکێکی هەرێمی (پارکی هەواری شار) بێت، وە بەیەکێک لە ناسەرەوەکانی شاری سلێمانی دادەنرێت و گەشتیاران هەست بە حەوانەوەی تەواو دەکەن تیایدا. شەقامی سالم، کە شەقامێکی سەرەکییە لە شاری سلێمانی درێژیەکەی بە نزیکەیی (5کم)ە و زیاتر مەبەستمان ئەو بەشەیەتی، کە بە (سەهۆڵەکە) ناو دەبرێت و دەکەوێتە نزیک (مۆزەخانەی گشتی) شارەکە لە پلەی چوارەم دێت بە ڕێژەی (34.3%)، تایبەتمەندی سەهۆڵەکە جگە لەوەی شەقامێکی سەرەکییە چەندین ڕێستۆرانت و کافتریا و مۆڵ و هۆتێلی تێدایە و یەکێکە لەو ناوچانەی، کە تا درەنگانی شەو خەڵکێکی زۆر لە گەشتیار ڕووی تێدەکات بە هۆی بوونی خزمەتگوزاری جیاواز لە شێوازی کافتریای سەر جادە و خواردنە خێرا و لۆکاڵیەکان، لە دوای شەقامی سالم شاخی (ئەزمەڕ و گۆیژە) بە پلەی پێنجەم دێن بە ڕێژەی (32.67.%) ئەوەی شایەنی باسە بوونی چیاکان لە چواردەوری شاری سلێمانی یەکێکە لە جیاکەرەوە سەرنجڕاکێشەکانی ئەم شارە، کە وایکردووە گەشتیارێکی زۆری ناوخۆ و دەرەکی ڕووی تێبکەن لە گشت وەرزەکاندا بەتایبەتی هەردوو شاخی ئەزمەڕ و گۆیژە، کە دەکەونە بەشی باکوری شارەکە بەهۆی نزیکی و ئاسانی گەیشتن وە دیمەنی دڵڕفێن لەبەرزی لوتکەکانیانەوە، بۆتە جێی سەرنجی گەشتیاران و سەردانیکەرانیان. شارێی مەولەوی، کە ناوجەرگەی شارەکە دەبەستێتەوە بە شەقامی سەهۆڵەکەوە بەپلەی شەشەم دێت، ئەوەی شایەنی باسە ئەم شەقامە یەکێکە لە شەقامە سەرەکی و کۆنەکانی شارەکە، کە چەندەها دوکانی جۆراوجۆر لەخۆ دەگرێت. گەشتیاران و سەردانیکەران هەمیشە لە گەشتەکانیاندا گرنگی بە خواردن و خواردنەوە جیاوازەکان دەدەن.

شاری سلێمانی بە بوونی خواردنی بەچێژ و بەتام بەناوبانگە هەربۆیە ڕێستۆرانتەکانی شاری سلێمانی ڕێژەیەکی بەرچاوی گەشتیاران سەردانیان دەکەن بە ڕێژەی (28.1%) و بە پلەی حەوتەم دێت لە ڕیزبەندی شوێنی دڵخوازی گەشتیاران و سەردانیکەران، پارکی ئازادی کە دەکەوێتە نزیک سەنتەری شارەوە بەپلەی هەشتەم دێت بەڕێژەی (24%)، کە تیایدا چەندین جۆری یاری منداڵان هەیەو چەندین کافتریاو ڕێستۆرانت و دوکانی خواردنی خێرای تێدایە، هەرچەند لە ساڵانی پێشوودا گەشتیارێکی زۆر ڕووی تێدەکرد، بەڵام لە ئێستادا ڕێژەی سەردانیکەرانی کەم بۆتەوە بەهۆی کردنەوەی پارکی هەواری شار و هەروەها کەمی یان لاوازی خزمەتگوزارییەکان تیایدا، بۆنموونە نەبوونی شوێنێکی گەورەی وەستانی ئوتومبێل، لەهەمووی گرنگتر نەبوونی ڕاگەیاندنێکی باش بۆ زیاتر ناساندنی بە گەشتیارانی شارەکانی دیکەی کوردستان و عیراق. پاشان شاری یاری (چاڤی لاند) دێت لە پلەی نۆیەم بە ڕێژەی (23.3%)، ئەویش بەهۆی چەندین تایبەتمەندی لەڕووی شوێنەکەی و ئاووهەواکەی و پێشکەشکردنی چەندین خزمەتگوزاری ئاست بەرز لەڕووی چەندایەتی و جۆرایەتییەوە.

## شێوەی (23)

### پەیوەندی نێوان شوێنی دڵخوازی شاری سلێمانی بۆ بەسەربردنی پشوو لەگەڵ شوێنی نیشتەجێبوون




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە خشتەی (37)

ئەوەی جێگەی سەرنجە مۆزەخانەکان کۆتا پلەن لە ریزبەندی شوێنی دڵخوازی گەشتیاران، وە کتێبخانە و ناوەندە ڕۆشنبیرییەکان و شانۆ و سینەما و ئاهەنگی گۆرانی و پێشانگاکان لە پلەی هەرە خوارەوەی ریزبەندی شوێنی دڵخوازی گەشتیارانن، کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێک هۆکار لەوانە: دواکەوتوویی ئەو ناوەند و شوێنانە وە پێشکەشنەکردنی خزمەتگوزارییەکی ئاست بەرز، کە ببێتە جێگای سەرنجی گەشتیاران، سەرەڕای ئەوەی شاری سلێمانی پایتەختی ڕۆشنبیرییە، بەڵام وەک دەبینین ئیڤێنت و ڕووداوە ڕۆشنبیرییەکان نە بوونەتە فاکتەری ڕاکێشانی ژمارەیەکی زۆر لە گەشتیاران بۆ شارەکە، لە کاتێکدا دەتوانرێت بکرێتە خاڵێکی بەهێز، کە ئەمەش زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ خەم ساردی بەرپرسانی شارەکە و فەرامۆشکردنی یەکێک لە سیما سەرەکییەکانی ناوچەکە، بە هەمان شێوە سەرچنار و باخی گشتی لە پاشەکشەیەکی بەردەوامدان لە ڕووی ژمارەی سەردانیکەران و گەشتیارانەوە، سەرەڕای ئەوەی یەکێکن لە کۆنترین ناوەندە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکانی شارەکە.

**20) پەیوەندی نێوان ئاستی خوێندەواریی و جۆری چالاکی گەشتیاری:**

جیاوازی لە نێوان ئاستی خوێندەواریی، جیاوازی لە پێداویستی جۆری چالاکی تاکەکان دروستدەکات، واتا کەسێک خاوەنی بڕوانامەیەکی ناوەندی یان ئامادەیی بێت و کەسێک خاوەنی بڕوانامەی بەکالۆریۆس یان ماستەر و دکتۆرا بێت، بێگومان جیاوازن لەڕووی پێداویستی بۆ جۆری خزمەتگوزاری و گەشتیاریی، چونکە لە ڕووی بیروبۆچوونەوە جیاوازیان هەیە بۆ چۆنیەتی کات بەسەربردنیان، لە خشتەی(40) و شێوەی (24) دا دیارە بە شێوەیەکی گشتی کات بەسەربردن لە باخچەی گشتی بە پلەی یەکەم دێت بە ڕێژەی (38.1%)، ئەم ڕێژەیە لەگەڵ ئاستی خوێندەواریی گەشتیاراندا ڕاستەوانەیە واتا لەگەڵ بەرزبوونەوەی ئاستی خوێندەواریی ئەم ڕێژەیە زیاتر بەرزدەبێتەوە. بە شێوەیەک ئارەزووی خاوەن بڕوانامەی خوێندنی باڵاکان بۆ کات بەسەربردن لە باخچەی گشتی ڕێژەی (45.1%)ە. وە کۆلێژ و پەیمانگاکان بە ڕێژەی (40.2%)ە وە ئامادەیی بە ڕێژەی (27.3%) و خاوەن بڕوانامەی ناوەندی بە ڕێژەی (25%)ە وە ئەو کەسانەی بڕوانامەی سەرەتاییان هەیە بە ڕێژەی (9%)یە.

بەهەمان شێوە کات بەسەربردن لە سەیرانگاکان و سەیرانکردن لە پلەی دووەمدا دێت بە ڕێژەی (36.6%) بەشێوەیەکی گشتی، وە ئەم جۆرە چالاکییە بۆ خاوەن بڕوانامە باڵاکان بە ڕێژەی (46.2%) و بۆ خاوەن بڕوانامەی کۆلێژ و پەیمانگا بە ڕێژەی (37.3%)یە، بۆ خاوەن بڕوانامەی ئامادەیی بە ڕێژەی (29.4%) و بۆ ناوەندیەکان بە ڕێژەی (27%)ە، وە بۆ ئەو کەسانەی کە بڕوانامەی سەرەتاییان هەیە بە ڕێژەی (18%)ە، سەبارەت بە کات بەسەربردن لە مۆڵەکان بە ڕێژەی (35.6%) لە پلەی سێیەم دێت بە شێوەیەکی گشتی و کات بەسەربردن لە مەلەوانگەکان بە ڕێژەی (24.5%) لە پلەی چوارەم دێت بە و کات بەسەربردن لە ریستۆرانتەکان لە پلەی پێنجەمدایە بە ڕێژەی (23.5%) بە شێوەیەکی گشتی لەسەر ئاستی بەشداربووانی ڕاپرسییەکە، سەرەڕای ئەو چالاکیانەی باسکران، کە ڕاستەوانە لەگەڵ بەرزی

## خشتەی (40)


## پەیوەندی نێوان ئاستی خوێندەواریی و ئارەزووو بۆ جۆری چالاکی

| جۆری چالاکی / ئاستی خوێندەواری | سینەما | شانۆ | مۆڵ | کۆنسێرتی میوزیک و گۆرانی | باخچەی گشتی (پارک) | فیستیڤاڵی کلتوری | مەلەوانگە | یانەی وەرزشی | یانەی کەیفخۆشی و سەرمەستی | کافتریا | شاری یاری | باخچەی ئاژەڵان | ناوەندی ئایینی | سەیرانگا | ڕێستۆرانت | سپا (مەساج) | هۆڵی لەشجوانی (هۆڵی جیم) | شاخەوانی | جۆری دیکە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| سەرەتایی | 1 | 1 | 0 | 0 | 1 | 0 | 1 | 2 | 0 | 1 | 0 | 1 | 1 | 2 | 0 | 0 | 0 | 2 | 2 |
| ڕێژە | 9.09% | 9.09% | 0.00% | 0.00% | 9.09% | 0.00% | 9.09% | 18.18% | 0.00% | 9.09% | 0.00% | 9.09% | 9.09% | 18.18% | 0.00% | 0.00% | 0.00% | 18.18% | 18.18% |
| ناوەندی | 5 | 1 | 13 | 3 | 12 | 3 | 6 | 7 | 2 | 11 | 4 | 4 | 6 | 13 | 5 | 3 | 3 | 3 | 9 |
| ڕێژە | 10.42% | 2.08% | 27.08% | 6.25% | 25.00% | 6.25% | 12.50% | 14.58% | 4.17% | 22.92% | 8.33% | 8.33% | 12.50% | 27.08% | 10.42% | 6.25% | 6.25% | 6.25% | 18.75% |
| ئامادەیی | 8 | 3 | 22 | 10 | 26 | 5 | 21 | 11 | 2 | 19 | 6 | 4 | 8 | 28 | 21 | 1 | 9 | 10 | 24 |
| ڕێژە | 8.42% | 3.16% | 23.16% | 10.53% | 27.37% | 5.26% | 22.11% | 11.58% | 2.11% | 20.00% | 6.32% | 4.21% | 8.42% | 29.47% | 22.11% | 1.05% | 9.47% | 10.53% | 25.26% |
| کۆلێژ/پەیمانگا | 125 | 31 | 233 | 77 | 241 | 78 | 146 | 111 | 26 | 104 | 53 | 49 | 74 | 223 | 142 | 15 | 111 | 129 | 103 |
| ڕێژە | 20.87% | 5.18% | 38.90% | 12.85% | 40.23% | 13.02% | 24.37% | 18.53% | 4.34% | 17.36% | 8.85% | 8.18% | 12.35% | 37.23% | 23.71% | 2.50% | 18.53% | 21.54% | 17.20% |
| خوێندنی باڵا | 14 | 5 | 33 | 17 | 42 | 14 | 33 | 17 | 9 | 26 | 9 | 15 | 11 | 43 | 31 | 3 | 13 | 26 | 21 |
| ڕێژە | 15.05% | 5.38% | 35.48% | 18.28% | 45.16% | 15.05% | 35.48% | 18.28% | 9.68% | 27.96% | 9.68% | 16.13% | 11.83% | 46.24% | 33.33% | 3.23% | 13.98% | 27.96% | 22.58% |

سەرچاوە: کاری توێژەربەپشت بەستن بە فۆرمی ڕاپرسی

## شێوەی (24)

### پەیوەندی نێوان ئاستی خوێندەواری و ئارەزوو بۆ جۆری چالاکی




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە خشتەی (40)

ئاستی خوێندەواریی ئارەزووی داخوازیکردن بۆیان لە زیادبووندایە، هەندێک چالاکی تر هەن، کە بەشێوەیەکی جیاواز لە لایەن گەشتیاران جیاوازە بۆ نموونە چوونە سینەما لای خاوەن بڕوانامەی کۆلێژ و پەیمانگاکان بە ڕێژەی (20.8%)ە ئەم ڕێژەیە دادەبەزێت لای خاوەن بڕوانامە باڵاکان بۆ ڕێژەی (15%) وە لای خاوەن بڕوانامەی ئامادەیی بە ڕێژەی (8.4%) و لەلای دەرچووانی ناوەندی بە ڕێژەی (10.4%) وە خاوەن بڕوانامەی سەرەتایی بە ڕێژەی (9%) یە.

بە هەمان شێوە کات بەسەربردن لە یانە وەرزشییەکان ڕێژەکەی جیاوازە بە شێوەیەک بەرزترین ڕێژە لای خاوەن بڕوانامەی کۆلێژ و پەیمانگاکانە بە ڕێژەی (18.5%)، وە خاوەن بڕوانامە باڵاکان بە ڕێژەی (18.2%)ە، لای دەرچووانی ئامادەیی بە ڕێژەی (11.5%)ە، بەڵام ئەم ڕێژەیە لە لای دەرچووانی ناوەندیەکان بەرزدەبێتەوە بۆ ڕێژەی (14.5%). بەهەمان شێوە سەردانیکردنی ناوەندە ئایینیەکان زۆرترین ڕێژەی لەلای دەرچووانی ناوەندییە بە ڕێژەی (12.5%) وە لەلای خاوەن بڕوانامە باڵاکان بە ڕێژەی (11.8%) وە دەرچووانی ئامادەیی بە ڕێژەی (8.4%)ە، لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت بە شێوەیەکی گشتی هەندێک جۆری چالاکی گەشتیاری و خۆشگوزەرانی، وەکو کات بەسەربردن لە پارکە گشتییەکان و سەردانیکردنی مۆڵەکان و ڕێستورانت و سەیرانگاکان و مەلەوانی بە پێی بەرزبوونەوەی ئاستی خوێندەواریی ئارەزوو بۆ داخوازی ئەم جۆرە چالاکیانە زیاتر دەبێت، لەکاتێکدا جۆرەکانی دیکە وەکو چوونە سینەما و شانۆ و یانەی وەرزشی و سەردانیکردنی باخچەی ئاژەڵان و ناوەندی ئایینی لە ئاستێکی خوێندەواریی بۆ ئاستێکی دیکە جیاواز دەبێت بە شێوەیەک پەیوەندییەکی دیاریکراو لە نێوانیاندا نییە.

**21) بەربەست و ئاستەنگەکانی بەردەم گەشتیاران و سەردانیکەران لە دووبارەنەکردنەوەی گەشت و سەردانەکانیان:**

لەگەڵ ئەوەی ڕێژە و ژمارەی گەشتیاران لە ناوچەی لێکۆڵینەوە بەرزە بەڵام پێویستە ئەو بەربەست و ئاستەنگانەی بەردەم گەشتیاران، کە وا دەکات دووبارە بەردەوام نەبن لە سەردانیکردن و گەشتکردن بۆ ناوچەی لێکۆڵینەوە باسبکرێن و لە ڕێگایانەوە چارەسەری گونجاو بۆ گرفت و کێشەکان بە شێوەی پێشنیاز بخرێتە بەردەم گەشتیاران بە ڕێژەی (51%) کێشەیان کەمی داهاتە، هەروەک لە خشتەی(41) و شێوەی (25) ئاماژەی پێکراوە. پاشان کەمی کاتی بەتاڵ و ڕۆژە پشووەکان بە ڕێژەی (42%) و گرانی نرخی شتومەک و زۆری خەرجی لە ناوەندە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکان دا بە پلەی سێیەم دێت، کە گەشتیاران ئاماژەیان پێکردووە بە ڕێژەی (26%) هەروەک پێشتر لە خشتەی(33) دا

ئاماژەمان پێکرد، کە هەرزانی نرخ یەکێک نەبووە لە فاکتەرە سەرنجڕاکێشەکان هەربۆیە لێرەش دووبارە دەبینین، کە گەشتیاران بە یەکێک لە بەربەستە سەرەکییەکان دایدەنێت.

خشتەی (41)

بەربەستی بەردەم گەشتیارو سەردانیکەرانی ناوەندە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکان

| ڕێژەی ٪ | ژمارە | جۆری بەربەست |
|---|---|---|
| 51% | 437 | کەمی داهات |
| 42% | 360 | کەمی کاتی بەتاڵ و ڕۆژەکانی پشوو |
| 26% | 223 | گرانی نرخی شت وەکو زۆریی خەرجی لەو ناوەند و جێگایانەدا |
| 22% | 187 | خراپی ئاستی خزمەتگوزاری لەناوچە گەشتیاری و ناوەندە خۆشگوزەرانییەکاندا |
| 16% | 133 | کەمی ناوچەی گەشتیاری |
| 14% | 115 | نەبوونی شوێنی گونجاو |
| 13% | 111 | دووری ئەو شوێنانە لە شوێنی نیشتەجێبوون |
| 12% | 98 | نەگونجاوی کەشوهەوا |
| 11% | 97 | کەمی ناوەندی خۆشگوزەرانی |
| 7% | 57 | نەگونجانی شوێنەکان لەڕووی خزمەتگوزارییەوە بۆ تەمەنە جیاوازەکان |
| 6% | 54 | کۆبوونەوە و هەبوونی ئەو شوێنانە تەنها لە چەند ناوچەیەکی شار |
| 6% | 47 | نزمی ئاست یان نەبوونی هۆکارەکانی گواستنەوە لەناوشاری سلێمانی |
| 5% | 44 | ڕەچاونەکردنی بارو دۆخی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت |
| 5% | 39 | زۆریی ژمارەی ئەندامانی خێزان |


سەرچاوە: کاری توێژەربەپشت بەستن بە فورمی ڕاپرسی

بەهەمان شێوە خراپی ئاستی خزمەتگوزاری لە ناوچە گەشتیارییەکان و ناوەندە خۆشگوزەرانییەکان یەکێکی ترن لە ئاستەنگەکانی بەردەم گەشتیارانی ناوچەی لێکۆڵینەوە وە بە پلەی چوارەم دێت بە ڕێژەی (22%)، دووبارە بە گەڕانەوە بۆ خشتەی(33) سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە، کە خزمەتگوزاری لە ناوچە گەشتیاری و ناوەندە خۆشگوزەرانییەکاندا لە ئاستێکی زۆر نزم دان، نەک هەر فاکتەری ڕاکێشانی گەشتیاران نەبوون بەڵکو لە ئاستی ڕەزامەندی گەشتیاراندا نین و بگرە یەکێکن لە ئاستەنگەکانی بەردەم گەشتیاران و سەردانیکەران. هەروەها کەمی ناوچە گەشتیارییەکان و ناوەندە

خۆشگوزەرانییەکان لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا بە ڕێژەی (16%) و (11%) بەدوای یەکتردا یەکێکی ترن لە بەربەست و ئاستەنگەکانی بەردەم گەشتیاران.

شێوەی (25)

بەربەستی بەردەم گەشتیارو سەردانیکەرانی ناوەندە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکان




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە خشتەی (41)

دووریی ناوچە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکان بە ڕێژەی (13%) یەکێکی ترە لە ئاستەنگەکانی بەردەم گەشتوگوزار و گەشتیاران، نزمی ئاستی گواستنەوە و کەمی هۆکارەکانی گواستنەوە لە ناوچەی لێکۆڵینەوە بەرێژەی (6%) وەکو ئاستەنگ دەستنیشانکراوە لە لایەن گەشتیاران و سەردانیکەرانەوە، کە ئەمەش بە ڕێژەیەکی زۆرینە دادەنرێت چونکە وەکو ئاماژەمان پێکرد زۆرینەی گەشتیاران ئارەزو دەکەن بە ئوتومبێلی تایبەتی خۆیان گەشت بکەن، کۆبونەوەی ناوەندی گەشتیاری و خۆشگوزەرانی تەنها لە چەند ناوچەیەکی دیاریکراوی شاردا یەکێکی ترە لە بەربەست و ئاستەنگەکان، بۆیە چاو خشاندنەوە بە دووبارە دابەشکردنەوەی ئەم ناوەندانە پێویستە بە پێی ویست و خواستی گەشتیاران و لە سەر ئاستی فراوانی شار کە پێویستە بەرپرسانی شارەکە کاری لە پێشینەی بۆ بکەن.

**22) پێشنیاری گەشتیار بۆ زیاتر بەرەو پێشچوونی ناوەندە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکان:**

بۆ بەرەوپێشبردن و ڕێکخستن و گەشەسەندنی هەر ناوچەیەکی گەشتیاری و ناوەندێکی خۆشگوزەرانی ئەوا کۆمەڵێک پێشنیار و چارەسەردەخرێنە ڕوو، کە دەشێت چەند لایەنێک بەرپرسبن بۆ ئامادەکردنی ئەو چارەسەر و پێشنیارانە، بەڵام زۆربەی کات چارەسەری ڕاستەقینە دەشێت لە لای گەشتیاران و سەردانیکەران بێت، چونکە ئەوان بەشێوەیەکی کردەیی و مەیدانی ئەزموونی هەموو لایەنەکانی

گەشتوگوزاریی ناوچەکەیان کردووە، بۆیە ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات، کە بەشێک لە چارەسەر و پێشنیاری پێشخستنی ناوچە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکان ڕاستەوخۆ لەسەردانیکەران و گەشتیارانەوە وەربگرێت، خشتەی(42) و شێوەی (26) ژمارە و ڕێژەی پێشنیاری گەشتیاران دەخەنە ڕوو.

خشتە ژمارە (42)

پێشنیاری گەشتیارو سەردانیکەرانی ناوەندە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکان


| ڕێژە ٪ | ژمارە | پێشنیاری گەشتیار |
|---|---|---|
| 68% | 580 | بەرزکردنەوەی ئاستی خزمەتگوزارییەکان |
| 64% | 546 | کەمکردنەوەی نرخ بەشێوەیەکی گشتی لە شوێنە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکاندا |
| 35% | 296 | ناساندنی زیاتری ناوچە گەشتیاری و شوێنە خۆشگوزەرانییەکان بەسوود وەرگرتن لە تەکنەلۆجیای نوێ و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان |
| 24% | 214 | گونجاندنیان لەگەڵ دابونەریت |
| 25% | 205 | فەراهەمکردنی خزمەتگوزاری گواستنەوەی زیاتر و باشترکردنیان |
| 24% | 201 | ڕەچاوکردنی بارودۆخ و ئاسانکاری بۆ کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت |
| 22% | 187 | ڕێکخستنی زیاتر و دووبارە دابەشکردنەوەیان |

سەرچاوە: کاری توێژەربەپشت بەستن بە فۆرمی ڕاپرسی

بەرزکردنەوەی ئاستی خزمەتگوزارییەکان بە ڕێژەی (68%) لە پلەی یەکەمی پێشنیارەکان دایە، بە دوای ئەودا کەمکردنەوەی نرخ بە شێوەیەکی گشتی بە پلەی دووەم دێت بە ڕێژەی (64%)، ناساندنی ناوچە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکان بەسوود وەرگرتن لە تەکنەلۆجیاکان بە ڕێژەی (35%) بە پلەی سێیەم دێت، یەکێکی تر لە پێشنیاری سەردانیکەران و گەشتیاران، کە بە پلەی چوارەم دێت بە ڕێژەی (25%) بریتییە لە گونجاندنی ناوەندە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکان لەگەڵ دابونەریتدا، فەراهەمکردنی خزمەتگوزاری گواستنەوە زیاتر بکرێت و باشتر بکرێت لەگەڵ ڕەچاوکردنی بارودۆخ و ئاسانکاری بۆ کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت هەریەکەیان بە ڕێژەی (24%) بە پلەی پێنجەم دێن، کۆتا پێشنیاری گەشتیاران بریتییە لە ڕێکخستنی زیاتر و دووبارە دابەشکردنەوەی ناوچە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکان بە ڕێژەی (22%).

شێوەی (26)

پێشنیاری گەشتیارو سەردانیکەرانی ناوەندە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکان




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە خشتەی (42)

**باسی دووەم: مەزەندەکردنی پێداویستییە چاوەڕوانکراوەکان بۆ خزمەتگوزارییە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکان.**

لێکۆڵینەوە لە پێداویستی ئایندە لە خزمەتگوزارییەکان، کە ناوچەی لێکۆڵینەوە پێشکەشی دەکات گرنگییەکی زۆری لەبواری پلاندانان و گەشەپێدانی کەرتەکانی خزمەتگوزاری بۆ بەرژەوەندی دانیشتوان هەیە، خزمەتگوزارییەکان شیاوی پێشکەوتن وگۆڕانی خێران.

دانیشتوان یەکێکە لە گرنگترین پێنوێنە سەرەکییەکان لە سەرپەرشتی کردنی داهاتووی شارەکان و مەزەندەکردنی پێداویستی شارەکە لە خزمەتگوزارییەکان، دیاریکردنی قەبارەی دانیشتوان لە داهاتوودا لەو بابەتانەیە، کە بایەخێکی گەورەی هەیە لە بواری توێژینەوەکان لە جوگرافیای شاردا، گەشەی دانیشتوانیش یان گەشەی سروشتییە واتا جیاوازی نێوان لە دایکبوون و مردن، یان جوڵەی شوێنییە واتا جوڵەی کۆچ، جا چ کۆچی هاتوو یا ڕۆیشتوو بێت، کە بە زیادکردنی ژمارەی دانیشتوان داواکاری

لەسەر خزمەتگوزاری گەشتیاری و خۆشگوزەرانییش بە زیادبوونی خۆشگوزەرانی زیاد دەكات، بە هەمان شێوە كە بابەتی توێژینەوەكەیە، مەزەندەكردنی پێویستی بۆ خزمەتگوزارییەكان لەسەر بنەمای ئەو پێوەرانەی، كە لەبەردەستدان بۆ ئێستا و داهاتوو بۆ ساڵی بە ئامانج گیراو كە ساڵی (2039)یە لێرەدا پێویستە پێشبینی بۆ قەبارەی دانیشتوان وەربگیرێت بۆ شاری سلێمانی.

بۆ پێشبینیكردنی داهاتووی قەبارەی دانیشتوان لە شاری سلێمانیدا تیشكدەخەینە سەر سێ گریمانەكە ئەوانیش گریمانەی بەرز و گریمانەی مامناوەند و گریمانەی نزم، بە سوود وەرگرتن لە خشتەی (43)ی گەشەی دانیشتوان لە نێوان ساڵانی (1977- 2019)، وەک لای خوارەوە خراوەتە ڕوو:

- گەشەی دانیشتوانی نزم (1.5%) وەردەگرین.
- گەشەی دانیشتوانی مامناوەند (3%) وەردەگرین.
- گەشەی دانیشتوانی بەرز (4.5%) وەردەگرین.

خشتەی (43)

ژمارە و ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی ناوچەی لێكۆڵینەوە لە نێوان ساڵانی (1977-2019)

| ساڵەكان | ژمارەی دانیشتوان | ڕێژەی گەشەی ساڵانە % |
|---|---|---|
| 1977 | 175413 | |
| 1987 | 364096 | % 7.5 |
| 2002 | 569123 | % 3.02 |
| 2012 | 624,501 | % 0.93 |
| 2019 | 768058 | % 3 |

سەرچاوە: كاری توێژەر بە پشتبەستن بە سروە جلال حمە، گۆڕانكاری دانیشتوان لە پارێزگای سلێمانی لە ماوەی نێوان ساڵانی (1977-2012) سەرچاوەی پێشوو، لا 346-347.
بیان علي حسین، تحدید نطاق تأثیر المراكز الصحیة فی مدینة السلیمانیة عام 2018 بأستخدام نظم المعلومات الجغرافیة، مصدر السابق، ص 523.

وەک لە خشتەی (43)دا دیارە ژمارەی دانیشتوان لە ساڵی (1977) بریتی بووە لە (175413) كەس وە بۆ ساڵی (1987) ژمارەی دانیشتوان بووە بە (364096) كەس بەمەش ڕێژەی گەشەی دانیشتوان لە نێوان ساڵانی (1977- 1987) لە (7.5%) بووە، كە ئەم ڕێژەیەش زۆرە واتا گەشەی

دانیشتوان لە نێوان ئەم ساڵانەدا زۆر بووە، ئەمەش بەهۆکاری بوژاندنەوەی ئابووری عێراق لەدوای خۆمالی کردنی نەوت لە لایەن دەوڵەتەوە، بنیاتنان و دامەزراندنی پرۆژەی پیشەسازی لە شارەکەدا، باشبوونی بارودۆخی تەندروستی و بەرزبوونەوەی ئاستی بژێوی دانیشتوان، هەروەها ڕاگواستنی زۆرە ملێی گوندنشینان بۆ ناو شارەکە بە هۆکاری سیاسی ئەو سەردەمە لە لایەن ڕژێمی بەعسی دیکتاتۆر، ئەمانە بوونەتە هۆکاری ئەوەی کە ژمارەی دانیشتوانی شارەکە زۆر بە خێرایی زیادبکات. پاشان ژمارەی دانیشتوان لە ساڵی (2002) گەیشتە (569123) کە کەس و ڕێژەی گەشەی دانیشتوان بریتیە لە (3.02%) لە نێوان ساڵانی (1987-2002)، ئەوەی تێبینی دەکرێت گەشەی دانیشتوان دابەزیوە بۆ نیوە بە بەراورد بە ساڵانی (1977- 1987)، ئەمەش بە هۆکاری تێکچوون و خراپبوونی بارودۆخی ئابووری و سەپاندنی ئەو ئابلۆقە ئابوورییەی، کە خرابووە سەر وڵاتی عێراق بەگشتی لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان، هەروەها دەستپێکردنی لێشاوی کۆچی بە کۆمەڵی دانیشتوان بۆ دەرەوەی وڵات، ئەمانە هەمووی هۆکار بوون بۆ دابەزینی ڕێژەی گەشەی دانیشتوان لەو کاتەدا. لە ساڵی (2012) ژمارەی دانیشتوانی شارەکە بوو بە (624501) کەس وە ڕێژەی گەشەی دانیشتوان لە نێوان ساڵانی (2002-2012) بوو بە (0.93%)، کە ئەم ڕێژەیە لەم ماوەیەدا دابەزینی زۆری بەخۆیەوە بینیوە بە هۆکاری تێکچوونی بارودۆخی سیاسی و ناسەقامگیری بارودۆخی ناوچەکە و ڕووخاندنی ڕژێمی بەعسی دیکتاتۆر لە لایەن وڵاتانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتییەوە لە ساڵی (2003) و توشبوونی ناوچەکە بەشەڕێکی نەخوازراو، هەروەها بەرزبوونەوەی ئاستی ڕۆشنبیری خێزانەکان بەوەی، کە گرنگی زیاتر بدەن بە پەروەردەکردنی منداڵ وەک لە زیادبوونی ژمارەی خێزانەکانیان، پێشکەوتنی کەرتی تەندروستی لەبارەی زۆری و جۆراوجۆری ڕێگاکانی ڕێگری لە خستنەوەی منداڵ، هەروەها لە سەنتەری شارەکان دانیشتوانەکەی پرۆسەی هاوسەرگیری درەنگتر ئەنجامدەدەن بە بەراورد بە ناوچەکانی دەوروپشتی و دانیشتوانی گوند و لادێکان. هەروەها ژمارەی دانیشتوان لە ساڵی (2019) بووە بە (768058) کەس وە ڕێژەی گەشەی دانیشتوان لە نێوان ساڵانی (2012-2019) بووە بە (3%)، کە ئەمەش ڕێژەیەکی زۆر و بەرچاو نییە بۆ گەشەی دانیشتوان هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دروستبوونی شڵۆقی باری ئابووری و زیادبوونی ئاستی ڕۆشنبیری دانیشتوان و زۆربوونی داخوازی و پێداویستی بۆ بەخێوکردن و پەروەردەکردنی منداڵ، توشبوونی ناوچەکە بە شەڕێکی نەخوازراوی تر، کە ئەویش هێرشی گروپی تیرۆرستی داعش بوو بۆسەر عێراق بە گشتی و هەرێمی کوردستان بە تایبەتی، هەروەها دابەزینی نرخی نەوت لە جیهاندا، کە ئەمانە هەموویان

هۆکار بوون بۆ ئەوەی دانیشتوانی شارەکە بیر لە وەچە خستنەوە نەکەنەوە و بەمەش ڕێژەی گەشەی دانیشتوان بەرەو دابەزین دەچێت.

خشتەی (44)
پێشبینییەکانی گەشەی دانیشتوان لەشاری سلێمانی لە ماوەی 2019-2039

| ساڵەکان | پێشبینی بە پێی گەشەی نزم 1.5% | پێشبینی بە پێی گەشەی ناوەند3% | پێشبینی بە پێی گەشەی بەرز4.5% |
|---|---|---|---|
| 2029-2019 | 891363 | 1032206 | 1192771 |
| 2039-2019 | 1034463 | 1387198 | 1852336 |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە خشتەی (43).

بایەخدان بە توێژینەوە لە قەبارەی دانیشتوان لە داهاتوودا و پێشبینیکردنی، بە یەکێک لە ئاماژە بنەڕەتییەکان دادەنرێت بۆ ئاڕاستەکردنی پلاندانان و گەشەپێدان، چونکە پێشبینیکردنی دانیشتوان لە داهاتوودا بابەتیکە تا ڕادەیەکی زۆر دەتوانێت یارمەتیدەربێت بۆ لێپرسراوان و پلاندانەران بۆ فەراهەمکردنی داتا بنەڕەتییەکان بۆ ئاڕاستەکردنی گەشەپێدانی مرۆیی پەیوەست بەخزمەتگوزارییە گشتی و جۆراوجۆرەکان، بە هەمان شێوەش بۆ خزمەتگوزاری گەشتیاری و خۆشگوزەرانی، لەم باسەدا چەند پێشبینییەک لە ئایندەدا بۆ دانیشتوان لە شاری سلێمانیدا دروستدەکرێت بە پێی دوو ماوەی دە ساڵی، هەتا ساڵی (2039)بە پشتبەستن بە داتاکانی ساڵی (2019) وەک ساڵی بنەڕەت واتا لە ماوەی (20) ساڵدا لێکۆڵینەوە لەم بابەتە کراوە، کە باس لە پیشبینیکردنی دانیشتوانی شاری سلێمانی دەکات، هەروەها لێکۆڵینەوەیەک لە پێشبینی پێداویستییەکانی دانیشتوان لە خزمەتگوزاری، لە دروستکردنی پێشبینی ئایندەی دانیشتوان لە شاری سلێمانیدا ئاستەکانی گۆڕانکاری لە گەشەیاندا لەبەر چاو دەگیرێت.

وەک لە خشتەی(44)دا دیارە گەشەی دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوە بریتیە لە:

بەپێی گریمانەی گەشەی نزم بەڕێژەی (1.5%) بۆ ماوەی ساڵانی (2019- 2029) وا چاوەڕوان دەکرێت ژمارەی دانیشتوانی ناوچەکە بگاتە (891363) کەس، وە بەپێی گریمانەی گەشەی مامناوەند بە ڕێژەی (3%) بۆ هەمان ماوە وا چاوەڕوان دەکرێت ژمارەی دانیشتوان بگاتە (1032206) کەس،

وە کاتێک تێکڕای گەشەی بەرز بە ڕێژەی (4.5%) بێت ئەوا ژمارەی دانیشتوان دەگاتە (1192771) کەس.

گەشەی دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوە بەپێی گریمانەی گەشەی نزم بەڕێژەی (1.5%) بۆ ماوەی سالانی (2019-2039) وا چاوەڕوان دەکرێت ژمارەی دانیشتوانی ناوچەکە بگاتە (1034463) کەس، وە بە پێی گریمانەی گەشەی مامناوەند بە ڕێژەی (3%) بۆ هەمان ماوە وا چاوەڕوان دەکرێت ژمارەی دانیشتوان بگاتە (1387198) کەس، وە کاتێک تێکڕای گەشەی بەرز بە ڕێژەی (4.5%) بێت ئەوا ژمارەی دانیشتوان دەگاتە (1852336) کەس لە ساڵی (2039) دا.

**خەمڵاندنی پێداویستی دانیشتوان بۆ هەندێک لە خزمەتگوزارییە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکان بۆ ساڵی ئامانج (2029-2039)**

بێگومان لەگەڵ زیادبوونی قەبارەی دانیشتوان لەهەر ناوچەیەک داواکاری لەسەر خزمەتگوزارییەکان بەگشتی زیاد دەکات وە بەتایبەتی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان، چونکە یەکێکە لەخزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکانی هەرکۆمەڵگایەک وە بووە بە بەشێکی بنەڕەتی لەداواکارییە هەنوکەییەکانی شارنشینەکان، تاڕادەیەک بۆتە پێوەر و نمایندەی تاچەندێک دەسەڵاتداران گرنگی بە هاونیشتیمانیان دەدەن لەڕووی دابینکردنی ژیانێکی شایستە بۆیان. بۆیە هەوڵدان بۆپەرەپێدان و بەرەوپێشبردنی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان لەڕووی چەندێتی و چۆنێتییەوە هەنگاوێکی گرنگەو دەبێت کاری هەرە لەپێشینەی دەوڵەت و دەسەڵاتە خۆجێییەکان بێت. چونکە پرۆسەیەکی فرەئامانجە، لەلایەک دەبێتە جێگرەوەیەکی باش بەتایبەت بۆ گەنجان کە هۆکارێکە بۆ بەسەربردنی کاتەبەتاڵەکانیان ئەمەش دواجاردەبێتە دوورخستنەوەی گەنجان، لە هەرکارێکی خراپ و لادەر وەک ئاڵودەبوون بەمادەهۆشبەرەکان و تاوانەکانی دیکە، ئەمەش فاکتەرێکی کاریگەرە بۆ بەهێزکردنی پەیوەندی تاکەکان بە نیشتیمانەکەیانەوە زیاتر وابەستەیان دەکات. لەلایەکی دیکەوە هاوشان لەگەڵ پەرەپێدانی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان هەلی ڕاکێشانی گەشتیارانیش لەناوچەکە زیاد دەکات چونکە ئەوە ئاشکرایە، کە زیاتر لە نیوەی گەشتیارانی جیهان بۆ ساڵی 2019، مەبەستی سەرەکیان لەگەشتکردن بریتیە لەکات بەسەربردن و خۆشگوزەرانی، لەئەنجامدا چالاکی گەشتیاری بۆ ئەو ناوچەیە زیاد دەکات کە ئەمەش دەبێتە هۆی ڕەخساندنی هەلی کاری زیاتر و بەرزبوونەوەی ئاستی داهاتی تاک و باشترکردنی گوزەرانی

دانیشتوان، بەلەبەرچاوگرتنی ئەو هەمەچەشنییەی لە دانیشتوانی شاری سلێمانیدا هەیە لەلایەنەکانی ئابووری، ڕۆشنبیری، خواست و ئارەزووەکانی تاکەکان، فەراهەمکردن و هەمەچەشنکردنی زیاتری خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان بۆتە پێویستییەکی حەتمی، بەدانانی ساڵەکانی 2029 و 2039 وەکو ساڵی ئامانج بەبنەمایە یەکگرتنی گەشەی دانیشتوان، پێداویستیە چاوەڕوانکراوەکان دەستنیشان دەکەین بەهەندوەرگرتنی بوونی جۆرە جیاوازەکانی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان لە ئێستادا، بەپێی پێوەرە جیهانی و ناوخۆییەکانی پلانسازی خزمەتگوزاریە خۆشگوزەرانییەکان.

پێوەرەکانی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان لەسەربنەمای ژمارەی دانیشتوان بۆ هەرجۆرێکیان خراوەتەڕوو بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

1) پارکە گشتییەکان:(16.2)م٢ لە ڕوبەری پارکی گشتی بۆیەک کەس لەکۆی دانیشتوانی شار[1].
2) سینەما: بۆ(50000) کەس یەک سینەما.
3) ڕێستۆرانت: بۆ (10000) کەس لەدانیشتوان، یەک ڕێستۆرانت.
4) کافتریا:، بۆ (4500) کەس لەدانیشتوان، یەک کافتریا.
5) کتێبخانەی گشتی: بۆ (40000) کەس لەدانیشتوان، یەک کتێبخانەی گشتی.
6) مەلەوانگە : بۆ (40000) کەس لەدانیشتوان، یەک مەلەوانگە.
7) شاری یاری: بۆ (40000) کەس لە دانیشتوان، یەک شاری یاری پێویستە.
8) یاریگا: بۆ (30000) کەس لە دانیشتوان، یەک یاریگا پێویستە
9) هۆڵی وەرزشی لەشجوانی: بۆ(10000) کەس لە دانیشتوان، یەک هۆڵی وەرزشی لەشجوانی[2].
10) هۆڵی شانۆ: بۆ ( 250000) کەس لەدانیشتوان، یەک هۆڵی شانۆ[3].

بەپشتبەستن بە پێوەرەکان پێداویستییەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە لە خزمەتگوزارییە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکان جیاوازە بەپێی جۆری خزمەتگوزارییەکان لەکاتی بەراورد کردنیان بە پێوەرە پلانرێژییەکان بۆ ئێستا و داهاتوو بە سێ گریمانەی ئاماژەپێکراوی گەشەی دانیشتوان، سەبارەت بە پارکە گشتییەکان ناوچەی لێکۆڵینەوە خاوەنی حەوت پارکە لەئێستادا کە کۆی گشتی ڕووبەریان (11800783م٢) یە، بڕوانە خشتەی ژمارە(16). وە پشکی تاک لەو ڕووبەرە (15.4 م٢) یە، بەنزیکەیی هاوتای پێوەرە جیهانییەکانە. دەتوانین بڵێین لەڕووی پارکی گشتییەوە شارەکە بۆ ئێستا

---

[1] https://www.planning.org/pas/reports/report194.htm

[2] علا لطفي مهدي، المؤشرات التخطيطية لتنمية الخدمات المجتمعية في مدينة الخضر، رسالة ماجستير، كلية الرتبية للعلوم االنسانية، قسم الجغرافية، جامعة المثنى.2019،ص36-35.

[3] سروه دشتي وهاب، التحليل الجغرافى للمواقع الترفيهية في مدينة اربيل(دراسة ميدانية)، مصدرالسابق، ص23.

گونجاوە، بەڵام بە بەراوردکردنی لەگەڵ هەندێک لە شارە گەورەکانی وولاتانی دیکە لەسەر ئاستی جیهان دەبینین، کە ئەم ڕێژەیە تاڕادەیەک کەمە، بۆ نموونە لە شاری واشنتون بەشی تاک (45.7 م٢)یە، بۆن(37.4 م٢)یە، کۆپنهاگن (35 م٢)یە، لەندەن(25.8 م٢)یە، ڕۆما(23.5 م٢)یە، سیئۆل (17.4 م٢)یە، هەروەها بەبەراورد بە چەند شارێکی وڵاتانی نزیک بە ناوچەی لێکۆڵینەوە پشکی تاک لە ناوچەکە لە ئاستێکی زۆر باشدایە بۆ نموونە لە ئیماراتی عەرەبی پشکی تاک (13 م٢)یە و لە سعودیە تەنها (7.5م٢) یە[1]. شایانی باسە حکومەتی ناوندی عیراق پێوەری کارپێکراوی بۆ پارکی گشتی بریتییە لە (6.5 م٢) وەک پشکی تاک[2]، دیارە بەلەبەرچاوگرتنی دۆخی ئابووری وڵات و ژێرخانەکەی ئەم ڕێژەیە دانراوەخۆشبەختانە ناوچەی لێکۆڵینەوە نزیکەی دووئەوەندەو نیوی ئەم پێوەرەیە، ئەویش بەهۆی بوونی پارکی هەرێمی هەواری شار. خشتەی ژمارە(45) پێویستی ڕووبەری پارکی بۆ ئێستاو ساڵانی ئامانج تێدا پیشاندراوە.

خشتەی (45)

خەملاندنی پێداویستی داهاتوو لە خزمەتگوزاری پارکی گشتی بۆ ساڵانی (2039,2029) بەپێی گریمانەکانی گەشەی دانیشتوان و ڕووبەری پارکەکان بۆ ساڵی 2019

| ساڵ | ژمارەی دانیشتوان | کۆی ڕووبەری پارکی پێویست بە پێی پێوەر بە م٢ | بری کەموکوری پێویستی لە ڕووبەری پارک بە م٢ |
|---|---|---|---|
| ساڵی بنەڕەت 2019 | 768058 | 12442540 | 641757 |
| تێکڕای خەملاندنی نزم بۆ گەشەی دانیشتوان بۆ ساڵی 2029 | 891363 | 14440081 | 2639298 |
| تێکڕای خەملاندنی مامناوەند بۆ گەشەی دانیشتوان بۆ ساڵی 2029 | 1032206 | 16721737 | 16721737 |
| تێکڕای خەملاندنی بەرز بۆ گەشەی دانیشتوان بۆ ساڵی 2029 | 1192771 | 19322890 | 19322890 |
| تێکڕای خەملاندنی نزم بۆ گەشەی دانیشتوان بۆ ساڵی 2039 | 1034463 | 16758301 | 4957518 |
| تێکڕای خەملاندنی مامناوەند بۆ گەشەی دانیشتوان بۆ ساڵی 2039 | 1387198 | 22472608 | 10671825 |
| تێکڕای خەملاندنی بەرز بۆ گەشەی دانیشتوان بۆ ساڵی 2039 | 1852336 | 30007843 | 14207060 |

سەرچاوە:کاری توێژەر بەپشتبەستن بەخشتەی (گەشەی دانیشتوان)، ماڵپەری فەرمی دامەزراوەی پلانسازی ئەمریکی، https://www.planning.org/pas/reports/report194.htm.

1 علی عثمان محمد شارباذیری ، واقع تصاميم الحدائق والمتنزهات لمدن اقليم كردستان العراق(دراسة نقدية وتحليلية)،مصدر سابق،ص141.

2 علا لطفي مهدي، المؤشرات التخطيطية لتنمية الخدمات المجتمعية في مدينة الخضر، مصدر سابق،ص35.

سەبارەت بە خزمەتگوازەییە خۆشگوزەرانییەکانی دیکە لەناوچەی لێکۆڵینەوە بۆ ساڵانی ئامانج، بەمشێوەیەی لای خوارەوەیە، خشتەی(46):

خشتەی (46)

خەمڵاندنی پێداویستی داهاتووی لە خزمەتگوزاری ناوەندەخۆشگوزەرانی وگەشتیارییەکان بۆ ساڵانی (2029-2039) بەپێی گریمانەکانی گەشەی دانیشتوان

| ساڵ / جۆری ناوەند | 2019 | بڕی پێویست 2019 | 2029 نزم | 2029 مامناوەند | 2029 بەرز | 2039 نزم | 2039 مامناوەند | 2039 بەرز |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| سینەما | 4 | 15 | 18 | 21 | 25 | 21 | 28 | 37 |
| مەلەوانگە | 25 | 19 | 22 | 26 | 30 | 26 | 35 | 46 |
| شانۆ | 0 | 3 | 4 | 4 | 5 | 4 | 6 | 7 |
| کتێبخانە | 3 | 19 | 22 | 26 | 30 | 26 | 35 | 46 |
| ڕێستۆرانت | 114 | 77 | 89 | 103 | 119 | 103 | 139 | 185 |
| کافتریا | 235 | 171 | 198 | 229 | 265 | 230 | 308 | 412 |
| هۆڵی لەشجوانی | 100 | 77 | 89 | 103 | 119 | 103 | 139 | 185 |
| شاری یاری | 3 | 19 | 22 | 26 | 30 | 26 | 35 | 46 |
| پاریگا | 15 | 25 | 30 | 34 | 40 | 34 | 46 | 62 |

سەرچاوە:کاری توێژەر بەپشتبەستن بەخشتەی (گەشەی دانیشتوان)، علا لطفي مهدي، المؤشرات التخطيطية لتنمية الخدمات المجتمعية في مدينة الخضر، رسالة ماجستير، كلية الرتبية للعلوم االنسانية، قسم الجغرافية، جامعة المثنى.2019، ل35.

1 - سینەما: لە ئێستادا (4) سینەما بوونی هەیە لە ناوچەی لێکۆڵینەوە، بەپێی پێوەر دەبێت (15) هۆڵی نمایشی سینەما بوونی هەبێت، واتە (11) سینەما پێویستە، بۆ ساڵی 2029 {نزم(18)، مامناوەند(21)، بەرز(25)} پێویستە، وە ژمارەی هۆڵەکانی سینەما بۆساڵی 2039 {نزم(21)، مامناوەند(28)، بەرز(37) } پێویستە.

2 - مەلەوانگە: لە ئێستادا (25) مەلەوانگە بوونی هەیە، کە بڕی (6) مەلەوانگە زیاترە لە پێویستی دانیشتوان، بۆ ساڵی 2029 {نزم(22)، مامناوەند(26)، بەرز(30)} پێویستە، وە ژمارەی مەلەوانگە بۆساڵی 2039 {نزم(26)، مامناوەند(35)، بەرز(46)} پێویستە.

3 - هۆڵی شانۆ: لەئێستادا (6) هۆڵی شانۆ بوونی هەیە، کە بڕی (2) هۆڵی شانۆ زیاترە لە پێویستی دانیشتوان، بۆ ساڵی 2029 {نزم(4)، مامناوەند(4)، بەرز(5)} پێویستە، وە ژمارەی هۆڵی شانۆ بۆساڵی 2039 {نزم(4)، مامناوەند(6)، بەرز(7)} پێویستە.

4 - کتێبخانە: لە ئێستادا (3) کتێبخانە بوونی هەیە، هەرچەندە بەپێی پێوەر بڕی (16) کتێبخانەی دیکە پێویستە بۆ پڕکردنەوەی پێداویستی دانیشتوان، لەگەڵ ئەوەی سەرجەم زانکۆ و پەیمانگاکانی شارەکە خاوەنی کتێبخانەی تایبەت بەخۆیانن، کە خوێندکاران و مامۆستایان و توێژەران پشتی پێدەبەستن، هەروەها بەلەبەرچاوگرتنی ئەوپێشکەوتنە تەکنەلۆجییەی جیهان بەخۆیەوە بینیوە، کە کاری کردۆتە

سەرجەم کایەکانی ژیان، وە خوێنەران و شێوازی خوێندنەوەی ئاسایی و باو گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە بەوەی، کە زیاتر تاکەکان ڕوو لە نوسراو و کتێبە ئەلکترۆنییەکان دەکەن، بۆیە لە داهاتوودا کتێبخانەیەکی ئەلکترۆنی بەپەیڕەوکردنی ڕێساباوەکانی ئێستای کتێبخانە گشتییەکان، لە توانایدا دەبێت پێداویستی گشت دانیشتوان پڕبکاتەوە، چونکە لە کتێبخانەی ئەلکترۆنیدا هیچ سنورێکی کارگێڕی بوونی نییە، بەڵکو سنوورەکان تەنها بەدەستهێنانی مافی بەکارهێنانە بۆ گشت کتێبخانە ئەلکترۆنییەکانی جیهان، بۆ ساڵی 2029 {نزم(22)، مامناوەند(26)، بەرز(30)} پێویستە، وە ژمارەی کتێبخانە بۆساڵی 2039 {نزم(26)، مامناوەند(35)، بەرز(46)} پێویستە.

5 - ڕێستۆرانت: لە ئێستادا (114) ڕێستۆرانت بوونی هەیە، کە بڕی (37) ڕێستۆرانت زیاترە لە پێویستی دانیشتوان، بۆ ساڵی 2029 {نزم(89)، مامناوەند(103)، بەرز(119)} پێویستە، وە ژمارەی ڕێستۆرانت بۆساڵی 2039 {نزم(103)، مامناوەند(139)، بەرز(185)} پێویستە.

6 - کافتریا: لە ئێستادا (235) کافتریا بوونی هەیە، کە بڕی (64) کافتریا زیاترە لە پێویستی دانیشتوان، بۆ ساڵی 2029 {(نزم(198)، مامناوەند(229)، بەرز(265)} پێویستە، وە ژمارەی کافتریا بۆساڵی 2039 {نزم(230)، مامناوەند(308)، بەرز(412)} پێویستە.

7 - هۆڵی لەشجوانی: لە ئێستادا (100) هۆڵی لەشجوانی بوونی هەیە، کە بڕی (33) هۆڵی لەشجوانی زیاترە لە پێویستی دانیشتوان، بۆ ساڵی 2029 {نزم(89)، مامناوەند(103)، بەرز(119)} پێویستە، وە ژمارەی هۆڵی لەشجوانی بۆساڵی 2039 {نزم(103)، مامناوەند(139)، بەرز(185)} پێویستە.

8 - شاری یاری : لە ئێستادا (3) شاری یاری لە ناوچەکەدا بوونی هەیە، کە بڕی (16) دانەی تر لەم شاری یاریانە پێویستە بۆساڵی (2019) بە پێی پێوەر، بۆ ساڵی 2029 {نزم(22)، مامناوەند(26)، بەرز(30)} پێویستە، وە ژمارەی شاری یاری بۆساڵی 2039 {نزم(26)، مامناوەند(35)، بەرز(46)} پێویستە.

9 - یاریگا: لە ئێستادا (15) یاریگا لە شارەکەدا بوونی هەیە، کە بڕی (10) یاریگای دیکە پێویستە بۆ شارەکە بۆ ساڵی (2019)، بۆ ساڵی 2029 {نزم(30)، مامناوەند(34)، بەرز(40)} پێویستە، وە ژمارەی یاریگا بۆساڵی 2039 {نزم(34)، مامناوەند(46)، بەرز(62)} پێویستە.

لە پاش سەردانیکردنی زۆرینەی ناوەندەکانی خۆشگوزەرانی و گەشتیاریی لە ناوچەی لێکۆڵینەوە، دەتوانین بڵێین بەئاشکرا هەست بە ناهاوسەنگی دابەشبوون دەکەین بۆ هەندێک جۆری خزمەتگوزارییەکان، ئەم دابەشبوونە هەڕەمەکیە وایکردووە لە هەندێک ناوچەی شاری سلێمانی جۆرێک یان چەند جۆرێک لە ناوەندی خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی یان گەشتیاریی بوونی نەبێت، بۆ خستنەڕووی شێوازی دابەشبوونی خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی و گەشتیاریی لەناوچەی لێکۆڵینەوە، لای خوارەوە خراوەتەڕوو:

1 - پارکەگشتییەکان: دابەشبوونی پارکە گشتییەکان وەک لە نەخشەی (3)دا دیارە تاڕادەیەک نش ناهاوسەنگی هەیە بەوەی سێ پارکیان، کە پارکی ئازادی و باخی گشتی و پارکی دایکە دەکەوێتە ناوەندی شارەوە، سەرەڕای ئەوەی دووری نێوان چاڤی لاند و پارکی مەلیک مەحموود زۆرکەمەو لەسەر هەمان شەقامن و دەکەونە باکور و باکوری ڕۆژهەڵات، وە پارکی هەواری شار دەکەوێتە باکور و باکوری خۆرئاوای شارەکە وە بەیەکێک لە پارکە گەورەکان دادەنرێت لەسەر ئاستی شارەکە و هەرێمی کوردستان، وە پارکی مەولانا کە تازەترین پارکە دەکەوێتە باشوری شارەکە، بەمەش دەبینن کە لە باشوری خۆرئاوا و خۆرهەڵات و باشوری خۆرهەڵاتی شارەکە هیچ پارکێکی گشتی هاوشێوەی پارکەکانی دیکە بوونی نییە ئەمە سەرەڕای زۆری چڕی دانیشتوان لەو ناوچانەدا، وەک لە خشتەی (45)دا دەردەکەوێت کە ڕووبەری پارکی پێویست لە شارەکەدا بۆ ساڵی (2019) بریتییە لە (641757م٢) بۆیە پیشنیار دەکەین ئەم ڕوبەرە دیزاین بکرێت لەسەر شێوەی دوو پارکی مۆدێرن، کە یەکێکیان لە باشوری خۆرهەڵات و ئەوی تریان لە باشوری خۆرئاوا بنیاتبنرێت.

2 - سینەما: دابەشبوونی هۆڵەکانی نمایشی سینەما ناهاوسەنگە چونکە تێکڕای سینەماکان، کە ژمارەیان چوار دانەیە سێ لەم سینەمایانە دەکەونە ڕۆژئاوای شارەکە و دانەکەی تریان دەکەوێتە ناوەندی شار وەک لە نەخشەی ژمارە(6) دا دیارە، وە لە خشتەی (46)دا دەردەکەوێت، کە شارەکە پێویستی بە (15) سینەما هەیە بۆ ساڵی (2019)، وەک تێبینی دەکرێت لە باکور و باکوری ڕۆژهەڵات و باشوری ڕۆژهەڵات و باشوری شارەکە هیچ جۆرە سینەمایەکی لێ نییە، کە ئەم ناوچانە چەندین پرۆژەی نیشتەجێبوونی گەورە لەخۆدەگرێت بۆ نموونە (بەرزاییەکانی سلێمانی و گۆیژە سیتی و بەرزاییەکانی قەیوان و شاری پزیشکان و دانیا سیتی و گاردن سیتی، هتد) بۆیە پێشنیار دەکەین، کە ئەو ژمارەیە لە پێویستی شارەکە بۆ سینەما لەم ناوچانەدا دروستبکرێت.

3 - مەلەوانگە: دابەشبوونی مەلەوانگەکان جیاواز لە ناوەندەکانی دیکە تا ئاستێکی زۆرباش هاوسەنگە لە گشت بەشەجیاوازەکانی شارەکەدا، ئەمەش بۆ کۆمەڵێک هۆکار دەگەڕێتەوە، لەوانە: وەکو پرۆژەی بازرگانی مامناوەند خەڵکی ئاسایی لەتوانایدا هەیە بنیاتیبنێت بە ڕەچاوکردنی پێداویستی خەڵکانی هەر گەڕەکێک یان ناوچەیەک، لەلایەکی دیکەوە هەندێک لە ئۆتێلەکان ئەم خزمەتگوزارییەیان بەردەستخستووە بۆ گەشتیاران و دانیشتوانی شارەکە. بۆیە لەگەڵ گەشەکردنی دانیشتوان و گەورەبوونی شارەکە ژمارەی مەلەوانگەکان زیادی کردووە، وایکردووە شێوازی دابەشبوونەکەی هاوسەنگ بێت، لە نەخشەی ژمارە (9)دا دیارە، کە ژمارەیەکی زۆر لە مەلەوانگەکان لەسەر شەقامی سەرەکی چڕبوونەتەوە هۆکارەکەی ئەوەیە، کە گەیشتن پێیان ئاسانە.

4 - هۆڵی شانۆ: هەرچەندە وەکو ژمارە هۆڵی شانۆ زیاترە لە پێویستی شارەکە، بەڵام شێوازی دابەشبوونی ناڕێک و ناهاوسەنگە وەک لە نەخشەی (6) دا دیارە لە بەشی ڕۆژهەڵات و باشوری ڕۆژهەڵات و باشور و باکوری شارەکە هیچ هۆڵێکی شانۆ بوونی نییە.

5 - کتێبخانە: کتێبخانەکان لەشاری سلێمانی لەئێستادا (3) کتێبخانەیە کە دەکەونە نزیک ناوەند و باکوری ڕۆژهەڵاتی شارەکە وەک لە نەخشەی (6)دا دەردەکەوێت، وە نەبوونی هیچ کتێبخانەیەک لە بەشی باشور و ڕۆژهەڵات و باکور و باکوری ڕۆژئاوا و باشوری ڕۆژئاوای شارەکە هەروەک پێشتر پێشنیارمان کرد، باشترە لە بری دروستکردنی کتێبخانە و باڵەخانەی گەورەی تایبەت بە کتێبخانە، هەوڵبدرێت بۆ دروستکردنی کتێبخانەی ئەلکترۆنی، نەک تەنها دانیشتوانی شارەکە بەڵکو گشت دانیشتوانی کوردستان و عیراق سوودی لێوەردەگرن و تێچوویەکی کەمی دەبێت و دامەزراندنی کاتی کەمی پێویستە.

6 - ڕێستۆرانت: سەرەڕای زۆری  ژمارەی ڕێستۆرانتەکان و بوونیان  لە زۆربەی بەشەکانی شارەکەدا وەک لە نەخشەی (13)دا دەردەکەوێت، بەشی ڕۆژهەڵات و باشوور و باشوری ڕۆژهەڵات و باشوری رۆژئاوا  جگە لە هەبوونی چەند خواردنگەیەکی لۆکاڵی، تاڕادەیەک ڕێستۆرانتی گەشتیاری و خاوەن ئەستێرە زۆرەکانی تێدا نییە، هۆکاری چڕی دابەشبوونی ئەم ڕێستۆرانتانە لە ڕۆژئاوای شارەکە دەگەڕێتەوە بۆ بوونی ناوچەی گەشتیاری سەرچنار وە نزیکی لە ڕێگای سەرەکی سلێمانی، کە شارەکە دەبەستێتەوە بە شارەکانی دیکەوە.

7 - کافتریا: دابەشبوونی کافتریاکان هەمان شێوەی ڕێستۆرانتەکانە لەڕووی زۆری ژمارەو شێوازی دابەشبوونیان، نەخشەی (13)، لەگەڵ ئەوەی لە ڕووی ژمارەوە زیاترە لە پێوستی شارەکە، شێوازی دابەشبوونیشیان بەهەمان شێوە ناڕێک و هەڕەمەکییە، بۆ نموونە زۆرینەیان چڕبوونەتەوە لە سەر شەقامی سالم و شەقامی بەختیاری، کە دەکەونە بەشی رۆژئاوا و نزیک ناوەندی شارەکە، وە بەئاشکرا هەست بە کەمی دەکەین لە بەشی  باشور و ڕۆژهەڵاتدا.

8 -  هۆڵی لەشجوانی: هۆڵی لەشجوانی  بەهەمان شێوەی مەلەوانگەکان لەڕووی ژمارە و شێوازی دابەشبوونەوە  هاوشێوەن، بەشێوەیەک لە گشت بەشەکانی شارەکە بوونیان هەیە، هەروەک لە نەخشەی (10)دا دیارە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی زۆربەی مەلەوانگەکان هۆڵی لەشجوانیان هەیە، هەروەها لەهەندێک لە ئۆتێلەکانی شارەکە هاوشێوەی مەلەوانگەکان هۆڵی لەشجوانیان هەیە. هۆیەکی دیکە دەگەڕێتەوە بۆ بەرزی ئاستی ڕۆشنبیری و هۆشیاری دانیشتوانی شارەکە بۆ گرنگیدان بە تەندروستی جەستە و وەرزشکردن.

9 - سەیرانگا: لێرەدا مەبەستمان لە سەیرانگا ئەوەیە، کە گەشتیاران مەبەستیان لە سەردانیکردن بۆ ئەم ناوچانە بۆ حەوانەوە و پشوودانە بۆ ماوەی کورت، سەبارەت بە دابەشبوونی جوگرافی

سەیرانگاکان، وەک لە نەخشەی (4) دادەردەکەوێت زۆربەیان کەوتوونەتە بەشی ڕۆژئاوای شارەکە بەتایبەتی لە گەڕەکی سەرچنار وەک سەیرانگاکانی (نەورۆز و سەرچنار و دەریا،.....هتد)،سروشتی ناوچەکە و جیاوازی پلەی گەرمی ئەو ناوچانە لەچاو ناوەند و باشوری شارەکە وایکردووە، کە لە کۆنەوە سەرچنار، کە دەکەوێتە بەشی ڕۆژئاوای شارەکە لە ڕۆژەکانی پشوو کۆتایی هەفتە دانیشتوانی شارەکە و دەوروبەری بۆ حەوانەوە و گەشتێکی کورت ڕووی تێبکەن، بە هەمان شێوە هەواری شار و چاڤی لاند وەکو سەیرانگا لە لایەن دانیشتوانی شارەکەوە بەکاردەهێنرێن بە هۆکارەکانی نزیکیان لە شارەکەوە و نزمی پلەکانی گەرما بە بەراورد بە ناوچەکانی تری شارەکە، هەروەها پارکی ئازادیش بەهۆی ئەوەی دەکەوێتە ناوەندی شارەکەوە لە لایەن دانیشتوانی گەڕەکەکانی چواردەوری بەکاردەهێندرێت وەکو سەیرانگا.

10 - شاری یاری : جیاواز لە ناوەندەکانی دیکە شاری یاری لە زۆربەی ناوچەکان لە گەڵ یەکێک یان زیاتر لە ناوەندەکانی گەشتیاری و خۆشگوزەرانی کۆدەکرێتەوە، بۆیە شاری سلێمانی بە هەمان شێوە شاری یارییەکان لەگەڵ پارک یاخود سەیرانگاکان بنیاتنراون وەکو چاڤی لاند و شاری یاری نەورۆز و شاری یاری سلێمانی، وەک لە نەخشەی (5)دا دیارە شاری یاری بەشێوەیەکی ناهاوسەنگ دابەشبووە، بە شێوەیەک ناوچەکانی باشور و باشوری رۆژهەڵات و باشوری ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات بێبەشن لەم جۆرە خزمەتگوزاریانە سەرەڕای زۆری چڕی دانیشتوان لەم ناوچانەدا.

11 - مۆڵە گەورەکانی شار: بە شێوەیەکی گشتی مۆڵە گەورەکان لە شارەکاندا بە یەکێک لە ناوەندە چالاکەکانی گەشتیاری و خۆشگوزەرانی دادەنرێن بەدرێژایی ساڵ، زۆرترین ژمارەی ناوەندی خۆشگوزەرانی و گەشتیاریی تێیاندا کۆبۆتەوە وە زۆرترین ئاسانکاریان تێدا فەراهەمکراوە بۆ گەشتیاران، کە هەموو ئەمانە وادەکەن مۆڵەکان ببنە ناوەندێکی کاریگەری بوژانەوەی چالاکی گەشتیاری و خۆشگوزەرانی لە ناوچەکاندا، سەرەڕای هەبوونی چەندین مۆڵی قەبارە جیاواز بەڵام مەبەست لە مۆڵی گەورە بوونی خزمەتگوزارییە جیاوازەکانی وەکو کافێ و ڕێستۆرانت و بازاڕە جیاوازەکان و هۆڵی یاری داخراو و چەندین خزمەتگوزاری دیکەیە، وەک لە نەخشەی (15)دا دیارە دابەشبوونی ئەم مۆڵانە لە شاری سلێمانیدا ناهاوسەنگن بەوەی، کە هیچ مۆڵێک بوونی نییە لە ناوچەکانی باکور و ڕۆژهەڵاتی شارەکە، بەڵکو تا ڕادەیەک بە شێوەی هێڵێک لە بەشی باشور بە (فامیلی مۆڵ) دەستپێدەکات بەرەو ناوەندی شارەکە و پاشان بەرەو ڕۆژئاوا بە (ماجدی مۆڵ) لە دەروازەی شارەکە لەسەر ڕێگای سەرەکی سلێمانی تاسلوجە کۆتایی دێت.

بەشێوەیەکی گشتی بەشەکانی ڕۆژهەڵات و باشوری شارەکە لەو ناوچانەن، کە کەمترین ناوەندی خۆشگوزەرانی و گەشتیاری لە خۆدەگرن بە بەراورد بە ناوچەکانی دیکە. وە بەشی ڕۆژئاوا یەکێکە لە ناوچە چڕەکان بۆ ناوەندە خۆشگوزەرانی و گەشتیارییەکان، هۆکاری سەرەکی ئەمەش دەگەڕێتەوە

بۆ بوونی ڕێگای سەرەکی شارەکە بۆ شارەکانی دیکەی کوردستان و عێراق، وە پێشبینی دەکرێت بەتەواوبوونی ئۆتۆبانی بابان (بەشێک لە شەقامی 100 مەتری) کە دەکەوێتە بەشی باشوور، زۆرینەی ناوەندە خزمەتگوزارییەکان لەوێدا چڕببنەوە، بۆیە پێویستە لایەنی دەسەڵاتدارو بەرپرسانی شار ئەم گۆڕانکارییە جۆرییە بقۆزنەوە، وەکو هەلێک بەوەی پلانیان هەبێت بۆ چۆنێتی دووبارە دابەشبوونەوەی ناوەندە خزمەتگوزارییەکان لەو ناوچەیە بەتایبەتی و گشت ناوچەکانی دیکەی شارەکە. شایانی باسە خەمڵاندنی خزمەتگوزارییەکان بۆ داهاتوو لەشاری سلێمانی تەنها لە سەر بنەمای گەشەی دانیشتوان هەژمارکراوە، لەکاتێکدا ساڵانە ژمارەیەکی زۆر گەشتیار ڕوو لە ناوەندە جیاوازەکانی شارەکە دەکەن بەپێی دوایین ئامار ژمارەی گەشتیارانی هاتوو بۆ پارێزگای سلێمانی بریتییە لە (1140760).

# ئەنجام

## ئەنجام

لە پاش پێشاندان و دەرخستنی شیکارکردنی لایەنە پەیوەندیدارەکان بە خزمەتگوزارییەکانی گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەوە توێژینەوەکە گەیشتە چەند ئەنجامێک، دەکرێت لەم خاڵانەی لای خوارەوە دا کۆبکرێتەوە:

1. خزمەتگوزارییە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکان هاوشانی خزمەتگوزارییەکانی دیکە یەکێکە لە سەرەکیترین داوکاریەکانی دانیشتوان ، چونکە ئاستی پێشکەوتنی خزمەتگوزارییەکان لە هەر ناوچە و وڵاتێک تاڕادەیەک بۆتە پێوەری دەستنیشانکردنی ئاستی پێشکەوتنی ئەو ناوچەیە.

2. شاری سلێمانی بۆتە جێگەی سەرنجی گەشتیارانی (ناوخۆیی و دەرەکی)، ساڵانە ژمارەی گەشتیارانی ڕوو لە زیاد بوونە، چونکە ناوچەی لێکۆڵینەوە خاوەنی چەندین توانستی سروشتی و مرۆیی پەیوەندیدارە بەلایەنی دەرخستنی خزمەتگوزارییە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکانەوە، کە دەتوانرێت پەرەی پێبدرێت و ڕێکبخرێت بۆ پێشخستنی ناوچەکە، بۆ نموونە ساڵی (2007) ژمارەی گەشتیاران (77933) کەس بووە، بە ڵام بەنزیکەیی ئەم ژمارەیە پێنج ئەوەندە زیاد دەکات لە ساڵی (2012) وە ژمارەی گەشتیاران دەبێتە (374276) کەس، وە ژمارەی گەشتیاران لە ساڵی (2019) زۆر زیاتر دەبێت و دەبێتە (1140760) گەشتیار.

3. خزمەتگوزارییە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکان کاریگەری ڕاستەوخۆیان هەیە لەسەر لایەنەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ژینگەیی، چونکە خزمەتگوزارییەکان دەبنە هۆی ڕەخساندنی هەلی کاری زیاتر و ڕاکێشانی سەرمایە و بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیریی و پارێزگارکردنی ژینگە و پاکڕاگرتنی شار.

4. شوێنی شاری سلێمانی لەڕووی هەڵکەوتەی جوگرافییەوە شوێنێکی نیمچە ناوەندی هەیە لە پارێزگای سلێمانی، ئەمەش وایکردووە ئەم شارە ببێتە ناوچەیەکی (گرێ) بۆ پێکەوە بەستنی شارەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان و ناوەڕاستی عێراق بە وڵاتی ئێرانەوە، بەمەش ژمارەیەکی زۆر لەسەردانیکەر و گەشتیار بە مەبەستی جۆراوجۆر دێنە شارەکە.

5. ئاو و هەوای ناوچەی لێکۆڵینەوە تاڕادەیەک گونجاوە بۆ چالاکیە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکان بە شیوەیەک کە :

أ) تێکڕای ساڵانەی کاتژمێرەکانی خۆرهەتاو لە ناوچەی لێکۆڵینەوە (7.5) کاتژمێرە.

ب) تێکڕای پلەی گەرمی لە وەرزی بەهاردا (18.2 س°) وە لە وەرزی هاویندا (32.5س°) ە و لە وەرزی پایزدا (21.8 س°)ە و لە وەرزی زستانیشدا (8.3 س°) ە، جگە لە مانگەکانی ( ئازار و

نیسان و مایس) مانگەکانی ( ئەیلول و تشرینی یەکەم و تشرینی دووەم) کە مانگەکانی وەرزی پایزن لەبار و گونجاون بۆ چالاکییە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکان لە ڕووی ئاو و هەواوە.

ج) بەرزترین ڕێژەی شێ لە وەرزی زستاندایە بە تێکڕایی ڕێژەکەی دەگاتە (66.5%)، وە نزمترین ڕێژەی شێ لە وەرزی هاویندایە کە تێکڕایی ڕێژەکەی دەگاتە (26.5%)، بەڵام لە وەرزی بەهاردا تێکڕای ڕێژەکەی (52.5%)، و لە وەرزی پایزدا تێکڕای ڕێژەکەی (44.4%).

د) لەپاش جێبەجێکردنی هاوکێشەی (Thom) لەسەر داتانی ڕەگەزە ئاو و هەوایەکان (پلەی گەرمی و شێ) لە ساڵانی (2005-2019) دەرکەوت کە بەهای پارسەنگی پشوو بۆ مانگی (نیسان و تشرینی یەکەم) (17 - 20) بەدوای یەکدا کە تێیدا مرۆڤ هەست بە پشوو دەکات، و بەهای پارسەنگی پشوو بۆ مانگی (کانوونی دووەم ) (8.1)ە کە ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە مرۆڤ هەست بە پشوو نەکات بەهۆی نزمی پلەی گەرماوە، بەهای پارسەنگی پشوو بۆ مانگی (ئاب) (25.9) کە مرۆڤ هەست بە پشوو ناکات بەهۆی بەرزی پلەی گەرماوە.

ە) تێکڕایی ساڵانەی خێرایی با لە ناوچەی لێکۆڵینەوە (1.26م/چرکە) یە، کە ئەمەش لە ڕووی گەشتیارییەوە خێراییەکی پەسەندە و یارمەتی بەئەنجامگەیاندنی چالاکییەکان دەدات لە ناوچەکەدا. بۆیە دەتوانین بڵێین، کە خێرایی با لە ناوچەی لێکۆڵینەوە خێراییەکی گونجاوی هەیە و لە ئاستی ئەو خێراییانە دەوەستێت، کە لەلایەن شارەزایانی بواری گەشتوگوزاری دانراوە.

و) بەهای ئاماژەی ساردکردنەوەی با لە ئەنجامی جێبەجێکردنی هاوکێشەی (سپڵ و بازڵ) لەسەر داتاکانی ڕەگەزە ئاووهەوایەکانی (پلەی گەرمی و خێرایی با) بۆ ساڵانی (2005-2019) بۆ وەرزی بەهار (304.9) جۆری هەستکردن تێیدا خۆش و تا ڕادەیەک ساردە، بۆ وەرزی پایز (220.8) جۆری هەستکردن تێیدا فێنک و خۆشە.

ز) ساڵانە بڕێکی باش باران دەبارێت لە وەرزەکانی بەهار و پایز و زستاندا لە نێوان ساڵانی (2005-2019) زۆرترین ڕێژەی باران بارین لە وەرزی زستاندایە بەتێکڕای ساڵانەی (346.1 ملم)، وە کەمترین بڕ لەوەرزی پایزدا دەبارێت کە تێکڕای بڕەکەی (127.3 ملم) بۆ ساڵێک، هەرچی وەرزی هاوینە زۆر بە دەگمەن بارانی تێدا دەبارێت ئەویش لەسەرەتای مانگی حوزەیراندایە، کە تێکڕای باران بارین (0.8 ملم) لە ساڵێکدا، وە کۆی تێکڕای باران بارین لە ناوچەی لێکۆڵینەوە (703.4 ملم)ە لە ساڵێکدا.

ح) بارینی بەفر لە ناوچەی لێکۆڵینەوە وایکردووە، کە ساڵانە ژمارەیەک گەشتیار لە مانگەکانی (کانوونی دووەم و شوبات) ڕوو لە ناوچەکە بکەن بە تایبەتیی شاخی (ئەزمەڕ، گۆیژە)، چونکە ساڵانە چەند جارێک بەفر دەبارێت بەتێکڕای ساڵانەی (10.8 سم) لە ماوەی ساڵانی (2008 – 2019).

ط) ئاووهەوای ناوچەی لێکۆڵینەوە بە پێی هاوکێشەی (بێلی) بۆ دیاریکردنی هەرێمە ئاووهەواییەکان لەسەر بنەمای کاریگەری گەرمی، دەکەوێتە ژێر پۆلێنی (فێنک و خۆش) کە بە (C1) هێما دەکرێت و بەمانای ئەوە دێت کە ئاووهەوای ناوچەی لێکۆڵینەوە لەبار و گونجاوە بۆ ئەنجامدانی چالاکییە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکان.

6. تێکرای خەرجی خێزان بۆ یەک مانگ بۆ ساڵی (2018) بڕی (1123000) دینارە لە پارێزگای سلێمانی، کە لە پارێزگای دهۆک خەرجی خێزان زیاترە، خەرجی خێزان لەم پارێزگایە (1276000)، وە تێکڕای خەرجی تاک لە پارێزگای سلێمانی بڕی (234000) دینارە.

7. ڕێژەی خاوەندارێتی ئوتومبێل لە (58%) ی ئوتومبێلەکانی پارێزگای سلێمانی لە جۆری تایبەتە، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە ئاستی بژێوی دانیشتوان تارادەیەک بەرزە.

8. سەرنجراکێشترین ناوەندی گەشتیاریی و خۆشگوزەرانی ناوچەی لێکۆڵینەوە لەلایەن گەشتیاران و سەردانیکەران بریتین لە مۆڵەکان بە ڕێژەی (46.3%) و ناوبازاڕی سەنتەری سلێمانی بە ڕێژەی (41%) و پارکی هەواری شار بە ڕێژەی (36.5%) و شەقامی سالم بە ڕێژەی (34.3%) و شاخی ئەزمەڕ و گۆیژە بە ڕێژەی (32.7%) و شەقامی مەولەوی بە ڕێژەی (30.3%) و چاڤی لاند بە ڕێژەی (23.3%) وایکردووە کە ناوچەی لێکۆڵینەوە ببێتە جێگەی سەرنجی گەشتیارانی ناوخۆیی و شارەکانی دیکەی کوردستان و عێراق.

9. گەشتیاران بۆ گەیشتن بە ناوچەی لێکۆڵینەوە بە پلەی یەکەم پشتدەبەستن بە ڕێگای وشکانی بە تایبەتی ئوتومبێل، کە کە بەشێوەیەکی گشتی شاری سلێمانی بە چەند ڕێگایەک بە شارەکانی تری هەرێمی کوردستان دەبەسترێتەوە کە کۆی درێژی ئەو ڕێگایانە (394)کم.

10. گرانی نرخ و زۆری خەرجی لە ناوەندە گەشتیاریی و خۆشگوزەرانییەکان یەکێکە لە بەربەستە سەرەکیەکانی بەردەم گەشتیار، بە ڕێژەی (26.2%).

11. بوونی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی لە ناوچەی لێکۆڵینەوە هۆکارێکە بۆ زیادبوونی ژمارەی گەشتیارانی بیانی و شارەکانی دیکەی عێراق، وە ناوەندی ساڵانەی گەشتیارانی هاتوو لە نێوان ساڵانی (2005-2018) بریتیە لە (138446) گەشتیار.

12. بوونی زنجیرە چیاکانی (گۆیژە و ئەزمەڕ) وایکردووە فراوانبوونی شارەکە بە ئاراستەی باکور و باکوری خۆرهەڵات بوەستێت یاخود سنورداربێت، بەڵام لەڕووی گەشتیارییەوە یەکێکی دیکەیە لە جیاکەرەوەکانی ئەم شارە، کە بۆتە جێگەی سەرنجی گەشتیاران و دانیشتوانەکەی، کە بەدرێژای ساڵ سەردانی دەکەن.

13. پارکە گشتییەکان سەرەڕای ناهاوسەنگی لە دابەشبوونیاندا، پشکی تاک لە پارکەکان (15.3 م٢)ە کە ئەم ڕێژەیەش زۆر نزیکە لە ستانداردی ئەمریکی، کە پشکی تاک (16.2 م٢)ە، وە زۆر زیاتریشە

به بەراورد بە ڕێژەی حکومەتی عێراقی کە پشکی تاک(6.5 م٢)ە، ئەمەش بەهۆی بوونی پارکی هەواری شار کە ڕووبەرەکەی (10000000)م٢، پارکی هەواری شار جگە لەوەی کە پارکێکی هەرێمی گەورەیە، هاوکات لە ڕووی ئیکۆلۆجی و ژینگەییەوە دەتوانرێت ناوی بنێین سی شارەکە.
14. سەرەڕای بوونی شاری یاری کراوە، (12) هۆڵی یاری داخراو هەیە کە وادەکات گەشتیاران زیاتر بە شێوەی خێزانی سەردانی شارەکە بکەن لە ڕۆژە پشوەکان و کاتە بەتاڵاکانیاندا.
15. هەرچەندە شاری سلێمانی بە پایتەختی ڕۆشنبیری ناسێنراوە، بەڵام ژمارەی ناوەندەکانی خزمەتگوزاری ڕۆشنبیری لە پاشەکشەدان ئەویش بەهۆی فەرامۆشکردنیان لەلایەن کاربەدەستانی پەیوەندیداری شارەکەوە و نەبوونی هیچ ستراتیجێکی ڕوون بۆ گەشەپێدانی ئەم بوارە.
16. بونی شانۆی ڕۆمانی لە پارکی هەواری شار هۆکارێکە بۆ هاندانی زیاتری دانیشتوان و گەشتیاران بۆ بەشداریکردنیان لە چالاکییە ڕۆشنبیریەکان کە تیایاندا ئەنجام دەدرێت، وەکو کۆنسێرتی هونەرمەندانی بیانیی و ناوخۆیی و هەروەها کردنەوەی پێشانگای هونەری وێنەکێشان و ئەنجامدانی فیستیڤاڵی کلتوری جۆراوجۆر.
17. شاری سلێمانی کۆمەڵێک مۆزەخانە لەخۆدەگرێت، کە تاڕادەیەک مێژووی شآرستانی کۆن و نوێی شارەکەی تێدا نیشاندراوە، هاوشان لەگەڵ ئەم مۆزەخانانەدا کۆمەڵێک شوێنی کلتوری و کەلەپوری وەکو قەیسەری نەقیب و بەردەرکی سەرا و ماڵی سۆفی کەریم بوونیان هەیە کە دەرخەری ئاستی پێشکەوتووی ئەندازیاری تەلارسازی شارەکەن.
18. چالاکییە وەرزشییەکان بە شێوەیەکی گشتی لە ئاستی سەرەتاییدایە، بەومانایەی کە زۆر کەم لە چالاکییە وەرزشییەکان دەبنە جێی سەرنجی دانیشتوان و گەشتیاران، بۆیە دەتوانین بڵێین ڕۆڵێکی ئەوتۆیان نییە لە ڕووی گەشتیارییەوە، بەڵام بە شیوەیەکی گشتی بوونی چەندین یاریگای گەورە و بچووک کە ژمارەیان (15) یاریگایە پێداویستییەکانی دانیشتوان پڕدەکاتەوە بۆ بەجێگەیاندنی چالاکی ڕۆژانەیان.
19. مەلەوانگەکان و هۆڵەکانی لەشجوانی تاڕادەیەکی باش بەشیوەی هاوسەنگ لە زۆربەی ناوچەکانی شارەکە بوونیان هەیە، کە ژمارەی مەلەوانگەکان (25) دانەیە و (100) هۆڵی لەشجوانیش لە شارەکەدا بوونیان هەیە، ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستیەیە کە دانیشتوانی شارەکە ئاستی هۆشیاریان بەرزە لەڕووی گرنگیدان بە جەستە و تەندروستیان.
20. بەشێک لە گەشتیارانی ناوچەی لێکۆڵینەوە بە مەبەستی سەردانیکردنی ناوەندە ئایینیەکان ڕوودەکەنە شارەکە، وەکو سەردانیکردنی (مەزاری کاک ئەحمدی شێخ و تەکیەی شێخ محمدی کەسنەزانی و خانەقای مەولانە) لەگەڵ ئەوەی هەندێک لە مەزارە کۆنەکان بونیان نەماوە وەکو

مەزاری (شێخ مصطفی شێخ عولا)، سەرەڕای بوونی مەزار و ناوەندەکانی ئایینی ئیسلامی، سێ کەنیسەی ئایینی مەسیحیی لە شارەکەدا بوونی هەیە بەشێوەیەکی فەرمی.

21. ئوتێلەکان ڕوویەکی دیکەی پێشکەوتووی شارەکە پێشاندەدەن، بە بوونی براندی ئوتێلی نێودەوڵەتی وەکو ئوتێل شاری جوان، و بوونی ئوتێلی پێنج ئەستێرە کەژمارەیان (5) دانەیە لە کۆی (74) ئوتێل، بەڵام شێوازی دابەشبوونیان تاڕادەیەک نا هاوسەنگە کە لە ناوەند و ڕۆژئاوای شارەکەن، ئەویش بە هۆی کۆبوونەوەی زۆربەی ئوتێلەکان لەسەر شەقامی سالم و دەروازەی شارەکە کە وای کردووە گەشتیاران و سەردانیکەران زووتر دەستیان پێیان بگات.

22. دانیشتوانی شارەکە بە شێوەیەکی زۆر دووبارە سەردانی ڕێستۆرانت و خواردنگە و کافتریاکان دەکەن، ئەمەش وایکردووە کە ژمارەیەکی زۆر ڕێستۆرانت و خواردنگە و کافتریا بوونیان هەبێت کە ژمارەی ریستۆرانتەکان (114) و کافتریاکان (235) و خواردن و خواردنەوە (109)دانەن، کە بەشێوەیەکی هەڕەمەکی و ناهاوسەنگ لە شارەکەدا دابەشبوون، ئەوەی شایەنی باسە ڕێستۆرانت و خواردنگە و کافتریا گەشتیارییەکان زیاتر لە بەشی ڕۆژئاوا و ناوەندی شارەکە بوونیان هەیە، بە پێچەوانەوە لە بەشی باشور و ڕۆژهەڵاتی شارەکە هیچ یان ژمارەیەکی کەم لەم جۆرە ڕێستۆرانت و خواردنگە و کافتریایانە بوونیان هەیە، بەهۆی ئەوەی ئەم ناوچانە زیاتر شوێنی نیشتەجێببونی دانیشتوان و ناوچەی پیشەسازین .

23. هۆڵی بۆنەکان ئەو شوێنانەیە کە دانیشتوانی شارەکە بۆ سازدانی بۆنە کۆمەڵایەتییەکان بەکاریدەهێنن، ژمارەیان (21) هۆڵەو هاوشێوەی زۆرینەی ناوەندە خزمەتگوزارییەکانی دیکەی گەشتیاری و خۆشگوزەرانی دەکەونە بەشی ڕۆژئاوا و ناوەندی شارەکە.

24. سەرەڕای بوونی چەندین مۆڵی قەبارە جیاواز پێنج مۆڵی گەورە لە شارەکە بوونیان هەیە، کە ڕۆڵێکی کاریگەریان هەیە لە چالاککردنی جولەی گەشتیاری و ڕاکێشانی گەشتیاران، بەهۆی پێشکەشکردنی ئاسانکاری زۆر و کۆبوونەوەی خزمەتگوزارییە جۆراوجۆرەکان تیایاندا، شێوازی دابەشبوونیان بە هێڵێک دەستپێدەکات لە باشوری شارەکە بەرەو ناوەند لەوێشەوە بەرەو ڕۆژئاوای شارەکە.

25. بە شێوەیەکی گشتی دابەشبوونی خزمەتگوزارییە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکان زیاتر لە بەشی ناوەندی شارەکە بەرەو ڕۆژئاوای شارەکە چڕبوونەتەوە، چونکە شەقامی سالم نزیک گەڕەکی عەقاری کە بە (سەهۆڵەکە) ناسراوە لەگەڵ ناوجەرگەی شاڕ کە بە (CBD) ناسراوە زۆربەی خزمەتگوزارییەکان لەخۆی دەگرێت، و بونی سەرچنار لە رۆژئاوای شارەکە کە ناوچەیەکی گەشتیاری دێرینە، وایکردووە گەشتیاران و دانیشتووانی شار بەتایبەت گەنجان تیایدا کۆببنەوە بۆ بەسەربردنی کاتەکانیان.

26. گەشتیارانی دەرەکی  بە شێکی تاڕادەیەک باشیان لە ژمارەی گەشتیاران پێکهێناوە، بە شێوەیەک کە (31.3%)ی کۆی سەرجەم گەشتیارانن، بەتایبەتی گەشتیارانی ئێرانی کە ڕێژەیان (23.9%)ی گەشتیارانی دەرەکین، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نزیکی و بوونی سنووری هاوبەش کە نزیکترین خاڵی سنووری شاری سلێمانی لەگەڵ وڵاتی ئێران (45)کم، لە پاش ئەنجامدانی شیکارکردنی داتاکان بەپێی هاوکۆلکەی پەیوەندییەکان (pearson ) دەرکەوت، کە پەیوەندییەکی ڕاستەوانە هەیە لەنێوان شوێنی نیشتەجێبوون و شوێنی بەسەربردنی کاتەکانی پشوو بە نرخی (0.26)، بەشێوەیەک گەشتیاران لەنزیکی شاری سلێمانی زیاتر ئارەزوو دەکەن کاتەکانی پشوویان لەشارەکە ببەنەسەر، بەڵام بە دوورکەوتنەوە لە شارەکە ڕێژەکە کەمتر ئەبێتەوە.

27. هەرچەندە بەشداریکردنی ڕەگەزی نێر زیاترە  و ڕێژەیان (58.4%)ە بە بەراورد بە ڕەگەزی مێ کە ڕێژەیان (41.6%)ە، بە جیاوازیەکی کەم کە ئەمەش دووبارە دەرخەری ئەوەیە، کە تاڕادەیەک ئاستی هۆشیاری و ڕۆشنبیری دانیشتوانی شارەکە بەرزە.

28. خوازراوترین چالاکی گەشتیاری و خۆشگوزەرانی باخچەی گشتی (پارک)ە، بۆ ڕەگەزی نێر بە ڕێژەی (39%) لە بەرامبەردا هەریەک لە مۆڵ و سەیرانگا بە پلەی یەکەم دێت لە لای رەگەزی مێ بە ڕێژەی (40%)،باخچە و پارک لە دوای ئەوان دێت بەرێژەی (36%)، سەیرانگا بە پلەی دووەم بە رێژەی (34%) ومۆڵەکان بە ڕێژەی (33%) پلەی سێیەم دەبێت بۆ ڕەگەزی نێر.

29. ڕەگەزی مێ بە شێوەیەکی گشتی لەگەڵ خێزانەکانیان گەشت دەکەن بە ڕێژەی (80.8%)، لە بەرامبەردا ڕەگەزی نێر (56.6%) بە شێوەی خێزانی گەشت دەکەن، ئەم جیاوازییە زۆرەش دەگەڕێتەوە بۆ چەندین هۆکار لەوانە ، نێر ئازادی زیاترە و خاوەنی ئابووری سەربەخۆ و کاریگەری دابونەریتی کۆمەڵگە.

30. تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە هۆکارە سەرەکییە کاریگەرەکانن بۆ گەیاندنی زانیاری گەشتیاری بە گەشتیاران بە ڕێژەی (65%).

31. ئاووهەوای خۆش و دیمەنی سروشتی دڵڕفێن لە هۆکارە سەرەکییەکانی سەرنج ڕاکێشانی گەشتیارانن لە ناوچەی لێکۆڵینەوە بەرێژە(63.45%) و (62.98%)  بە دوایی یەکدا، باشی و بەرزی ئاستی خزمەتگوزاری ناوەندە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکان نەبۆتە فاکتەرێک بۆ ڕاکێشانی سەرنجی گەشتیاران، کە ڕێژەکەی تەنها (20.1%).

32. بە پێی هەڵسەنگاندنی خزمەتگوزارییە گەشتیاریی و خۆشگوزەرانییەکان لە ناوچەی لێکۆڵینەوە بۆ ساڵی (2019) گەیشتینە ئەم ئەنجامانە :

له ئێستادا (4) سینەما بوونی هەیە، پێویستی شارەکە بە پێی پێوەرەکان دەبێت (15) هۆڵی سینەما بوونیان هەبێت، وە بۆ ساڵی (2029) بەپێی ڕێژەی گەشەی دانیشتووانی (نزم و مامناوەند و بەرز) (25,21,18) پێویستە بەدوای یەکدا، و بۆ ساڵی (2039) (37,28,21) پێویستە بەدوای یەکدا.

له ئێستادا (3) کتێبخانە بوونی هەیە لە شارەکەدا ، پێویستی شارەکە بە پێی پێوەرەکان دەبێت (19) کتێبخانە هەبێت، وە بۆ ساڵی (2029) بەپێی ڕێژەی گەشەی دانیشتووانی (نزم و مامناوەند و بەرز) (30,26,22) پێویستە بەدوای یەکدا، و بۆ ساڵی (2039) (46,35,26) پێویستە بەدوای یەکدا.

له ئێستادا (3) شاری یاری بوونی هەیە لە شارەکەدا ، پێویستی شارەکە بە پێی پێوەرەکان دەبێت (19) شاری یاری هەبێت، وە بۆ ساڵی (2029) بەپێی ڕێژەی گەشەی دانیشتووانی (نزم و مامناوەند و بەرز) (30,26,22) پێویستە بەدوای یەکدا، و بۆ ساڵی (2039) (46,35,26) پێویستە بەدوای یەکدا.

له ئێستادا (15) یاریگا هەیە لە شارەکەدا ، پێویستی شارەکە بە پێی پێوەرەکان دەبێت (25) یاریگا هەبێت، وە بۆ ساڵی (2029) بەپێی ڕێژەی گەشەی دانیشتووانی (نزم و مامناوەند و بەرز) (40,34,30) پێویستە بەدوای یەکدا، و بۆ ساڵی (2039) (62,46,34) پێویستە بەدوای یەکدا.

چەندین ناوەندی گەشتیاریی و خۆشگوزەرانی بە پێی پێوەرەکان لە ئێستادا لەبری پێویستی دانیشتوان زیاترن، بۆ نمونە (2) هۆڵی شانۆ زیادە و (37) رێستۆرانت و (46) کافتریا و (33) هۆڵی لەشجوانی و (6) مەلەوانگە بەپێی داتاکانی ژمارەی دانیشتوان بۆ ساڵی (2019) کە (768058) کەسن.

# پێشنیار

# پێشنیار

1. دانانی سیستمێکی داتابەیسی ناوەندی، کە گشت داتا و زانیاریەکانی ڕەگەزەکانی ئاووهەوا بەشێوەیەکی وردتر تۆمار بکات، لەگەڵ دروستکردنی سیستمێکی پێشکەوتووی زیرەک بۆ دروستکردنی ڕاپۆرت و وەرگرتنەوەی ئەنجامی وردتری شیکاری ڕاستەوخۆ لەسەر داتا و زانیارییەکان، چونکە ئەوەی لە ئێستادا هەیە ڕێژەی ئەگەری ڕودانی هەڵەی زۆرە.

2. دروستکردنی سیستمێکی ناوەندی کە گشت دامەزراوە پەیوەندیدارەکان بە گەشتیار و خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی و گشت خزمەتگوزارییەکانی دیکە بەیەکەوە دەبەستێت، وە بە شێوازی سەردەمیانە زانیارییە پەیوەندیدارەکان لەسەر ناوەندە خزمەتگوزارییەکان تۆماربکرێت، بۆئەوەی هەتا بتواندرێت لە داهاتوودا ئەم داتا و زانیاریانە بکرێتە بنچینە بۆ داڕشتنی پلانی ستراتیجی بۆ پەرەپێدانی کەرتی گەشتیاری و خۆشگوزەرانی و کەرتەکانی دیکە، کە ئەمەش دەبێتە سەرەتایەک بۆ بە دامەزراوەکردنی گشت بەشەکانی ئەم کەرتە و هاوتاکردنەوەیان بە ستاندارده جیهانییەکانەوە.

3. لەبری دروستکردنی چەند باڵەخانەیەک بۆ کتێبخانەکان، بیر لە دروستکردن و دامەزراندنی کتێبخانەی ئەلکترۆنی گەورە بکرێتەوە، بەمەش نەک سلێمانی بەڵکو سەرانسەری کوردستان سودی لێدەبینێت، وە بەهەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا ئەم دامەزراوە ئەلکترۆنییە ببێتە سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوی پشتڕاستکراوەی زانیارییەکان.

4. هەوڵدان بۆ جێگیرکردنی گشت ناوەندە خزمەتگوزارییە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە لەسەر ئەپڵیکەیشنەکانی (Sygic, Maps me, Google map) و هاوشێوەکانی، کە لەئێستادا لە لایەن زۆرینەی گەشتیارانی دەرەکی و تەنانەت ناوخۆیش بەکاردەهێنرێت وە تازەکردنەوەیان بەشێوەیەکی خولاو.

5. گرنگیدانی زیاتر بە لایەنی ڕۆشنبیری و زیندوکردنەوەی کلتور و کەلەپوری شارەکە لە ڕێگەی سازدانی بۆنەو ڤیستیڤاڵ، بۆ نموونە دانانی هەفتەیەک بەناوی هەفتەی سلێمانی کە لەوهەفتەیەدا هەوڵبدرێت چالاکی جۆراوجۆری ڕۆشنبیری و کلتوری و وەرزشی ئەنجام بدرێت، لەوەش گرنگتر ئامادەباشی بۆ بکرێت لە ڕێگەی بە بازاڕکردنێکی هاوچەرخەوە.

6. بەرزکردنەوەی ئاستی زانیاری و لێهاتوویی دەستی کاری خۆشگوزەرانی و گەشتیاری لە ڕێگەی کردنەوەی خولی مەشق و بەهێزکردنی توانا مرۆییەکان لەم بوارەدا.

7. گرنگیدان بە باشترکردنی ڕێگاوبانەکان و دابینکردنی هۆکاری گواستنەوەی گشتی لە دەروازەی شارەوە بۆ ناوەندەکانی خزمەتگوزارییە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکان.

8. بنیاتنانی پارک و سەیرانگا و شاری یاری مۆدێرن لە ڕێگەی وەبەرهێنانەوە لە بەشی ڕۆژهەڵاتی شارەکە و بەستنەوەی ئەم پرۆژانە لە ڕێگەی تەلەفریکەوە بە ناوچە بەرزاییەکانی شاخی گۆیژەوە.
9. تەرخانکردنی ڕووبەرێکی دیاریکراو لە بەشی باشوری ڕۆژهەڵات یان باشوری ناوچەی لێکۆڵینەوە، بە مەبەستی ئەنجامدانی پێشبرکێ و نمایشی ئوتومبێلی وەرزشی، وەبەرهێنەران و سەرمایەدارانی ( بیانی و ناوخۆیی) هانبدرێن بۆ بەئەنجامگەیاندی، وە تێیدا چالاکی و ئیڤێنتی مانگانە و وەرزی تێدا ساز بکرێت بۆ ڕاکێشانی سەرنجی زیاتری گەشتیارانی ناوخۆیی و دەرەکی.
10. هاندانی کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت بۆ وەبەرهێنان لە کەرتی گەشتوگوزاری لە ڕێگەی لێخۆشبوون و کەمکردنەوەی باج و پێشکەشکردنی ئاسانکاری دامەزراوە حکومییەکان بۆ وەبەرهێنەر، بە مەرجگرتنی هۆکارە کۆمەڵایەتی و ئابووری و ژینگەیی و ئارەزووەکەسییەکان لە کاتی دانانی پلانی خزمەتگوزاری گەشتیاری و خۆشگوزەرانی.
11. هەوڵدان بۆ دروستکردنی بەنداوێکی هاوچەرخ و دروستکردنی شاری یاری ئاوی لە بەشی باشوری شارەکە و هاندانی سەرمایەداران و وەبەرهێنەران بۆ بنیاتنانی پرۆژە خزمەتگوزارییە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکان لەم بەشەی شارەکەدا، یاخود دروستکردنی دەریاچەیەکی دەستکرد بەسود وەرگرتن لە سەرچاوە ئاویەکان و کارێزەکان و ڕێگەیەکیش بێت بۆ کۆکردنەوەی ئاوی باراناو، هەتا بتوانرێت لە وەرزی هاویندا سودی لێوەربگیرێت بۆ مەبەستی ئاوی خواردنەوە و بکرێتە ناوچەیەکی گەشتیاریش.
12. هەوڵدان بۆ ناساندنی زیاتری ناوەندە ئایینیەکان لە ڕێگەی سازدانی کۆڕ و کۆبوونەوەی گەورە لە بۆنە ئایینیەکاندا، وە بانگهێشتکردنی کەسایەتیە گەورە و ناودارە ئایینیە جیهانییەکان بە تایبەت لە هەردوو ڕێباز و تەریقەتی نەقشبەندی و قادری، بەهەمان شێوەش بۆ سەرجەم ئایین وئاینزاکانی تری شارەکە.
13. بە پشتبەستن بە داتاکانی ڕاپرسییەکە، دەبێت هەوڵبدرێت بۆ ڕێکخستنەوە و یەکخستنی نرخەکان لە گشت ناوەندە گەشتیارییەکان لە پێناو دابینکردنی هەستی دڵنیایی و زیاتر دروستکردنی متمانە لەلای گەشتیاران و سەردانیکەرانی ناوەندە گەشتیاری و خۆشگوزاریەکانی شارەکە.
14. بە مەرجگرتن و دانان و هەبوونی ڕاوێژکاری تایبەتمەند لە بواری گەشتیاری و خۆشگوزاری لە ناوەندە گەشتیاری خۆشگوزەرانییەکان.
15. هەوڵدان بۆ دروستکردنی پلانێکی ستراتیجی مامناوەند و درێژخایەن لە بواری گەشتیاری و خۆشگوزەرانی و دیاریکردنی ئامانجی گەشتیاری، بە پشتبەستن بە گەشە و زۆربوونی ژمارەی دانیشتووانی شاری سلێمانی بە شێوەیەک کاربکرێت بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییان بۆ خزمەتگوزارییەکان ، سەرلەنوێ دابەشکردنەوەی خزمەتگوزارییەکان بۆ فەراهەمکردنی هاوسەنگی دەبەشبوونی خزمەتگوزارییەکان لەسەرجەم ناوچەکانی شارەکەدا.

# لیستی سەرچاوەکان

## لیستی سەرچاوەکان

### یەکەم: سەرچاوە کوردییەکان:

**کتێب**


1. بابان، جمال، و ئەوانی تر, سلێمانی شارەگەشاوەکەم، بەرگی سێیەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، 2012.
2. بابان، جمال، سلێمانی شارە گەشاوەکەم، بەرگی یەکەم و دووەم، چاپی دووەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، 2012.
3. بابان، جمال، سلێمانی شارە گەشاوەکەم، بەرگی چوارەم، چاپی دووەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، 2012.
4. بابان، جمال، سلێمانی شارەگەشاوەکەم، بەرگی چوارەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، 2012.
5. بابان، جمال، سلێمانی شارە گەشاوەکەم، بەرگی چوارەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2002.
6. بابان، جمال، سلێمانی شارە گەشاوەکەم، بەرگی یەکەم و دووەم، دەزگای ئاراس، هەولێر، چاپی دووەم، 2012.
7. ڕەشە، ئەکرەمی محمودی صالحی، شاری سلێمانی (200ساڵ)، بەرگی یەکەم، بەبێ چاپ و چاپخانە و ساڵی چاپ، سلێمانی.
8. ڕەشە، ئەکرەمی ساڵحی، شاری سلێمانی، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، سلێمانی 2015.
9. ڕەشە، ئەکرەمی صالحی، شاری سلێمانی، چاپخانەی رەهەند، بەرگی پێنجەم، چاپی یەکەم، 2018.
10. ڕەشە، ئەکرەمی محمودی صالحی، شاری سلێمانی، دار الحریة للطباعة، جزء الاول، 1987 .
11. ڕەشە، ئەکرەمی صالحی، شاری سلێمانی، بەرگی دووەم، چاپخانەی ڕەهەند، سلێمانی، 2015.
12. ساڵح، رەفیق، سەرجەمی بەرهەمی محەمەد ئەمین زەکی بەگ/تاریخی سلێمانی وە وڵاتی، توێژەر محمد ئەمین زەکی بەگ، چاپی دووەم، بەرگی سێیەم، 2005.
13. سید قادر، شاهۆ عسمان، مێژووی خوێندن و فێربون لە کڵێسەی سلێمانی، نامیلکە، 2020.


**نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرا**


1. احمد، ئامانج جلال، شیکردنەوەی جوگرافی بۆ توانستەکانی گەشەپێدانی گەشتوگوزار لە قەزای دوکان، نامەی ماستەر (بڵاونەکراوە)، زانکۆی کۆیە، فاکەڵتی پەروەردە، 2012.
2. توفیق، هەڵبەست عبدالرحمن، توانستە جوگرافیەکانی گەشەپێدانی گەشتوگوزاری لە قەزای مێرگە سوور، نامەی ماستەر(بڵاو نەکراوە)، زانکۆی صلاح الدین، کۆلێژی ئەدەبیات، 2012، لا39.

3. حسين، بختيار احمد، ناوچە سەوزاییەکانی ناو شاری سلێمانی ( لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای شار)، تێزی ماجستێر (بڵاو نەکراوە)، زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتیەکان، بەشی جوگرافیا، 2010.

4. حمە علي، هەردی عبدالرحمان، دابەشبوونی خزمەتگوزاریی فێرکاری لەشاری هەڵەبجە، نامەی ماستەر( بڵاونەکراوە)، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتیەکان، بەشی جوگرافیا، 2016.

5. حمە، سروە جلال، گۆڕانکاری دانیشتوان لە پارێزگای سلێمانی لە ماوەی نێوان ساڵانی (1977-2012) دا (لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای دانیشتوان)، تێزی دکتۆرا (بڵاو نەکراوە)، زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتیەکان، بەشی جوگرافیا، 2019.

6. رشید، شیروان عمر ، بنەما جوگرافیەکانی پەرەپێدانی گەشتوگوزار لە پارێزگای سلێمانی، تێزی دکتۆرا (بڵاونەکراوە)، زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان، بەشی جوگرافیا، 2011.

7. رشید، شیروان عمر، بنەماکانی جوگرافیای سروشتی دروستبوون و گەشەپێدانی گەشتوگوزار لە پارێزگای سلێمانی، نامەی ماستەر(بڵاونەکراوە)، زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتیەکان، بەشی جوگرافیا، 2006.

8. عزالدین، ئارام رضا، کاریگەری ئاووهەوا لەسەر حەوانەوەی مرۆڤ (بەراوردێک لە نێوان قەزای چەمچەماڵ و قەزای پێنجوێن)، نامەی ماستەر (بڵاونەکراوە)، زانکۆی ڕاپەڕین، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان، 2017.

9. مارف، شەماڵ علی، بنەما جوگرافیەکانی پلاندانانی گەشتیاری لە قەزای هەڵەبجەی شەهید، نامەی ماستەر(بڵاونەکراوە)، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتیەکان، بەشی جوگرافیا، 2014.

10. محمد، شاد حمید، ڕادەی گونجاندن لە نێوان پلانی شاری سلێمانی و توانای تۆڕی شەقامەکانی، نامەی دکتۆرا (بڵاونەکراوە)، زانکۆی سلێمانی،کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتیەکان، بەشی جوگرافیا، 2019.

11. محمد، محمد وتمان، بنەما جوگرافیەکانی پلاندانانی گەشتیاری لە قەزای شارباژێر(لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای گەشتوگوزاری)، نامەی ماستەر(بڵاونەکراوە)، زانکۆی سلێمانی، سکوڵی زانستە مرۆڤایەتیەکان، بەشی جوگرافیا، 2015.

12. مصطفی، ڕێباز لقمان، توانستە جوگرافییەکانی پلاندانان و گەشەپێدانی گەشتوگوزار لە قەزای پێنجوێن بە بەکارهێنانیGIS، نامەی ماستەر (بڵاونەکراوە)، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتیەکان، بەشی جوگرافیا، 2016.

13. نجم الدین، هدی صباح، هەڵسەنگاندنی بنەما جوگرافیەکانی گەشەپێدانی گەشتوگوزاری لە قەزای شەقڵاوە (لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای گەشتوگوزاری)، نامەی ماستەر(بڵاونەکراوە)، زانکۆی صلاح الدین، کۆلێجی ئەدەبیات، 2012.

14. یوسف، ئەژین ئەنوەر، توانستە سروشتیەکانی پلاندانان و گەشەپێدانی گەشتوگوزار لە ناوچە شاخاویەکانی ئیدارەی ڕاپەڕین (لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای گەشتوگوزار)، نامەی ماستەر (بڵاونەکراوە)، زانکۆی ڕاپەڕین، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان، 2017.

### گۆڤارەکان

1. قادر، سعید عباس، تەکیەی مزگەوتی گەورەی سلێمانی، گۆڤاری سلێمانی، ئەیلول و تشرینی یەکەمی ٢٠٠٧، ژمارە ٨٥.

### نوسراو و بڵاوکراوە حکومییەکان

1. بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، داتای خەرجی مانگانەی خێزان لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و عێراق، بۆساڵی 2018، زانیاری بڵاونەکراوە.
2. بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی سلێمانی – بەشی ئامار، بەرواری 2020/2/24.
3. بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، ئاماری ڕێژەی کرێچینشینان لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، بۆ ساڵی 2012، زانیاری بڵاونەکراوە.
4. بەریوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەری سلێمانی، زانیاری بڵاونەکراوە، 2020/2/23.
5. دەزگای گشتی گەشتوگوزاری سلێمانی، نیگایەک بۆ کوردستان، بەبێ شوێنی چاپ، 2006.
6. وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی، بەڕێوەبەرایەتی باخچەکان، زانیاری بڵاونەکراوە، 2019.
7. وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، بەرێوەبەرایەتی گشتی گەشتوگوزاری سلێمانی، بەرێوەبەرایەتی کاروباری گەشتیاری، زانیاری و داتای بڵاونەکراوە، 2019.
8. وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی، بەڕێوەبەرایەتی باخچەکان، زانیاری بڵاونەکراوە، 2020/1/26.
9. وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی، بەڕێوەبەرایەتی باخچەکانی سلێمانی، زانیاری بڵاونەکراوە، ئاماری ساڵی 2020.
10. وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی، بەڕێوەبەرایەتی باخچەکانی سلێمانی، زانیاری بڵاونەکراوە، ئاماری ساڵی2019، لە 2020/1/26 وەرگیراوە.

## دووەم: سەرچاوە عەرەبیەکان:

### کتێب

1. ابوحجر، امنة، الجغرافية السياحية، دار اسامة للطباعة والنشر و التوزيع، الطبعة الاولى، عمان-الاردن، 2011.

2. الزوكه، محمد خميس، صناعة السياحة من منظور الجغرافي، دار المعرفة الجامعية، السكندرية، 1990.

3. أناتولي، ريمشا، تخطيط و بناء المدن في مناطق الحارة، ترجمة دكتور داود سليمان المشير، دار (مصر) للطباعة و النشر، موسكو، 1977.

4. الهيتي، مازن عبدالرحمن، جغرافيا الخدمات اسس ومفاهيم، مكتبة المجتمع العربي للنشروالتوزيع، الطبعة الاولى، الاردن، 2013.

5. بن غضبان، فؤاد، جغرافية الخدمات، دار اليازوري العلمية، الاردن، 2013.

6. بن غضبان، فؤاد، السياحة البيئية المستدامة بين النظرية والتطبيق، دارالصفاء للنشر والتوزيع-عمان، 2015.

7. بن غضبان، فؤاد، الخدمات الحضرية برؤية جغرافية معاصرة، الطبعة الاولى، دار المنهجية، عمان، 2015.

8. على صفر، زين العابدين، تخطيط المدن(اسس ومفاهيم وتطبيقات)، دار الوضاح للنشر، عمان، لطبعة الاولى، 2015.

9. لطيف، بشيرابراهيم، وأخرون، خدمات المدن (دراسة في الجغرافية التنموية)، المؤسسة الحديثة للكتاب، الطبعة الاولى، طرابلس- لبنان، 2009.

10. موسى، على حسن، المناخ و السياحة، دار الانوار، الطبعة الاولى، ديمشق، 1997.

**ب) نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرا**

1. ابو زيد، جعفر محمد مصطفى، الخدمات السياحية والترفيهية في مدينة الخرطوم واقليمها، دراسة في الجغرافية المدن، رسالة ماجستير (غير منشورة)، كلية التربية –ابن رشد-، جامعة بغداد، بغداد، 1999.

2. احمد، ديارمحمد، تحليل وتخطيط الخدمات المجتمعية في مدينة شقلاوة(دراسة في جغرافية الخدمات)، رسالة ماجستير (غيرمنشورة)، جامعة صلاح الدين، قسم الجغرافية، 2014.

3. الربيعي، سعد عبيد جودة، الخدمات الترفيهية و السياحية في مدينة بغداد (دراسة في جغرافية المدن)، رسالة دكتۆراه (غيرمنشورة)، كلية الآداب، جامعة بغداد، 1991.

4. الياسرى، اوراس غنى عبدالحسين، أستخدام المعاير المناخية (دراسة تطبيقية علي محافظة نينوى)، رسالة ماجستير (غيرمنشورة)، كلية التربية للبنات، جامعة بغداد، 2003.

5. بن صالح، محمد حزام صالح، الترفيه والسياحة في مدينة ومحافظة صنعاء(دراسة في حغرافية السياحة)، رسالة ماجستير (غيرمنشورة)، جامعة بغداد، كلية التربية آبن رشد، قسم الجغرافية، بغداد، 1999.

6. بهاءالدين، جوان بختيار، وظائف المزارات الدينية (دراسة انثروپولجية في محافظة السليمانية)، اطرحة دكتورا(غيرمنشورة)، جامعة السليمانية، كلية العلوم الانسانية، قسم الاجتماع، 2010.
7. حسين، صباح سعيد، التنمية السياحية في المنطقة الجبلية بأقليم كردستان العراق، رسالة ماجستير (غير منشورة)، كلية الآداب، جامعة المنصورة، 2014.
8. زكريا و أبو الليل، محمد محمد، جبر، التحليل الجغرافي لدرجات الحرارة في الضفة الغربية دراسة تطبيقية باستخدامGIS ، رسالة ماجستير (غيرمنشورة)، قسم الجغرافيا بكلية الآداب في الجامعة الاسلامية بغزة- فلسطين، 2012.
9. سعيد، كامران طاهر، توسع مدينة السليمانية بتأثيرالأثر الحضري، أطروحة دكتوراه (غيرمنشورة)، جامعة سليمانية، كلية علوم الأنسانية، قسم الجغرافية، 2011.
10. شريف، ازاد جلال، مناخ منطقه اربيل، اطروحة دكتورا (غير منشورة)، كلية الاداب، جامعة صلاح الدين، 1998.
11. عبدالحق، جمال عبداللطيف احمد، توزيع و تخطيط الخدمات و المرافق السياحية في مدينة أريحا، رسالة ماجستير (غير منشورة)، كلية الدراسات العليا بالجامعة النجاح الوطنية في نابلس، فلسطين، 2009.
12. كريم، لقمان صالح، مظاهرالتلوث البيئي وانعكاساتها على مجتمع المدينة (دراسة ميدانية في مدينة سليمانية)، اطرحة دكتوراه (غير منشورة)، كلية علوم الانسانية، جامعة سليمانية، 2014.
13. محمد شارباذيرى، على عثمان، واقع تصاميم الحدائق والمتنزهات لمدن اقليم كردستان العراق(دراسة نقدية وتحليلية)، اطرحة دكتوراه مقدمة الى مجلس كلية الزراعة، جامعة السليمانية، (رسالة غير منشورة)، 2009.
14. وهاب، سروه دشتى، التحليل الجغرافى للمواقع الترفيهية في مدينة اربيل(دراسة ميدانية)، رسالة ماجستير(غيرمنشورة)، جامعة صلاح الدين، كلية الآداب، قسم الجغرافية، اربيل، 2004.

**ت) گۆڤارەکان**

1. انباري، محمد على، لادن طه محمد و اشراق طاهر الاعرجي، تقيم الواقع الاخضر لمدينة الحلة و سياسات التحضير المطلوبة، مجلة البحوث الجغرافية، عدد (٢٠)، 2014.
2. حسين، بيان علي، تحديد نطاق تأثير المراكز الصحية فى مدينة السليمانية عام 2018 بأستخدام نظم المعلومات الجغرافية، مجلة(جامعة السليمانية) القسم( (Bللدراسات الانسانية، العدد( 59)، 2019.
3. عبداللطيف، ندى ياسر عبدالمعطي، توظيف السينما في المجال السياسي و اثره علي الوعي السياسي في المجتمع المصري في الفترة 2012 الي 2018، مجلة اضواء للبحوث والدراسات، 2019.
4. داشور، علي و زينب، جعفر طالب أحمد، السياحة الدينية وأثرها في الدخل القومي العراقي، جملة الكوت للعلوم االقتصادية والادارية، منشورات جامعة واسط، الجزء الاول، 2012 .

5.عەلی, خالد. (أثر الإرهاب على القطاع السياحى (إقليم كردستان العراق أنموذجاً .(*گۆڤاری زانكۆی گەرمیان* 2018; 5(1): doi: 10.24271/garmian.312 .

6. مختار، د.محمد ابو الحسن القاسم، تطبيق قرينة ثوم الحرارية على راحة الانسان في مدينة الاحساء بلمملكة العربية السعودية، المجلة العلمية لجامعة امام المهدي، العدد (10)، 2017.

## سێیەم: سەرچاوە ئینگلیزیەكان:

### أ) كتێب

1. Boniface, B., Cooper, R., & Cooper, C. Worldwide Destinations: The Geography Of Travel And Tourism. Routledge,7th Ed. 2016.

2. Camilleri, M. A. The Tourism Industry: An Overview. In Travel Marketing, Tourism Economics And The Airline Product. Cham, Switzerland: Springer Nature. 2018.

3. Christian Gronross. Service Management And Marketing Massachusetts: Lexington Books, 1990.

4. Graburn, Nelson HH. "(Ryan) Recreational Tourism: A Social Science Perspective (Book Review)." Anthropological Quarterly 66, No. 2 1993.

5. Grönroos, Christian. Service Management And Marketing, 3rd Ed. John Wiley, Delhi. 2007.

6. Grzywacz, R., & Żegleń, P. Principles Of Tourism And Recreation. Wydawnictwo Uniwersytetu Rzeszowskiego. 2014.

7. Guzowska, A., Napierała, M., Pezala, M., Cieślicka, M., & Zukow, W. Feeding A Healthy Lifestyle As The Element In The Opinion Young People Of The Team Of Building Schools Named Of Jurij Gagarin In Bydgoszcz. Current Problems Of Advertisement And Image In Economy And Tourism, 2012.

8. Introduction To Community Recreation (Prepared For The National Recreation As Sociation), George D.Butle, First Edition, Mc Graw-Hill Book Company, Inc. Newyork And London, Printed In The United States Of America, 1940.

9. Kotler, Philip, Kevin Lane Keller, Abraham Koshy And Mithileshwar Jha. Marketing Management, 13th Ed. Dorling Kindersley, New Delhi. 2009.

10. Middleton, V. T., & Hawkins, R. Sustainable Tourism: A Marketing Perspective. Routledge. 1998.

11. Page, S. J., & Hall, C. M. The Geography Of Tourism And Recreation: Environment, Place And Space. Routledge, 2014.

12. Westcott, M. (Ed.). Introduction To Tourism And Hospitality In BC. Victoria, BC: Bccampus. 2015. Retrieved From Https://Opentextbc.Ca/Introtourism/Ch.1.

### ب) نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرا

1. Babakr, Sangar Abdalla Babakr. Tourism Sector And Its Impact On Economic Development In Sulaymaniyah Province: An Economic Study Of The Period 2007–2016. Ms Thesis. Siirt Üniversitesi, 2018.

2. Chya Kadir Rashid, Study Of The Natural Components Of Hawary Shar Park In Sulaymaniyah City, Mster Thesis, Faculty Of Agricultural Sciences University Of Sulaimani,2014.

3. Emnider, F. A., & Elobidi, S. F. Basic Health Centers In The Zliten Region" Study In The Geography Of Services" (Doctoral Dissertation, University Of Benghazi), 2018.

4. Fattah, Othman Tawfeeq. "Evaluating Learning Outcomes. Ma In Museum Studies University Of Leiceste"2013.

5. Gaillard, X. The Museumification Of Prisons In Tehran And Sulaymaniyah: Power, Collective Memory And Hegemony (Doctoral Dissertation, Middle East Technical University), 2019.

### ت) گۆڤار و کۆنفرانس

1. Dr. Ali Khair Allah Rahim, “The Effects Of Weather Changes In Some Environmental Diseases Al Sader City As A Sample”, Route Educational & Social Science Journal Volume 6(3); February 2019,

2. Lagrosen, S., & Lagrosen, Y. Management Of Service Quality–Differences In Values, Practices And Outcomes. Managing Service Quality: An International Journal. 2003.

3. Gibson, H. J., Kaplanidou, K., & Kang, S. J. Small-Scale Event Sport Tourism: A Case Study In Sustainable Tourism. Sport Management Review, 15(2), 2012.

4. International Tourism Highlits- Edition 2019.

5. J. Dumazedier, Vers Une Civilisation Du Loisir?, Edition De Seuil, Paris ,1962.

6. Kurtzman, J., & Zauhar, J. A Wave In Time-The Sports Tourism Phenomena. Journal Of Sport Tourism, 8(1), 2003.

7. Mokras-Grabowska, J. New Urban Recreational Spaces. Attractiveness, Infrastructure Arrangements, Identity. The Example Of The City Of Łódź. *Miscellanea Geographica*, *22*(4), 2018.

8. Al-Manmi, Diary Ali Mohammed Amin. "Environmental Isotopes And Stochastic Modeling Study To Evaluate Tabin And Sarchnar Springs, Kurdistan Region-Iraq." Journal Of African Earth Sciences 147, 2018.
9. Carlsen, P. J. A Review Of Global Wine Tourism Research. Journal Of Wine Research, 15(1), 2004.
10. Cockrell-Abdullah, A. Constituting Histories Through Culture In Iraqi Kurdistan. Zanj: The Journal Of Critical Global South Studies, 2018.
11. De Lira, Á. M., Espuny, H. G., Neto, P. L. D. O. C., & De Araújo Lopes, R. Health Tourism As An Inducer Of Economic And Social Development In Teresina City. In Ifip International Conference On Advances In Production Management Systems. Springer, Cham. 2016.
12. Moeller, S. Characteristics Of Services–A New Approach Uncovers Their Value. Journal Of Services Marketing, 24(5), 2010.
13. Parasuraman, A., Zeithaml, V. A., & Berry, L. L. A Conceptual Model Of Service Quality And Its Implications For Future Research. Journal Of Marketing, 1985.
14. Pearce, Douglas G. “Towards A Regional Analysis Of Tourism In Southeast Asia”, In Peggy Teo, T.C. Chang And K.C. Ho Interconnected Worlds: Tourism In Southeast Asia. Amsterdam: Pergamon, 2001.
15. Bryson JR, Sundbo J, Fuglsang L, Daniels P. Reading and Managing Service Businesses. InService Management , Palgrave Macmillan, Cham 2020.
16. Regan, William J. ”The Service Revolution.” Joumal Of Marketing27.3,1963.
17. Salam, D. A., Raof, B. Y., & Bahaadin, S. D. Promoting Walkability In Streets: Analytical Study Of Salem Street, Sulaimani, Iraq. Kurdistan Journal Of Applied Research, 2020.
18. Urry, J. The Tourist Gaze “Revisited”. American Behavioral Scientist, 36(2), 1992.
19. Wahab Mh, Zuhardi Af. Human Visual Quality: Art Gallery Exhibition. Procedia-Social And Behavioral Sciences. Nov 8. 2013.
20. Yayli, A., Güçer, E., & Kizanlikli, M. M. A Study On The Expectations Of The Students From The Recreation Management Education, International Journal Of Multidisciplinary Thought, Cd-Rom. Issn: 2156-6992 : 2(2):, 2012.
21. Zeithaml VA, Bitner MJ , Gremler DD. Technology’s impact on the gaps model of service quality. InHandbook of service science. Springer, Boston, MA. 2010.

## چوارەم: چاوپێکەوتن و سەردانی مەیدانی

1. چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز (ئەکرەم عثمان) سەرپەرشتیاری ماڵی سۆفی کەریم لە ڕێکەوتی 2019/12/18.

2. چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز (هاوژین)، لێپرسراوی بەشی ڕاگەیاندن لە بەڕێوەبەرایەتی باخچەکانی سلێمانی، لە بەرواری 2020/1/26.

3. چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز (ئاراس غریب شریف) بەڕێوەبەری کارگێری لە سیتی سینەما، 2020/2/11.

4. سەردانی مەیدانی توێژەر و چاوپێکەوتنی لەگەڵ بەڕێز (سەرتیپ احمد کریم)، بەڕیوەبەری کارگێری سینەما سالم 2020/2/12.

5. وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی، بەڕێوەبەرایەتی باخچەکان، چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز (ئامانج علی احمد)، بەشی ڕاگەیاندن، 2020/5/18.

6. چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز(زەینب احمد محمد)، بەشی (مخطوطات) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی پارێزگای سلێمانی، 2020/5/18.

7. سەردانی مەیدانی توێژەر و چاوپێکەوتنی لەگەڵ بەڕێز (ئاسۆ محمد شریف )، بەڕیوەبەری کارگێری گەلەری ڕەند 2020/7/15.

8. سەردانی مەیدانی توێژەر و چاوپێکەوتنی لەگەڵ بەڕێز (سۆکار محمد صدیق)، بەڕیوەبەری کارگێری ستی سەنتەر مۆڵ 2020/7/15.

9. چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ بەڕێوەبەری تەلاری هونەر (دلێر حەمەعلی)، بەرواری 2020/12/15

10. چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ بەڕێوەبەری هۆڵی ڕۆشنبیری سلێمانی، (ئەمیر ڕەزا)، 2020/12/15.

11. چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ سەرپەرشتیاری سەیرانگای نەورۆز بەڕێز( جلیل عثمان سلێمان)، بەرواری 2020/12/15

12. چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز (لەشکر حەمید)، سەرۆکی لیژنە هاوبەشەکانی قایمقامیەتی سلێمانی، 2021/1/7.

13. سەردانی مەیدانی توێژەر بۆ حسینییەی حکیم لە ڕێکەوتی 2021/2/5.

## پێنجەم: ماڵپەڕی ئەلکترۆنی

1. نزار جزا، سلێمانی، (شانۆی ڕۆمانی لە سلێمانی کرایەوە) بەردەستە لە پێگەی ئەلکترۆنی (تۆڕی هەواڵی خەڵک)، https://xelk.org/23530/، لە ڕێکەوتی 2020/2/20 وەرگیراوە.

2. بەردەستە لە پێگەی ئەلکترۆنی چاڤی لاند https://chaviland.org/About ، لە ڕێکەوتی 2020/3/13 وەرگیراوە.

3. بەردەستە لە پێگەی ئەلکترۆنی (فاملی مۆڵ) https://www.familymallsul.com/Ku/about.aspx ، لە ڕێکەوتی 2020/1/17 وەرگیراوە.

4. تانیا ئاوارە، باخی گشتی ڕۆژمێری شار، بەردەستە لە پێگەی ئەلکترۆنی

https://www.khaktv.net/all-detail.aspx?jimare=15335&type=farhang ، لە ڕێکەوتی 25/2/ 2020 وەرگیراوە .

5. تاژاو محمد، سلێمانی شارێک لە کلتور و خۆڕاگری، بەردەستە لە پێگەی ئەلکترۆنی https://www.pukmedia.com/KS_Direje.aspx?Jimare=127030 ،وەرگیراوە لە ڕێکەوتی 2020/5/18.

6. بەردەستە لە وێبسایتی بۆکوردستان،http://www.bokurdistan.com/opening-ceremony-of- suli/ amphitheatre-in-، وەرگیراوە لە ڕێکەوتی 2020/2/20.

http://slemani.gov.krd/mobile_so/newsDetail.php?newsID=690 ،وەرگیراوە لە ڕێکەوتی 2020/5/18.

7. پارێزگای سلێمانی، بەردەستە لە وێبسایتی فەرمی پارێزگای سلێمانی ، http://slemani.gov.krd/mobile_so/newsDetail.pp?newsID=1257/ ،لە ڕێکەوتی2020/5/18 وەرگیراوە.

8. پارێزگای سلێمانی، هۆڵ و شوێنە گشتیەکان، بەردەستە لە وێبسایتی فەرمی پارێزگای سلێمانی ، http://slemani.gov.krd/mobile_so/pageDetail.php?secID=17 ، لە ڕێکەوتی 2020/1/20 وەرگیراوە.

9. بەردەستە لە وێبسایتی کلتوری sulyon ، https://www.sulyon.com/Drejey-hawal.aspx?id=10858&LinkID=15 ،وەرگیراوە لە ڕێکەوتی 2020/1/28.

10. دڵشاد بهادین، گەڵەری زاموا، بەردەستە لە وێبسایتی کوردپیدیا، https://www.kurdipedia.org/default.aspx?q=2009012816401912178&lng=1 ، وەرگیراوە لە ڕێکەوتی 2020/1/20 .

11. بەردەستە لە وێبسایتی نیقاش،https://www.niqash.org/ku/articles/society/5515/ ،وەرگیراوە لە ڕێکەوتی 2020/2/20 .

12. وەرزش لە سلێمانی ، بەردەستە لە وێبسایتی ویکیپیدیا،https://ckb.wikipedia.org/wiki/ وەرزش لە سلێمانی، وەرگیراوە لە ڕێکەوتی 2020/5/18 .

13. ژیان، دروست کردنی پرۆژەی شانۆی ڕۆمانی بەردەستە لە وێبسایتی ئاژانسی ئەنادۆڵ، https://www.aa.com.tr/ks/744694 / ، وەرگیراوە لە ڕێکەوتی 2020/2/20.

14. شانۆ، بەردەستە لە وێبسایتی ئینسایکلۆپیدیای ئازادی ویکیپیدیا، https://ckb.wikipedia.org/wiki/شانۆ ، وەرگیراوە لە ڕێکەوتی 2020/2/20.

## شەشەم: بەرنامەکۆمپیوتەرییەکان

1. **ARC GIS ,ARC Map V. 10.3**
2. **IBM SPSS Statistics V. 26**
3. **Google Earth Pro V. 7.3**
4. **GPS Coordinates V. 4.56**
5. **Photoscape X V.4.1**

# پاشکۆکان

**فۆڕمی ڕاپرسی**

ڕاووبۆچونی تۆ گرنگە، بۆیە بە سوپاسەوە داوات لێدەکەین کە ئازادانە هاوکارمان بیت لە پڕکردنەوەی ئەم فۆڕمە، بە وەڵامدانەوەی پرسیارەکان بە وردی، بەبێ نوسینی ناوی بەڕێزت، بۆ بەئەنجام گەیاندنی توێژینەوەیەکی زانستی سەبارەت بە ئاستی خزمەتگوزارییە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکان لە شاری سلێمانی

لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێزم                    توێژەر

| ژمارە | پرسیار | | هەڵبژاردە | نیشانە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ڕەگەز | 1 | نێر | |
| | | 2 | مێ | |
| | | 2 | کەمترلە ١٩ ساڵ | |
| | | 3 | ٢٠-٢٤ساڵ | |
| | | 4 | ٢٥-٢٩ساڵ | |
| | | 5 | ٣٠-٣٤ساڵ | |
| | | 6 | ٣٥-٣٩ساڵ | |
| | | 7 | ٤٠-٤٤ساڵ | |
| | | 8 | ٤٥-٤٩ساڵ | |
| | | 9 | ٥٠-٥٤ساڵ | |
| | | 10 | ٥٥-٥٩ساڵ | |
| | | 11 | زیاتر لە ٦٠ساڵ | |
| 3 | باری کۆمەڵایەتی | 1 | سەڵت | |
| | | 2 | خێزاندار | |
| | | 3 | جیابۆوە | |
| 4 | چەند منداڵت هەیە؟ | 1 | منداڵم نیە | |
| | | 2 | یەک منداڵ | |
| | | 3 | دوو منداڵ | |
| | | 4 | سێ منداڵ | |
| | | 5 | زیاتر لە (٣) منداڵ | |
| 5 | ئاستی خوێندەوای | 1 | نەخوێنەوار | |
| | | 2 | سەرەتایی | |
| | | 3 | ناوەندی | |
| | | 4 | ئامادەیی | |
| | | 5 | کۆلێژ/ پەیمانگا | |
| | | 6 | خوێندنی باڵا | |
| 6 | چ کارەیت (پیشە)؟ | 1 | خوێندکار | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | 2 | فەرمانبەر | |
| | | 3 | خانەنشین | |
| | | 4 | کاسب | |
| | | 5 | کاری ڕۆژانە | |
| | | 6 | جۆری دیکە | |
| 7 | خاوەنی یەکەی نیشتەجێبونی تایبەت بەخۆتیت؟ | 1 | خاوەن خانوو | |
| | | 2 | کرێ | |
| | | 3 | حکومی/بێکرێ | |
| 8 | بڕی داهاتی مانگانەت چەندە؟ | 1 | کەمتر لە ٢٥٠هەزار | |
| | | 2 | ٢٥٠-٥٠٠ هەزار | |
| | | 3 | ٥٠٠-٧٥٠ هەزار | |
| | | 4 | ٧٥٠ هەزار - ١٠٠٠٠٠٠ | |
| | | 5 | ١٠٠٠٠٠٠-١٢٥٠٠٠٠ | |
| | | 6 | ١٢٥٠٠٠٠-١٥٠٠٠٠٠ | |
| | | 7 | ١٥٠٠٠٠٠-٢٠٠٠٠٠٠ | |
| | | 8 | زیاتر لە ٢٠٠٠٠٠٠ | |
| 9 | تێکڕایی کاتی بەتاڵت چەندە لە ڕۆژێکدا؟ | 1 | ٢بۆ ٤ کاتژمێر | |
| | | 2 | ٤بۆ ٦ کاتژمێر | |
| | | 3 | ٦بۆ ٨ کاتژمێر | |
| | | 4 | زیاتر لە ٨ کاتژمێر | |
| 10 | زیاتر کاتە بەتاڵەکانت بە چی بەسەر دەبەیت؟...(دەتوانیت زیاتر لە یەک بژاردەهەڵبژێریت) | 1 | پیاسەکردن لەشەقامە گشتییەکان | |
| | | 2 | یارییە ئەلکترۆننییەکان | |
| | | 3 | کات بەسەر بردن لەماڵەوە | |
| | | 4 | سەردانی یەکێک لە ناوەندە گەشتیاری یان خۆشگوزەرانییەکان (تەرفیهی) دەکەم | |
| | | 5 | پیاسەکردن لەشەقامە گشتییەکان | |
| | | 6 | یارییە ئەلکترۆننییەکان | |
| | | 7 | کات بەسەر بردن لەماڵەوە | |
| 11 | زیاتر ئارەزووی سەردانی کام جۆری خۆشگوزەرانی و گەشتیاری دەکەیت؟...(دەتوانیت زیاتر لە یەک جۆرهەڵبژێریت) | 1 | سینەما | |
| | | 2 | شانۆ | |
| | | 3 | مۆڵ | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | کۆنسێرتی میوزیک و گۆرانی | 4 | | |
| | باخچەی گشتی (پارک) | 5 | | |
| | فیستیڤاڵی کەلتوری | 6 | | |
| | مەلەوانگە | 7 | | |
| | یانەی وەرزشی | 8 | | |
| | یانەی کەیفخۆشی و سەرمەستی | 9 | | |
| | کافتیریا | 10 | | |
| | شاری یاری | 11 | | |
| | باخچەی ئاژەڵان | 12 | | |
| | ناوەندی ئاینی | 13 | | |
| | سەیرانگا | 14 | | |
| | ڕێستۆرانت | 15 | | |
| | سپا (مەساج) | 16 | | |
| | هۆڵی لەشجوانی (هۆڵی جیم) | 17 | | |
| | شاخەوانی | 18 | | |
| | جۆری دیکەیتر | 19 | | |
| | یەک ڕۆژ | 1 | | |
| | دووڕۆژ | 2 | ڕۆژەکانی پشووت چەندە لە هەفتەیەکدا؟ | 12 |
| | سێ ڕۆژ | 3 | | |
| | چوارڕۆژ | 4 | | |
| | زیاترلە٤ڕۆژ | 5 | | |
| | بەڵێ | 1 | | |
| | تاڕادەیەک | 2 | کاتە بەتاڵەکانت بەشی ئەوە دەکات بە دڵی خۆت سەردانی شوێنەگەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکان بکەیت؟ | 13 |
| | نەخێر | 3 | | |
| | ڕۆژانە | 1 | | |
| | هەفتانە یەک جار | 2 | ئەگەری دوبارەبونەوەی سەردانەکانت بۆ ناوەند و ناوچەکان چەندە؟ | 14 |
| | هەفتانە دوو جار | 3 | | |
| | مانگانە دوو جار | 4 | | |
| | مانگانە یەک جار | 5 | | |
| | سلێمانی (ناوشار) | 1 | | |
| | سلێمانی ( دەرەوەی شار) | 2 | ناونیشانی شوێنی نیشتەجێبوون-ئێستا | 15 |
| | هەولێر | 3 | | |
| | هەڵەبجە | 4 | | |
| | کەرکوک | 5 | | |
| | دهۆک | 6 | | |
| | شارەکانی ناوەڕاست و باشوری عێراق | 7 | | |
| | ئێران | 8 | | |
| | ترکیا | 9 | | |
| | ئەوروپا | 10 | | |
| | ئەمریکا | 11 | | |
| | وڵاتانی عەرەبی | 12 | | |
| | کەمترلە٢٤کاتژمێر | 1 | | |
| | تەنهایەک شەو | 2 | | 16 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | لەکاتی سەردانیکردنت بۆ ماوەی چەند دەمێنیتەوە؟ | 3 | یەک بۆ سێ شەو | |
| | | 4 | یەک هەفتە | |
| | | 1 | هۆتێل | |
| 17 | لەکاتی مانەوەت شوێنی حەوانەوەت کوێیە؟ | 2 | مۆتێل | |
| | | 3 | ماڵی هاورێ/خزم | |
| | | 4 | کابیناتی گەشتیاری | |
| | | 5 | جێگای دیکە | |
| | | 1 | بەتەنها | |
| 18 | بەشێوەیەکی گشتی بۆ گەشت و سەردانکردنی شوێنە خۆشگوزەرانییەکان و شوێنەگەشتیارییەکان لەگەڵ کێ دەبێت؟ | 2 | لەگەڵ خێزانەکەم | |
| | | 3 | لەگەڵ هاورێکانم | |
| | | 4 | لەگەڵ گروپ | |
| | | 1 | شاری سلێمانی | |
| 19 | رۆژەکانی پشوو زیاتر لەکوێ بەسەردەبەیت؟ | 2 | دەرەوەی شاری سلێمانی | |
| | | 3 | دەرەوەی کوردستان | |
| | | 1 | ئاوهەوای خۆش | |
| 20 | خاڵی سەرنجراکێشی ناوچە گەشتیاری یان خۆشگوزەرانی چین کەدەبنە هاندەر بۆ ئەوەی سەردانیان بکەیت؟ ...(دەتوانیت زیاتر لە یەک جۆرهەڵبژێریت) | 2 | دیمەنی سروشتی دڵرفێن | |
| | | 3 | ئاسانی گەیشتن | |
| | | 4 | هەبونی خزمەتگوزاری باش و ئاست بەرز | |
| | | 5 | پاک و خاوێنی | |
| | | 6 | هەرزانی نرخ | |
| | | 7 | جوانی و سەرنجراکێشی لەرووی دیزاینەوە | |
| | | 8 | بەردەستبون یان کۆبونەوەی زۆرینەی خزمەرگوزاریە جیاوازەکان لەوشوێنەدا | |
| | | 1 | کەمتر لە ١٠٠هەزار دینار | |
| 21 | مانگانە بڕی چەند خەرج دەکەیت بۆ گەشتیاری و خۆشگوزەرانی؟ | 2 | لە نێوان ١٠٠بۆ ١٥٠هەزار دینار | |
| | | 3 | لە نێوان ١٥٠بۆ ٢٠٠ هەزار دینار | |
| | | 4 | لە نێوان ٢٠٠بۆ ٢٥٠ هەزار دینار | |
| | | 5 | لە نێوان ٢٥٠ بۆ ٣٠٠هەزار دینار | |
| | | 6 | لە نێوان ٣٠٠ بۆ ٥٠٠ هەزار دینار | |
| | | 7 | لە نێوان ٥٠٠ بۆ ٧٥٠ هەزار دینار | |
| | | 8 | لە نێوان ٧٥٠ هەزاردینار بۆ یەک ملێۆن دینار | |
| | | 9 | زیاتر لە یەک ملێۆن دینار | |
| | | 1 | ئوتۆمبیلی تایبەت بەخۆم | |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 22 | کامە هۆکاری گواستنەوە بەکاردەهێنیت بۆ سەردانکردنی شوێنەگەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکان؟ | 2 | تاکسی | | |
| | | 3 | گواستنەوەی گشتی | | |
| | | 4 | هۆکاری دیکەی گواستنەوە | | |
| | | 1 | تەلەفزیۆن | | |
| 23 | سەرچاوەی زانیارییەکانت چین لەسەر ناوچەگەشتیاری و ناوەندە خۆشگوزەرانییەکان؟ ...(دەتوانیت زیاتر لە یەک جۆرهەڵبژێریت) | 2 | ڕادیۆ | | |
| | | 3 | تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان | | |
| | | 4 | تابلۆی ڕێکلامەکانی سەرشەقامەکان | | |
| | | 5 | هاوڕێ | | |
| | | 6 | سەرچاوەی دیکە | | |
| | | 1 | شاری یاری چاڤی لاند | | |
| 24 | زیاتر سەردانی کام لەم شوێنانەی سلێمانی دەکەیت؟ ...(دەتوانیت زیاتر لە یەک جۆرهەڵبژێریت) | 2 | ڕیستۆرانتەکان | | |
| | | 3 | کافتریا | | |
| | | 4 | مۆڵەکان (ماجدی مۆڵ و فاملی مۆڵ) | | |
| | | 5 | پارکی هەواری شار | | |
| | | 6 | پارکی ئازادی | | |
| | | 7 | باخی گشتی | | |
| | | 8 | شەقامی مەولەوی | | |
| | | 9 | شەقامی گۆران (ئۆرزدی) | | |
| | | 10 | شەقامی سالم (سەهۆڵەکە) | | |
| | | 11 | شەقامی سەرەکی بەختیاری (جادەی پۆزەکە) | | |
| | | 12 | ناوبازاڕی سەنتەری سلێمانی | | |
| | | 13 | سەردانی شوێنە وەرزشییەکان و مەلەوانگە | | |
| | | 14 | سەرچنار | | |
| | | 15 | یانەی خواردنەوە و لایف میوزیك | | |
| | | 16 | کتێبخانە و شوێنە ڕۆشنبیرییەکان | | |
| | | 17 | مۆزەخانەکان | | |
| | | 18 | سەیرانکردن و کات بەسەربردن لەگەڵ خێزان و هاوڕێکان | | |
| | | 19 | شانۆ و سینەما و ئاهەنگی گۆرانی و پێشەنگاکان | | |
| | | 20 | شاخی ئەزمەڕ و گۆیژە | | |
| | | 1 | زۆرخراپ | | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 25 | تاچەندێک لە ئاستی خزمەتگوزارییەکان لە ناوچە گەشتیارییەکان وناوەندە خۆشگوزەرانییەکان ڕازیت؟ | 2 | خراپ | |
| | | 3 | مامناوەند | |
| | | 4 | باش | |
| | | 5 | زۆرباش | |
| 26 | ئەوبەربەستانە چین کە وادەکات کەمتر سەردانی ناوچەگەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکان بکەیت ؟ ...(دەتوانیت زیاتر لە یەک بژاردەهەڵبژێریت) | 1 | کەمی کاتی بەتاڵ و ڕۆژەکانی پشوو | |
| | | 2 | کەمی داهات | |
| | | 3 | زۆریی ژمارەی ئەندامانی خێزانم | |
| | | 4 | نزمی ئاست یان نەبونی هۆکارەکانی گواستنەوە لەناوشاری سلێمانی | |
| | | 5 | کەمی ناوەندی خۆشگوزەرانی | |
| | | 6 | کەمی ناوچەی گەشتیاری | |
| | | 7 | خراپی ئاستی خزمەتگوزاری لەناوچە گەشتیاری و ناوەندەخۆشگوزەرانییەکاندا | |
| | | 8 | نەگونجاوی کەش و هەوا | |
| | | 9 | گرانی نرخی شت وەک زۆری خەرجی لەو ناوەند و جێگایانەدا | |
| | | 10 | نەبونی شوێنی گونجاو | |
| | | 11 | نەگونجانی شوێنەکان لەڕووی خزمەتگوزاریەوە بۆ تەمەنی من | |
| | | 12 | ڕەچاونەکردنی بارو دۆخی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت | |
| | | 13 | دووری ئەو شوێنانە لە شوێنی نیشتەجێبوونم | |
| | | 14 | کۆبونەوە و هەبونی ئەو شوێنانە تەنها لە چەندناوچەیەکی شار | |
| 27 | بەڕای بەڕێزت بۆ زیاتر بەرەوپێشچونی ناوەندەکانی گەشتیاری و خۆشگوزەرانی کام لەم هەنگاوانەی خوارەوە جێ بەجێ بکرێت؟ ...(دەتوانیت زیاتر لە یەک بژاردە هەڵبژێریت) | 1 | بەرزکردنەوەی ئاستی خزمەتگوزارییەکان | |
| | | 2 | کەمکردنەوەی نرخ بەشێوەیەکی گشتی لە شوێنە گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکاندا | |
| | | 3 | ناساندنی زیاتری ناوچە گەشتیاری و شوێنە خۆشگوزەرانییەکان بەسوودوەرگرتن لە تەکنەلۆجیای نوێ وتۆڕە کۆمەڵایەتییەکان | |
| | | 4 | فەراهەمکردنی خزمەتگوزاری گواستنەوەی زیاتر و باشترکردنیان | |
| | | 5 | گونجاندنیان لەگەڵ داب و نەریت | |
| | | 6 | ڕەچاوکردنی بارودۆخ و ئاسانکاری بۆ کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت | |
| | | 7 | ڕێکخستنی زیاتر و دوبارە دابەشکردنەوەیان | |

**الخلاصة**

# توزيع الخدمات السياحية والترفيهية في مدينة السليمانية باستخدام (GIS)


تعتبر الخدمات السياحية والترفيهية في الوقت الحاضر من الخدمات الاساسية للسكان وهي من الاحتياجات الرئيسية للسكان في المناطق المختلفة. وبحسب التقرير السنوي لمنظمة السياحة العالمية (UNWTO) (2019)، فإن نسبة السائحين في العالم (56٪) الذين يبلغون(783) مليون سائح للترفيه والتسلية (56٪) حيث ان هذا العدد مقارنة بالعام (2000) تشكل فقط نسبة (50%) من عدد السائحين لذلك العام، يمكننا أن نرى بوضوح زيادة هذا المعدل لكل عام. لذا فإن جميع الاتجاهات الآن تتطلع وتعمل على تطوير الخدمات السياحية من خلال الترويج للترفيه وتطوير الاماكن السياحية، من حيث توفير البنية التحتية الفعالة. جنبا إلى جنب مع تطوير القطاع السياحي والترفيهي، و ذلك يؤدي الى إحياء وتطوير القطاعات الاخرى على سبيل المثال القطاع الاقتصادي وإعادة الإعمار والحياة الاجتماعية والمدنية والثقافية والفكرية، ونتيجة لكل لذلك هو تطوير المدينة و هو الهدف الرئيسي من هذا العمل.

ان مدينة السليمانية و بسبب موقعها الجغرافي لها دور ملحوظ في هذا الجانب، فهي تشكل مركزا بين المحافظات (كركوك وأربيل وحلبجة وكرميان ورابرين)، وكذلك وجودها من ضمن المناطق الحدودية مع دول الجوار مثل الحدود من الجهة الشرقية مع جمهورية ايران الاسلامية. بالإضافة إلى الحركة السياحية من داخل المدينة، حيث يعتبر ممر مهم السياح من مختلف المناطق. بذلك شهدت المدينة نموًا سريعًا في مختلف القطاعات، لا سيما في قطاعي السياحة والترفيه، وكذلك للنمو السكاني في المنطة اثر ايجابي على ذلك.

تهدف الدراسة إلى تحليل جغرافيا توزيع الخدمات السياحية والترفيهية في مدينة السليمانية، حيث يعتبر الجزء الأول من الدراسة تقديم خدمة السياحة المخصصة للتعريف بإطار البحث واضافة الى مفاهيم و معاييرالسياحة والخدمات السياحية. ثم مناقشة متطلبات وحوافز السياحة والخدمات الترفيهية في المدينة، والجزء الثاني هو الموقع و التوزيع الجغرافي والجانب الخدمي في مدينة السليمانية، والجزء الثالث والاخير، تكاليف السياحة والخدمات في مدينة السليمانية للمستقبل.

حسب نتائج البحث وبالرغم من ان لوحظ تطور في الجانب السياحي والترفيهي في الاونة الاخيرة الا ان لا تزال هذة الاماكن السياحية والمرافق الترفيهية تفتقر للكثير من المقومات السياحية حسب المعايير الدولية والمحلية وكذلك ذكر في هذا البحث الحلول والمتطلبات الضرورية لخدمة السياحة والترفية في المدينة

كذلك ذكر احتياجات السياحة والترفية بالاعتماد على المعايير الدولية والمحلية للتخطيط السياحي والترفيهي للمستقبل بشكل تقديري و من الجدير بالذكر لتوثيق النتائج وتوضيحها واثباتها من خلال عدد من الجداول والتي عددها (46)، شكل (26)، خرائط (16) وصور (46).

**Abstract**

# Distribution of tourism and recreational services in the city of Sulaymaniyah using (GIS)

Nowadays, tourism and entertainment services are considered to be one of the main services of the population and are one of the main needs of the residents in different areas. According to the World Tourism Organization (UNWTO) annual report in 2019, 56% of the world tourists (784 million) have travelled for recreation and entertainment purposes, while this is only 50% of the whole tourists in 2000. An increase in this rate can be clearly seen every year. So now every side is trying to develop tourism services by promoting and developing entertainment, as the latter will be an effective infrastructure for the former. Along with the development and development of the tourism and entertainment sectors, other sectors of the economy, reconstruction, social, civic, cultural and intellectual life will be revitalized and nourished. This results in the development of the city, which is the main objective. Sulaymaniyah is important because of its geographical location, as it has a relatively central shape between the three provinces of Kirkuk, Erbil, Halabja and Garmian and Raparin. It also shares a common border with Iran. This has created the city to be a kind of a bridge between the tourists from the province itself and tourists from other areas, who pass through it. In the past 2 decades, along with the expansion of the city and increase in its population, the city has seen rapid growth in every area especially in the tourism and entertainment sectors.The study aims to analyze the geography of the distribution of tourism and entertainment services in the city of Sulaymaniyah. The first part of the study is dedicated to introducing the research framework and the concept and standards of tourism and tourism services. it then discusses the requirements and incentives for tourism and entertainment services in the city. The second section covers the distribution of geography and services in Sulaymaniyah. Finally in the third section, the study evaluates tourism and foreshadows the future tourism services of Sulaymaniyah. The study concludes

that despite the fact that the tourism and entertainment services have seen a remarkable development in the past, they have been somewhat arbitrary and unbalanced with regards to the local and international parameters. Moreover, the immediate needs of the city for the tourism and entertainment services have been identified, and they have been identified following the local and international parameters of planning tourism and entertainment services. To show the facts, and expository data in a better and clearer way, a number of tables (46), graphs (26), and maps (16) have been created and more than (46) photos.

حكومة اقليم كوردستان/ عيراق

وزارة التعليم العالي والبحث العلمي

جامعة السليمانية

كلية العلوم الانسانية

قسم الجغرافيا

# توزيع الخدمات السياحية والترفيهية في مدينة السليمانية باستخدام (GIS)

من قبل

**( گەشاو فازڵ فاتح )**

رسالة مقدمة الى مجلس كلية العلوم الانسانية في جامعة السليمانية، كجزء من متطلبات نيل درجة الماجستير فى العلم الجغرافيا

باشراف

ا.م.

**د. شيروان عمر رشيد**

**2721 ک** **2021م**

Kurdistan regional government

Ministry Of Higher Education And Scientific Redearch

University of Sulaimany

College of Human Science

Department of Geography

# Distribution of Recreational and Tourism Services in the City of Sulaymaniyah by Using (GIS)

**by**

**Gashaw Fazil Fatih**

**Submitted To The Council Of College Of Human- Science University Of Sulaimany As Partial Fulfillment Of The Requirements For The Degree Of Master Of Science Of Geography**

**Supervised by:**

**Asst. Prof. Dr. Shirwan Omer Rashid**

**2021** **2721**